بسم الله الرحمن الرحیم

پەیامی حەشر

بەشێك لە پەیامەکانی نوور

پەیامی حەشر

بەدیعوززەمان

سەعیدی نوورسی

دایناوە

فارووق ڕەسووڵ یەحیا

کردوویە بە کوردی

ئەم پەیامە:

* مامۆستا (**بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی**) بە زمانی تورکی دایناوە.
* مامۆستا (**ئیحسان قاسم صالحی**) لە زمانی تورکی‌یەوە کردوویەتی بە عەرەبی.
* (**فارووق ڕەسووڵ یەحیا**) لە عەرەبی‌یەوە کردوویە بە کوردی.
* مامۆستا (**حسەین حەسەن کەریم**) بەم کوردی‌یەدا ڕۆشتووەتەوە و لەگەڵ دەقی عەرەبی‌یەکەدا بەراوردی کردووە.
* مامۆستا (**عەبدولکەریم عەبدوڵلا ڕەفعەت**) پیایدا ڕۆشتووەتەوە و لەگەڵ دەقە تورکی‌یەکەدا بەرامبەری کردووە.
* چاپی یەکەم: هەولێر ١٤١٦ك - ١٩٩٦ز
* چاپی (شەرعی و بژارکراوی) دووهەم: بەیروت ١٤٣٢ك - ٢٠١١ز
* لەسەر ئەرکی وەرگێڕ لە چاپ دراوە.
* (ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا) نەخشەی بەرگی کێشاوە و سەرپەرشتیی چاپی کردووە.
* هەموو مافێکی چاپ و، لەبەرگرتنەوە و، بلاوکردنەوە و، هەر چەشنە دەست تێوەردانێك، بە پێی شەرع و یاسا و بەها ئایینی و مرۆڤایەتی‌یەکان، پارێزراوە بۆ وەرگێڕ.
* ژمارەی سپاردنی (١٤١)ی سالی (١٩٩٦)ی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان پێ دراوە.

پێشەکیی وەرگێڕ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين حمداً يوافي نعمه ويكافئ مزيـــده، وصلـــوات الله وسلامه على نبينا محمد وعلى إخوانه من الأنبياء والمرسلين وعلى آله وصحبه وتابعيه إلى يوم الدين.

(لە ڕۆژێکـی خـەملاوی وەرزی بـەهار و، لێـواری دەریاچەیـەکی کـپ و هێمنـی تـا ئاسۆ کشـاودا، مامۆسـتا نوورسـی سـەرنجی بـیر و ئەندێشـەی لـە بوونەوەرانی دەوروبەری خۆی بە قوولـی ڕاهێشتبوو.. بە وردی دەیڕوانیـیە ئاوی ئەو دەریاچە ساف و ئارامەی بەردەمی و، لوتکەی چیا بڵندەکان کە بـە دارستانی چڕ داپۆشرابوون و، سەوزەڵانیی ئـەو دەشـت و دەرەش کـە - هـەتا چـاو بـڕی بکردایـە - بـە جۆرەهـا گوڵـزار و ڕێحانـەی ڕازاوە و ڕەنگـین ئارایشت درابوون..

قەشـەنگی و نـاوەزایی ئـەو دیمەنـە و، جوانیـی بوونـەوەران و، وردەکـاریی سنعەت لە هەموو یەکێکیاندا، دڵی ئەویان نوقمـی حەپەسـان کـرد و، هەسـتی سەرسامییان لـەلا هـەژاند، بە تایبـەت لـە ڕووی ژیانــەوەی سـەرجەمی ئـەو ڕووەك و بێ گیانانەی کـە بـە درێژایـی زسـتان کفنـی بـەفر و سـەهۆڵبەندانیان پۆشیبوو، کەچی دەیبینی وا سەرلەنوێ گیانیان بە بەردا کراوەتەوە!

لەتاو ئەم دیمەنە سەرنج بزوێنە و، بەدەم هاتوچۆ کردنەوە لە لێواری بەشێکی ئەو دەریاچەیەدا و بە بێ ویستی خۆی، نزیکەی چل جار ئەم ئایەتە پیرۆزەی لەبەر خۆیەوە دووپات کردەوە کە دەفەرموێ:

﴿فَانظُرْ إِلَى آثَارِ رَحْمَتِ اللهِ كَيْفَ يُحْيِي الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا إِنَّ ذَلِكَ لَمُحْيِي الْمَوْتَى وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ (الروم: ٥٠)..

هەتا لە ئاکامدا خوای گەورە سروەیەکی فێنکی بە سنگ و دەروونی بەخشی و، لە ڕێژنەی ڕووناکی‌یەکانی ئەم ئایەتەوە نوورێکی هاویشتە ناو دڵیەوە و، لە ڕێی ئەو نوورەوە هەندێك لە واتا مەزنەکانی ئەم ئایەتە پیرۆزە - هێدی هێدی - ڕێیان بۆ ناخی دڵ و دەروونی ئەو گرتەبەر. مامۆستاش ئەمەی وەك هەلێك قۆزتەوە و یەکسەر ئەو واتایانەی بۆ یەکێك لە قوتابیانی هاوگەشتی خۆی درکاند، کە ئەویش - چاپوکانە - لە زاری مامۆستای وەرگرتن و ڕاستەوخۆ نووسینیەوە، لە ئەنجامدا ئەم پەیامەی بەردەستی خوێنەری بەڕێزیان لێ پێکهات.

ئەم ڕووداوەش لە ساڵی ١٣٤٢ك (١٩٢٧ز)دا بوو، کە ئەو دەمە مامۆستا نوورسی لە گوندی "بارلا"ی ناو چیاکانی تۆرۆس و سەر بە پارێزگای "ئیسپارتە"ی باشووری خۆرئاوای تورکیادا، دوورخراوە و دەستبەسەر بووە)[1].

لە ڕاستیدا پەیامی "حەشر" یەکێکە لەو دەیان پەیامانەی نوور کە مامۆستا نوورسی لەو بەروارەوە هەتا ساڵی ١٩٥٠ز سەرگەرمی نووسین و بڵاوکردنەوەیان بووە. لەم پێناوەشدا هێندە ئەشکەنجەی جۆراوجۆر و ئازاری سەختی چەشتووە کە مەگەر تەنها مەردانی گەورە ئیماندار و خاوەن عەزم و

(١) ئەم دەقەی سەرەوەم لە پێشەکی‌یەکەی مامۆستا "ئیحسان قاسم ساڵحی"یەوە کردووە بە کوردی کە بۆ چاپە عەرەبی‌یەکەی ئەم پەیامەی نووسیوەتی. بڕوانە: رسالة الحشر ص٥.

هیممـەتی بڵنـد بتوانـن خۆیـانی لـە بـەردەمدا ڕابگـرن و، هیـچ کـام لــەو گیروگرفتانە لەرزەی پێ نەخـەن و، دڵنیـایی بیروباوەڕەکـەی لـە جێی خۆیـدا نەلـەقێنن. خوێنـەری بـەڕێز دەتوانێـت بـە خوێندنـەوەی بـاس و کتێبـەکانی مێژووی ژیـانی و، ئەو پەیامانـەش کـە چەردەیەکیان لـە بەسەرهاتەکانی ئەو نووسیوە، هەندێکی لە ڕادەی کۆڵنـەدان و خۆڕاگریی مامۆستا نوورسی بۆ دەربکەوێت و، بزانێت تا چەندە متمانەی بە "ڕاستی" و "لەسەر حەقبوون"ی باوەڕ و بەڵگە چەسپێنەرەکانی ئیمان بووە.

بەڵام لێرەدا دەمانەوێت ئاماژەیـەکی خێرا و پوخـت بۆ ڕۆڵـی گرنـگ و، کاریگەریی سەرنج ڕاکێشی ئەم پەیامە بکـەین لـە ڕووی دڵنیـایی بەخشـین بە خوێنەرانی و، ڕزگارکردنیان لە دەردەکانی گومـان و دوودڵـی سەبارەت بە ڕاستییەکانی زیندووبوونـەوە و، حەشر و، لێپرسـینەوە و، تۆڵـە و پاداشـتی ئەودنیای هەمیشەیی.

دەبێ لـە پێشـدا ئـەوەش یادبخەینـەوە کـە نـاوەڕۆکی بنـەڕەتیی "سـەرجەمی پەیامەکانی نوور" بریتییە لە:

ڕوونکردنەوە و چەسپاندنی ڕاستی و پایەکانی ئیمـان. ئنجـا ئەو ڕێبـازەش کە بۆ شیکردنەوە و لێدوانی ئەو باسانە گرتوویانەتەبەر، ڕێبـازە فیترییەکـەی قورئانی پیرۆزە کە مرۆڤ وەك یەکەیـەکی کـامڵ و سـەربەخۆ دەبینێـت و، لـە یـەك کـاتدا مامەڵـە لەگـەڵ سـەرجەم هەسـت و نەسـت و لایەنـە "ژیـری" و پێکهێنـەرە سـەرەکییەکانی تری ماهییـەتی مرۆڤدا دەکـات و، هیـچ کـاتێك لەبەر چڕکردنی بایەخدانی بە لایـەنێك لایەنەکانی تری ئادەمیزاد پشتگوێ ناخات.

ئـەم پەیامانــە، بـەپێی نەخشــە و ڕێنمـایی ئـەم ڕێبــازەی قورئـانی پـیرۆز، ئیمـانێکی ڕەگداکوتـاوی دامـەزراو لەسـەر بناغـەی بەڵگـەی "ژیـری" و سـەلمێنراوی نـاو نـاخی "دڵ"ی مـرۆڤ پێشـکەش بـە "گیـان" و سـەرجەم

"ماهییەتی مرۆڤانەی" خوێنەر و لێکۆڵەرانیان دەکەن[١]. مامۆستا نوورسی ئەم چەشنە ئیمانەی ناوناوە "ئیمانی تەحقیقی" تاکو ناوێکی پڕاوپڕی ناوەرۆك و واتاکەی بداتێ و، لە هەمان کاتیشدا جیای بکاتەوە لە جۆرەکانی تری ئیمان کە لە بوارەکانی (زانستی کەلام)دا بە ئیمانی "تەقلیدی و ئیستیدلالی و شهوودی" ناوبراون[٢].

دەتوانین بڵێین: ئەم ئیمانە تەحقیقی‌یە پلەیەکی بڵندی ئیمان بە غەیبە، کە ناوەرۆکی ئیمانی "ئیستیدلالی" و پوختەی ئیمانی "شهوودی"شی لە خۆدا کۆ کردووەتەوە. چونکە مرۆڤی بەهرەمەندی ئەم چەشنە ئیمانە هێندە بەڵگەی چەسپێنەری لەمەڕ ڕاستی‌یەکانی ئیمان بە ڕوونی لە لا گەڵاڵە دەبن کە وەك بە چاوی دڵ بیانبینێت ئەو بابەتانەی ئاوا لەلا دەچەسپێن و، لە ئەنجامدا هیچ وەسوەسەیەکی شەیتانەکانی جینی و ئینس - چەندەش زۆر چڕ و پڕ و لەخشتەبەر بێت - ناتوانێت بەڵگەکانی ئەم ئیمانەی پووچەڵ بکاتەوە. تەنانەت ئەوەندە دڵنیایی لەو بابەتانەی ئیماندا بەدەست دەهێنێت کە نەك هەر دەتوانێت بەرامبەر بە پەلامار و لافاوی ئیلحاد خۆی ڕابگرێت، بەڵکو ئیمانەکەی هێندە مەحکەم و دامەزراو و لەڕادەبەدەریش دەبێت کە

---

(١) بۆ زیاتر شارەزابوون لەم ڕێبازە قورئانی‌یەی پەیامەکانی نوور، بڕوانە پێشەکیی پەیامی "پەنجەرەکان".

(٢) ئیمانی تەقلیدی (چاولێکەری) هی منداڵ و عەوامەکانە، کە بە چاولێکەریی کەسانی تری وەك زانایان باوەڕیان بە پایەکانی ئیمان پتر لەلا دەچەسپێت، بێ ئەوەی خۆیان پەی بە بەڵگەکانی زانایان لەم بابەتانەدا ببەن.. ئیمانی ئیستیدلالی(بەڵگەیی)ش هی زانایان و شارەزایانی زانستی کەلامە، کە بە بەڵگەی "ژیری" پایەکانی ئیمان دەچەسپێنن.. هەرچی ئیمانی "شهوودی"یشە ئەوا هی ئەولیا و خواناسانە، کە بە چاوی بەسیرەتی دڵ بەهرەمەندی بینینی ڕاستی‌یەکانی ئیمان دەبن. بۆ درێژەی ئەمانە بڕوانە: "عەقیدەی مەرزییە" ل ٥٠-٥٢ هەروەها "الوسیلة في شرح الفضیلة" ص ٥٦-٦٢ ، هەردووکیان لە نووسینی شاعیر و زانای پایەبەرز "مەولەوی". لێکدانەوەی مامۆستا "مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس" خوا لێیان خۆش بێت.

دەتوانێت - هەر بۆ خۆی - پووچەڵی و بێ بناغەیی گشت بەڵگەکانی ئەوان ببینێت و، تەلاری ئیلحادیش لە تانوپۆی جاڵجاڵۆکە گەلێ لاواز و فشەڵتر لە بەرچاوی دڵنیایی ئیمانەکەیدا دەربکەوێت.

وەك ئاشکرایە لای هەموان گرنگترینی پایەکانی ئیمان لە دوای "باوەڕکردن بە خوای گەورە و سیفەتە خاوێن و ناوە جوانەکانی" باوەڕهێنانە بە "ڕۆژی دوایی". چونکە ئەم دوانە تەوەرەی پایەکانی تری ئیمانن..

هەر لەبەر گرنگیی "باوەڕ بە دواڕۆژ"ە کە دەبینین قورئانی پیرۆز گەلێ بە چڕی بایەخی بەم پایە ئیمانییە داوە و، بە چەندەها شێواز و لە چەندین ڕێگای جیاجیا و جۆراوجۆرەوە باسی حەشر و زنجیرە ڕووداوەکانی ئەودنیای هێناوەتە کایەوە و، گەلێ دیمەنی قیامەتیشی - وەك نموونە - خستووەتە پێش چاو، تاکو مرۆڤ بێدار بکاتەوە و، بۆ خۆی هەموو هەستە ئاشکرا و پەنهانەکانی بخاتەکار و، لەو نموونە و بەڵگانەی قورئانی پیرۆزەوە نوورێکی درەخشان ئاراستەی ناخی خۆی بکات و، بکەوێتە سەرنجدان لە بوونەوەرانی دەوروبەری و، لەم ڕێیەوە - بۆ خۆیشی - بەو دڵنیاییەی ئیمان کە قورئان لێی دەدوێت، شاد و بەهرەمەند ببێت.

زانایانی "کەلام" لە دێر زەمانەوە "باوەڕ بە حەشر"یان بە مەسەلەیەکی نەقلی - نەك عەقلی - داناوە و، لایان وابووە کە ناکرێت لە ڕێی ژیریی مرۆڤەوە پەی بەم بابەتە ئیمانییە ببرێت و بدۆزرێتەوە.

ئەوان لەم بڕیارەیاندا لە "ڕاستی" لایان نەداوە، چونکە ئەگەر پێغەمبەران - درووديان لەسەر بێت - لە ڕێی سرووشی خواییەوە گرۆی ئادەمیزادیان بۆ ئەم ڕاستییە یەکجار بەرز و ڕەوایە ئاگادار نەکردایەتەوە، مەگەر کەسانێکی کەم و بە چەشنێکی تەماوی و نادیار، دەنا لە ڕێی بیر و ژیرییەوە بە تەواوەتی و ڕوونی پەی بەم لایەنەی ئیمان نەدەبرا، نەخوازەڵا لەو دەمانەدا کە مرۆڤ پتر لە شتانی ماددیدا ڕۆچووبێت و، ژیریشی دابەزیبێتە چاوی و، هەتا

مەودای بینینی چاوەکانی هەست و پەیبردنی بیر و ژیریشی پڕ بکات! ئنجا هەر لەم گۆشەیەوە ڕوویەکی میهرەبانی‌یە فراوانەکەی خواوەندمان لە ناردنی پێغەمبەراندا - درووودیان لەسەر بێت - بۆ دەردەکەوێت.

بەڵام نابێ ئەو بڕیارەی زانایانی کەلام بەو واتایە لێکبدرێتەوە کە پێغەمبەران - درووودیان لەسەر بێت - هەروەها کتێبەکانیان کە لە لایەن خوای گەورەوە بۆیان هێناوین، داوای تەسلیم بوون و باوەڕێکی چاولێکەریی بێ بەڵگە و پشت و پەنامان لێ بکەن، نەخێر. ئەوان هێندە بەڵگەی چەسپێنەریان هەر لە دەوروبەر و ژینگەی مرۆڤدا بۆ ئەم ڕاستی‌یە هێناوەتەوە کە ژمارەیان لە گەڵای ڕووەك و، بنجی گیا و، پەڕەی گوڵ و، چرۆی درەخت و، سەرجەمی زیندەوەران گەلێ زیاتر بێت!

قورئانی پیرۆز (کە دواهەمین کتێبی ڕەوانەکراوی خواوەندە و بە ئاخیرەمین پێغەمبەری هەڵبژاردەی خۆیدا بۆ سەرجەمی ئادەمیزادی ناردووە) بەڵگەکانی لەم ڕووانەوە نەك هەر یەك جار زۆر و زەبەندەن، بەڵکو ژیری و دڵ و بیری مرۆڤ و گشت هەستە پەنهانەکانیشی دەخاتەگەڕ بۆ سەرنجدانی ورد و بیرکردنەوەی ژیرانە لەو دیاردانەی ناو ئەم گەردوونە کە - وەك خۆری ڕۆشنا - دڵنیایی هاتنەدیی ئەودنیای پێ دەبەخشن و حەشری مرۆڤی لە لا دەچەسپێنن.

ئەم پەیامەش لەسەر نەخشە و ڕێبازەکەی قورئانی پیرۆز لەم بابەتانەدا هەنگاوی ناوە و، لە ناوەرۆکدا تەفسیرێکی خەستوخۆڵ و، سەرنجدانێکی وردی ناخی ئەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆزە کە "ژیری"ی مرۆڤ بۆ بەڵگە لەژمارە نەهاتووەکانی "حەشر" لە سەرانسەری گەردووندا بێدار دەکەنەوە و، "دڵ" و "دەروون" و "گیان" و سەرجەم هەستە پەنهان و لایەنە ناسکەکانی تریشی لەم ئاستە بڵندەی "بیرکردنەوە" و "دامەزراندنی کەسایەتیی پتەوی ئیمانداری دڵنیا"دا، هاوبەش دەکەن.

بۆ ئەوەی ئەم مەبەستە پتر ڕوون ببێت لە لامان، دەڵێین:

قورئانی پیرۆز هەمیشە سەرنجی مرۆڤ بۆ دروستبوونی یەکەم جاری هەموو زیندەوەرێك ڕادەکێشێت، تاکو سەرسامی و بەدوور زانینی زیندووبوونەوە و دروستبوونی دووهەم جاریان لە زەین و بیردا هەڵبگرێت و، دەفەرموێ: ﴿قُلْ يُحْيِيها الَّذي أنشَأها أوّلَ مرَّة﴾!

جا ئەم پەیامەش بە ڕێنمایی ئەم ئایەتە پیرۆزەی قورئان، بە وردی سەرنجی تێڕامانی خوێنەر و گوێگر بۆ دەورروبەر ڕادەکێشێت و، چاوەکانی دڵ و ژیری و گیان و دەروونی ئەو بەسەر دیاردە هاوچەشن و نموونە هاوویێنەکانی حەشری مەزندا دەکاتەوە. بە جۆرێك کە مرۆڤی خاوەن هەست و نەست و ڕێزگری ژیری و بیری هەستیار لەسەر مەساری "دڵنیایی ئیمان بە دوارۆژدا" تا کۆتایی ژیانی و شادبوونی بە بەختەوەریی هەمیشەیی، ڕابگرن.

بەڵێ، ئەگەر کەسێك وتی:

"ئەم خانووەی تیایدا دانیشتووین، وەستایەك هەیە، دوای ڕووخاندن و تەختکردنی، سەرلەنوێ بنیاتی دەنێتەوە"..

لە کاتی بیستنی هەواڵێکی وادا، ئایا چ هەڵوێستێك بە کارێکی ژیرانە لە قەڵەم دەدرێت؟!

ئایا باوەڕهێنانی بێ لێکدانەوە؟ یان بەدرۆخستنەوەی هەڕەمەکی؟

خۆ ئەگەر کەمێك بوار بە بیرکردنەوەمان بدەین و، پرس و ڕای ژیری و مەنتیقمان پشتگوێ نەخەین، هیچ کام لەو دوو هەڵوێستە سەرپێیی و هەڵەشانە بە ڕەفتارێکی ژیرانە لە قەڵەم نادەین. چونکە مەنتیقی زانستییانە لێرەدا پرسیارێکی ڕەوا و زەق دەخاتە بەردەمی بابای هەواڵدەر و، پێی دەڵێت:

ئایا کێیە ئەو کەسەی کە دوای ڕووخانی ئەم خانووە، جارێکی تر سەرلەنوێ بنیاتی دەنێتەوە؟ ئایا وەستای بەننا و ئەندازیاری یەکەم جاریەتی؟

یاخود کەسێکی ترە کە هیچ پەیوەندی‌یەکی بە وەستا و بنیاتنەری یەکەم جاریەوە نی‌یە؟ کەسێکە هیچ سیفەت و کارامەییەکی ئەوی تێدا نی‌یە؟!

چونکە ئەگەر پێی وابێت کەسێکی دیکەی جگە لە بنیاتنەری یەکەم جاری ئەو خانووەیە کە سەرلەنوێ دروستی دەکاتەوە، ئەوا دەرگاکانی گومان و دوودڵی سەبارەت بە توانست و لێهاتنی ئەو کەسە دەخاتە سەرپشت و، ڕێ بۆ پرسیارێکی تری نوێ خۆش دەکات، کە ئایا:

چ بەڵگەیەك دەیچەسپێنێت ئەو کەسەی تۆ لێی دەدوێیت توانای ئەنجامدانی ئەم کارەی هەیە؟

واتە لە حاڵەتێکی وادا ڕێی تێدەچێت کە مرۆڤ دووچاری گومان بێت و، بیانووی بەدرۆخستنەوە و باوەڕنەهێنانیشی بۆ دەرەخسێت، چونکە وەڵامدانەوەی ئیجابیی پرسیاری وەك ئەمە هێندە دژوارە کە زۆر بە ئەستەم دەچەسپێت و قەناعەت بە دڵی مرۆڤ دەبەخشێت!

بەڵام گەر لە وەڵامدا وتی:

"هەر خودی بنیاتنەری یەکەم جاریەتی کە بۆ جاری دووهەمیش بنیاتی دەنێتەوە"..

ئایا ئیتر بە لای ژیریی بێگەردی مرۆڤەوە چ ڕێگرێك بۆ باوەڕهێنان هەیە؟ یان چ گومانێك لە ئاستی توانستی وەستای بەنّنادا پەیدا دەبێت؟!

خۆ ئەگەر – خوا نەخواستە – هێشتا لەم کاتەشدا بیری مرۆڤ لەکەی گومانی لێ بنیشێت، ئەوا هەر تەنها بە سەرنجدانێکی کەمی ئەو خانووەی تیایدا دانیشتووە، لە هەموو گەرد و خەوشێك خاوێن دەبێتەوە،چونکە هەر پرسیارێك لەم حاڵەتەدا سەر هەڵبدات، تەنها لە ڕووی "توانست و زانست و دانایی و لێهاتن"ی وەستای بنیاتنەر و ئەندازیاری خانووەکەوە دێتە گۆڕێ، خۆ ئاشکرایە کە تەنها بە سەرنجدان و وردبوونەوە لەو خانووەی تیایدایە وەڵامی گشت پرسیارەکانی مەیسەر دەبێت.

کەواتە فەرموو بۆ خۆت سەرنجی خانووەکە بدە.. لێی ورد بەرەوە.. ئەندازەی ژوورەکانی لێك بدەرەوە.. گۆشە و دووری‌یەکانی بپێوە.. بەرز و نزمی و پانی و درێژیی دیوارەکانی هەڵبسەنگێنە... هتد..

وەك ئاشکرایە، دوای سەرنجدان و تاوتوێ کردن و هەڵسەنگاندنی ئەم چەشنە لایەنانە، ڕادەی توانست و زانست و دانایی و لێهاتنی وەستای یەکەم جارت بۆ دەردەکەوێت، کە لەو خانووەدا نموونەکانیان بەرجەستە بووە. جا ئایا هەموو ئەوانە نابن بە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەسەر توانستی بنیاتنەری دووهەم جاریش، کە هەر خودی ئەوەی یەکەم جارە؟ ئایا دوای ئەم ڕوونبوونەوەیە هێشتا بە ئەندێشەی کەسێکدا دێت کە بڵێت:

کوا ئەو کەسە؟ کێ لەو جیهانەوە هاتووەتەوە؟

دیارە گەر مرۆڤێك هێندەی تۆزقاڵێك خاوەنی هەست و نەست و ژیری بێت، نەك هەر وڕێنەی وەك ئەمەی لە زار دەرناچێت، بەڵکو وەهمی وەهایشی بە ئەندێشەدا تێپەڕ نابێت! چونکە دڵنیایە کە هەر خودی خۆی لەو جیهانەوە هاتووەتەوە! ئەوەتا ئەوەندە نموونەی بەرجەستەی کارەکانی ئەو جیهانەی ئەوێ، لێرەدا و لەم جیهانە بینراوەی بەرچاودا زەق بوونەتەوە، کە بواری لاوازترین گومانیشی بۆ ناهێڵنەوە.

هەر بە وێنەی ئەم نموونەیە، قورئانی پیرۆزیش زیندووبوونەوەی گیانلەبەران و، بنیاتنانەوەی سەرلەنوێی دووهەم جاری خانەکانی جەستەی یەك بە یەکیان، دەداتە پاڵ دروستکەر و بەدیهێنەر و بنیاتنەری یەکەم جاریان، نەك یەکێکی تر. واتە بەڵگەکانی زیندووبوونەوە و، توانست و زانست و دانایی و لێهاتنی بەدیهێنەر و بنیاتنەری دووهەم جار لە جیهانێکی تری دوور لەم جیهانەی خۆماندا نین، تاکو - گەر بە ڕاستمان بێت - چاوەڕوانی هاتنەوەی کەسێك بین لەو جیهانەوە بۆ ئەوەی ڕاستیی ئەو هەواڵەمان بۆ بچەسپێنێت!

نـــەخێر.. ئێمـــە خۆمـــان ئـــەو کەســـەین.. گشـــت بەڵگـــە و نموونـــە و ڕووداوەکانی ئەو جیهانەی ئەوێ، لـێرەدان.. لـەم جیهانـەی خۆمـاندان.. لـە پێش چاومـاندان (واتـە: لـە پێـش چاوی سـەرمان، هـەروەك لـە پێـش چـاوی ژێرمماندا)! ئەوەتا زایەڵەی ئایەتی پیرۆزی:

﴿قُلْ يُحْيِيهَا الَّذِي أَنشَأَهَا أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ (يس: ٧٩)..

هەروەها ئایەتی:

﴿إِنَّ ذَلِكَ لَمُحْيِي الْمَوْتَى وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ (الروم: ٥٠)..

لە خەوی ئەندێشە و بـێ ئاگـایی بەخەبـەرمان دێنێـت.. پـەردەی ڕاهـاتن و ئولفەت گرتنمان بە دیاردەکـانی ژینگـە و ژیانمانـەوە لەبـەر چـاودا لادەدات.. چاومان پێ دەکاتەوە.. سەرنجی تێڕامانمـان لـە ڕواڵەتـەکانی دەوروبـەردا تێـدا دەهەژێنێت..

دەسا تۆش - برای مرۆڤم! - دەرگـای بـیر و مـەنتیق لـە هەسـت و ژیریـت دامەخە.. چاوەکانت والآکە.. سەرجەم دەرگا و پەنجەرەکانی گشت هەسـتە ئاشکرا و پەنهانەکانت سەرپشت بخە. با سروەی فێنکی دڵنیایی ئیمان بەسـەر ئەو هەستانەتدا هـەڵبکات و، هـەر بـۆ خـۆت بەڵگـە بـەهێز و چەسپێنەرەکانی ئیمان ببینیت کە لە هەموو لایەکەوە ئابڵۆقەی تۆیان داوە..

فەرموو بڕوانـە بـۆ نـاوازەیی سنعەت و، بەڵگـەکانی ویسـت و توانسـت و دانـایی لـە دروسـتکردن و پاشـان زیندووکردنـەوەی یـەك بـە یـەکی: گـوڵ.. گەڵا.. تۆو.. درەخـت.. زینـدەوەر.. ئەندامـەکانی جەسـتەت، بـۆ نموونـە: چاوەکـانت.. پەنجـەکانت.. هەسـتەکانت.. دەمارەکـانت.. خڕۆکـەکانی خوێنت... هتد!

بە وردی و تێڕامانەوە سەرنجیان بدە.. بە ڕێبـازێکی ژیـری و زانستییانە لـە ناخیاندا ڕۆبچۆ. با بزانیت چ موعجیزات و ویسـت و توانسـت و داناییـەکی

سەرسووڕهێنەر لە هەموو یەکێکی ئەوانـەدا بەرجەستە بوون. خۆ هیـچ کـام لەوانە هی جیهانێکی تر نین[1]!

جا بەدیهێنـەرێکی دانا و زانـا و خـاوەن ویسـت و توانستی ئـەوتۆ کـە بۆ یەکەم جار ئاوا دروستی کردبن و، لـە بـەرچاوی هەسـت و ژیریـی تـۆدا بـەم چەشنە سەرسـووڕهێنەرە بەدیی هێنابن، چی هەیـە ڕێ لـەو توانستەی ئـەو بگرێـت کـە جـارێکی تـر سـەرلەنوێ بنیاتیـان بنێتـەوە؟ ئەو توانستەی کـە لـە هـەموو بـەهارێکی ئـەم دنیایـە و لـە بـەرچاوی خۆمـاندا نوێیـان دەکاتـەوە، چ دەسـتەڵاتێك دەتوانێـت دەسـت بهێنێتـە ڕێـی و لـە کـاری ئـەودا خـۆی هەڵبقورتێنێت و نەهێڵێت لە دنیایەکی تردا جارێکی دی نوێیان بکاتەوە؟!

خۆ ئەگـەر مرۆڤ خـۆی نـەخلاًفێنێت و چـاوی نـەنووقێنێت و هەسـت و ژیریی لەکار نەخات، بەپێی ڕێبازی ئەم چەشـنە بیرکردنەوەیـەی باسمـان کـرد، هـەر لـە نـاوەندی دیاردەکـانی ژیـان لـە دەوروبـەری خۆیـدا، هێنـدە بەڵگـەی گومانبڕی حەشر دەبینێـت کـە دڵنیاییـەکی لەسـەدا سـەدی پـێ دەبەخشـن. تەنانەت ئەو بەڵگە و دیاردانـە هێنـدە سـەرنجی دەبزوێنـن کە لـە نـاخی خۆیـدا زیندووبـوون و بەدیـهاتنی یەکـەم جـاری گەلـێ بـەلاوە سـەیر و سەرسووڕهێنەرتر بێـت تـا دووهـەم جـار! چونکـە هـی یەکـەم جـاری لەبـەر چاودایە.

ئنجا سروشتی بیر و ژیریی مرۆڤیش وەهایە کـە بـە (مشتێك) قـایل دەبێـت بیکات بە نموونەی (خەرمانێك). خۆ هەرکات بیر و تێڕامانی ئاراستەی ناخی ئەو دیاردانە بکات، نەك تەنها مشتێك بـەڵکو دەیـان وسـەدان مشت نموونە و بەڵگەی "توانست و زانسـت و دانسـت"ی لـە بـەردەمدا زەق دەبنـەوە کـە بـە تەواوی دووچاری سەرسامیی دەکەن..

---

(١) بۆ بارمەتیدانت لەم بیرکردنەوە باڵایەدا و مەشق کردنت لەسەر ئەم تێڕامانە ئیمانییە، سوود لە کتێبی: (الإنسان ومعجزة الحياة) وەربگرە.

لەبەر ئەوە، هەرگیز دروستبوونەوەی دووهەم جاریان بە کارێکی دوور و نەگونجاو نازانێت، چونکە هی یەکەم جاری بەوپەڕی وردی و شکۆداری لە بەرچاودایە، خۆ هەر بەدیهێنەری ئەم یەکەم جارەیە کە دووهەم جاریش بەدیيان دەهێنێتەوە!

کەواتە ئێمە ئەگەر بە وردی و جیددی و لێبڕانەوە بڕوانینە ئەم کێشەیە، بۆمان دەردەکەوێت کە سەرتاپای خۆمان و دەوروبەرمان نوقمی موعجیزاتی توانستی یەکێکی دانای زانای بەتواناین.. سەدان هەزار نموونەی بەرجەستەی حەشر و زیندووبوونەوە دەبینین کە لە نێوانیاندا دەژیین. بگرە ئەم تێڕامانە زانستی‌یە مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە ژیانی یەکەم جاری گەلێ بەلاوە سەیر و سەرسووڕهێنەرتر بێت، لەچاو هی دووهەم!

واتە ئەم بیرکردنەوە ئیمانی و قورئانی‌یەی کە ئەم پەیامە بۆ خوێنەرەکەی فەراهەمی دەهێنێت، زیندووبوونەوەی ئەودنیا و حەشری قیامەت دەکات بە ڕاستی‌یەکی هێندە ڕوون و بەڵگەنەویست کە گەلێ لەچاو ڕاستیی ژیانی بەرچاوی ئەم دنیادا بێ گومانتر دەربکەوێت.

هەر لەبەر ئەم ئەنجامە بەنرخەی "ئیمان بە حەشر" بووە کە لەم پەیامەوە هەستی پێ کراوە، وا کەسانێکی زۆر هەبوون و هەن دەیان جار "پەیامی حەشر"یان خوێندووەتەوە و، هەموو خوێندنەوەیەکی نوێ - بێ هیچ بێزاربوونێك - چێژی تازە و پلەی ئیمانیی نوێ و بەرزتری پێ بەخشیون.

مامۆستا نوورسی لەبارەی کاریگەریی "پەیامی حەشر"ەوە نموونە بە خۆی و "عەبدوڕەحمان"ی برازای دەهێنێتەوە. ئەوەتا سەبارەت بە خۆی دەڵێت:

(ئەم پەیامە - وتەی دەهەم - هێشتا پلە و پایەی شایانی خۆی نەدراوەتێ. من هەر خۆم نزیکەی پەنجا جار خوێندوومەتەوە و، لە هەموو خوێندنەوەیەکدا

تامێکی نوێم چەشتووە و، هەستم کردووە کە پێویستم بە خوێندنەوەیەکی نوێی تر هەیە! کەچی هەندێ کەس پەیی بەم گرنگی‌یە نەبردووە و بە چاوی پەیامە زانستی‌یەکانی تر دەڕوانێتە ئەم چەشنە پەیامانە و، تەنها یەك جار دەیخوێنێتەوە و جارێکی تر بەسەری ناکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەم پەیامە یەکێکە لەو زانستە ئیمانی‌یانەی کە پێویستیی مرۆڤ پێیان وەك خواردنی نان وایە، پێویستی‌یەکی ڕۆژانەیە و هەمیشە نوێ و دووپات دەبێتەوە.)[1].

سەبارەت بە "عەبدوڕەحمان"یش، کە هەشت ساڵ بوو لە یەکتری دابڕابوون و، لەو ماوەیەدا چڵك و لەکەی مەعنەویی "بێ ئاگایی" و، وەهم و گومانی "گومڕایی" دڵ و بیری ئەویان گرفتاری چەندین باری دەروونیی دژوار کردبوو، کاتێ کە "پەیامی حەشر"ی بەدەست دەگات و بە خوێندنەوەی بەهرەمەند دەبێت، بە تەواوی لەو چڵکە مەعنەوییانە خاوێن دەبێتەوە و، دەگاتە پلەیەکی هاوێنەی پلەی ئەولیاکان! ئەم بەسەرهاتەش سێ مانگ پێش ماڵئاوایی کردنی لەم ژیانەی دنیا ڕوو دەدات[2].

جگە لەم نموونانەش، یەکێك لە قوتابیانی مامۆستا نوورسی دەڵێت:

سی جار "پەیامی حەشر"م خوێندووەتەوە، هێشتا هەر حەزم لێیە چەندین جاری تریش بیخوێنمەوە و، پتر تامەزرۆیی و تینوێتیی ناخی دڵمی پێ بشکێنم[3].

تەنانەت یەکێك لە هاندەرانی وەرگێڕانی ئەم پەیامە بۆ زمانی کوردی هاوڕێیەکی دڵسۆزم بوو، کە هات بۆ سەردانم و، لێی پرسیم:

ئایا "پەیامی حەشر"ت کردووە بە کوردی؟

---

(١) بڕوانە: (پاشبەندەکان) لاپەڕە: ١٠٤.

(٢) بڕوانە: (نوورەکانی حەقیقەت) ل: ١٨٧، یان (مەکتووبات) ل: ٦٠١، هەروەها (پاشبەندەکان) ل: ٣٨-٤٠.

(٣)بڕوانە (ڕابەری خزمەتگوزارانی قورئان) ل: ١٣٦-١٣٧.

کە لە وەڵامیدا وتم:

مەگەر چەند بڕگە و باسێکی پچڕپچڕی ئەو پەیامە، دەنا بە تەواوەتی هەموویم وەرنەگێڕاوە..

سەری سووڕ ما و، وتی:

سەد حەیف کە پەیامێکی ئاوا بەنرخت لەبەر دەستدا بێت و، تا ئێستا بیرت لە وەرگێڕانی نەکردبێتەوە!

ئنجا وتی:

من بەش بە حاڵی خۆم "پازدە جار" خوێندوومەتەوە و، هێشتا هەست بە پێویستیی خوێندنەوەی دیکەی دەکەم!

ئێستاش دوای ئەم ڕوونکردنەوانەی کە پێش چاومان خستن سەبارەت بە ڕێبازی "پەیامەکانی نوور" لە باسکردنی بابەتەکانی ئیمان و، کاریگەریی "پەیامی حەشر" لە دامەزراندنی باوەڕی توندوتۆڵی لەق نەبووی ئیماندارانەوە بە مەسەلەی زیندووبوونەوە و حەشری ئەودنیای هەمیشەیی و، ڕێ خۆشکردن بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ئەم پەیامە.. خوڵکی خوێنەری بەڕێز بۆ خوێندنەوەی لەسەرخۆ و وردی خودی پەیامەکە دەکەین، تاکو ئەویش بۆ خۆی لەم دەرەنجامە دڵنیا ببێت و، بە پلەکانی دڵنیایی ئیماندا پتر سەربکەوێت و، پاشان لە نزای بێگەرد و دڵسۆزانەشی بێ بەشمان نەکات.

وصلى الله على سيدنا محمد إمام المرسلين وعلى آله وصحبه أجمعين.

وآخر دعوانا: ﴿أنِ الحمد لله رب العالمين﴾.

فاروق رەسوول یەحیا

وتەی دەهەم

(باسی حەشر)

ڕوونکردنەوەیەك:

هۆی نموونە هێنانەوەم بە شـێوەی چـیرۆك لـەم پەیامانـەدا ئەوەیە کە واتاکان لـە مێشك و زەینەکانەوە نزیك بخرێنـەوە و.. لە لایەکی تریشەوە دەربکـەوێت کـە "ڕاستیـیەکانی ئیسـلام" چـەندە لەگـەڵ ژیریـی مرۆڤـدا تـەبا و شـیاو و گونجـاون و، چەندەش پتـەو و توندوتـۆڵ و ڕەگداکوتـاون. واتـە ئامـانج و کاکڵەی چیرۆکەکان ئەو ڕاستیـیانەن کە لـە ئەنجامدا دەیـاندەن بە دەستەوە و بەڵگـەکانی دەدرکێنـن. کەواتـە ئـەم چیرۆکانـە ئەندێشەیی نین، بەڵکو تێکڕا ڕاستیی گومان لـێ نەکراون.

بسم الله الرحـــمن الرحيم

﴿فانظُرْ إلى آثارِ رَحْـــمَتِ اللهِ كيفَ يُحي الأَرضَ بعد موتِـــها إنَّ ذلك لمحيِ الموتى وهو على كلِّ شيءٍ قدير﴾ (الروم:٥٠)

برادەر!

ئەگەر دەتەوێت ڕاستیی "حەشر" و هەندێ کاروباری سەر بە دواڕۆژت لە ئاستی حاڵی بوونی گشتیی خەڵکیدا بۆ ڕوون ببێتەوە، ئەوا فەرموو لەگەڵ مندا گوێ لەم کورتە چیرۆکە ڕابگرە:

لە گەشتێکدا دوو کەس پێکەوە بۆ وڵاتێکی گەلێ قەشەنگ و تابلۆی جوان و ڕەنگینی وەك بەهەشت ڕۆشتن (مەبەست لەم تەشبیهە دنیایە) کە گەیشتنە ئەوێ، سەرنجیان دا خەڵکی ئەو وڵاتە دەرگای دوکان و خانووەکانیان بە کراوەیی جێ هێشتووە و، بایەخ بە چاودێری و پاراستنی خانووبەرە و دوکانەکانیان نادەن و، پارە و پوول و سامانەکانیان بێ هیچ پاسەوانێك و بە ئاشکرا و لەبەر چاو و دەستی خەڵکیدا داناوە!

کە ئەمەیان دی، یەکێکیان - بە هاندانی دەروونی بەدخوازی خۆی - ئەمەی بە هەل زانی و، پەلاماری ئەو کەرەسە و شمەك و پارە و سامانانەی ئەوێی دا و، تاوێ تاڵانی دەکردن و تاوێکی تر چیی بەردەست بکەوتایە بە دزی دەیبردن.. بەم جۆرە، هەر چەشنە ستەم و خراپکارییەکی پێ کرا و لێی وەشایەوە درێغیی لێ نەکرد و، دانیشتووانی وڵاتیش بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدەدا!

هاوڕێکەی پێی وت:

- (ئەوە چی دەکەیت؟.. بێ گومان تۆ هەر ئاوا ئەم کارانەت بەسەردا تێناپەڕێت و لە ئەنجامدا سزای ئەم ڕەفتارانەت دەچێژیت و، منیش - لەگەڵ خۆتدا - دووچاری چەندین بەڵا و گیروگرفت دەکەیت. ئەم سامانانەی دەیانبینیت، هی دەوڵەتن و، دانیشتووانی وڵاتیش بە خاوخێزانەوە تێکڕا بوون بە سەرباز و کارمەندی دەوڵەت و، بە پۆشاکی میللی(مەدەنی)یەوە لە کار و فەرمانبەرییەکانیاندا خراونەتە کار، هەر لەبەر ئەوەشە کە بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدایت. ئنجا ئەوەش بزانە کە یاسا و ڕێسای ئێرە گەلێ توند و تیژە و، لە هەموو لایەکدا تەلەفۆن و چاودێر و هەواڵدەر و پیاوانی پادشا بڵاو بوونەتەوە. دەسا هەر ئێستا خێراکە و بە پەلە برۆ داوای لێبوردن بکە).

بەڵام هاوڕێ گێژ و گەلحۆکەی، ئینکاری و سەرسەختیی نواند و، وتی:

- (ئەم سامانانەی دەیانبینیت هەرگیز هی دەوڵەت نین، بەڵكو بێ خاوەن و گشتی و هەرەمەكین و، هەموو كەسێك دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی دەستیان بۆ ببات. ئەوەتا من هیچ شتێك نابینم رێی سوود وەرگرتنم لەم شتە جوان و رەنگینانەی بەردەمم لێ بگرێت. ئەوەش بزانە كە جگە لە شتێ بە چاو ببینم باوەرم بە هیچی تر نییە)! پاشان كەوتە قسەی پرو پووچی ورێنەئاسا و فەلسەفە لێدانی ئەم بۆچوونەی خۆی!

ئا لێرەدا گفتوگۆكەی نێوانیان پتر پەرەی سەند و كەوتە دۆخێكی توند و گەرمەوە و، بابای گێلی گەلحۆ لە هاوەڵەكەی زیاتر هاتەپێش و، لێی پرسی:

- (ئایا پێم ناڵێیت پادشا كێیە؟.. من نایناسم)!

هاورێكەی وەڵامی دایەوە:

- (تۆ گومانت لەو راستییەدا نییە كە: گوندی بێ كوێخا و.. دەرزیی بێ وەستا و خاوەن و.. پیتی بێ نووسەر نییە و نابێت. ئەی ئایا چۆن ئەوە بە خۆت رەوا دەبینیت كە پێت وابێت ئەم وڵاتە رێكوپێك و رەنگینە بێ پادشا و فەرمانرەوا بێت؟ یان چۆن ئەم هەموو سەروەت و سامانە بەنرخ و بەهادارانە بێ خاوەن دەبن؟ كە ئەوەندە زۆر و زەبەندە و بەردەوامن دەڵێی لە جیهانی پەنهانی غەیبەوە شەمەندەفەرێكی پر لە ئازووقە و رۆزیی بەنرخ دەم بە دەم دێت و بارەكەی لێرەدا رۆ دەكات و پاشان دەگەرێتەوە و دەروات[1]؟ ئایا نابینیت لە هەموو لایەكی ئەم وڵاتەدا ئاگاداری و بەیاننامەكانی پادشا بڵاوكراونەتەوە و، ئاڵاكانی لە هەموو گۆشەیەكدا دەشەكێنەوە و، تەمغە و مۆری تایبەتیی خۆی لەسەر ئەو هەموو كاڵا و سەروەت و سامانانە نەخشێنراوە؟ ئیتر چۆن بە بێ خاوەنیان دادەنێیت؟.. دیارە تۆ شتێك لە زمانی فەرەنگ فێربوویت و توانای خوێندنەوەی ئەم نووسینە ئیسلامییانەت

(١) ئاماژەیە بۆ وەرزەكانی ساڵ، ئەوەتا وەرزی "بەهار" وەك شەمەندەفەرێك وایە كە لە جیهانی پەنهانی غەیبەوە هاتبێت و، بە پری خواردەمەنی و ئازووقەی لێ باركرابێت. (دانەر)

نـەماوە و، ناتـەوێ لـە کەسـێکی شـارەزاش بپرسـیت و داوا بکـەیت ئـەو نووسینانەت بۆ بخوێنێتەوە! وەرە با من گرنگـترینی ئەو فـەرمان و بەیاننامانـەی پادشات بۆ بخوێنمەوە).

هاوڕێ سەرسەختەکەی گەڕایەوە و وتی:

- (با دان بە بوونی پادشایشدا بنێین.. بەڵام ئایا چ زیـانێکی پێ دەگـات و چ کەموکووڕی و ناتەواوی‌یەك بە گەنجینەکانیەوە دەردەکەوێت گـەر من بۆ خۆم سوودێکی ئاوا کەمیان لـێ ببینـم؟.. پاشـان مـن لـێرەدا هیـچ بەندیخانـە و تۆڵە و سزایەکی هاوچەشنی نابینم کە تۆ باسیان دەکەیت)!

هاوڕێکەی وەڵامی دایەوە:

- (برام! ئەم وڵاتەی بەرچاومان - لە ڕاستیدا - بریتی‌یە لە:

گۆڕەپانێکی تاقیکردنەوە و..

مەیدانێکی مەشق و مانۆڕ و..

پیشانگایەك بۆ خستنەڕووی سنعەتە نایابەکانی پادشا و..

میوانخانەیەکی تابلێی کاتی و کەم خایەن.

ئایا نابینیت هەموو ڕۆژێ کـاروانێك میـوان دێنـە نـاوی و کـاروانێکی تـر دەڕۆن و کـۆچ دەکـەن و، هەمیشـە لـە میـوان پـڕ دەکرێـت و پاشـان خـاڵی دەکرێتـەوە؟ جـا ئـەم مەیدانـە - لـە ئەنجامدا - بـە تـەواوی و یـەکجاری لـە میوانـەکانی نـاوی چـۆڵ دەکرێـت و دەگۆڕێـت بـە مـەیدانێکی تـری نوێـی هەمیشەیی و، ئنجا هەموو خەڵکی بۆ ئەوێ دەبرێن و، هەریەکەیان "سزا" یـان "پاداشت"ی خۆی لەوێ وەردەگرێت).

هـاوڕێ خیانــەتکار و ســەر لــێ شـێواوەکەی، جــارێکی تــر لێــی هەڵگەڕایەوە و وتی:

- (بـاوەڕم بـەم قسـانەت نی‌یـە! چـۆن دەگونجـێ ئـەم وڵاتـە ئاوەدانـە لـەناو ببرێت و دانیشتووانیشی بۆ وڵاتێکی تر بڕۆن و بگوێزرێنەوە)؟

هاوڕێ ئامۆژگار و بێ وەی و دڵسۆزەکەی پێی وت:

- (مادەم تۆ ئاوا سەرپێچی لە "ڕاستی" دەکەیت و لەسەر بۆچوونی خۆت هەر سوور و بەردەوامیت، ئەوا وەرە با بە کورتی و لە نێوان "دوازدە وێنە"دا ئەوەندە بەڵگەی لەژمارە بەدەرت بۆ ڕوون بکەمەوە کە هەر هەموویان - بە بێ گومانی- بوونی دادگایەکی یەکجار مەزن و.. خانەیەکی پاداشتدانەوە و.. لانەیەکی تۆڵە و بەندی و سزات بۆ دەچەسپێنن و، دەری دەخەن کە هەروەك ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وڵات لە دانیشتووانی خالی دەکرێتەوە، هەر بەو جۆرەش ڕۆژێك دێت کە بە یەکجارەکی ئەم خاکەیان لێ چۆڵ دەکرێت و ئەم وڵاتەش بە تەواوی وێران دەبێت).

❑ وێنەی یەکەم:

ئایا دەگونجێ وڵاتێکی خاوەن پادشا - بە تایبەت پادشانشینێکی مەزنی وەك ئەمە - پاداشتی بۆ گوێڕایەڵان و تۆڵە و سزایشی بۆ یاخی بووان تێدا نەبێت؟

خۆ مادەم ئەم سزا و پاداشتە لەم خانەیەدا لە حوکمی "نەبوو"دایە، ئەوا بێ گومان دەبێ دادگایەکی تەواو مەزن لە خانەیەکی تردا هەبێت تاکو ئەو تۆڵە و پاداشتانە دەستنیشان بکات!

❑ وێنەی دووهەم:

سەرنج لە ڕەوتی ڕووداوەکان و بەڕێوەبردنی کاروباری ناو وڵات بدە و بزانە چۆن ڕزق و ڕۆزیی زۆر و بەلێشاو بەسەر هەموو بوونەوەرێکدا، تەنانەت بەسەر هەژارترین و لاوازترینیاندا دابەش دەکرێت و.. بۆ گشت بیمارێکی بێ کەس و بێ نەوا بڕوانە و ببینە کە چۆن چاودێریی تەواوەتی و دڵنەوایی بەردەوامیان بۆ فەراهەم هێنراوە و.. سەیری ئەو خواردەمەنیيە نایاب و، دەفرە ڕەنگین و، مەدالیا قەشەنگ و، پۆشاکە نەخشاوانە بکە و..

تەماشـاکە: سـفرە و خوانـی پڕ لـەو خواردەمەنی‌یـە بـەتام و چێـژ و نایابانـە لـە هەموو شوێنێکدا ڕاخراون..

ئنجـا بڕوانـە: هـەموو یـەکێ لـەو خەڵکـە، کـاری سەرشـان و ئـەرکی ئەستۆیان زۆر بـە ڕێکوپێکـی ئـەنجام دەدەن و، جگـە لـە گێـل و بـێ ئاگایـانی چەشنی تۆ، دەنا کەسیان بە ئەندازەی سەرە پەنجەیەکیش لـە سنووری خۆیـان لانادەن. چونکە مەزنترین کـەس بەوپـەڕی لـەخۆبوردەیی و ڕێـز و نـەوازش و، لەوپەڕی گوێڕایەڵی و ملکەچیدا و، لە سایەی سام و شکۆی ئەو پادشاییەدا، ئەرکی سەرشانی خۆی ڕادەپـەڕێنێت. کەواتـە خـاوەن و پادشـای ئـەم وڵاتـە، دارای:

"کەرەم"ێکی مەزن و..

"میهرەبانی"یەکی فراوان و..

"عیززەت"ێکی بڵند و..

"غیرەت"ێکی شکۆداری ئاشکرا و..

"شەرەفمەندی"یەکی تابلێی بەرز و باڵایە!

خۆ ئاشکرایشە:

"کەرەم" داخوازی: "نیعمەت بەخشین"ە و..

"میهرەبانی"ش بە بێ: "چاکەکاری" نایەتەدی و..

"عیززەت"یش داوای بوونی: "غیرەت" دەکات و..

"شـەرەفمەندی"ی بـەرز و بـاڵایش داواکـاری: تـەمێکردنی هـەموو ئـەو کەسـانەیە کـە بـە چـاوی سـووکەوە سـەیری ئـەم کـارە مەزنانـە دەکـەن و بـە گاڵتەجاڕی و، هەڕەمەکی و، بێ مەبەستیان دادەنێن.

کـەچی - لـەگـەڵ ئەمەشـدا - کـە بـە وردی سـەرنج دەدەیـن، دەبینیـن بەشێکی کەمی یەك لە هەزاری ئەو شتانەی کە شایسـتەی ئـەو "میـهرەبانی" و داخـوازی ئـەو "شـەرەفمەندی"یـەن، لـەم وڵاتـەدا نایەنـەدی، ئـەوەتا بابـای

ملهوڕی ستەمكار بە لووت بەرزی و زەبر و زەنگەوە بیرەدا دەگوزەرێت و دەڕوات و، كاكی ستەم لێكراویش بە زەلیلی و لارەملی و شان كزی و دڵشكاوی، ملی ڕێ دەگرێتەبەر و لەم ولاتە كۆچ دەكات!

كەواتە - بێ هیچ گومانێك - كێشەی ئەمانە، بۆ دادگایەكی گەلێ مەزنتر هەڵگیراوە و دواخراوە.

▢ وێنەی سێهەم:

سەیر بكە و بزانە كە: چۆن هەرچی كار و فرمانی ناو ئەم ولاتە هەن، تێكڕا بە "دانایی"یەكی لە ڕادەبەدەر و.. "ڕێسا"یەكی ناوازە، ئەنجام دەدرێن..

ئنجا سەرنج بدە كە چۆن لە ڕوانگەی:

"دادگەری"ی ڕاستەقینە و.. بە: "تەرازوو"ی سەرنەكەری هەستیار، سەیری مامەڵە و ڕەفتارەكانی كەسانی ناو ولات دەكرێت.

دیارە "دانایی" و ژیریی حكوومەت لەوەدایە كە چاوپۆشی و نەرمونیانی و ڕێزی زۆر لەگەڵ ئەو كەسانەدا بنوێنێت كە هانای بۆ دەبەن و.. ئنجا "دادگەری"یە خاوێن و بێگەردەكەشی داخوازی پاراستن و چاودێری كردنی گشت مافەكانی هاوولاتیانیەتی، تاكو سام و شكۆی حكوومەت ڕاگیر بكرێت و، مەزنی و پایەداریی دەوڵەتیش بپارێزرێت..

كەچی لەو شتانەی كە شایستەی ئەو "دانایی" و داخوازی ئەو "دادگەری"یەن، بەشێكی یەكجار كەم نەبێ، هیچیتر دەرناكەوێت لێرەدا جێبەجێ بكرێت، ئەوەتا بێئاگایانی چەشنی تۆ بیرەدا گوزەر دەكەن و ئەم ولاتە بەجێ دەهێڵن، بێ ئەوەی زۆربەیان سزای ڕەفتارە چەواشەكانیان بچێژن!

كەواتە یەكلایی كردنەوەی ئەم چەشنە كێشانە، بۆ دادگایەكی گەلێ مەزنتر دواخراوە.

❑ وێنەی چوارەم:

سەیری ئەو گەوهەرە بێ وێنە و نایابانە بکە کە لەم پیشانگایانەدا پێش چاو خراون..

بۆ ئەو خواردەمەنی‌یە خۆش و بەتام و ناوازانە بڕوانە کە ئەم هەموو سفرە و خوانانەیان پێ ڕازێنراوەتەوە!

ئەمانە، دەری دەخەن کە: پادشای ئەم وڵاتە دارای "سەخاوەت"ێکی بێ سنوور و.. "گەنجینە"یەکی پڕاوپڕی بێ کۆتایی و نەبڕاوەیە.

خۆ ئەم چەشنە سەخاوەتمەندی‌یە بەردەوام و گەنجینە نەبڕاوانەش - بێ هیچ گومانێك - داخوازی بوونی: میوانخانەیەکی نەمر و هەمیشەیی ئەوتۆن کە هەرچی حەز و خواست و ئارەزووی دەروونی مرۆڤە، لەسەر سفرە و خوانەکانی ئەوێدا ئامادە کرابن و بۆ مرۆڤ دانرابن..

هەروەها داخوازی ئەوەشن کە: هەموو ئەو میوانانەی نیعمەتی پادشایان پێ دەبەخشرێت و تامی نیعمەت و بەخششەکانی ئەو دەچێژن، ئەوانیش - بە هەمان شێوە - هەمیشەیی و هەتاهەتایی بن و ئازاری جودایی و لێکبڕانیان دەرخوارد نەدرێت، چونکە هەروەك "نەمانی ئازار" لە خۆیدا تام و لەزەتێکی سەربەخۆیە، "نەمانی تام و چێژە خۆشەکان"یش - بە هەمان پێوەر - ئازارێکی یەکجار بەسۆ دەرخواردی ناخی مرۆڤ دەدات!

ئنجا سەیری ئەم پیشانگایانە بکە و.. سەرنج لەو بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنانە بدە و.. گوێ لەو "بانگەوازکارانە" ڕابگرە کە لە بارەی لایەنە سەرسووڕهێنەرەکانی دروستکراوانی پادشای خاوەن موعجیزاتەوە دەدوێن و وەسفی یەك بە یەکیان پێش چاو دەخەن و "کەماڵ"ی پادشا و "جوانی"یە مەعنەوی‌یە بێ وێنە و ناوازەکەی ئاشکرا دەکەن و، سەرگەرمی باس و لێدوانی لایەنە ورد و ناسك و ڕەنگینەکانی جوانیی پەنهانی ئەون.

كەواتە ئەم پادشایە دارای "كـەماڵ"ێكـی ڕوون و "جوانـی"یـەكی گەشـی مەعنەویی ئەوتۆیە كە هەستی سەرسووڕمان لای سەرنجدەرانیان بورووژێنن!

ئنجا گومانیش لەوەدا نی‌یە كە ئەو "كـەماڵ"ە پەنهانـە بـێ خـەوش و دوور لە ناتەواوی‌یەی پادشا، داخوازی ئەوەیە كە: لـە بـەرچاوی بینـەرە ڕێزلێگـر و سەرسـووڕماوە نـرخ زانـەكانیدا ئاشـكرا بكرێـت و پێش‌چـاو بخرێـت.. "جوانی"یە نادیار و بێ وێنە و ناوازەكەشی داواكاری ئەوەیە كە ببینرێت و لـە بـەرچاواندا دەربكـەوێت. واتـە داخـوازی ئەوەیـە كـە لـە دوو ڕووەوە "جوانی"یەكەی ببینرێت:

یەكەمیان: هەر پادشا بۆخۆی جوانی‌یەكـەی خـۆی لـە چـەندەها ئاوێنـەی جوانی دەرەوەی جۆراوجۆردا ببینێتەوە.

دووهەمیان: بینینی ئەو جوانی‌یەی خۆی بـە چـاوی ئەوانـەی كـە بـۆ سـەیر كردنی ئەم پیشانگایە هاتوون و، تەماشاكەرانی تاسەمەند و كەسانی موشتاقی ئەو جوانی‌یەن!

ئەمەش ئـەوە دەگەیـەنێت كـە: ئـەو "جوانی‌یـە هەمیشـەیی"یـە داواكـاری: بینین و ئاشكرابوونە و، دەشیەوێت بە هەمیشەیی ببینرێت و خۆیشی ببینێـت. دیـارە ئەمـەش - بێ گومـان - داخـوازی: "هەمیشـەیی" و "هەتاهـەتایی"ی كەسانی بینەری تاسەمەند و ڕێز لێگر و نرخ شناسانی ئەو جوانی‌یەیە، چونكە "جوانیی هەمیشەیی و نەمر" بە موشتاق و تاسەمەندی لەناوچووی فـانی ڕازی نابێت!

ئنجا لـەبەر ئەوەی كەسێ كە بڕیاری نەمانی لەسەر دەركرابێت، هەر تەنها بیر كردنەوەی لـەو نەمانـەی كـە لـە ڕێیدایـە، "خۆشەویستی"یەكـەی نـاو دڵـی دەگۆڕێت بـە "دوژمنایـەتی" و، سەرسـووڕمانەكەشی بـە: "سـووك سـەیر كردن" و، "نرخ شناسی"یەكەشی بە: "ڕێز لـێ نەگرتن"، چونكە مـرۆڤ - بـە

سروشت - گەر شتێك نەزانێت و پەیی پێ نەبات، ئەوا دوژمنایەتیی دەکات و لە نرخی دادەگرێت..

جا لەبەر ئەمە و، مادەم هەموو ئەو کەسانەش کە دێنە ئەم پێشانگا و میوانخانەیە، خێرا و بە پەلە و بێ ئەوەی لە نووری ئەو "جوانی" و "کەماڵ"ە تێر بن و تاسە و تینوێتییان لێی بشکێت، دەڕۆن و بەجێی دەهێڵن، بگرە لە ماوەی چەند چرکەیەکدا چەند سێبەرێکی کەمی کز نەبێت هیچی تریان لێ نابینن، ئەوا - بێ هیچ گومانێك - کۆچی ئەو گەشتیارانە بەرەو دیمەنگایەکی نەمری هەتاهەتایی وەهایە کە لەوێدا بە هەمیشەیی و کامی دڵ، شاد و بەهرەمەندی ئاواتەکانیان دەبن!

❑ وێنەی پێنجەم:

سەرنج بدە و بزانە کە:

چۆن ئەم پادشا (ناوازەیە) دارای "میهرەبانی"یەکی ئەوەندە مەزنە کە لە گەرمەی ئەم هەموو کار و ڕووداوانەدا ئەو "میهرەبانی"یەی دەردەکەوێت. ئەوەتا فریای هانا بۆبەرانی دەکەوێت و، بەدەم پەنا بۆهێنەرانیەوە دەڕوات و، بچووکترین پێداویستیی ئاساییترین کەسی وڵاتەکەی - بەوپەڕی سۆز و میهرەوە - جێبەجێ دەکات. ئەمەش لە ڕادەیەکی وەهادایە کە تەنها بۆ فریاگوزاریی زامی قاچی یەك سەر "مەڕ"ی شوانێك مەڵهەم و دەرمان و بەیتاڵی پێویست پەیتا پەیتا ئامادە دەکات.

وەرە - ئەی هاوڕێکەم! - با پێکەوە بۆ ئەو دوورگەیە بڕۆین کە حەشاماتێکی زۆری تێدا جەم بووە و، گشت کەسانی بەڕێز و پایەداری وڵاتی تێدا کۆبوونەتەوە..

بڕوانە! ئا ئەوە نوێنەرێکی بەڕێزی پادشایە هاتووە و مەزنترین مەدالیای خەڵاتکراوی پۆشیوە و، لەناو ئەو خەڵکەدا وتار دەدات و، داوای چەند شتێك لە پادشای بەسۆز و میهرەبانی دەکات و، ئنجا ئەو حەشاماتەش لەو

داواكاری‌یانەیدا پشتی دەگرن و هەمان خواست و ویست لە پادشایان دەخوازن.

فەرموو گوێ لە وتەكانی ئەو نوێنەرە خۆشەویستەی پادشای مەزن رابگرە، ئەوەتا بە ئەدەبێكی گەلێ زۆر و لالانەوەیەكی یەكجار بەكوڵەوە دەپارێتەوە و دەڵێت:

- (ئەی پادشای ئێمە! ئەی ئەو كەسەی نیعمەتە رواڵەتی و پەنهانەكانی خۆی بەسەردا پەخشاندووین! ئێمە لە پایەی مەزنی و شكۆداریی پادشاییت داواكارین كە: هەروەك ئەو نموونە و سێبەرانەت لەم پیشانگایەدا پێش‌چاو خستین، سەرچاوە و بناغەكانیشیانمان لە شوێنی خۆیاندا پیشان بدەیت.. ئێمان بە بۆ بارەگا و مەڵبەندی پادشایی خۆت و لەم دەشتاییە وشك و برنگەدا لەناومان مەبە.. لە دیوان و مەڵبەندی حوزووری خۆتدا وەرمان بگرە و بەزەییت پێماندا بێتەوە.. لەوێ ئەو تام و لەزەتانەمان دەرخوارد بدە كە لێرەدا تامی نموونەكانیانت پێ چەشتین.. بە ئازاری دەركراوی و دووری لە خۆتەوە، سزامان مەدە.. ئەوەتا هەموو ئەوانە گەل و هاوولاتییانی تاسەمەند و سوپاسگوزار و گوێڕایەڵی تۆن، دەسا بێ خاوەن و سەرگەردانیان مەكە و، بە مردنێك كە گەڕانەوە و زیندووبوونەوەی لە دوا نەبێت، مەیان فەوتێنە).

ئایا گوێت لێ بوو - ئەی هاوڕێ‌كەم! - ئەو نوێنەرەی پادشا بە ناوی ئەو حەشاماتەوە چیی وت و چ داواكاری‌یەكی پێشكەشی پادشا كرد؟

باشە ئایا دەگونجێ پادشایەك ئەم هەموو "توانا" لەڕادەبەدەر و "میهرەبانی"یە هەمەلایەنگیرەی هەبێت، داخوازی‌یەكانی ئەو نوێنەرە بەڕێزەی خۆی نەبەخشێت و، بە هانای مەزنترین و بەرزترین ئامانج و مەبەستەكانیەوە نەڕوات و نەیهێنێتەدی؟ لە كاتێكدا كە - هەر ئەم پادشایە - بەوپەڕی بایەخ پێدانەوە نزمترین ئارەزووی بچووكترین كەسی ناو ولاتەكەی جێبەجێ دەكات؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامدانی داواكاری‌یەكانی ئەو نوێنەرە بەڕێزەی،

گشت ئاوات و ئامانجەکانی هەموانی پێ دێنەدی و، ئنجا "دادگەری" و "میهرەبانی" و "ڕەزامەندی"ی خۆیشی داخوازی هێنانەدیی ئەو داواکارییانەن.. پاشان ئەو داخوازییانە بۆ توانستی پادشا گەلێ ئاسانن و هەرگیز لەو نموونانە قورس و گرانتر نین کە لە باخچە و پیشانگاکانی ئەم وڵاتەدا پێش چاوی خستوون؟

جا مادەم ئەو هەموو خەرجییە زۆر و زەبەندانەی لە دروستکردنی ئەم وڵاتەدا و بۆ مەبەستی پیشاندانێکی کاتیی نموونەکانی سنعەتی خۆی سەرف کردووە، ئەوا بێ هیچ گومانێك، لە مەڵبەندی پادشایەتیی خۆیدا لە گەنجینە ڕاستەقینەکانی خۆی و لایەنە سەرسووڕهێنەرەکانی ئەو سنعەتانەی، شتانی وا دەخاتە پێش چاوی بینەران کە ژیریی مرۆڤ سەرسام بکەن.

کەواتە، ئەو کەسانەی ئێستا وان لەم تاقیکردنەوەیەدا، بە هەڕەمەکی و بێ مەبەست نەهێنراونەتە ئێرە، بەڵکو ئەوانە یان کۆشکەکانی بەختەوەریی هەمیشەیی چاوەڕوانیانە.. یان بەندیخانە سامناکە هەتاهەتاییەکان!

❑ وێنەی شەشەم:

وەرە بۆ ئەم شەمەندەفەرە مەزن و، فڕۆکە پڕاوپڕ و، گەنجینە و عەمبارە گەورە لێوان و، پیشانگا قەشەنگ و سەرنج ڕاکێشانە بڕوانە..

بیر لە بەڕێوەبردن و ڕەوتی کاروبارەکان بکەرەوە!

ئەوەتا هەموو ئەمانە دەری دەخەن کە لە ڕاستیدا دەستەڵاتداری و پادشاییەکی مەزن هەیە[1] لە پشتی پەردەوە حوکمڕانیی خۆی دەکات.

---

(١) هەروەك چۆن لەم سەردەمەداسوپای مەزن لە گۆڕەپانی مانۆڕ و کاتی دەست دانە جەنگدا، هەر تەنها بە وەرگرتنی فەرمانی: "چەکەکانتان هەڵبگرن.. نێزەکانیان لەسەر قایم بکەن" وەك دارستانێکی چڕی دڕکاویی لێ دێت.. هەروەها وەك لە هەموو جەژن و نمایشێکی سەربازیدا سەرجەمی سەربازگە تەنها بە وەرگرتنی فەرمانی: "نیشانەکانتان بپۆشن و مەدالیاکانتان بە بەرۆکدا بکەن" تێکڕا وەك باخچەیەکی جوانی پڕ لە گوڵزاری ڕەنگین دەخەملێت.. هەروەك ئەمانە وان، ڕووەکە بێ هەستەکانیش کە - چەشنی مەلائیکەت و جیننی و مرۆڤ - جۆرێکی

جا پادشایی و دەستەڵاتداریی ئاوا مەزن - بێ هیچ گومانێ - داخوازی ئەوەیە کە خاوەنی میللەت و ڕەعیەتی شایانی خۆی بێت. بەڵام ئەوەی کە بە چاو دەبینرێت هێشتا شایانی ئەو پادشایی و فەرمانڕەواییە نی‌یە، چونکە ئەوەتا ئەو میللەت و ڕەعیەتانە لەم "میوانخانە"یەدا - واتە میوانخانەی دنیا - کۆبوونەتەوە، کەچی بێ ئەوەی ئەوان بحەوێنەوە، ئەم میوانخانەیە هەموو ڕۆژێك چەند دەستەیەك میوان بەڕێ دەکات و لە پێشوازیی چەند دەستەیەکی تری نوێدایە!

هەروەها ئەوان ئێستا لەم "گۆڕەپانی تاقیکردنەوە"یەدا ئامادە بوون، بەڵام هەموو سەعاتێك ئەم گۆڕەپانەش ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت..

نەبڕاوە و بێ کۆتایی سەربازەکانی خوای گەورەن، هەر کە لە کاتی جیهاد و تێکۆشانیاندا بۆ پاراستنی ژیانیان فەرمانی: "کن فیکون"یان پێدەگات و بەجێهێنانی ئەم فەرمانەی خوای گەورەیان دەخرێتە ئەستۆ کە: "بۆبەرگری کردن لە خۆتان چەك و تفاقتان هەڵبگرن" ئەوا گشت درەختە مەزن و دەوەنە دڕکاوی‌یەکان ڕمەکانیان ئامادە دەکەن و، سەرانسەری گۆی زەویش وەك سەربازگەیەکی یەکجار فراوان و مەزنی لێ دێت کە سەربازەکانی بە چەکی دەستی پڕچەك کرابن. ئەوەتا هەموو ڕۆژ و حەفتەیەکی بەهار وەك جەژنی دەستە و کۆمەڵێکی ڕووەك وایە و، هەموو تیرەیەکی ڕووەکەکانیش - وەك نمایشی سەربازی - ئەو دیاری‌یە بەنرخ و مەدالیا قەشەنگ و ڕازاوانە لە بەرچاوی پادشای ئەزەلی و مەلائیکەتانی بینەر و شایەتیدەریدا دەپۆشن کە پادشایان پێی بەخشیون. وەك بڵێی فەرمانێکیان لە لایەن پەروەردگاریانەوە بەگوێدا درابێت کە: "نەخش و نیگارە ڕازاوەکانی سنعەتی پەروەردگار و، مەدالیا قەشەنگەکانی سرووشتی خوایی - کە گوڵ و بەروبوومەکانن - بپۆشن و با گوڵەکانتان دەمیان بپشکوێت" ئیتر هەر بە بیستنی ئەم فەرمانە، سەرانسەری گۆی زەوی وەك سەربازگەیەکی مەزنی لێ دێت لە جەژنێکی ڕازاوەی خۆشدا و، چەشنی نمایشێکی سەربازی لە بەرچاودا خۆی دەنوێنێت، کە نیشانە و مەدالیا ڕەنگینەکانی تێدا بریسکێنەوە.

جا ئەم گشت پڕچەك کردنەی ڕووەك، کە تا ئەم ئەندازەیە بە دانایی و ڕێکی ئەنجام دەدرێت و.. ئەم ئارایشتدانەی کە لە ڕادەی ناوازەییدایە.. بۆ هەموو خاوەن چاوێکی بینەری دەردەخەن کە تێکڕا فەرمانی پادشا و حوکمڕانێکی بەتوانای وەها جێبەجێ دەکەن کە توانستی ئەو کۆتایی نی‌یە و، دانستیشی بێ سنوورە. (دانەر)

هەروەها میوانەکان ماوەیەکی کەم لەم "پیشانگا" مەزنەدا دەمێننەوە و سەیری نموونەکانی نیعمەتە بەنرخەکانی پادشا و لایەنە سەرسووڕهێن و ناوازەکانی سنعەتی نایابی ئەو دەکەن، کەچی پیشانگاکەش هەموو خولەکێك دەگۆڕێت و، ئەوەی دەڕوات نایەتەوە و، ئەوەش تازە دێتە ناوی - وەك ئەوانەی پێشوو - کۆچ دەکات و ناگەڕێتەوە!

هەموو ئەم شتانە و ڕەوتی ئەم کارانە، بە شێوەیەکی بێگومان، دەری دەخەن کە:

لە پشتی ئەم میوانخانە کاتی و.. گۆڕەپانە ئاڵوگۆڕ بووانە و.. لە دوای ئەم پیشانگا هەمیشە گۆڕاوانەوە، چەندین کۆشك و تەلاری هەمیشەیی و خانە و لانەی هەتاهەتایی و بەهەشت و گەنجینەی پڕاوپڕ (لە ڕاستی و ئەسڵ و بناغەکانی ئەم نموونانەی ئێرە) هەن، کە پادشا بۆ ڕەعیەت و میوانەکانی خۆی ئامادەی کردوون.

کەواتە ئیش و کارەکانی ئێرە، تەنها لە پێناوی ئەو پاداشتانەدان کە لەوێ ئامادە کراون و، پادشا لێرە ئەرك و فرمان بە ڕەعیەتەکەی دەسپێرێت و لەوێیش پاداشتیان دەداتەوە. ئنجا هەموو یەکێ لەوان بەپێی توانا و لێهاتنی خۆی و بە گوێرەی ئەو کردەوە چاکانەی کە لێرەدا پاشەکەوتی کردوون، لەوێ بەجۆرە بەختەوەرییەکی تایبەتی خەڵات دەکرێت.

❑ وێنەی حەوتەم:

وەرە! با کەمێ بەناو کەسانی میللی(مەدەنی)ی ئەم وڵاتەدا بگەڕێین و هەندێ سەرنجی باری ژیان و دەوروبەریان بدەین..

بڕوانە! وا لە هەموو گۆشەیەکدا چەندین کامێرای وێنەگرتن دانراون، وێنەی شتان دەگرن و، لە هەموو شوێنێکدا کەسانی نووسەری زۆر هەن کە گشت شتێك، تەنانەت شتە کەم بایەخەکانیش، تۆمار دەکەن..

فەرموو سەیری ئەو چیا بەرزە بكە، ئەوەتا كامێرایەكی گەلێ مەزنی لەسەر قایم كراوە كە تایبەتە بە پادشا خۆیەوە(١)، وێنەی هەموو ئەو شتانە دەگرێت كە لەم وڵاتەدا ڕوو دەدەن، چونكە پادشا فەرمانی داوە كە سەرجەمی ئەو شت و كاروبار و مامەڵانەی لەناو وڵاتەكەیدا ڕوو دەدەن تێكڕا تۆمار بكرێن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە پادشای مەزن خۆی نەخشەی ڕووداوەكان دەكێشێت و فەرمان بە تۆماركردنیشیان دەدات..

جا ئەم بایەخدانە گرنگ و پارێزگاریە وردەی شتانی ناو وڵات - بێ هیچ گومانێك - بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە: هەموو هەڵسوكەوت و ڕەفتارێك لێپرسینەوەی لە دوا هەیە. چونكە ئایا دەگونجێ فەرمانڕەوایەكی پارێزگار كە سادەترین مامەڵەی بچووكترین ڕەعیەتی خۆی پشتگوێ نەخات، كارە مەزنەكانی ڕەعیەتە گەورەكانی نەپارێزێت و تۆماریان نەكات و لەسەر كردەوەكانیان لێیان نەپرسێتەوە و پاشان سزایان نەدات؟ لە

(١) هەندێ لەو واتایانەی كە ئەم وێنەیە ئاماژەیان بۆ دەكات، لە "ڕاستیی حەوتەم"دا ڕوون دراونەتەوە. بۆ نموونە ئەو كامێرا مەزنە تایبەتی‌یەی پادشا، ئاماژە بۆ "لوح المحفوظ" و ڕاستیی ئەو لەوحە دەكات. ئنجا وتەی "بیست و شەشەم"یش "لوح المحفوظ"ی چەسپاندووە و، بوونی ئەو لەوحە بەمەی خوارەوە چەسپاوە:
هەروەك ناسنامە كەسی‌یە بچووكەكان هێمان بۆ بوونی تۆمارێكی مەزنی ناسنامەكان و.. قەواڵە بچووكەكانیش دەری دەخەن كە تۆمارێكی مەزن هەیە هەموو قەواڵەكانی تێدا تۆمار كراوە و.. ئەو وردیلەكانی دڵۆپە بچووكەكانیش بەڵگەن لەسەر بوونی كانیاوێكی مەزن.. هەروەك ئەمانە وان، بە هەمان جۆریش یەك‌بەیەكی: هێزی پارێزەر(حافظة)ی مرۆڤ كە زانیاری‌یەكانی مرۆڤی تێدا دەپارێزرێن و.. بەری درەختەكان و.. تۆوی بەرەكان، وەك ناسنامەی بچووك بچووك وان و، لە واتای چەند "لوح المحفوظ"ێكی بچكۆلەدان و، لە شێوەی چەند نمێكی هەندێ دڵۆپی بچووكدا دەردەكەون كە نم نم لەو پێنووسەوە داچۆڕاون كە "لوح المحفوظ"ی مەزنیان پێ نووسراوە. لەبەر ئەوە، هەموو یەكێ لەمانە مرۆڤ وا لێ دەكەن كە بە بێ گومانی هەست بە بوونی "حافظة"یەكی مەزنتر و، تۆمارێكی گەورەتر و، لەوحی مەحفووزی هەرە مەزن بكات و، ئەمانەی بۆ دەچەسپێنن و بۆ عەقڵە تیژە بێدارەكانیان دەخەنە ڕوو. (دانەر)

کاتێکدا کە ئەو گەورە ڕەعیەتانەی ڕەفتاری وایان لێ دەردەکەوێت کە یەخەی مەزنیی ئەو دەگرێتەوە و، میهرەبانیی فراوانیشی دەست بە ڕووی ئەو ڕەفتارانەیانەوە دەنێت؟!

جا مادەم ئەوانە لێرەدا لەسەر کردەوەکانیان سزا نادرێن، ئەوا - بێ گومان - سزاکەیان بۆ دادگایەکی گەلێ مەزن دواخراوە.

❑ وێنەی هەشتەم:

وەرە! با ئەو فەرمانانەت بۆ بخوێنمەوە کە لە لایەن پادشاوە دەرچوون.. بڕوانە! وا پادشا "بەڵێن" و "هەڕەشەکانی" پەیتا پەیتا دووپات دەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت کە:

(دەتانهێنم بۆ مەڵبەندی پادشایی و دەستەڵاتداریی خۆم و، بەختەوەری بە گوێڕایەڵانتان دەبەخشم و، سەرکەشانیشتان لە بەندیخانەدا توند دەکەم و، ئەم شوێنە کاتییەش دەڕووخێنم و وڵاتێکی تری نوێ بنیات دەنێم کە چەندین کۆشك و تەلاری هەتاهەتایی و بەندیخانەی هەمیشەیی تێدا بێت).

ئەوەش بزانە کە جێبەجێ کردنی ئەم بەڵێنە بە لای پادشاوە گەلێ ئاسانە و، لە هەمان کاتدا تابڵێی گرنگ و جێی بایەخیشە بۆ ڕەعیەتەکانی. ئنجا نەبردنەسەری بەڵێن کارێکە بە یەکجاری پێچەوانە و دژی عیززەت و توانستی پادشایە.

دەسا ئەی هاوڕێی بێ ئاگام!

تۆ چەندە سەیریت! دەچیت درۆ و دەلەسەکانی وەهمی خۆت و وڕێنەکانی عەقڵت و فێڵ و تەڵەکەکانی نەفست بە ڕاست دەزانیت، کەچی تەسدیقی ئەو کەسە ناکەیت کە هەرگیز ناچاری بێ وەعدی نابێت و بە هیچ جۆرێك توخنی بەڵێن شکاندن ناکەوێت و هەموو شتێك شایەتی لەسەر ڕاستیی ئەو دەدات.

بێ گومان تۆ بەم ڕەفتارەت خۆت شایانی تۆڵەیەكی گەلێ گەورە دەكەیت و، لەم هەڵوێستەتدا لەو ڕێبوارە نەزانە دەچیت كە لە ئاستی ڕووناكیی خۆردا چاوی دەنووقێنێت و بە ڕێنمایی ئەندێشەی خۆی هەنگاو دەنێت و، دەیەوێت بە ترووسكایی عەقڵە كزەكەی خۆی -كە چەشنی گوڵەستێرە، ڕووناكی‌یەكی كەم نەبێ زیاتر شك نابات - ڕێی تاریك و سامناكی بەردەمی ڕووناك بكاتەوە!

جا مادەم ئەو پادشایە بەڵێنی داوە، ئەوا - بێ هیچ گومانێك - بەڵێنەكەی دەباتە سەر. چونكە بردنەسەری بەڵێنی گەلێ بەلاوە ئاسانە و، یەكێكە لە داخوازی‌یەكانی پادشایی و دەستەڵاتداری‌یەكەی و، بۆ ئێمەش و بۆ هەموو شتێكی تری ناو وڵاتیش خواستی دڵ و كارێكی یەكجار پێویستە.

كەواتە، دوای ئەم وڵاتە كاتی‌یە، دادگایەكی مەزنتر و بەختەوەری‌یەكی گەورەتر هەیە.

□ وێنەی نۆهەم:

ئێستا وەرە! با تەماشای بەشێك لە سەرۆكەكانی[1] ئەم فەرمانگە و كۆمەڵانە بكەین. ئەوەتا هەندێكیان دەتوانن ڕاستەوخۆ بە تەلەفۆنی تایبەتی پەیوەندی بە پادشای مەزنەوە بكەن، تەنانەت هەندێك لەو سەرۆك فەرمانگەیانە پلەی ئەوەندە بڵند و باڵایە كە بۆ دیوانی حوزووری خاوێن و مەزنی پادشا بەرزبووەتەوە و بانگ كراوە..

سەرنج بدە و بزانە ئەوانە چی دەڵێن؟.. ئەوەتا هەر هەموویان ئەم هەواڵەمان پێ ڕادەگەیەنن كە:

---

(١) ئەو واتایانەی كە ئەم ئاماژەیە دەیانچەسپێنێت، دوایی لە "ڕاستیی هەشتەم"دا بە ڕوونی دەردەكەون. بۆ نموونە: سەرۆك فەرمانگەكانی ئەم نموونەیە هێمان بۆ: پێغەمبەران و ئەولیایان. مەبەست لە تەلەفۆنەكەیش ئەو نیسبەت و پەیوەندی‌یە پەروەردگاری‌یەیە كە لە دڵەوە ڕاكێشراوە، لەو دڵەی كە "ئاوێنەی وەحی" و شوێنی لێ دەركەوتنی "ئیلهام"ە و، وەك مایكرۆی تەلەفۆن وایە. (دانەر)

"پادشـا جێیـەکی گـەورە و فـراوان و ڕەنگینـی بـۆ پاداشـتدانەوەی چاکـەکاران و، شـوێنێکی تـری سـامناکی بۆ تۆڵـە و سـزادانی خراپکـاران ئامـادە و تـەرخان کـردووە و، بۆ ئەمـەش بـەڵێنی تـەواو ڕاسـت و بـەهێز بـۆ کەسانی چاکـەکار و، هەڕەشـە و گورەشـەی یـەکجار تونـد و تیژ ئاراستەی بەدرەفتاران دەکات".

دیارە "پادشـا" گەلـێ بـەرز و مـەزن و بـە عـیزەت ترە لـەوەی کـە خۆی گرفتاری ڕسوایی و زەلیلیی بێ وەعدی بکات..

خۆ ئاشکرایە کە ئەم هەواڵەی هەواڵدەران ڕایانگەیاند هەواڵێکی ئەوەندە یەك لە دوای یـەك و زۆر و پشت گیراوە کە گەیشـتووەتە ڕادەی "تـەواتور" و هـێزی یـەکدەنگی و یـەکبوون، چونکـە هـەر هـەموو هـەواڵدەران پێمـان ڕادەگەیەنن کە:

بارەگـای ئـەم دەسـتەڵاتداری و پادشـاییەی کـە لـێرەدا شـوێنەوار و ڕوخسـارەکانی دەبینین، لـە وڵاتێکـی تـری گەلـێ دووردایـە و، کۆشـك و خانووبـەرەکانی ئـەم مـەیدانی تاقیکردنەوەیـەش تێکـڕا کـاتین و، لـە پاشـاندا دەگۆڕرێـن بـە چـەند کۆشـك و تـەلارێکی هەمیشـەیی و، ئـەم زەویـیـەش لادەبرێت و زەوییەکی تری نوێی لە جێدا دادەنرێت..

چونکە دەستەڵاتداری و فەرمانڕەوایی ئەم پادشاییە مەزن و هەمیشەییەی کە لە شوێنەوار و جێکارەکانیەوە مەزنییەکەی دەردەکەوێت، تەنـها لـەوەدا نییە کە بەسەر ئەم شتە فانی و لەناوچووانەدا زاڵ و دەستەڵاتدار بێت، بەڵکو بەسـەر ئـەو شـتانەی کـە دارای سـیفەتی: "مانـەوە و کـەماڵ و مـەزنی"ن، ئـەو دەستەڵاتەی هەمیشە هەر زاڵ و بەردەوام و جێگیر دەبێت.

کەواتە - جگە لەمە - مەنزڵ و خانەیەکی تر هەیە و، دەبـێ کـۆچ کردنـی ئێمە و گشت ئەو خەڵکەش بەرەو ئەو خانە و لانە و بارەگایە بێت.

□ وێنەی دەهەم:

ئەمڕۆ جەژنێكی نەورۆزی پادشایانەیە[1] و، ئاڵوگۆڕێك لەم ڕۆژەدا ڕوودەدات و شتی سەیر و سەرسووڕهێنیش دەردەكەوێت..

وەرە با لەم ڕۆژی جەژنە خۆشەدا پێكەوە بۆ ئەو دەشت و بیابانە بڕۆین كە بە گوڵزاری جوان و ڕەنگاوڕەنگ خەملاوە و ئارایشت دراوە..

بڕوانە! ئەوەتا خەڵكیش بەرەو ئەوێ دەڕۆن.. تەماشاكە! لێرەدا شتی سەیر ڕوو دەدات، نابینیت ئەو كۆشك و تەلار و خانووانە لە شوێنی خۆیاندا دەڕووخێن و پاشان شكڵ و شێوەیەكی تر دەگرنەخۆ؟! بە ڕاستی ئەم كارە گەلێ سەیر و دەراسایە! چونكە ئەو كۆشك و تەلار و خانووبەرانەی كە ڕووخان، وا یەكسەر لێرەدا سەرلەنوێ بنیات نرانەوە و ئەم دەشت و بیابانە چۆڵەش بوو بە شارێكی ئاوەدان!

بڕوانە! ئەم بیابانە هەموو سەعاتێك - چەشنی شاشەی سینەما - دیمەنێكی تازە و شێوەیەكی نوێی جیاوازت لەچاو شێوەی پێشوودا پیشان دەدات.. بە وردی سەرنج بدە تا ناوازەیی و قەشەنگیی ئەو ڕێسا وردەكارەت بۆ دەربكەوێت كە لەم شاشە سەیر و سەرسووڕهێنەدا بەرچاو دەكەوێت كە بە هەمیشەیی و خێرایی دیمەنەكان دەگۆڕێت و نوێیان دەكاتەوە، چونكە ئەو دیمەنانە ئەندێشەیی نین، بەڵكو دیمەنی ڕاستەقینەن و هەموو شتێك تیایاندا،

---

(١) دوایی لە "ڕاستیی نۆهەم"دا ئەو شتانە دەبینیت كە ئەم وێنەیە بە هێما ئاماژەیان بۆ دەكات. چونكە - بۆ نموونە - ڕۆژە جەژنەكە ئاماژەیە بۆ وەرزی بەهار و، دەشتە بە گوڵزار ئارایشت دراوەكەش ئاماژەیە بۆ گۆی زەوی لە وەرزی بەهاردا و، مەبەستیش لەو دیمەنە هەمیشە ئاڵوگۆڕبوانەی سەر شاشەكەش: ئەو ڕزق و ڕۆزییە جۆراوجۆرانەی مرۆڤ و ئاژەڵن كە دوو وەرزی بەهار و هاوین بەرهەمیان دەهێنن و، بەدیهێنەری بەتوانای شكۆمەند و دانای خاوەنی جوانی تەقدیریان دەكات و، هەردەم بە ڕێكوپێكی دەیانگۆڕێت و، بە میهرەبانیی بێ كەموكووڕی و یەكجار تەواوی خۆی هەمیشە نوێیان دەكاتەوە و، دەم بە دەم و هەر لە سەرەتای بەهارەوە تا كۆتایی هاوین بە بەردەوامی دەیاننێرێتە سەر ڕووی زەوی. (دانەر)

بەوپەڕی وردی و تەبایی و شیاوی، جێی خۆی دەگرێت، بە ڕادەیەك كە دیمەنە ئەندێشەیەكانیش ناگەنە ئاستی ڕێكی و ناوازەیی و وردەكاریی ئەمان، تەنانەت گەر ملیۆنان سیحربازی كارامەش كۆ بینەوە هێشتا هەر ناتوانن ئەم كارە ناوازە و بێ وێنانە ئەنجام بدەن. كەواتە ئەو پادشایەی وا لە ئێمەوە دیار نی‌یە، گەلێ شتی ئاوا نائاسایی و لەعادەتبەدەری هەیە.

ئەی هاوڕێی سەرسامم! تۆ دەڵێیت:

(چۆن ئەم وڵاتە مەزنە دەڕووخێنرێت و، پاشان سەر لە نوێ لە جێیەكی تردا بنیات دەنرێتەوە)؟

ئەوەتا هەر لە بەرچاوی خۆتدا هێندە ئاڵوگۆڕی زۆر و سەرسووڕهێنەری وا دەبینیت كە عەقڵت وەری ناگرێت! ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە ئەم خێراییەی لەم هەموو "كۆبوونەوە و جیابوونەوە" و "بنیاتنان و ڕووخاندن"ەدا هەیە، لە پێناوی مەبەست و ئامانجێكدایە، چونكە دەبینی خەرجیی دە ساڵی ڕەبەق تەنها بۆ كۆبوونەوەیەكی یەك سەعاتی سەرف دەكرێت!

كەواتە خودی ئەم بارودۆخانە بۆ خۆیان لێرەدا ئامانج و جێی مەبەست نین، بەڵكو تەنها چەند نموونەیەكن بۆ مەبەستی پیشاندان و بەرچاوخستن لەم پیشانگا كاتی‌یەدا و، پادشا لێرەدا كارەكانی بە شێوەیەكی موعجیزە ئاسا كۆتایی پێ دەهێنێت، تاكو وێنەیان بگرێت و، ئەنجامەكانیان بپارێزرێن و هەڵبگیرێن و، چەشنی تۆماركردنی ئەو شتانەی لە مەیدانی مەشق و مانۆڕی سەربازیدا ڕوو دەدەن، ئەمانیش تۆمار بكرێن. كەواتە كاروبار و مامەڵەكانی ئێرە، سەرلەنوێ لە شوێنی كۆبوونەوە مەزنەكەدا بەردەوام دەبێت و لە دیمەنگا هەرە مەزن و پیشانگا گەورەكەی ئەوێدا جارێكی تر پیشان دەدرێنەوە. واتە: ئەم بارودۆخە فانی و لەناوچوانەی ئێرە، چەندین بەروبوومی هەمیشەیی و وێنەی نەمر و هەتاهەتایی لەوێدا بەرهەم دێنن.

كەواتـە مەبەسـت لـەم ئاهەنگانـەی ئـێرە دەسـتكەوتنی بەختەوەریـیـەكی مەزنترە و.. گەیشتنە بە دادگایەكی گەلـێ گەورەتر و.. شادبوونە بـە چـەندین مەبەست و ئامانجی بەرز و بڵندی نادیار.

□ وێنەی یازدەهەم:

وەرە ئـەی هـاوڕێ سەرسـەختەكەم! بـا سـواری فڕۆكەیـەك یـان شەمەندەفەرێك ببین و، بەرەو خۆرهەڵات یان خۆرئاوا – واتـە ڕابوردوو یـان داهاتوو – بڕۆین و، بە چاوی خۆمان ئەو كارە جۆراوجۆر و پڕ موعجیزاتەی پادشا ببینین كە لـە شوێنانی تردا پێش‌چاوی خستوون، چونكە ئـەو شـتە سەیرانەی كە ئێمە لـەم پیشانگایە، یـان لـەم مەیدانـە، یـان لـەم كۆشـكەدا بینیمـانن، لـە هـەموو شوێنێكی تردا نموونەیان هەیە، بەڵام شێوە و شـكڵ و جۆری پێكهاتنیان لە یەكتر جیاوازە..

دەسا ئەی هاوڕێكەم! سەرنج لەمە بدە، تاكو:

مەودای دەركەوتنی ڕێكوپێكیی: "دانایی" و..

ڕادەی ئاشكرایی ئاماژەكانی: "چاودێری" و..

ئەندازەی دەركەوتنی نیشانەكانی: "دادگەری" و..

پلـەی ئاشـكرا بوونـی بەروبوومـەكانی: "میـهرەبانی"ی فـراوان.. لـەو كۆشك و تەلارە ئاڵوگۆڕبوانە و، لەو مەیدانە فانی و، پیشانگا لەناوچوانـەدا، ببینیت..

چونكـە هـەر كەسێك چـاوی لـە دەسـت نـەدابێت، بەوپـەڕی دڵنیاییـەوە تێدەگـات لـەوەی كـە نـابێت، تەنانـەت تەسـەووریش نـاكرێت: داناییـەك لـە دانـایی پادشـا كاملـتر و.. چاودێرییـەك لـە چـاودێریی ئـەو جوانـتر و.. میهرەبانییەك لـە هـی ئـەو فراوانـتر و.. دادگەرییـەك لـەوەی ئـەو مـەزنتر هەبێت..

بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتە - وەك لە بەرچاودایە - دەرخستن و ئاشکرا کردنی ڕاستی‌یەکانی ئەم "دانایی و، چاودێری و، میهرەبانی و، دادگەری"یەی لە توانادا نی‌یە.. ئەمە لە لایەکەوە..

لە لایەکی تریشەوە گەر - وەك تۆ گومان دەبەیت - پادشا لە مەڵبەندی پادشایەتیی وڵاتەکەیدا چەندین کۆشك و تەلاری هەمیشەیی و، جێ و شوێنی بەرز و نەگۆڕ و، خانەی خۆشی هەتاهەتایی و، هاووڵاتیی نیشتەجێبوو و، میللەت و ڕەعیەتی بەختیاری نەبێت کە ئەو "دانایی و، چاودێری و، میهرەبانی و، دادگەری"یەیان بە تەواوی تێدا بێتەدی.. ئەوا دەبێ ئینکاریی ئەو "دانایی" و "چاودێری"و "میهرەبانی"یە بکەین کە بە چاوی خۆمان دەیانبینین و، سەرپێچی لەو هەموو نیشانە و ئاماژانە بکەین کە بە ئاشکرا "دادگەری"یەکەی پیش چاو دەخەن..

ئەو کاتەش دەبێ بەوپەڕی بێ عەقڵی و چەشنی نەفامیی ئەو کەسەی کە بە چاوی خۆی تیشکی خۆری ناو ئاسمان دەبینێت کەچی ئینکاریی دەکات، ئێمەش بەو چەشنە ئینکاریی ئەو ڕاستی‌یانە بکەین و - خوا نەخواستە - بڵێین: ئەو هەڵسوکەوتانەی کە بە "دانایی" ئەنجام دەدرێن و، ئەو کاروبارانەی کە دارای چەندین ئامانج و مەبەستی بەنرخ و چاکەی پڕ لە "میهرەبانی"ن، تێکڕا بریتین لە: گاڵتەجاڕی و غەدر و بێ مەبەستی..

دیارە ئەم ئەنجامەش داخوازی ئەوەیە کە "ڕاستی‌یەکان هەڵبگەڕێنەوە و ببن بە شتی دژ و پێچەوانەی خۆیان"! کە ئەمەش مەحاڵێکە هەموو ژیران و خاوەن بیرانی ساغ لەسەر مەحاڵی‌یەکەی یەکیان گرتووە، مەگەر مرۆڤی "سۆفستائی"ی گێژ و دەبەنگ کە ئینکاریی بوونی هەموو شتێك، تەنانەت بوونی خۆیشی، دەکات.

کەواتە، جگە لەم خانە و لانانەی ئێرە، چەندین خانە و لانەی تر و.. دادگایەکی مەزنتر و.. خانەیەکی دادگەریی بەرز و.. مەڵبەندێکی گەورەی

بەخشندەیی هەیە بۆ ئەوەی ئەم میهرەبانی و، دانایی و، چاودێری و، دادگەری‌یانە بە ڕوونی لەوێدا دەربکەون و ئاشكرا بن.

❐ وێنەی دوازدەهەم:

وەرە با ئێستا لەم گەشتەمان بگەڕێینەوە و لە ڕێگاماندا بە ئەفسەر و سەركردەكانی ئەم پێڕ و كۆمەڵانە بگەین..

فەرموو تەماشای كەرەسە جەنگی‌یەكانیان بكە و، بیربكەرەوە و بزانە ئایا ئەم كەرەسانەیان تەنها بۆ ماوەیەكی كەم و بۆ ئەم مەیدانی مەشقە دراوەتێ؟ یان بۆ ئەوەی ژیانێكی پڕ لە بەختەوەریی لە جێیەكی تردا پێ بەرنە سەر؟

جا لەبەر ئەوەی ناتوانین یەك بە یەكی ئەو ئەفسەر و سەركردانە ببینین و چاومان بە گشت كەرەسە و شمەك و پێداویستی‌یەكانیان بكەوێت، ئەوا بۆ نموونە - هەوڵ دەدەین تەنها سەیری "پێناس" و "تۆماری كارنامە"ی یەكێكیان بكەین، ئەوەتا دەبینین كە: پلە و، مووچە و، ئەرك و، ئیمتیازات و، بواری كاری ئەفسەرەكە و، هەر شتێك پەیوەندیی پێوە بێت، لە پێناسەكەیدا تۆمار كراوە..

بڕوانە! ئەم پلەیە هی چەند ڕۆژێكی كەم نی‌یە.. بەڵكو بۆ ماوەیەكی گەلێ درێژخایەنە..

لە پێناسەكەیدا نووسراوە كە: ئەم ئەفسەرە لە فلانە بەرواردا مووچەكەی خۆی لە گەنجینەی تایبەت وەردەگرێت.. بەڵام خۆ ئەم بەروارە گەلێ دوورە، دوای كۆتایی هاتنی ماوەی مەشق كردنی ناو ئەم مەیدانە نەبێت، ئەو بەروارە نایەتە پێش!

ئنجا فەرمانبەری‌یەكەشی هەرگیز شیاوی ئەم مەیدانە كەمخایەن و كاتی‌یە نی‌یە و لەگەڵ ماوەی ئەم مانەوە سەرپێیەدا ناگونجێت.. بەڵكو بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی بەختەوەری‌یەكی هەمیشەییە لە شوێنێكی بڵندی لای پادشای مەزنی بەتوانا خۆیدا..

پاشان هەرگیز ناشگونجێ ئەو کار و ئەرکانەی کە پێی سپێرراون تەنها لە پێناوی بەسەربردنی چەند ڕۆژێکی کەمی ناو ئەم میوانخانە سەرپێیی و کاتی‌یەدا بێت.. بەڵکو بۆ ژیانێکی تری پڕ لە بەختیاریی هەمیشەیین..

کەواتە لەم "پێناسە"وە دەردەکەوێت کە:

خاوەنەکەی بۆ شوێنێکی تر ئامادە کراوە، تەنانەت بۆ جیهانێکی تری جگە لەمە هەوڵ دەدات و دەڕوات و تێدەکۆشێت.

پاشان بۆ ئەم "تۆمارانە" بڕوانە کە چۆنێتی و بەرپرسیاریی بەکارهێنانی کەرەسەکانیان تێدا نووسراوە..

جا ئەگەر جگە لەم مەیدانە، پلەوپایەیەکی تری بەرز و بڵند و هەمیشەیی لە ئارادا نەبێت، ئەوا هیچ واتا و ناوەڕۆکێك بۆ ئەم "پێناسە" پڕ لە وردەکاری و "تۆمارە" ڕێك و پێکانە نامێنێتەوە و، پلە و پایەی ئەو ئەفسەر و پێشەوا و سەرکردە بەڕێزانە لە جێی خۆیاندا دەلەقێن و، بەرەو ئاستێکی گەلێ نزم شۆڕ دەبنەوە و دادەبەزن و، دووچاری بەدبەختی و زەلیلی و سووکی و ڕسوایی و گیرۆدەیی و لاوازی و هەژاری و شتانی وەك ئەمانە دەبن!

کەواتە ئەگەر بە وردی ڕوانین و سەرنجی خۆت بۆ هەر لایەك ئاراستە بکەیت، ئەوا گشت سەرنجدان و ڕوانینەکانت بەرەو ئەم ئەنجامەت دەبەن کە:

(دوای ئەم "نەمان"ەی ئێستا "مانەوە"یەك هەیە).

دەسا ئەی هاوڕێکەم!

ئەم وڵاتە – لە ڕاستیدا – وەك کێڵگە و، مەیدانێکی مەشق و فێر کردن و، بازاڕێکی بازرگانی وایە و، هەر دەبێ لە پاشاندا دادگایەکی گەورە و بەختیاری‌یەکی مەزنی بە دوادا بێت.

خۆ ئەگەر ئینکاریی ئەم ئەنجامە بکەیت، ئەوا ناچار دەبیت ئینکاریی گشت پێناس و تۆمارەکانی ئەفسەرەکان و، ئەو هەموو کەرەسە و تفاق و تەعلیماتانە و، تەنانەت ئینکاریی هەموو یاسا و ڕێساکانی ئەم وڵاتە و، بەڵکو ئینکاریی خودی دەوڵەتیش بکەیت و، دەبێ ئەو هەموو ڕووداوانە بە درۆ بخەیتەوە کە لێرەدا ڕوو دەدەن..

خۆ دیارە کە ئەگەر ئەو هەموو ئینکارییانە دەرببڕیت، ئەوا هەرگیز ناکرێ پێت بوترێت مرۆڤێکی ژیری خاوەن هەست و نەست و شعوور، بەڵکو لە سۆفستائییەکان گەلێ بە گەوج و نەفامتر لە قەڵەم دەدرێیت!

هەرگیز وا گومان نەبەیت کە بەڵگە و ئاماژەکانی گۆڕینی ئەم وڵاتە تەنها لەو "دوازدە وێنە"یەدان کە ئێمە هێنامانن. نەخێر، چونکە نیشانە و بەڵگەی تابلێی زۆر و لەژمارەبەدەر هەن لەسەر ئەوەی کە ئەم وڵاتە فانی و پڕ لە ئاڵوگۆڕە، لە دواییدا دەگۆڕێت و دەبێ بە وڵاتێکی تری دامەزراوی لەناونەچوو..

ئنجا گەلێ نیشانە و ئاماژەی زۆر و زەبەندەش هەن، تێکڕا بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەم هەموو خەڵکە لەم میوانخانە کاتی و فانییەوە بەرەو بارەگای هەمیشەیی و بەردەوامی پادشای مەزن دەگوێزرێنەوە.

وەرە - ئەی هاوڕێکەم! - با بەڵگەیەکی گەلێ ڕوون و بەهێزترت لەو دوازدە بەڵگەیەی وێنەکانی پێشوو بۆ ڕوون بکەمەوە.. وەرە تەماشایەکی ئەو نوێنەرە بەڕێزە خاوەن مەدالیا بەنرخ و بەرزانە بکە کە پێشتر لە دوورگەکەدا چاومان پێ کەوت..

ئەوەتا ئەو نوێنەرە بەڕێزە فەرمانێك بەو حەشاماتە جەم بووە ڕادەگەیەنێت کە لە دوورەوە لێمانەوە دیارن.

دەبا بڕۆین گوێی لێ بگرین..

وریابە! وا گەیشتین، ئەوەتا نوێنەری بەڕێز فەرمانە بەرزەکەی پادشا بۆ حەشاماتە جەم بووەکە ڕوون دەکاتەوە و، پێیان دەڵێت:

(خۆتان ئامادە بکەن، وا بەرەو وڵاتێکی تری هەمیشەیی و تابلێی مەزن و قەشەنگی وا کۆچ دەکەین کە ئەم وڵاتەی ئێرەمان لە چاویدا وەك بەندیخانەیەك وایە. جا ئەگەر ئێوە بە وردی گوێتان لەم فەرمانەی پادشای مەزن ڕاگرت و بە باشی جێبەجێتان کرد، ئەوا لەو بارەگایەی پادشادا کە کۆچی بۆلا دەکەن شایانی میهرەبانی و شایستەی چاکەکاریی پادشا دەبن. دەنا لە ئەنجامی سەرپێچی کردنتان لەم فەرمانە و بایەخ نەدانتان پێی، لە بەندیخانە و زیندانە سامناکەکاندا توند دەکرێن و پشتگوێ دەخرێن).

ئەوەتا ئەم فەرمانە یادی ئامادەبووان دەخاتەوە و، بە چاوی خۆیشت مۆری لاسایی نەکراوەی پادشا بەسەر ئەو فەرمانەوە دەبینیت. سەرجەمی ئامادەبووانیش - جگە لە کەسانی کوێر و کاسی وەکو تۆ - هەر تەنها بە سەیرکردنێکی ئەو مەدالیایانە دەزانن ئەو نێرراوەی کە ئەم هەموو مەدالیایانەی خەڵات کراوە ڕاگەیەنەرێکی ئەمینی فەرمانەکانی پادشایە.

جا ئایا ئیتر دەگونجێ مەسەلەی گۆڕانی ئەم وڵاتە فانی‌یە بەو وڵاتە هەمیشەییەی کە ئەو نوێنەرە بەڕێزە بە هەموو هێز و توانایەکیەوە ڕوونی دەکاتەوە و پشتی دەگرێت و، ئەو فەرمانە بەڕێز و بەرزە پادشاییەش کە لێی دەدوێت، هیچ گومان و دوودڵی و ڕەخنەیەك توخنی بکەوێت؟

دیارە نەخێر.. هەرگیز شتی وا ناگونجێت و ناکرێت، مەگەر ئینکاریی ئەو هەموو کاروبار و ڕووداوانە بکەیت کە بە چاوی خۆت لێرەدا دەیانبینیت.

ئێستاش ئەی کاکی هاوڕێم!

دوای ئەم ڕوونکردنەوانە، چ قسەیەکت هەیە، فەرموو بیکە و دەری ببڕە.

هاوڕێکەی وەڵامی دایەوە:

- ئایا ئیتر دوای ئەم ڕوونكردنەوانە من چی بڵێم؟ بۆچی لە بەرامبەر ئەم ڕاستییانەوە بواری قسە و باس بۆ هیچ قسەكەرێك ماوەتەوە تا قسەی تێدا بكات؟ یان ئایا بە خۆری ناوجەرگەی ئاسمان دەوترێت: كوا خۆر؟ لە كوێیە؟! دیارە نەخێر..

بەڵام دەمەوێت تەنها ئەوەندە بڵێم كە: هەزارویەك شوكر و سوپاس بۆ خوای گەورەی پەروەردگار كە لە چنگی وەهم و گومان ڕزگاری كردم و، لە دیلیی نەفس و بەندیخانەی هەمیشەیی دەرباز بووم و، باوەڕم هێنا كە خانەیەكی بەختەوەری لە حوزووری پادشای مەزندا بۆ ئێمە ئامادە كراوە، تاكو دوای ئەم خانە فانی و شپرز و شلۆق و شێواوەی ئێرە كۆچی بۆلا بكەین.

* * *

بەم جۆرە، ئەم چیرۆكەی كە "كینایە" و هێمایەك بوو بۆ حەشر و قیامەت، لێرەدا دوایی هات و، لەمەولا بە پەنا و پشتیوانیی خوای گەورەی بەتوانا بەرەو ڕاستییە مەزن و بەرزەكان دەڕۆین و دەگوێزینەوە و، بەرامبەر بەو دوازدە وێنەیەی پێشوو "دوازدە ڕاستی"ی ڕوونی ئەوتۆ باس دەكەین كە پەیوەندییەكی توندوتۆڵیان لە نێواندایە، دوای ئەوەی كە بە نووسینی "پێشەكی"یەك ڕێ بۆ باسكردنی ئەو ڕاستییانە خۆش دەكەین.

* * *

پێشەکی

تەنها چەند ئاماژەیەك بۆ هەندێ لەو مەسـەلە و باسـانە دەکـەین کە لە چەندین جێـی تـردا (واتـە لـە: وتـەی بیسـت و دووهـەم و نۆزدەهەم و بیست و شەشەمدا) ڕوون کراونەتەوە.

◆ **ئاماژەی یەکەم:**

سێ "ڕاسـتی" هـەن، کـە ئێمـە لـە چیرۆکەکەدا بـە: "مرۆڤـە گەڵحۆکـە" و "هاوڕێ دڵسۆز و ئامۆژگارەکەی" پێش چاومان خستن:

یـەکەمیـان: دەروونی بەدخوازم و.. دڵی خۆمە..

دووهەمیان: زانایانی فەلسەفە و.. قوتابییانی قورئانی پیرۆزن..

سێهەمیان: میللەتی کوفر و.. نەتەوەی ئیسلامە..

تەنها "نەناسـینی خوای گـەورە"یـە کـە زانیـارانی فەلسـەفە و.. میللـەتی کوفر و.. دەروونی بەدخوازیان هاویشتە ناو گومڕایی سـامناك و ترسـناکەوە، چونکە هەروەك لە چیرۆکەکەدا ئامۆژگارە دڵسۆزەکە بە هاوڕێکـەی خـۆی وت: "هەرگیز ناکرێ پیتی بێ نووسەر و یاسای بـێ حـاکم هـەبێت"، ئێمـەش دەڵێین: بەڵێ، کتێبی بێ نووسەر شتێکی گەلـێ مەحاڵە، بـە تایبـەت کتێبێکـی وەك ئەمەی کە یەك بە یەکی وشەکانی کتێبێکـی تـری بـە خـەتێکی ورد و، لـە ژێر هەموو یەکێ لـە پیتەکانیدا پارچەیەك هۆنراوەی بە قەڵـەمێکی بـاریك تێـدا نووسرابێتەوە..

جا هەروەك نەبوونی نووسەر بۆ كتێبی ئاوەها كارێكی مەحاڵە، بە هەمان جۆر و لە هەموو مەحاڵێ مەحاڵتریش ئەوەیە كە ئەم گەردوونە داهێنەرێكی نەبێت بەدیی هێنابێت، چونكە ئەم گەردوونە - لە ڕاستیدا - كتێبێكی ئەوەندە مەزنە كە هەموو لاپەڕەیەكی چەندەها كتێبی تێدایە، تەنانەت هەموو وشەیەكی كتێبێكە بۆ خۆی و، هەموو پیتێكیشی پارچەیەك هۆنراوەیە..

ئەوەتا هەر تەنها ڕووی زەوی لاپەڕەیەكە لەم كتێبە و بزانە چەندە كتێبی زۆری تێدایە!.. درەخت وشەیەكە، بڕوانە چەندە لاپەڕەی زۆر و زەبەندەی تێدا ڕیز كراوە!.. بەری درەخت پیتە و.. تۆوەكەیشی نوختەیە! لەم نوختەیەدا پێڕست و بەرنامەی كاری درەختێكی زەبەلاح بە ڕێكوپێكی دانراوە!

جا كتێبێك كە ئاوا بێت، ئەگەر داهێنانی قەڵەمی یەكێكی خاوەن توانست و دارای سیفەتی جوانی و شكۆمەندی و دانایی ڕەها نەبێت، هەرگیز ناكرێ بە هیچ كەسێك بنووسرێت.

واتە: تەنها سەیر كردن و تێڕوانینێكی ئەم جیهانە، داخوازی ئەم ئیمانە دەبێت. مەگەر كەسێك "گومڕایی" مەستی كردبێت!

هەروەها وەك ناگونجێ خانووی بێ وەستا هەبێت. بە تایبەت ئەم خانەیەی كە بە ناوازەترین ئارایش و، بە قەشەنگترین و سەرسووڕهێنترین نەخش و نیگار ڕازێنراوەتەوە و، بە تەرزێكی بێ وێنە بنیات نراوە، بە ڕادەیەك كە هەموو یەكێ لە بەردەكانی ئەم خانەیە هونەری بنیاتنانی هەموو كۆشكەكەی تێدا بەرجەستە بووە..

خانەی ئاوا، هیچ ژیرێك باوەڕ ناكات كە بێ وەستایەكی كارامە دروست كرابێت.. وەستایەك كە هەر بە تایبەت لەم دیوانەدا و لە هەموو كاتژمێرێكدا چەندین خانە و لانەی ڕاستەقینە - بەوپەڕی ڕێكوپێكی - بنیات

دەنێت و ئنجا بەوپەڕی ئاسانیی چەشنی ئاسانیی گۆڕینی بەرگ و پۆشاك بە ڕێکی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دەهێنێت، بگرە لە هەموو سووچ و گۆشەیەکدا و بە دیمەنێکی ڕاستەقینە چەندین ژووری بچووك بنیات دەنێت و دروستیان دەکات..

کەواتە ئەم گەردوونە مەزنەش دەبێ بەدیهێنەرێکی دانای زانای خاوەن توانستی ڕەهای ببێت، چونکە گەردوون وەك کۆشکێکی ناوازە وایە، مانگ و ڕۆژ و ئەستێرەکان گڵۆپ و چرا و مۆمی ئەو کۆشکەن و، "کات"یش تەنافێکە هەموو ساڵێك بەدیهێنەری شکۆمەند جیهانێکی تری نوێی پێدا هەڵدەواسێت و بوونی پێ دەبەخشێت و، بەم کارەش چەندین وێنەی ڕێکوپێك و قەشەنگ لە سێ سەد و شەست شکڵ و شێوەدا نوێ دەکاتەوە و، بە ڕێکوپێکی و بە داناییەکی تابڵێی تەواو ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دەهێنێت و، ڕووی زەویی کردووە بە سفرەیەکی ئەوتۆ کە هەموو بەهارێك بە سێ سەد هەزار جۆری بەدیهێنراوانی خۆی دەیڕازێنێتەوە و، بە نیعمەتە لەژمارەبەدەرەکانیشی پڕی دەکات. ئنجا هەرچەند ئەو نیعمەتانەش زۆر تێکەڵ و پێکهەڵپرژاو و تێك ئاڵاون، کەچی هەر تەنها ئەو، یەك بە یەکیان بە تەواوی لە یەکتر جیا دەکاتەوە..

ئیتر بۆ خۆت سەرجەمی شتانی تری ناو گەردوون وەك ئەمانەی باس کران و بەم چەشنە پێوانە و بیرکردنەوەیە لێك بدەرەوە.

باشە ئایا چۆن دەکرێ مرۆڤ خۆی لە بنیاتنەری چەشنی ئەم کۆشکە ناوازەیە گێل و بێ ئاگا بکات؟!

ئنجا دەبێ ئەو کەسە چەندە گێل و گەلحۆ بێت کە لە ڕۆژێکی ساماڵدا ئینکاریی خۆری ناوجەرگەی ئاسمان بکات! لە کاتێکدا کە بریسکانەوەی تیشکەکانی ئەو خۆرە و شکانەوەی ڕووناکییەکەی بەسەر هەموو کەف و

گلۆپ و بلقەکانی دەریاوە و بە گشت ماددە بریسکەدارەکانی سەر زەوی و تەنانەت کلووی بەفرەکانیشەوە، هەموو کەسێ بە چاو دەیبینێت؟! چونکە ئینکاری کردنی ئەو تاکە خۆرەی ناوجەرگەی ئاسمان لە کاتێکی ئاوادا، داخوازی ئەوە دەبێت کە مرۆڤ باوەڕ بە بوونی ئەوەندە وردیلە خۆری راستەقینە بکات کە بە ئەندازەی ژمارەی دلۆپ و کەف و بلقەکانی دەریا و ژمارەی کلووە بەفرەکان بن!

جا هەروەك باوەڕ کردن بە بوونی خۆرێکی مەزن لە یەك بە یەکی ئەو وردیلانەدا - کە هەریەکەیان بە ئەندازەی گەردیلەیەك دەبن- بە گێژی و گەلحۆیی دادەنرێت، بە هەمان جۆریش باوەڕ نەهێنان بە بەدیهێنەری شکۆمەند و تەسدیق نەکردنی وەسفەکانی کەماڵی ئەو بەدیهێنەرە، لەگەڵ بینینی ئەم بوونەوەرە رێکوپێکانەی کە وا هەموو دەم و ساتێك بە دانایی دەگۆڕرێن و یەك لە دوای یەك دێن و هەمیشە بە رێکوپێکی نوێ دەکرێنەوە، بێ هیچ گومانێ، ورێنە و شێتییە.. چونکە ئەو چەشنە هەڵوێستە داخوازی ئەوە دەبێت کە باوەڕ بە بوونی خوایەتییەکی رەها لە هەموو شتێکدا، تەنانەت لە هەموو گەردیلەیەکدا، بکرێت!

ئەوەتا - بۆ نموونە - هەموو گەردیلەیەکی "هەوا" دەتوانێت بڕواتە ناو گشت گوڵ و، بەر و، گەڵایەك و، لەوێدا کارەکانی خۆی رابپەڕێنێت. جا ئەگەر ئەم گەردیلە "هەوا"یە کە ئەم هەموو کارانە جێبەجێ دەکات، لە لایەن یەکێکەوە کە نەخشەی ئەو کارانەی بۆ دەستنیشان بکات کار پێ سپێرراو نەبێت، دەبێ زانا و شارەزای شکڵ و شێوە و وێنە و پێکهاتنی یەك بە یەکی ئەو شتانە بێت کە دەڕواتە ناویانەوە. واتە دەبێ دارای زانیارییەکی گشتگیر(محیـــط) و خاوەنی توانستێکی گشتیی هەمەلایەنگیر بێت تاکو بتوانێت ئەو کارانەی رابپەڕێنێت!!

هەروەها - بۆ نموونە - دەکرێ یەك بە یەکی گەردیلەکانی "خاك" ببن بەهۆی سەوزبوون و نەشونما و گەشە کردنی هەموو تۆوە جۆراوجۆر و جیا جیاکانی سەر ڕووی زەوی..

جا ئەگەر ئەو گەردیلەیە کار پێ سپێرراو و ڕامکراوی یەکێك نەبێت کە ئەو کارانەی پێ ئەنجام بدات، دەبێ بە ئەندازەی ژمارەی هەموو گژ و گیا و درەختەکانی سەر زەوی، ئامێر و ئامرازی مەعنەویی جۆراوجۆر لە یەك بە یەکی ئەو گەردیلانەدا دانرابن..

یاخود دەبێ "توانا" و "کارامەیی"یەکی لەڕادەبەدەری ئەوتۆ بەو گەردیلانە بدرێت کە هەموو شکڵ و شێوەکانی پێکهاتنی ئەو ڕووەکانەیان پێ بزانێت کە دەچێتە ناویانەوە، تاکو بتوانێت بۆ خۆی دروستیان بکات و، ئاگاداری گشت وێنەکانیشیان بێت بۆ ئەوەی بەو تان و پۆیەی لە بەرچاودایە بیانچنێت!

ئیتر بۆ خۆت هەموو بوونەوەرانی تر بە چەشنی ئەم دوو نموونەیە لێك بدەرەوە، تاکو تێبگەیت کە مەسەلەی "وەحدانییەت"(واتە: بوونی خوایەکی بەدیهێنەری تاکی تەنیا) مەسەلەیەکە لە هەموو شتێکدا چەندەها بەڵگەی ڕوون و ئاشکرای لەسەر هەیە.

بەڵێ، بەدیهێنانی هەموو شتێك لە یەك دانە شت و، بەدیهێنانی یەك دانە شتیش لە هەموو شتێك، کارێکە تایبەتە تەنها بە بەدیهێنەری هەموو شتێکەوە!

فەرموو سەرنج بدە و بیر لەم فەرمایشتەی خوای گەورە بکەرەوە کە دەفەرموێ:

﴿وإِن مِنْ شَيءٍ إلاّ يُسبِّحُ بحمدهِ﴾..

ئنجا تێبگە و بزانە کە باوەڕنەهێنان بە یەك خوای تاکی تەنیا، داخوازی باوەڕبوون دەبێت بە چەندەها خوای زۆر و زەبەندەی بە ئەندازەی ژمارەی بوونەوەران!

◆ **ئاماژەی دووهەم:**

لە چیرۆکەکەدا باسی نوێنەرێکی بەڕێز کرا و، وترا کە: هەرکەسێك کوێر و نابینا نەبێت هەر تەنها لە بینینی مەدالیاکانیەوە تێدەگات ئەو نوێنەرە کەسێکی مەزنە و کارمەندی تایبەتیی پادشایە و، تەنها بە فەرمانی پادشا کارەکانی جێبەجێ دەکات. جا مەبەست لەو نوێنەرە بەڕێزەی ناو چیرۆکەکە پێغەمبەری مەزنمانە ﷺ.

بەڵێ، بە چەشنی پێویستیی بوونی "ڕووناکی" بۆ "خۆر"، بوونی نوێنەرێکی ئاوا بەڕێزیش بۆ گەردوونێکی ئاوا ناوازە و بۆ بەدیهێنەرە پاك و خاوێنەکەی، کارێکی پێویستە..

چونکە هەروەك ناگونجێ خۆر تیشکی ڕووناکی نەبەخشێت، بە هەمان جۆریش ناگونجێ ئەو "خوایەتی"یە لە ڕێی ناردنی "پێغەمبەرە بەڕێزەکانەوە" - درووديان لەسەر بێت - خۆی نەناسێنێت و ئاشکرای نەکات.

چونکە ئایا دەگونجێ جوانییەك کە لەوپەڕی کەماڵدا بێت حەز نەکات - لە ڕێی هۆکارێکەوە - خۆی بناسێنێت و دەری بخات؟

یان ئایا دەگونجێ کەماڵێك لەوپەڕی جوانیدا بێت، داواکاری ئەوە نەبێت کە بە بۆنەی هۆیەکەوە خۆی ئاشکرا بکات و ڕوانینی سەرنجدەران بۆ لای خۆی ڕابکێشێت؟

یان ئایا دەگونجێ "دەسەڵاتێکی هەمەکی"ی "پەروەردگارێتییەکی گشتی و هەمە لایەنە" داخوازی ئەوە نەبێت کە یەکتایی و صەمەدانییەتی خۆی بۆ هەموو چینە جیاجیاکان ئاشکرا بکات لە ڕێی نوێنەرێکی ئەوتۆوە کە دارای دوو باڵ، واتە دوو سیفەت بێت: سیفەتی بەندایەتیی هەمەکی (چونکە نوێنەری گشت چینەکانی بەدیهێنراوانە لە خزمەت پەروەردگاردا).. هەروەها سیفەتی پێغەمبەرایەتی و نزیکی لە خوای گەورە

(چونکە لە لایەن خوای گەورەوە بۆ هەموو جیهانەکان بە گشتی ڕەوانە کراوە)؟

یان ئایا دەگونجێ یەکێك کە خاوەنی "جوانیی خۆیی و ڕەها" بێت، نەیەوێت لایەنە ناسکۆڵە و قەشەنگەکانی جوانیی خۆی لە چەند ئاوێنەیەکی وێنەدەرەوەی ئەو جوانیـیەیدا ببینێت و پیشانی بەدیهێنراوەکانی خۆیشی بدات؟ واتە نەیەوێت لە ڕێی نێرراوێکی خۆشەویستەوە ئاشکرای بکات؟ ئەو نێرراوەی کە لە لایەکەوە خۆشەویستیەتی، چونکە بە بەندایەتیی بێگەرد و خاوێن خۆی لای خوای گەورە خۆشەویست کردووە و.. لە لایەکی تریشەوە پێغەمبەر و ڕەوانەکراوە، چونکە لە ڕێی دەرخستنی جوانیی ناوە جوانەکانی خوای گەورەوە، ئەو خواوەندە لای بەدیهێنراوانی خۆشەویست دەکات؟

یان ئایا دەگونجێ بۆ کەسێك کە دارای چەندین گەنجینەی پڕ لە بەنرخترین و سەرسوورهێنەرترین گەوهەری نایابی ئەوتۆ بێت کە ژیریی تێدا سەرسام ببێت، نەیەوێ کەماڵە پەنهانەکەی خۆی ئاشکرا بکات و داواکاری پێش‌چاو خستنی نەبێ لە بەرچاوی تێکڕای بەدیهێنراواندا لە ڕێی هۆیەکی ناسێنەری کارامە و جاڕدەر و ئاشکراکەرێکی لێزان و وریا؟

یان ئایا دەگونجێ بۆ ئەو کەسەی وا ئەم گەردوونەی بە چەندین بەدیهێنراوی ئەوتۆ ڕازاندووەتەوە کە کەماڵی ناوە جوانەکانی ئەو دەردەخەن و دەری دەبڕن و، گەردوونی کردووە بە کۆشکێکی قەشەنگی ڕەنگین و بە شتانی ناوازە و سەرسووڕهێنی سنعەتی خۆی ئارایشتی داوە و لە پێش‌چاواندا دەری خستووە.. ئەو کەسە، ئەرکی ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی ئەم گەردوونە بە ڕابەر و مامۆستایەکی پێشەوا نەسپێرێت؟

یان ئایا دەگونجێ خاوەنی ئەم گەردوونە - لە ڕێی نێرراوێکەوە - مەبەستی خۆی لەم ئاڵوگۆڕانەی گەردوون و ئامانجەکانی لەم نهێنی‌یە داخراوەدا ڕوون نەکاتەوە، هەر بەهۆی ئەو نێرراوەیەوە وەڵامی مەتەڵی ئەو سێ پرسیارە سەختەی بوونەوەران نەداتەوە کە بریتین لە: "تۆ کێیت؟.. لە کوێوە هاتوویت؟.. بۆ کوێ دەڕۆیت"؟!

یان ئایا دەگونجێ ئەو بەدیهێنەرە شکۆمەندەی کە بەم بەدیهێنراوە جوان و ڕەنگینانەی وان لە بەرچاودا خۆی بە خاوەن هەستان ناساندووە و بە بەخشینی نیعمەتە بەنرخەکانیشی خۆی لە لا خۆشەویست کردوون.. ئەم بەدیهێنەرە شکۆمەندە، بەهۆی نێرراوێکی خۆیەوە، ئەو شتانەی کە مایەی "ڕەزامەندیی خۆی"ن و، ئنجا داواکاری‌یەکانی لە بەرامبەر ئەو نیعمەتانەی کە بەخشیونی، بۆ بەدیهێنراوانی خۆی ڕوون نەکاتەوە؟

یان ئایا دەگونجێ ئەو بەدیهێنەرەی کە جیاوازیی هەست و شعوور و بۆچوونی لە گرۆی مرۆڤدا داناوە و، توانا و لێهاتنی مرۆڤی بۆ بەندایەتی‌یەکی هەمەکی ئامادە کردووە، لە ڕێی ڕابەرێکی نێرراوی خۆیەوە، سەرنجی ئەو هەموو زۆر و زەبەندەییەی هەست و بۆچوونەکانی ناو گرۆی مرۆڤ بۆ لای: "تەوحید" ڕانەکێشێت؟

بەم پێیە و، جگە لەمانەش کە باس کران، چەندین بەڵگەی گومانبڕی تر هەن کە هەر هەموویان "ئەرك و فرمانی پێغەمبەرێتی" دەردەخەن و، ئەو ڕاستی‌یە ڕوون دەکەنەوە کە هەرگیز "خوایەتی" بە بێ بوونی "پێغەمبەرێتی" نابێت و ناگونجێ.

ئێستاش سەرنج بدە و بیر بکەرەوە، بزانە ئایا لە هەموو جیهاندا جگە لە محەممەدی هاشمی ﷺ کەسێکی تر پەیدا بووە کە دارای توانا و لێهاتنێکی لە هەموان زیاتر بێت و، ئەو سیفەت و ئەرکە ناوبراوانەی پێغەمبەرایەتیی تێدا جەم بوو بێت؟

یـان ئایـا کەسێك هەیە لـەو شایستـەتر بێـت بـۆ پلـەی پێغەمبەرایـەتی و ڕەوانەکراوی و ئەرکی ڕاگەیاندن؟

یان ئایا ڕۆژگار کەسێکی لەو مەزنتری دەرخستووە کە لەو شایانتری ئـەو پلەیە بێت؟

نەخێر.. نەخێر.. چونکە هەر تەنها ئەو پێشـەوای سـەرجەم پێغەمبـەران و، بینایی چاوی هەموو مرۆڤە خاوێنەکان و، پادشای گشت ڕابەران و، پوختە و کاکڵـەی مرۆڤـە هـەڵبژاردە و نزیکـەکانی دیوانـی بەدیهێنـەری میهرەبانـە و، خاوەنی هەزاران موعجیزەی چەشنی لەتکردنی مانگ و، هەڵقوڵانی ئـاوە لـە نێوان پەنجە پیرۆزەکانیەوە. جگە لە نیشانە و بەڵگـە لەژمارەبـەدەرەکانی تـری پێغەمبەرێتی‌یەکـەی کـە تێکـڕای ئـەهلی فـەزڵ و دانـایی و زانسـت دانـی پێـدا دەنێن و، قسەیان لەسەری یەکانگیر بووە و، جگـە لـە قورئـانی پیرۆزیش کـە دەریای حەقیقەتـەکان و موعجـیزەی هـەرە مـەزنی ئـەو پێغەمبـەرە بەڕێزەیە ﷺ چونکە قورئانی پیرۆز چەشنی خۆری ڕۆشنا وایە، بەڵگەیەکی گومـان نەهێڵـە لەسەر ڕاستیی پێغەمبەرایەتی‌یەکەی.

ئێمـە لـە پەیامـەکانی نـووردا، بـە تایبـەت لـە "وتـەی بیسـت و پێنجـەم"دا نزیکەی چل ڕووی ئیعجازی ئەو قورئانە پیرۆزەمان چەسپاندووە.

◆ **ئاماژەی سێهەم:**

با هەرگیز ئەوە بە دڵی کەسدا نەیەت کە بڵێت:

بەها و گرنگیی ئەم مرۆڤە بچووکـە چی‌یـە هـەتا لـە پێنـاوی لێپرسینەوەیدا لەسەر کردارەکانی، کۆتایی بەم دنیـا مەزنـە بهێنرێت و دەروازەی دنیایـەکی تری نوێ بکرێتەوە؟

با ئەمە بە دڵدا نەیـەت.. چونکـە ئـەم مرۆڤـە هەرچـەند بـە ڕواڵـەت تـابڵێی بچووکە، بـەڵام لـە ڕاستیدا لەبـەر ئـەو سروشتە گشتی و هەمە لایەنەی کە

تیایدایــە، ســەروەر و پێشــەوای هــەموو بوونەوەرانــە و، بانگــەوازکاری دەستەڵاتداریی خوایەتیی خوایە و، نوێنـەر و پیشـاندەری بەندایـەتیی گشـتی و هەمەلایەنەیە..

لەبەر هەموو ئەمانە، مرۆڤ دارای گرنگی‌یەکی گەلێ مەزنە.

هەروەها ئەوەش بە دڵدا نەیەت کە:

ئەم مرۆڤەی خاوەنی تەمـەنێکی یـەکجار کـورت و کـەم خایەنـە، چۆن بـە سزایەکی هەمیشەیی مەحکووم دەکرێت؟

با ئەمەش بە دڵدا نەیەت.. چونکـە "کـافرێتی" تـاوانێکی تـابلێی گـەورەی بێ سنوورە، لەبـەر ئـەوەی بـەها و بایـەخ و پلـەی بـەرزی بوونـەوەران -کــە دارای بـەها و پلـەی "نووسـراوی صەمـەدانیی خـواوەنـد"ن - دادەگرێـت و دەیهاوێتە قووڵایی بێ مەبەستی و، وا دەباتە وەهمی مرۆڤەوە کە هیچ ئامـانج و مەبەستێك لـە دروستبوون و بەدیهاتنیاندا نەبێت..

"کـافرێتی" ســووك ســەیرکردنی بوونەوەرانــە و، ئینکـاری کردنــی ئــەو نوورانــەی نــاوە جوانــەکانی خــوای گەورەیــە کــە بــە بوونەوەرانـــەوە دەدرەوشێنەوە و، سەرپێچی کردنە لە شوێنەوار و جێدەستەکانی ئـەو ناوانـەی خوای گەورە کە بەسەر ڕوخساری بوونەوەرانەوەن..

هـەروەها "کـافرێتی" بەدرۆخسـتنەوەی ئـەو هـەموو کۆمەڵـە لـە ژمـارە بەدەرانەی بەڵگەکانی ڕاستیی: "بوونی خواوەندی حەق و بێ گومانە"..

خۆ هەموو ئەمانەش تاوانی لە سـنوور بـەدەرن و، دیـارە تـاوانی لـە سـنوور بەدەریش داخوازی سزای لە سنوور بەدەر دەبێت.

◆ **ئاماژەی چوارەم:**

لـە چیرۆکەکـەدا - بـە هـەر دوازدە وێنەکانیـەوە - بینیمـان کـە هـەرگیز ناگونجێ پادشایەکی یەکجار دەستەڵاتدار و تابڵێی مەزن مەملەکـەتێکی تـری

هەمیشەیی و بەردەوامی نەبێت کە شایانی شان و شکۆ و مەزنی و پایەداریی دەستەڵاتی بەرزی ئەو بێت.

هەروەك ئەمە ناگونجێ.. بە هەمان جۆر ئەوەش هەرگیز ناگونجێ کە: بەدیهێنەری باقی و هەمیشەیی، لە دوای ئەم جیهانە فانی و لەناوچووە، جیهانێکی نەمر(باقی) و هەتاهەتایی بەدی نەهێنێت..

هەروەها هەرگیز ناگونجێ سنعەتکاری ئەزەلیی مەزن ئەم بوونەوەرە ناوازە و لەناوچوانە بەدی بهێنێت، بەڵام چەندین بوونەوەری تری بەردەوام و هەمیشەیی دروست نەکات..

هەروەها ناگونجێ بەدیهێنەری دانای بەتوانا و میهرەبان ئەم جیهانە بەدی بهێنێت کە وەك پیشانگایەکی گشتی و مەیدانێکی تاقیکردنەوە و کێڵگەیەکی کاتی وایە، پاشان ئەودنیا بەدی نەهێنێت، کە هەر ئەو دنیایەیە مەبەست و ئامانجەکانی ئەو دەردەخات و ئاشکرایان دەکات!

ئەم ڕاستییە، لە "دوازدە دەرگا"وە مرۆڤ دەچێتە ناویەوە، ئەو دەرگایانەش بە "دوازدە ڕاستی" دەکرێنەوە.

وا ئێمەش بە ڕاستییە هەرە کورت و ئاسانەکانیان دەست پێدەکەین.

ڕاستیی یەکەم

دەرگای: "پەروەردگاری" و " دەستەڵاتداری"

کە درەوشانەوەی ناوی: "الربّ"ی خوای گەورەیە

ئایا دەگونجێ بۆ کەسێك کە خاوەنی پایەی "پەروەردگاری" و "دەستەڵاتداری"ی خوایەتی بێت و، بۆ چەندین ئامانجی بەرز و مەبەستی مەزن گەردوونێکی ئاوا ناوازەی وەك ئەمەی بەرچاومانی بەدی هێنابێت، تاکو بەم بەدیهێنانە کەماڵی خۆی ئاشکرا بکات و لە پێش چاواندا دەری بخات.. پاشان - ئەو کەسە - پاداشتێکی لە لا نەبێت بۆ ئەو ئیماندارانەی کە بە "ئیمان" و "بەندایەتی" پێشوازییان لەو ئامانج و مەبەستانەی ئەو کردووە و، سزای ئەو گومڕایانەش نەدات کە دەستیان بە ڕووی ئەو ئامانجانەوە ناوە و بە چاوی سووك و بایەخ پێ نەدانەوە بۆیان ڕوانیوە؟!

ڕاستیی دووهەم

دەرگای: "کەرەم" و " میهرەبانی"

کە درەوشانەوەی ناوی: "الكريم" و "الرحيم"ی خوای گەورەیە

ئایا دەگونجێ بۆ پەروەردگار و خاوەنی ئەم جیهانە، کە بە شوێنەوار و جێ دەستەکانی توانستی خۆی:

"کەرەم"ێکی نەبڕاوە و..

"میهرەبانی"یەکی بێ کۆتایی و..

"عیززەت"ێکی بێ پایان و..

"غیرەت"ێکی لە سنوور بەدەری دەرخستووە..

ئەم خواوەندە، پاداشتێك بۆ چاکەکاران دەستنیشان نەکات کە شایانی

"کەرەم" و "میهرەبانی"یەکەی خۆی بێت و.. سزایەکیش بۆ خراپکاران بڕیار نەدات کە شیاوی ئەو "عیززەت" و "غیرەت"ەی ئەو بێت؟

چونکە ئەگەر مرۆڤ بە وردی بۆ ڕەوتی ڕووداوەکان بڕوانێت، دەبینێ هەموو بوونەوەرێك، هەر لە بچووکترین و کۆڵەوارترین زیندەوەرەوە[1] تا دەگاتە بەهێزترینیان، ڕۆزیی تایبەتیی خۆی لە هەموو لایەکەوە بۆ دێت و پێی دەگات، بگرە ئەو خواوەندە پەروەردگارە نیانترین و جوانترین ڕۆزی بە لاوازترین و دەستەوسانترین زیندەوەر دەبەخشێت و.. هەموو نەخۆشێکیش بەو دەرمانەی کە پێی چاك ببێتەوە، تیمار دەکات..

بەم جۆرە، هەر کەسێ پێویستیی بە هەر شتێك ببێت، ئەو پێداویستییەی بە چەشنێك بۆ دابین دەکرێت کە هەر لە حسابی خۆیشیدا نەبووە و بە خەیاڵیدا نەهاتووە.

جا ئەم میوانداریيە نایاب و، بەخشینە بەردەوام و، کەرەمە بەرزە، بە ئاشکرایی و ڕوونی، بەڵگەن و ڕێنماییمان دەکەن بۆ ئەوەی کە: دەستێکی هەمیشەیی و بەخشندە هەیە ئەم کارانە ئەنجام دەدات و ڕێکیان دەخات و دەیانسازێنێت.

بۆ نموونە: پۆشینی باڵای گشت درەختەکان لە وەرزی بەهاردا بە چەندین پۆشاکی جوانی چەشنی ئاوریشمی سەوز بە ڕادەیەك کە دەڵێی حۆریی

---

(١) بەڵگەی ڕوون و گومانبڕ لەسەر ئەوەی کە ڕۆزیی حەڵاڵی زیندەوەر بە گوێرەی ڕادەی هەژاریی خۆی پێی دەبەخشرێت و هەرگیز بەپێی توانا و هێز و دەستەڵاتی خۆی ڕۆزی بەدەست ناهێنێت..ئەوەیە کە دەبینیت بەچکە و ساوایان - کە دارای توانا و خاوەنی دەستەڵات نین - ڕۆزیی فراوان و زۆریان پێ دەبەخشرێت، بەڵام ئاژەڵە درندەکان ژیانیان بە سەختی لێ دەگوزەرێت! هەروەها وەك لە بەرچاودایە، ماسییە دەبەنگەکان هەمیشە قەڵەون و، ڕێوی و مەیموونە زیرەك و فێڵبازەکانیش هەردەم لەڕ و لاوازن! کەواتە ڕۆزیی حەڵاڵ بە پێچەوانەی ڕادەی توانا و ئیختیارەوە بۆ بوونەوەر دێت. واتە: تا ئەو بوونەوەرە پشت بە ویستی خۆی ببەستێت، پتر گرفتاری سەختی و ئەرکی قورسی ژیان و گوزەران دەبێت. (دانەر)

بەهەشتن و، ئارایشتدانیان بە چەندەها گوڵی ڕەنگین و بەروبوومی ناسك و، ڕامکردنیان بۆ خزمەتگوزاریی ئێمە، بەوەی کە ناسکترین و بەلەزەتترین میوە و بەروبوومان بۆ بەرهەم دەهێنن و لە کۆتایی لق و پەلەکانیاندا - کە وەك چەند دەستێکی نەرمونیان وان بۆ ئەو درەختانە - پێشکەشمانی دەکەن.. هەروەها بواردان بە ئێمە کە بتوانین لە مێروویەکی ژەهراوی بەهرەمەندی خواردنی هەنگوینێك ببین کە شیفا و چارەسەریی بیمارانمانی تێدایە و.. پۆشتە کردنمان بە جوانترین و نەرمترین پۆشاك لە بەرهەمی ڕستنی مێرویەکی بێ دەست و.. پاشەکەوت کردنی میهرەبانی‌یەکی مەزن بۆمان لەناو تۆوێکی یەکجار بچووکدا..

هەموو ئەمانە - بە ئاشکرا - "کەرەم"ێکمان لەوپەڕی جوانی و، "میهرەبانی"یەکمان لەوپەڕی نەرمونیانیدا، پیشان دەدەن.

هەروەها هەوڵ و تەقالادانی گەورە و بچووکی زیندەوەران - جگە لە مرۆڤ و هەندێ لە ئاژەڵە دڕندەکان - هەر لە خۆر و مانگ و گۆی زەوی‌یەوە تا دەگاتە بچووکترین بەدیهێنراو، بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی ئەستۆیان بە وردی و ڕێکوپێکی‌یەکی تابلێی تەواو، لە نێوان گوێڕایەڵی و ملکەچی‌یەکی یەکجار ڕێك و لە چوارچێوەی سام و هەیبەتێکی گەلێ مەزندا، بێ ئەوەی هیچ کامیان بە ئەندازەی سەری پەنجەیەکیش لە سنووری خۆیان لابدەن..

هەموو ئەمانە، بۆمان دەردەخەن کە: بوونەوەران تەنها بە فەرمانی خواوەندی مەزن و خاوەنی "عیززەت" و "شکۆمەندی" دەجووڵێن و دەوەستن و کارەکانیان ئەنجام دەدەن.

هەروەها چاودێری کردن و بایەخدانی گشت دایکان - چ دایکانی ناو ڕووەك یان ئاژەڵ یان گرۆی مرۆڤ - بە ساوایان و بێچوانی کۆڵەوار و

لاوازی خۆیان، بە چاودێرییەکی پڕ لە سۆزی میهرەبانی[1] و، گۆشکردن و پێگەیاندنی ئەو بەچکە و ساوایانە بە خۆراکێکی پوختی بەتام و لەزەتی وەك "شیر"..

ئەم کارە، مەزنی و فراوانیی درەوشانەوەی: "میهرەبانیی ڕەها و بێ کۆتایی خواوەند" دەردەخات.

جا مادەم پەروەردگار و خاوەن و کارسازی ئەم جیهانە دارای: "کەرەم"ێکی ئاوا فراوان و، "میهرەبانی"یەکی بێ کۆتاییە و، خاوەنی: "عیززەت" و "شکۆمەندی"ی ڕەها و بێ سنوورە..

ئنجا مادەم عیززەت و شکۆمەندیی ڕەها داخوازی تەمێ کردنی هەموو ئەوانەیە کە بە چاوی سووك و گاڵتەجاڕی بۆی دەڕوانن و.. کەرەمی ڕەها و فراوان داواکاری ڕێزلێنانی نەبڕاوەیە و.. میهرەبانیی هەمەلایەنەش داخوازی چاکەکارییەکی وەهایە کە شایستەی خۆی بێت..

مادەم ئەمە - لە لایەکەوە - وەهایە و.. لە لایەکی تریشەوە کە چاو دەگێڕین دەبینین بەشێکی یەکجار کەمی چەشنی دڵۆپێکی دەریا نەبێت هیچ کام لەو داخوازییانە لەم دنیا فانی و تەمەنە کورتەدا نایەنە دی.. ئەوا دەبێ

---

(١) بەڵێ، "خۆنەویستی"ی شێر، کە لە کاتی برسێتیدا ئەو پارچە گۆشتەی دەستی دەکەوێت خۆی نایخوات و دەیدات بە بێچووە لاوازەکەی و.. مریشکی ترسنۆکیش کە لە پێناوی پارێزگاری کردنی جووجەڵە بچووکەکانیدا پەلاماری شێر و سەگ دەدات و.. کە درەختی هەنجیریش شیرێکی پوخت لە قوڕ ئامادە دەکات و دەرخواردی بەرەکانی دەدات کە وەك ساوا و بێچووی ئەو وان. هەموو ئەمانە، لای کەسانی خاوەنی بینایی دڵ بە ڕوونی دەبن بە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە هەموویان تەنها بە فەرمانی یەکێکی میهرەبان و خاوەن کەرەم و سۆز و شەفقەتێکی ئەوتۆ ئەنجام دراون کە میهر و کەرەم و سۆز و شەفقەتی ئەو هەرگیز کۆتایی پێ نایەت.. هەروەها ئەنجامدانی چەندەها کار و فرمانی ئەوتۆ کە لەوپەڕی هەست و شعوور و دانابیدان، لە لایەن ئەو ڕووەك و ئاژەڵانەی کە دارای هیچ هەست و شعوورێك نین، بە ڕوونی دەری دەخات کە: یەکێکی خاوەن زانیاری و دانایەکی ڕەها هەیە سەرپەرشتییان دەکات و بەرەو ئەنجامدانی ئەو کارانە دەیانداتەبەر و، ئەوانیش تێکڕا بە فەرمانی ئەو دەجوولێنەوە. (دانەر)

دوای ئەم دنیایە خانەیەکی بەختەوەریی ئەوتۆ بێت کە شایستەی ئەو کەرەمە فراوانەو شایانی ئەو میهرەبانی‌یە بەرین و هەمەلایەنەیە بێت.

دەنا وەك ئەو کەسەی ئینکاریی ئەو خۆرەی ئاسمان دەکات کە ڕۆژی دنیای ڕووناك کردووەتەوە، دەبێ ئێمەش - بەو جۆرە - ئینکاریی ئەم میهرەبانی‌یە بە چاو بینراوە بکەین. چونکە "نەمان"ێك کە گەڕانەوەی لە دوا نەبێت، بەڵگەی نەبوونی حەقیقەتی: "میهرەبانی"یە لەناو ئەم بوونەدا، بەوەی کە ئەو چەشنە نەمانە هەتاهەتاییە، شەفقەت دەگۆڕێت بە: موسیبەت و، خۆشەویستی بە: کسپەی دڵ و، نیعمەت بە: بەلاّ و، لەزەت بە: ئازار و، ئەو عەقڵەش کە ئەندامێکی باش و سوودبەخشی مرۆڤە، دەگۆڕێت بە: ئەندامێکی نەگبەتی شووم!

کەواتە دەبێ خانەیەکی لێپرسینەوەی پاداشت و سزا هەبێت کە لەگەڵ "عیززەت" و "شکۆمەندی"ی ئەودا بگونجێت، چونکە ئەوەتا زۆربەی جار مرۆڤی خۆسەپێنی ستەمکار بە ملهوڕی و لووت بەرزی و، کاکی ستەم لێکراویش بە زەلیلی و ملکەچی، ژیان دەبەنە سەر، پاشان بێ ئەوەی ئەویان سزا و ئەمیشیان پاداشتی خۆی لەم خانەیەدا وەربگرێت، هەردووك وەکو یەك کۆچی ماڵئاوایی لەم دنیایە دەکەن!

کەواتە ئەم ئەنجامەی کە لە دنیادا بە چاو دەبینرێت، هەرگیزاو هەرگیز پشتگوێ خستنی ئەو تۆڵە و پاداشتەی ئەوان نی‌یە، بەڵکو کێشەکەیان بۆ دادگایەکی مەزن هەڵگیراوە. واتە لێپرسینەوەی ئەم دوانە نە پشتگوێ خراوە و نە هەرگیز پشتگوێ دەخرێت. تەنانەت جاری وا هەیە هەندێ تۆڵە و سزا هەر لەم دنیایەدا دەسێنرێتەوە و بۆ ئەو دنیا هەڵناگیرێ و دواناخرێت، چونکە سزادانی نەتەوە سەرسەخت و یاخی‌یەکانی سەدەکانی پێشین، بە ئاشکرا بۆمان دەردەخەن کە جڵەوی مرۆڤ بەرەڵا نەکراوە تا

بەپێی ئارەزووی خۆی ڕەفتار بکات، بەڵکو هەموو دەمێ چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت کە زللەکانی خواوەندی "شکۆمەند" و "خاوەن عیززەت"ی ئاراستە بکرێت!

بەڵێ، ئەم مرۆڤەی کە لە نێوان هەموو بوونەوەراندا هەڵبژێرراوە و چەندین ئەرکی مەزن تەنها بەو سپێرراوە و چەندەها توانا و لێهاتنی سروشتیی کامڵیشی دراوەتێ.. گەر ئەم مرۆڤە:

لە ڕێی "ئیمان"ەوە پەروەردگاری خۆی نەناسێت.. دوای ئەوەی کە ئەو پەروەردگارە لە ڕێی بەدیهێنراوە ناوازە و ڕێکوپێکەکانیەوە خۆی پێ ناساند..

گەر بە "پەرستن" خۆی لەو پەروەردگارەی نزیك نەخاتەوە و خۆشەویستیی ئەو بەدەست نەهێنێت.. دوای ئەوەی کە پەروەردگارەکەی خۆی لای ئەم خۆشەویست کردووە و، بەو میوە و بەروبوومە جوان و ڕەنگین و جۆراوجۆرانەی کە بەدیی هێناون و بەڵگەی میهرەبانیی فراوانی ئەون، خۆی پێ ئاشنا کردووە..

گەر لە ڕێی "شوکر و ستایش"ەوە ڕێزی شایان بەرامبەر پەروەردگاری دەرنەبڕێت.. دوای ئەوەی کە ئەو پەروەردگارە بە نیعمەتە زۆر و زەبەندەکانی، خۆشەویستی و میهرەبانیی خۆی بۆ دەرخستووە..

بەڵێ، گەر ئەم مرۆڤە پەروەردگاری خۆی ئاوا نەناسێت، چۆن هەروا بە هەرەمەکی و بێ لێپرسینەوە جڵەوی بۆ بەرەڵا دەکرێت و، بێ ئەوەی خواوەندی "خاوەن عیززەت" و "شکۆمەند" خانەیەکی تۆڵە و سزای بۆ ئامادە بکات، هەروا دەستی لێ هەڵدەگرێت؟

یان ئایا دەگونجێ پەروەردگاری میهرەبان، خانەیەکی پاداشت و بەختەوەریی هەمیشەیی بەو ئیماندارانە نەبەخشێت کە:

لە بەرامبەر خۆپێناساندنی ئەو پەروەردگارەوە، ئەوان بە: "ئیمان" ناسیویانە و..

بەرامبەر خۆشویستنیان لە لایەن پەروەردگاریانەوە، ئەوانیش خۆشیان ویستووە و بە "پەرستن" خۆیان لە لا خۆشەویست کردووە و..

بەرامبەر میهرەبانییەکەیشی بۆیان، ئەوان بە: "شوکر" و ستایش ڕێزی شایانیان لە ڕوودا نواندووە؟

ڕاستیی سێهەم

دەرگای: " دانایی" و " دادگەری"

کە درەوشانەوەی ناوی: "الحكيم" و "العادل"ی خوای گەورەیە

ئایا دەگونجێ[1] بۆ ئەو بەدیهێنەرە شکۆمەندەی کە یاسای بوونەوەری هەر لە گەردیلەکانەوە تا دەگاتە گەلەستێرەکان، بەوپەڕی "دانایی" و ڕێسا و "دادگەری" و تەرازووکارییەوە سازاندووە و ڕێکی خستووە و، بەمەش

(١) دەستەواژەی: "ئایا دەگونجێ" گەلێ جار لەم پەیامەدا دووپات دەبێتەوە، چونکە مەبەستێکی گرنگ بەدەستەوە دەدات کە بریتییە لەوەی: زۆربەی جار "کافرێتی" و "گومڕایی" لە ئەنجامی "بەدوورزانین"ەوە پەیدا دەبێت. واتە مرۆڤ ئەو شتەی باوەڕی پێی نییە بە دووری دەزانێت لە تەرازووی ژیرییەوە، ئنجا بە مەحالی دادەنێت و پاشان دەست بە کوفر و ئینکاری دەکات. بەڵام ئەم وتەیە (پەیامی حەشر) بە چەندین بەڵگەی گومانبڕ چەسپاندی کە: بەدوورزانین و مەحالیی ڕاستەقینە و، دووری لە تەرازووی ژیری و، سەختی و گیروگرفتی ڕاستەقینە و ئالۆز کە هەرگیز مومکین نەبێ وابێت، تەنها لە "کافرێتی" و ڕێبازی "گومڕایی"دایە.. گونجاویی ڕاستەقینە و، مەعقوولییەتی تەواوەتی و، ئاسانیی تا ڕادەی پێویستیش، تەنها لە ڕێی ئیمان و ڕاستەشەقامی ئیسلامدایە.

بە کورتی: فەیلەسووفەکان تەنها لە ئەنجامی "بەدوورزانین"ەوە پێیان بەرەو ئینکاری کردن هەڵخلیسکا. ئەم "وتەی دەهەم"ەش بە دەستەواژەی: "ئایا دەگونجێ" ڕوونی دەکاتەوە کە دووریی ڕاستەقینە لە تەرازووی ژیرییەوە لەکوێدایە.. بەم کارەش مشتەکۆڵێکی قایمی ئاراستەی دەمیانی ئەوان کردووە. (دانەر)

دەستەلاتداریی پەروەردگاریتیی خۆی لە پێش‌چاواندا ئاشکرا کردووە.. ئەم بەدیهێنەرە شکۆمەندە، بە "چاکەکاری" مامەڵە و ڕەفتار لەگەڵ ئەوانەدا نەکات کە هانایان بۆ لای پەروەردگاریی ئەو بردووە و ملکەچی "دانایی" و "دادگەری"ی ئەو بوون و، لە هەمان کاتدا "سزا"ی ئەوانەش نەدات کە بە کافرێتی و سەرکەشی و ستەمکاری، سەرپێچی‌یان لەو "دانایی" و "دادگەری"یەی ئەو کردووە؟

خۆ مەگەر بە دەگمەن، دەنا مرۆڤ لەم ژیانە فانی‌یەی دنیادا ڕووبەڕووی ئەو پاداشت و تۆڵەیە نابێتەوە کە شایانیەتی، بەو جۆرەی شایستەی "دانایی" و "دادگەری"ی پەروەردگار بێت، بەڵکو زۆربەی جار سزادان و پاداشتدانەوەکەی دوا دەخرێت، ئەوەتا زۆربەی گومڕایان بێ ئەوەی سزا بدرێن و زۆربەی ئەهلی هیدایەتیش بێ پاداشت وەرگرتن، کۆچی ماڵئاوایی لەم دنیایە دەکەن.. کەواتە دەبێ ئەو کێشەیە بە دادگایەکی دادگەر سپێررابێت و لە بەیەك‌گەیشتنەوەیەکدا کە بەختەوەریی مەزنی بە دوادا بێت، یەکلایی بکرێتەوە.

بەڵێ، ئاشکرایە کە ئەو کەسەی کاروباری گەردوون بەڕێوە دەبات، بە "دانایی"یەکی یەکجار ڕەها ئەم کارە دەکات. خۆ ئەگەر بەڵگەیشت لەسەر ئەم ڕاستی‌یە دەوێت، ئەوا فەرموو سەیری بایەخدان و چاودێری کردنی پەروەردگار بکە سەبارەت بە دانانی سوود و بەرژەوەندی‌یەکان لە هەموو شتێکدا، نابینیت گشت ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ چ ئێسك و چ دەمارەکان و چ خانەکانی لەشی و چ هەر جێ و بەشێکی تری جەستەی، چەندین سوود و دانایی جۆراوجۆریان تێدا ڕەچاو کراوە؟ تەنانەت بە ئەندازەی ژمارەی ئەو بەرانەی کە درەختێك دەیانگرێت ئەوەندەش سوود و وردەکاری و نهێنی لە ئەندامەکانی لەشیدا هەیە. ئەمە سەرەڕای ئەو

خشتی و ڕێکوپێکی‌یە ناوازەو تەواوەی کە لە دروستکردنی هەموو شتێکدا هەن و بەڵگەی ئەوەن کە گشت کاروبارەکان بە "دانایەکی ڕەها" ئەنجام دەدرێن.

بەڵێ، دانانی پرۆگرامی وردی گوڵێکی جوان لە دوو توێی تۆوە بچکۆلەکەیدا.. هەروەها نووسینی کارنامە و مێژووی ژیان و پێڕستی گشت ئامێر و ئەندامەکانی درەختێکی زەبەلاح، بە قەڵەمی مەعنەویی قەدەر، لە نێوان ناوکۆلەکەیدا..

هەموو ئەمانە، بە ڕوونی بۆمان دەردەخەن کە تەنها قەڵەمی "دانایەکی ڕەها"یە دەست لەو کارانە وەردەدات و بەڕێوەیان دەبات..

هەروەها بوونی جوانی و قەشەنگیی لەڕادەبەدەر لە بەدیهێنان و دروستکردنی هەموو شتێکدا، دەری دەخات کە تەنها دروستکەرێکی خاوەن "دانایی ڕەها و بێ سنوورە" کە خاوەنی ئەم داهێنان و نەخش و نیگارە بێ وێنانەیە.

بەڵێ، دانانی پێڕستی گشت بوونەوەران و، کلیلەکانی هەموو گەنجینەکانی میهرەبانی و، ئاوێنەی گشت ناوە جوانەکانی خوای گەورە، لەم جەستە بچووکەی مرۆڤدا.. بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر ڕوون و ڕەوانیی سنعەتی ناوازەی پەروەردگار.

جا ئایا دەگونجێ ئەم چەشنە "دانایی"یەی کە بەسەر ئەم هەموو کاروبارە پەروەردگاریی‌یانەدا زاڵ و دەستەڵاتدارە، بە "چاکەکاری" مامەڵە و ڕەفتار لەگەڵ ئەو کەسانەدا نەکات کە ڕۆشتوونەتە ژێر سایەکەی و بە "ئیمانداری" ملیان بۆ کەچ کردووە؟.. یان ئایا دەگونجێ پاداشتی هەتاهەتاییان نەداتەوە؟

ئەی ئایا بەڵگەیشت دەوێ لەسەر ئەوەی کە هەموو کاروبارەکانی ناو بوونەوەر تێکڕا بە: "دادگەری" و تەرازووکاری ئەنجام دەدرێن؟

دە فەرموو بڕوانە:

ئەوەتا هەموو شتێك لەم بوونەوەرەدا "بوون"ێكی تایبەتیی پێ بەخشراوە و بە چەندین پێوەری ورد و تایبەت بۆی دەستنیشان كراوە و وێنە و شێوەیەكی دیاری كراوی بە بەردا بڕاوە و لە بارێكی گونجاودا دانراوە..

خۆ هەموو ئەمانەش بە ڕوونی دەری دەخەن كە گشت كاروبارەكان بەپێی "دادگەری" و تەرازوو كاریی ڕەها جێبەجێ دەكرێن..

هەروەها دەبینیت هەموو یەكێ - بەپێی توانا و بەهرە و لێهاتنی خۆی - مافی خۆی دراوەتێ. واتە: هەموو ئەو شتانەی پێ بەخشراوە كە بۆ "بوون"ی پێویستی پێیانە و، گشت ئەو شتانەشی بۆ داین و ئامادە كراوە كە لە باشترین دۆخدا بیهێڵنەوە.. هەموو ئەمانەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی كە دەستی "دادگەرییەكی ڕەها" كارەكان ئەنجام دەدات..

هەروەها بەهاناچوون و بەدەنگەوەهاتنی هەمیشە و بەردەوامی ئەو داواكارییانەی كە لە لایەن بوونەوەرانەوە، چ بە زمانی لێهاتنیان و چ بە زمانی داخوازیی سروشتیان و چ بە زمانی تەنگ پێهەڵهاتن و ناچارییان، دەری دەبڕن.. ئەم بەهاناوەچوونەش، دەری دەخات كە تەنها "دادگەرییەكی ڕەها" و "داناییەكی بێ سنوور"ە وا هەمیشە ڕەوڕەوەی بوونەوەر دەخاتە گەڕ و كارەكانی ناوی ڕادەپەڕێنێت.

جا ئایا هەرگیز دەگونجێ ئەم "دادگەری" و "دانایی"یەی كە بە هانای بچووكترین داخوازیی لاوازترین بەدیهێنراوەوە دەڕۆن، ئەو پێویستی و داواكارییە هەرە مەزنەی "مانەوە و هەمیشەیی" كە خواست و داواكاریی مەزنترین بەدیهێنراوی وەك مرۆڤە، پشتگوێ بخەن و بۆی نەهێننەدی؟

یان ئایا دەگونجێ ئەم "دانایی" و "دادگەری"یە، دەست بە ڕووی گرنگترین و مەزنترین ئاوات و هیوا و خواستی مرۆڤەوە بنێن و، بەمەش

حیشـمەتی پـەروەردگارێتی نـەپارێزن لـەوەی کـە بـەدەم هانـــای بەندەکانـەوە نەڕوات؟

ئەم مرۆڤەی کە ژیانێکی کورت لەم دنیا فانی‌یەدا بەسەر دەبات، ڕاستی و حەقیقەتی ئەم دادگەری‌یەی بە تەواوی بۆ نەهاتووەتـەدی و بۆیشـی نایەتـەدی، بـەڵکو هاتنـەدیی ئـەم خواسـت و ئاواتـەی بـۆ دادگایـەکی گەلـێ مـەزن هەڵدەگیرێت، چونکە "دادگەریی ڕاستەقینە" داخوازی ئەوەیە کـە ئـەم مرۆڤـە لەسـەر بناغـەی بچووکیـی بارسـت و قەبارەکـەی پاداشـت و تۆڵـەی بـۆ دەستنیشان نەکرێت، بەڵکو لەسەر بناغـەی گـەورەیی تاوانـەکانی و گرنگیـی ماهییەتی و مەزنیی ئـەرکی سەرشانی تۆڵـەی لـێ بسێنرێت یـاخود پاداشـت بدرێتەوە.

جا لەبەر ئەوەی ئەم دنیـا تەسـك و کاتی‌یـە جێی ئـەم چەشـنە دادگـەری و دانایيە مەزنەی تایبەت بـە: "مرۆڤـی بۆئەبـەد بەدیـهاتوو"ی تێدا نابێتـەوە، ئـەوا دەبێ - بێ هیچ گومانێك - خـواوەندی دادگـەر و مـەزنی خـاوەن جوانـی و، دانای شکۆمەند، بەهەشتێکی هەمیشەیی و دۆزەخێکی هەتاهەتایی ببێـت، بـۆ مەبەسـتی هێنانـەدیی تـەواوەتیی داخوازی‌یـەکانی ئـەو "دانـایی" و "دادگەری"یەی خۆی!

ڕاستیی چوارەم

دەرگای: "بەخشندەیی" و "جوانی"

کە درەوشانەوەی ناوی: "الجواد" و "الجميل"ی خوای گەورەیە

ئایا دەگونجێ "سەخاوەت و بەخشندەیی"یەکی ڕەها و..
سەروەت و سامانێکی نەبڕاوە و..
چەندەها گەنجینەی بێ کۆتایی و..

"جوانی"ی هەمیشەیی بێ وێنە و..

"کەماڵ"ی هەتاهەتایی بێ خەوش و ناتەواوی..

داخوازی خانەیەکی بەختەوەری و شوێنێکی میوانداریی ئەوتۆ نەبن تا بە هەمیشەیی گشت ئەو کەسانەی تێدا بمێننەوە کە موحتاج و سوپاسگوزاری "سەخاوەت"ن و، موشتاق و نرخ شناسی "جوانی"ن؟

بەڵێ، ڕازاندنەوەی جیهان بەم دروستکراوە جوان و خنجیلانانە و..

داگیرساندنی خۆر و مانگ تیایدا بە چەشنی چرا و..

ڕاخستنی سفرەی گۆی زەوی بۆ نیعمەتەکان و، پڕکردنی ئەو سفرەیەش لە خۆشترین و بەتامترین خواردەمەنیی بەلەزەتی جۆراوجۆر و..

ئامادە کردنیدرەختە بەردارەکان لە شێوەی چەند قاپ و دەفرێکدا، کە هەموو وەرزێك تازە دەبنەوە..

هەموو ئەمانە، سەخاوەت و دەست ڕەنگینی و بەخشندەییەکی بێ سنوور دەردەخەن.

جا ئەم چەشنە بەخشندەیی و سەخاوەتە ڕەهایە و، ئەم جۆرە گەنجینە لەبن نەهاتووانە و، ئەم تەرزە میهرەبانی‌یە فراوان و هەمەلایەنگیرە.. دەبێ میوانخانەیەکی هەمیشەیی و خانەیەکی بەختەوەریی هەتاهەتاییان ببێت کە هەر شتێك دڵی مرۆڤ حەزی لێ بکات و دەروونی بۆی بشنێت، تیایدا ئامادە کرابێت..

ئنجا - بێ هیچ گومانێك - داخوازی ئەوەیشن کە لەزەتچێژانی ئەو خانەی بەختەوەری‌یە هەر بە هەمیشەیی و هاودەم لەگەڵ ئەو بەختەوەری‌یە هەتاهەتاییەدا بمێننەوە، تاکو بە تەواوی لە ئازاری نەمان و جودایی دوور و پارێزراو بن، چونکە هەروەك نەمانی لەزەت مرۆڤ گرفتاری ئازار دەکات، بە هەمان جۆریش نەمانی ئازار لەزەتی دەرخوارد دەدات..

خۆ - بێ هیچ گومانێك - ئەم چەشنە سەخاوەتە هەرگیز بواری ئازاردانی میوانەكانی خۆی نادات. واتە: "بەخشندەیی" داخوازی بوونی بەهەشتێكی هەمیشەییە و، داواكاری هەتاهەتایی بوونی ئەوانەیشە كە موحتاجی ئەو بەهەشتەن و تیایدا دەمێننەوە، چونكە:

سەخاوەت و بەخشندەیی ڕەها، داخوازی چاكە و بەخششی ڕەهان..

چاكە و بەخششی بێ كۆتاییش، داواكاری ئەوەیە كە هەموو ئەو كەسانەی چاكەیان لەگەڵدا كراوە و نیعمەتیان دراوەتێ، بۆ "هەتاهەتایی" منەتبار و بەهرەمەندی ئەو نیعمەتانە بن كە پێیان بەخشراوە..

ئەمەش داخوازی بەردەوامی و هەمیشەیی نیعمەت بەخشینە بەو كەسانەی كە شایستەی چاكە لەگەڵ كردنن، تاكو شوكرانەبژێری و سوپاسگوزاری و بەرخورداربوونی خۆیان لەو نیعمەتانە - لە ئاستی ئەو نیعمەت بەخشینەدا - دەرببڕن. دەنا ئەو لەزەتە كەمەی ئەم ماوە كورتەی دنیا، كە یەكسەر نەمانی بە دوادا دێت، هەرگیز لەگەڵ داخوازییەكانی ئەم سەخاوەت و بەخشندەییە ڕەهایەدا ڕێك ناكەوێت.

پاشان سەیری پیشانگاكانی گشت لایەكی جیهان بكە، كە هەموویان دیمەنێك لە دیمەنەكانی سنعەتی خوای گەورە پێكدەهێنن.. سەرنج لەو بەیاننامە و ڕاگەیاندنە پەروەردگارییانە بدە[1] كە ڕووەك و زیندەوەرانی سەر ڕووی زەوی هەڵیان گرتوون.. گوێ لەو بانگەوازكار و شارەزایانە ڕابگرە كە وا خەڵكی بۆ لای گشت لایەنەكانی جوانیی پەروەردگاریان

(١) بەڵێ، هەموو گوڵێكی جوان كە لەوپەڕی ڕازاوەیی و ئارایشتدایە.. هەروەها گشت بەرێكی ڕێكوپێك كە تابڵێی دارای وردەكاری و داهێنانە و، هەریەكەیان لە كۆتایی چەند پەلێكی ڕەق و تەقی چەشنی ئێسكدا بە دەزوولەیەكی باریك هەڵواسراون.. بێگومان هەریەك لەمانە ڕاگەیاندن و بەیاننامەیەكی ئەوتۆن كە هەموو كەسێكی خاوەن هەست و شعوور لایەنەكانی جوانیی سنعەتی خواوەندی بەدیهێنەر و موعجیزەكار و دانای تێدا دەخوێننەوە! ئیتر بۆ خۆت گشت ڕووەك و زیندەوەران لەسەر ئەم نموونەیە قیاس بكە. (دانەر)

بانگ دەکەن و، بریتین لە: پێغەمبەران - درووودیان لەسەر بێت - و ئەولیا و پیاوچاکان و، بزانە چۆن هەموو ئەوانە سنعەتی ناوازەی پەروەردگار لە بەرچاواندا دەردەخەن و سەرنجی خەڵکیی بۆ لا ڕادەکێشن و، بەمەش ڕێنمایی گشت ئەو خەڵکە دەکەن بۆ بینینی کەماڵی سنعەتی خواوەندی شکۆمەندیان!

کەواتە بنیاتنەر و دروستکەری ئەم جیهانە، دارای "کەماڵ"ێکی نهێنی و بێ وێنە و مەزنی ئەوتۆیە کە هەستی سەرسووڕمان لای سەرنجدەرانی بورووژێنێت و، دەیەوێ لە ڕێی ئەم بەدیهاتووە ناوازانەیەوە ئەو کەماڵە پەنهانەی خۆی ئاشکرا بکات، چونکە کەماڵی پەنهانی بێ خەوش و دوور لە ناتەواوی دەبێ لە بەرچاوی کەسانی بینەری سەرسووڕماوی نرخ شناس و قەدرزاندا دەربخرێت و ئاشکرا بکرێت.

ئنجا "کەماڵی هەمیشەیی" داخوازی دەرکەوتنی هەمیشە و بەردەوامە و، ئەمەش - لە خۆیدا - داواکاری بەردەوامبوونی ئەوانەیە کە قەدری دەزانن و نرخ شناس و ڕێز لێگری ئەو کەماڵەن، چونکە ئەو سەرنجدەرە سەرسووڕماوەی کە مانەوەکەی بەردەوام و هەمیشەیی نەبێت، بە تەواوی ئەو کەماڵەی لەبەرچاو دەکەوێت و هیچ نرخ و بەهایەکی ئەوی لە لا نامێنێت[١].

---

(١) بەڵێ، ئەم ڕووداوە وەك پەندێك دەماودەمی پێ دەکرێت و ناوبانگی دەرکردووە، کە دەگێڕنەوە: جارێکیان ئافرەتێکی تاهێڵی جوان لە کۆڕی تایبەتیی خۆیدا یەکێکی لەوانە کردووەتە دەرەوە کە شەیدا و سەرسووڕماوی جوانیی ئەو بوون. ئەویش لە ناچاری و داخی دڵی خۆیدا وتوویەتی: "دەك ئەولاتر بچێت! چەندە ناشیرینە"! بەمەش ئینکاریی ئەو جوانییەی ڕاگەیاندووە.. هەروەها جارێکیشیان ورچێك بە ژێر داری مێوێکدا تێدەپەڕێت کە گەلێ هێشووی خۆش و بەلەزەتی ترێی پێدا شۆڕ بووبوونەوە، ویستی هەندێ لەو ترێ شیرین و بەلەزەتانە بخوات، کاتێ کە دەستی بۆ پەل و هێشووەکانی برد دەستی پێیان نەگەشت و نەیشیتوانی بە درەختەکەدا سەر بکەوێت، لەبەر خۆیەوە بە داخ و حەسرەتەوە وتی: "لایبە،

پاشان ئه‌م بوونه‌وه‌ره سه‌یر و، بێ‌وێنه و، ورده‌كار و، ڕه‌نگین و، ناوازانه‌ی كه به هه‌موو گۆشه و لایه‌كی ئه‌م گه‌ردوونه‌دا بڵاو بوونه‌ته‌وه، به ڕوونی و چه‌شنی ئه‌وه‌ی كه ڕووناكیی ڕۆژ ده‌بێ به به‌ڵگه‌ی بوونی خۆر، ئه‌م بوونه‌وه‌رانه‌ش به هه‌مان چه‌شن به‌ڵگه‌ن له‌سه‌ر لایه‌نه قه‌شه‌نگه‌كانی ئه‌و جوانی‌یه مه‌عنه‌وی‌یه‌ی كه هیچ شتێك نی‌یه هاووێنه‌ی بێت و، له هه‌مان كاتیشدا – ئه‌و بوونه‌وه‌رانه – ڕووه خنجیله و ناسكۆله‌كانی جوانیی په‌نهانی بێ وێنه‌ت پیشان ده‌ده‌ن[1].

پاشان دره‌وشانه‌وه‌ی ئه‌و جوانی و قه‌شه‌نگی‌یه خاوێن و ڕه‌نگینه‌ش – بێ هیچ گومانێك – ئاماژه بۆ بوونی چه‌ندین گه‌نجینه‌ی په‌نهان ده‌كه‌ن كه وان له نێوان هه‌موو – ته‌نانه‌ت یه‌ك‌به‌یه‌كی – ناوه جوانه‌كانی خوای گه‌وره‌دا.

جا هه‌روه‌ك ئه‌و "جوانی"یه په‌نهان و به‌رز و بێ وێنه‌یه داواكاری ئه‌وه‌یه كه له ئاوێنه‌ی جوانی ده‌ره‌وه‌دا جوانی‌یه‌كانی خۆی ببینێت و، له‌ناو ئاوێنه‌ی خاوه‌ن هه‌ست و نه‌ستان و تاسه‌مه‌ند و موشتاقانی جوانیشدا سه‌یری نرخ و به‌ها و پێوه‌ره‌كانی جوانیی خۆی بكات..

به هه‌مان جۆریش ده‌یه‌وێت ئه‌و جوانی‌یه‌ی ده‌ربكه‌وێت و بدره‌وشێته‌وه تاكو به چاوی كه‌سانی تریش جوانی‌یه خۆش ویستراوه‌كه‌ی خۆی ببینێت.

واته: ده‌بێ له دوو ڕووه‌وه سه‌یری جوانیی ڕه‌های ئه‌و بكرێ و ببینرێت:

نایخۆم! ترشه"! به‌م قسه‌یه دڵی خۆی دایه‌وه و له تاوا له‌وێی به‌جێ هێشت و ڕۆشت به ڕێی خۆیه‌وه! (دانه‌ر)

(١) ئه‌و بوونه‌وه‌رانه‌ی كه وه‌ك ئاوێنه وان، هه‌رچه‌ند خۆیان گرفتاری نه‌مان و له‌ناوچوون ده‌بن به‌وه‌ی كه یه‌ك له دوای یه‌كتر دێن و ده‌ڕۆن، به‌ڵام مانه‌وه‌ی دره‌وشانه‌وه‌ی هه‌مان جوانیی یه‌ك به یه‌كیان له ڕوخساری ئه‌وانه‌ی دوای خۆیشیاندا، به‌ڵگه‌ی ئه‌وه‌یه كه ئه‌و جوانی‌یه موڵكی خۆیان نی‌یه، به‌ڵكو چه‌ند نیشانه و به‌ڵگه‌یه‌كن له‌سه‌ر: "جوانی و قه‌شه‌نگی‌یه‌كی پاك و خاوێن" كه له‌واندا ده‌دره‌وشێته‌وه! (دانه‌ر)

یەکەم:

بینینی ئەو جوانی‌یە لە لایەن خۆیەوە، لە چەندین ئاوێنەی جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگدا..

دووهەم:

بینینی ئەو جوانی‌یە بە چاوی سەیرکەرانی تاسەمەند و، سەرسووڕماوی تامەزرۆ و نرخ شناسی ئەو جوانی‌یە.

واتە: "قەشەنگی" و "جوانی" داخوازی ئەوەن کە "ببینرێن" و "پیشانیش بدرێن".

ئەم بینین و پیشاندانەش داواکاری ئەوەن کە کەسانی بینەر و موشتاق و نرخ شناس و سەرسووڕماوی خۆیان هەبێت.

جا مادەم ئەو "قەشەنگی" و "جوانی"یە، هەمیشەیی و هەتاهەتایین، ئەوا دەبێ کەسانی تاسەمەند و نرخ زانیشیان - وەك خۆیان - هەمیشەیی و هەتاهەتایی بن، چونکە جوانیی بەردەوام و هەمیشەیی، بە موشتاق و تاسەمەندی لەناوچووی فانی ڕازی نابێت!

لەبەر ئەوە، ئەو بینەرەی کە هەست بە نەمان دەکات و بڕیاری "نەگەڕانەوەی بۆ ژیان"ی لەسەر خۆی دەرکردووە، تەنها بە بیرکردنەوەی لەو نەمانە، خۆشەویستی‌یەکەی بەرامبەر بەو جوانی‌یە دەبێت بە دوژمنایەتی و.. سەرسووڕمانەکەی بە گاڵتە پێکردن و.. ڕێزلێنانەکەشی بە ئیهانە و سووکایەتی..

چونکە مرۆڤی خۆویستی خۆپەرست هەروەك دوژمنایەتیی ئەو شتانە دەکات کە نایانزانێت و پەی‌یان پێ نابات، بە هەمان جۆر دوژمنی ئەو شتانەیشە کە دەستی پێیان ناگات! لە ئەنجامی ئەمەیشەوە دوژمنایەتی و، ڕق و، قین و، ئینکاری بەرامبەر بەو جوانی‌یە لە ناخی خۆیدا هەڵدەگرێت، کە دەبوو بە خۆشەویستیی بێ کۆتایی و شەوق و تاسەی نەبڕاوە و سەرسووڕمانی بێ

سنوور و شایانی خۆی، پێشوازی بکرایە. ئا لێرەدا تێدەگەین کە بۆچی مرۆڤی "کافر" دوژمنی خوای گەورەیە.

جا مادەم:

ئەو "سەخاوەتە" بێ سنوورەی کە لە بەخشندەیی ئەودا هەیە و..

ئەو "جوانی و قەشەنگی"یەی کە هاووێنەیان نی‌یە و..

ئەو "کەماڵ"ەش کە هیچ ناتەواوی‌یەکی تێدا نی‌یە.

داخوازی: هەمیشەیی بوونی شوکرانەبژێرەکان و.. مانەوەی نرخ شناسە موشتاقەکانیانن..

ئەمە لە لایەکەوە..

لە لایەکی تریشەوە، کۆچ کردن و ون بوونی بە پەلە و خێرای هەموو یەکێکی ئەو خەڵکە لەم میوانخانەیەی دنیادا بە چاوی خۆمان دەبینین، بێ ئەوەی لە تام و لەزەتی چاکەکاری‌یەکانی ئەو "سەخاوەتمەندی"یە بەرخوردار ببێت جگە لە ئەندازەیەکی کەمی وا نەبێت کە ئیشتیهای ببزوێنێت و.. لە نووری ئەو "جوانی" و "کەماڵ"ەش بەهرەمەند نابێت و تروسکاییەکی تۆپڕی نەبێت هیچی تری لێ نابینێت..

مادەم وایە.. ئەوا - بێ هیچ گومانێك - ئەو کۆچ و گەشتەی ئەوان بەرەو چەندین باخچە و دیمەنی هەمیشەیی و هەتاهەتایی ئەوتۆیە کە ئیتر نەمانی بە دوادا نەیەت.

پوختەی ئەم قسانە:

هەروەك ئەم جیهانە لە ڕێی بوونەوەرەکانی ناویەوە بەڵگەیەکی گومان نەهێڵە لەسەر: "بوون"ی دروستکەر و بەدیهێنەری کەریم و شکۆمەندی خۆی.. بە هەمان جۆر، سیفەتە پیرۆز و خاوێنەکانی ئەو خواوەندە و ناوە جوانەکانیشی بەڵگەیەکی بێ گومانن لەسەر خانە و لانەی "ئەو دنیا" و، داخوازی دەبن.

ڕاستیی پێنجەم

دەرگای: "شەفەقەت" و "بەندایەتیی محەممەد ﷺ"

کە درەوشانەوەی ناوی: "المجیب" و "الرحیم"ی خوای گەورەیە

ئایا دەگونجێ پەروەردگارێکی خاوەنی "میهرەبانیی فراوان" و "شەفەقەتی نەبڕاوە"ی ئەوتۆ کە نهێنی‌ترین پێداویستیی بچووکترین بەدیهێنراو ببینێت و، بە سۆز و میهرەبانی‌یەکی فراوانی لەبن نەهاتوو بەهانایەوە بڕوات، بە ڕادەیەك کە ئەو بەدیهێنراوە هەر بەخۆیشی نەزانێت کە چۆن ئەو پێداویستی‌یەی بۆ ئەنجام دراوە.. پەروەردگارێك کە ئەسپایی‌ترین دەنگی شارراوەترین بوونەوەر ببیستێت و فریای بکەوێت و.. بەدەم داواکاری و نزای هەموو ئەوانەیشەوە بڕوات کە چ بە زمانی حاڵ و چ بە زمانی گوفتار، لێی دەلالێنەوە..

ئایا دەگونجێ ئەم پەروەردگارە "بەدەنگەوەهاتوو" و "میهرەبان"ە، گرنگترین پێداویستیی مەزنترین بەندە و خۆشەویستی ناو بەدیهاتووانی خۆی[1] جێبەجێ نەکات و، بە هانای داواکاری‌یەکەیەوە نەڕوات و فریای نەکەوێت؟

---

(١) بەڵێ، ئەو فەرمانڕەوایەی کە لە ماوەی هەزار و سێ‌سەد و پەنجا ساڵی ڕەبەقدا [ئێستا زیاد لە هەزار و چوار سەد و سی ساڵە - وەرگێڕ] لە فەرمانڕەوایەتیدا بەردەوام بووە.. ئەو کەسەی کە ژمارەی نەتەوەکەی - زۆربەی کات - لە سێ سەد و پەنجا ملیۆن تێپەڕ دەکات و، هەموو ئەمانەش هەرچی ڕۆژە پەیمان و بەڵێنی لەگەڵدا نوێ دەکەنەوە و، شایەتی لەسەر پایە بڵندیی ئەو دەدەن و بەوپەڕی ویست و ئارەزووی خۆیانەوە ملکەچی تەواوی فەرمانەکانی دەبن.. ئەو کەسەی کە نیوەی گۆی زەوی و پێنجیەکی مرۆڤایەتی لە ژێر سایەی پیرۆزی ئەودان و مۆرکی مەعنەویی ئەویان لەسەر نەخشاوە و، زاتی پیرۆز و شەریفی ئەو خۆشەویستی دڵ و پەروەردەکاری گیان و پاکژکەری دەروونیانە.. ئەو کەسەی کە خاوەنی پلەیەکی ئاوا بڵندە، بێ

ئەوەتا پەروەردەکردنی ڕێك و نـاوازە و جوانـی بێچووان و لاوازانـی نـاو زینـدەوەران و ژیاندنیـان بـە ئاسـانی و نەرمونیانی‌یـەکی ئاشـکرا، ئـەوەمان بـۆ دەردەخـات کـە خـاوەنی ئـەم بوونـەوەرە بـە پەروەردگارێتی‌یـەکی ئــەوتۆ دەیـانخاتـەگەڕ و بـەڕێـوەیـان دەبات کە دارای میهرەبانی‌یەکی بێ سـنوورە. جـا ئایـا ژیریـی مـرۆڤ بـاوەڕ بـەوە دەکـات پەروەردگارێتی‌یـەکی ئـاوا کـە خـاوەنی کـەمالێ شـەفەقەت و سـۆز و میهرەبانی‌یـە، داواکـاری و نـزا و لالآنەوەی بەڕێزترین بەدیهێنراوی خۆی ئەنجام نەدات؟

هەروەك ئەم ڕاسـتی‌یەم لـە "وتـەی نۆزدەهـەم"دا ڕوون کـردەوە، لێرەشـدا جارێکی تر ڕوونی دەکەمەوە و دەڵێم: ئەی ئەو هاوڕێ‌یەم کە لەگـەڵ نەفسـی خۆمدا گوێم لـێ ڕادەگریت!

لە یادتە کە لە چیرۆکەکەدا وتـرا: کۆبوونەوەیـەك لـە دوورگەیـەکدا سـاز کراوە و نوێنەرێکی بەڕێزیش لەوێدا ئامادەیە و وتار دەخوێنێتەوە؟

ڕاستی و نـاوەڕۆکی ئـەو مەبەسـتەی کـە ئـەو چیرۆکـە ئامـاژەی بـۆ کـرد، ئەمەی خوارەوەیە:

هیچ گومانێك، بەندەی هەرە مەزنی پەروەردگاری هەموو جیهانەکانە.

جا ئەم بەندە بەڕێزەی کە ئاوا زۆربەی جۆرەکانی بوونەوەران پێشـوازی و بـەخێرهاتنیان لـە پێغەمبەرایـەتی و ئـەرکی سەرشـانی ئـەو کـردووە و، لـەم پێناوەشـدا هەریەکـەیان یـەکێ لـە بەروبوومـەکانی موعجیزاتی ئەویان گرتـووە و بەرهـەمیان هێنـاوە.. بـێ هیـچ گومـانێك ئـەم پێغەمبەرە مەزنە ﷺ خۆشەویستترین کەسی بەدیهێنەری مەزنمانە.

پاشـان ئەو داواکاری‌یـەی گرۆی مرۆڤ هەیـەتی و بـە هـەموو توانـا و لێهاتنێکیـەوە تکـای مانەوە دەکات و بۆ داوای هاتنەدیی ئەم خواستە تونـد و بەتینـەی دەروونـی خۆیشـی دەلالێتـەوە، تاکو لــەو هـەڵدێرەی کـە دەیهاوێتـە نزمـترینی پلـە پەسـت و نزمەکانـەوە ڕزگـاری ببێـت و بـەرەو بەرزترین چلەپۆپەی بڵندی سەر بکەوێت و بـەرز ببێتـەوە.. بێ هیـچ گومـانێك ئەم داواکاری‌یـە خواستێکی گەلـێ مەزنە. جا ئەو کەسـەش کـە بـە نـاوی گـرۆی مرۆڤـەوە لـە بـەردەم خـواوەنـدی بەجێهێنـەری پێویسـتی‌یەکانـدا پێشـکەشـی دەکـات - ئـەویـش بـێ هـیـچ گومـانێــك - مـەزنـترینی هـەمـوو بەندەکانە. (دانەر)

وەرە - ئەی هاورێ کەم! - با لە پۆشاکی "کات" خۆمان دامالین و بە "بیر" بۆ سەردەمی پێغەمبەرایەتی و بە "ئەندێشە"یش بەرەو دوورگەی ناوبراو بڕۆین، تاکو بە دیدار و سەرلێدانی ئەو نوێنەر و پێغەمبەرە بەرێزە ﷺ شاد و شەرەفمەند ببین لە گەرماو گەرمی ئەو دەمەی کە خەریکی ئەنجامدانی کار و ئەرکی سەرشانیەتی.

بڕوانە! هەروەك بە "پێغەمبەرایەتی‌یەکەی" و ئەو هیدایەت و ڕێنماییەی لەگەڵ خۆیدا هێنای، بوو بەهۆی بەختەوەریی گرۆی مرۆڤ، هەر ئەویشە کە بە "پاڕانەوە" و "بەندایەتی"یەکەی داواکاری هاتنەدیی بەختەوەریی هەمیشەیی و بەهەشتی بەرینە.

بڕوانە ئەم پێغەمبەرە مەزنە ﷺ داوای چی دەکات؟! ئەوەتا داوای بەختەوەریی هەمیشەیی دەکات. ئەم داواکارییەشی لەناو نوێژێکی وەها گەورە و گشتی و پەرستشێکی بەرز و هەمەلایەنگیری ئەوتۆدایە کە دەڵێی سەرجەمی خەڵکی دوورگەی عەرەب و تەنانەت تێکڕای گۆی زەوی لە پشت سەریەوە نوێژیان دابەستووە و هەمان لالانەوەی ڕەنگین و بەکوڵی ئەو دووپات دەکەنەوە، چونکە هەروەك بەهۆی یەکبوونی بناغەکانی ئیمان لای گشت پێغەمبەران - درووديان لەسەر بێت - نهێنیی بەندایەتیی هەموو ئەو پێغەمبەرانە لە نێوان بەندایەتی‌یەکەی ئەودا یەکیان گرتووە، بە هەمان جۆریش بەندایەتیی هەموو کەسانی نەتەوەکەیشی کە لە دوای خۆی هاتوون و دێن، تێکڕا لە ناوەندی بەندایەتی‌یەکەی ئەو پێغەمبەرەدا ﷺ کۆ بوونەتەوە.

کەواتە ئەو پێغەمبەرە ئازیزە ﷺ لە ڕاستیدا ئیمامی نوێژێکی تابڵێی مەزنە و، لەگەڵ کەسانێکی یەکجار زۆر و زەبەندەدا لالانەوەیەکی تەواو گەرم و بەکوڵ لە دەرگانەی پەروەردگاری میهرەباندا پێشکەش دەکات. وەك بڵێی هەموو ئەو کەسانەی کە نووری ئیمان ڕووناکیی پێ بەخشیون،

هەر لە سەردەمی حەزرەتی ئادەمەوە - درووودی لەسەر بێت - تا ئێستا و تا ڕۆژی قیامەتیش، جەماعەتیان لە پشت سەریەوە دابەستووە و هەر هەموویان "ئامین" بۆ دوعاکەی ئەو دەڵێن و دووپاتی دەکەنەوە[1].

بڕوانە کە چۆن داواکاری و پێداویستی‌یەکی گشتیی وەك: پێویستیی "مانەوە" و "نەمری" لە خوای گەورەی داوا دەکات! ئەو دوعا و داواکاری‌یەی کە نەك تەنها زەوی‌نشینان بەڵکو ئەهلی هەموو ئاسمانەکان و تەنانەت گشت بوونەوەرانیش تیایدا بەشدارن و تێکڕا بە زمانی حاڵ دەڵێن: "ئامین.. ئامین، ئەی خوای پەروەردگارمان! دوعاکەی گیرا بکە و ئێمەش وەك ئەو لێت دەپاڕێینەوە و هەمان خواست و لالانەوەت پێشکەش دەکەین".

پاشان بۆی بڕوانە! وا بەوپەڕی نەرمونیانی و خەمباری و خۆشەویستی و پێ داگرتن و تاسەمەندی و لالانەوەی بەکوڵ و تکاکاری‌یەوە داوای ئەو مانەوە و بەختەوەری‌یە دەکات، بە چەشنێ کە خەم و پەژارەی سەرانسەری

(١) بەڵێ، هەموو ئەو دوعا و نوێژانەی کە لە یەکەم نزا و پاڕانەوەی پێغەمبەرەوە ﷺ تاکو ئێستا و تا دنیاش دنیایە نەتەوەی ئیسلام بە گەرمی ئەنجامی دەدەن.. هەروەها ئەو گشت سلاوات و سەلامەی کە هەموو یەکێکی ئەم نەتەوەیە ئاراستەی پێغەمبەری خۆشەویستی ﷺ دەکەن.. لە ڕاستیدا "ئامین"کردنێکی هەمیشە و بەردەوامن بۆ ئەو دوعا و نزایەی پێغەمبەر ﷺ و بەشداری کردنێکی گشتی و فیعلی‌یە لەو دوعایەی ئەودا، بگرە هەموو درووود و سلاوێك کە پێشکەشی ئەو دەکرێت، "ئامین" وتنێکە بۆ ئەو دوعایەی پێغەمبەر ﷺ ئنجا گشت ئەو سلاواتانەی کە یەك بە یەکی نەتەوەکەی لە نوێژەکاندا و لە دوعای دوای قامەتیشدا - لای شوێنکەوتووانی مەزهەبی شافیعی - لە ڕاستیدا "ئامین" وتنێکی گشتی‌یە بۆ ئەو نزایەی پێغەمبەر ﷺ کە داوای بەختەوەریی هەمیشەیی پێ دەکات. کەواتە پێغەمبەر ﷺ لە دوعا و نزاکانیدا تکای هاتنەدیی مانەوە و بەختەوەریی هەمیشەیی بۆ گرۆی مرۆڤ دەکات. خۆ ئەمەش - لە ڕاستیدا - ئەو خواستە دەروونی‌یەی سەرجەمی گرۆی مرۆڤە کە بە هەموو هێزێکیەوە و بە زمانی حاڵی سروشتی داوای دەکات و ئاواتەخوازی هاتنەدیی ئەو هیوا ڕەگ داکوتاوەی ناخی دڵیەتی. لەبەر ئەوە، هەموو ئەو کەسانەی کە نووری ئیمان ڕووناکیی ئاراستە کردوون و ڕۆشنایی پێ بەخشیون، لە پشت سەری ئەو پێش‌نوێژە بەڕێزەیانەوە کە پێغەمبەری ئازیزە ﷺ ڕیز ڕیز ڕاوەستاون و تێکڕا "ئامین" بۆ دوعاکانی دەکەن. جا ئایا دەگونجێ ئەم دوعایە قبووڵ و گیرا نەبێت؟! (دانەر)

گەردوونیشی هەژاندووە و خستوونیەتە مەراق و گریانەوە و لەگەڵ خۆیدا بەشداری ئەو دوعایەی کردوون.

پاشان بە وردی بڕوانە و سەرنج بدە! بزانە کە ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستە ﷺ لەبەر ئامانج و مەبەستێکی گەلێ بڵند و مەزن داوای ئەو بەختەوەرییە هەمیشەییە دەکات، تاکو مرۆڤ و سەرجەمی بوونەوەران لە خلیسکان و شۆڕ بوونەوەیان ڕووەو پلە نزمەکان - کە نەمان و تیاچوونی موتڵەق و بەزایە چوون و بێهوودەییە - ڕزگار بکات و بەرەو مەزنترین و بەرزترین پلەی باڵایان ببات کە: پایە بڵندی و، مانەوە و، ئەرك گرتنە ئەستۆ و، وەرگرتنی بەرپرسیارییە، تاکو شایستەیی ئەو پلەیە و شەرەفمەندیی پایەی: "نووسراوی صەمەدانی"ی خوای گەورە بەدەست بهێنن.

بڕوانە! چۆن وا بە هاوار و گریان و لالانەوەی بەکوڵ و تکای هەڵقوڵاوی ناخی دڵەوە داوای یارمەتی دەکات، بە ڕادەیەك کە دەڵێی هەموو بوونەوەران، بەڵکو هەموو ئاسمانەکان، تەنانەت عەرشی مەزنی خواوەندیش، بە دەنگی پاڕانەوەکەی ئەو دەزرنگێنەوە و، شەوق و تاسەی هەموو ئەوانەشی بۆ نزاکەی خۆی هەژاندووە و وای لێ کردوون کە ئەوانیش پڕ بە دەم بڵێن: "آمين.. اللّهم آمين"[1].

---

(١) بەڵێ، بە هیچ جۆرێك ناگونجێ پەروەردگاری ئەم جیهانە ئاگاداری هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی ئەو بەندانەی خۆی نەبێت کە دارای پلەی هەرەبەرزی ناو بەدیهاتووانی ئەون، لە کاتێکدا کە - وەك بە چاو دەبینرێت - ئەو پەروەردگارە بەوپەڕی زانیاری و بەسەرەتەوە کاروباری گەردوون ئاڵوگۆڕ پێ دەکات و بەڕێوەی دەبات.. هەروەها بە هیچ جۆرێك ناگونجێ ئەو پەروەردگارە زانایە لە کاتێکدا کە ئاگاداری هەموو کردار و بانگەوازو نزاکانی ئەم بەندە هەڵبژاردەیەی خۆیەتی، بایەخ بەم دوعا و نزایەی نەدات.. هەروەها هەرگیز ناگونجێ ئەم پەروەردگارە بەتوانا و میهرەبانە ئەو دوعایانە گیرا نەکات، لە کاتێکدا کە هەموو لێبڕان و دەستبەرداری و هەژارییەك لەو بەندەیەی خۆیدا دەبینێت.. بەڵێ، بە هەڵهاتنی نووری ئەم پێغەمبەرە ﷺ بارودۆخی جیهان گۆڕا و، ڕاستی و ماهییەتی مرۆڤ و گەردوون بە نوور و

بڕوانە! ئەوەتا "بەختەوەری" و "مانەوەی هەتاهەتایی" لە زاتێکی بەتوانای بیسەری سەخاوەتمەند و زانای بینەری میهرەبان داوا دەکات، لە کەسێك کە شاراوەترین پێویستیی لاوازترین بەدیهێنراو دەبیستێت و بە میهرەبانیی خۆی فریای دەکەوێت و بەهانایەوە دەڕوات، هەرچەند ئەو دوعا و پاڕانەوەیەشی بە زمانی حاڵ بوو بێت.. بەڵێ، بە دانایی و بەسیرەت بە هانایەوە دەڕوات و بە زاناییش فریای دەکەوێت، ئەمەش لە ڕادەیەکی وەهادایە هیچ گومانێك لەوەدا ناهێڵێت کە ئەو چاودێرییە لە سنوور بەدەر و بێ وێنەیە، تەنها لە لایەن یەکێکی بیسەر و بینەرەوەیە و، ئەو کارسازی و ڕێکخستنە وردەش تەنها هی یەکێکی کەریمی میهرەبانە.

بەڵێ، ئەم پێغەمبەرەی کە مایەی شەرەفمەندیی گرۆی مرۆڤ و شانازیی سەرجەمی بوونەوەرانە و تاقانەی بێ وێنەی گەردوون و زەمانە و، پێشەوا و سەرقافڵەی گشت حەشاماتی نەوەی ئادەمە و پێشیان کەوتووە و بەرەو عەرشی ئەعزەم بردوونی و لەوێ دەستەکانی بەرز کردووەتەوە و بە دوعا و

ڕووناکیی ئەو ئاشکرا بوون و پەردەیان لەسەر هەڵماڵرا و دەرکەوت کە: بوونەوەرانی ناو گەردوون چەند نووسراوێکی "صەمەدانی"ی خواوەندن بە چەشنێك کە ناوە جوانەکانی خوای گەورەیان تێدا دەخوێندرێتەوە و، چەند کارمەند و بوونەوەرێکی بەنرخی پڕ واتای ئەوتۆن کە شایستەی مانەوەن. خۆ گەر ئەو نوورەی ئەو نەبوایە، ئەوا گەردوون لە ژێر تاریکایی وەهم و گومانە هەڵەکاندا دەمایەوە و، بە نەمان و لەناوچوونی هەتاهەتایی مەحکووم دەکرا و، بێ واتا و سوود و بایەخ دەردەچوو، بگرە دەبووە گاڵتەجاڕ و زادەی دەستی ڕێکەوت. هەر لەبەر ئەم نهێنییەشە کە هەرچی شت هەیە – چ لە زەوی و چ لە ئاسمانەکاندا – لە ڕووناکیی نووری ئەو پێغەمبەرە ﷺ بەهرەمەند دەبن و، بەو چەشنەی کە گرۆی مرۆڤ "ئامین"یان بۆ دوعاکەی ئەو پێشەوا و ڕابەرەیان کرد، ئەوانیش بە هەمان جۆر پەیوەندیی خۆیانی پێوە دەردەخەن. ئەمەشت بەلاوە سەیر نەبێت، چونکە کاکڵە و ناوەرۆکی بەندایەتیی پێغەمبەر ﷺ تەنها دوعا و نزا و لاڵانەوەیە. بگرە گشت جموجووڵ و کار و فرمانەکانی گەردوونیش جۆرێکی تایبەتین لە دوعاکردن، بۆ نموونە: گەشە کردنی "تۆو" لەناو خاکدا و لەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەریدا دێن، لە ڕاستیدا جۆرە دوعایەکە کە ئەو تۆوە دەری دەبڕێت و لە بەدیهێنەری دەپاڕێتەوە تا بیکات بە درەختێکی بەرجەستەی باڵابەرزی مەزن. (دانەر)

نزایەکی گشتی و بەکوڵی حەقیقەتی بەندایەتیی ئەحمەدی - کە پوختەی بەندایەتیی مرۆڤایەتی‌یە - دەلاڵێتەوە.. ئایا ئەم پێغەمبەرە مەزنە ﷺ چیی دەوێ و لە پاڕانەوەکەیدا چی دەفەرموێت؟.. دەبا گوێی لێ ڕابگرین..

ئەوەتا داوای بەختەوەریی هەمیشەیی و مانەوەی هەتاهەتایی ناو خانەی نەمری بۆ خۆی و نەتەوەکەی دەکات.. داوای بەهەشت و نیعمەتەکانی ناو بەهەشت دەکات.. بەڵێ، ئەو پێغەمبەرە ئازیزە ﷺ لەگەڵ ناوە جوانەکانی خوای گەورەدا، کە بەو جوانی‌یەیان لەناو ئاوێنەی بوونەوەراندا دەدرەوشێنەوە، داوای ئەو بەهەشتە دەکات و، ئەو ناوانەش دەکاتە هاودەم و تکاکاری داوا و لالانەوەکەی.

ئایا گەر هیچ کام لەو هۆکارە خوازیار و زۆر و زەبەندە و لە ژمارە بەدەرانەی هاتنی قیامەتیش لە کایەدا نەبن، هەر تەنها یەك دوعا و لالانەوەی ئەم پێغەمبەرە بەڕێزە ﷺ سەروزیادی هێنانەدیی بەهەشت نی‌یە؟! کە ئەمەش کارێکە بە ئەندازەی ئاسانیی ژیاندنەوەی زەوی لە وەرزی بەهاردا بە لای بەدیهێنەری میهرەبانەوە سووك و ئاسانە[1]؟

بەڵێ، ئەو کەسەی کە ڕووی زەویی لە بەهاردا کردووە بە نموونەیەکی بەرجەستە لەسەر هاتنەدیی حەشر و، بە توانستی ڕەهای خۆیشی سەدان نموونەی ئەو حەشرەی لە وەرزی بەهاردا بەدی هێناوە و پێش‌چاوی

---

(١) بەڵێ، دەرخستن و پیشاندانی نموونە ورد و ناوازە و لەژمارەبەدەرەکانی سەر ڕووی ئەو زەوی‌یەی کە لەچاو جیهانی فراوانی دواڕۆژدا لە حوکمی یەك لاپەڕەدایە.. هەروەها پیشاندانی نموونەکانی حەشر و قیامەت لە سێ سەد هەزار بەدیهاتووی هاوسەنگ و ڕێسادارادا.. نووسینی هەموویان بەو ڕێسا ناوازەیە لەسەر ئەو تاقە لاپەڕەیەی ڕووی زەویدا.. بێ گومان ئەم کارە، گەلێ سەخت و ئالۆزترە لە چاو ئامادە کردنی ئەو بەهەشتە مەزن و بەرزەی جیهانی فراوانی هەمیشەییدا. لەبەر ئەوە، دەتوانرێ بوترێت: باخچەکانی بەهار، بە ڕێحانە و گوڵزارەکانیانەوە، گەلێ لە بەهەشت زیاتر - بەڵکو بە ڕێژەی بەرزیی پلە و پایەی بەهەشت بەسەر بەهاردا - سەرنجی سەرسامی و هەستی سەرسووڕمان لە لای مرۆڤ دەوروژێنن! (دانەر)

خستوون.. ئەو کەسە، بەدیهێنانی بەهەشتی چۆن بەلاوە کارێکی گران دەبێت؟

کەواتە هەروەك "پێغەمبەرایەتی"یەکەی ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستە ﷺ بوو بەهۆی دروستکردن و بەدیهێنانی ئەم خانەی تاقیکردنەوەیەی دنیا و ڕوونکردنەوەی نهێنیی: "لولاكَ لولاكَ لَمَا خَلَقْتُ الأفلاكَ"[١].. "بەندایەتی"یەکەیشی بووە بەهۆی بەدیهێنانی خانەی بەختەوەریی هەمیشەیی ئەودنیا..

جا ئایا دەگونجێ ئەم ڕێکوپێکی‌یە ناوازەیەی جیهان کە ژیری‌یەکانی مەست و سەرسام کردووە و.. ئەو سنعەتە وردانەی خواوەند و.. جوانیی پەروەردگاریتی‌یە هەمەلایەنەکەی و.. میهرەبانی‌یە فراوانەکەی..

بە گیرا نەکردنی دوعا و لالانەوەکەی ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستە، بە ئاکامێکی وەك: ناشیرینی و، ستەمی یەکجار سەخت و، فەوزا و، بەربادیی سەرانسەری و بێ سنوور، ڕازی ببن کە ئەنجامێکی حەتمی و بێگومانی ئەو گیرا نەکردنەیە؟

واتە چاودێریی گرنگترین و پێویستترین خواست و ئارەزوو نەکات و گوێی لێ نەگرێت و نەیهێنێتەدی؟ لە کاتێکدا کە بەوپەڕی بایەخ پێدانەوە چاودێریی سادەترین و بچووکترین ئارەزوو دەکات و، کزترین و نزمترین دەنگ دەبیستێت و، پێداویستیی هەموو کەسێکی موحتاجیش جێبەجێ دەکات؟

---

(١) لەسەر "لولاك.. لولاك" زانایان زۆریان وتووە، چ لە بارەی سەنەدەوە، چ لە بارەی واتاکەیەوە. لە هەمووی جوانتر وتەکەی (علي القاري)یە لە شەرحی "شیفا"دا، کە دەڵێت: "هەرچەند لە سەنەددا لاوازە، بەڵام واتاکەی ڕاستە". بڕوانە: (شرح الشفا لعلي القاري ١/٦).. بۆ زانینی ئەوەش کە ئەم وتەیە واتاکەی ڕاستە و خوای گەورە لەبەر پێغەمبەر ﷺ گەردوونی دروست کردووە، بڕوانە: (الفتاوى - لابن تيمية ج١١ ص٩٦-٩٨، مجلد التصّوف). (وەرگێڕ – لە چاپە عەرەبی یەکەوە)

نەخێر.. هەزار هەزار جار نەخێر.. جوانیی ئاوا، هەرگیز بە ناشیرین کردن و ئاڵۆزاندن ڕازی نابێت و نایەوێ لەکەی ناشیرینیی بەر بکەوێت[1].

کەواتە، ئەم پێغەمبەرە ﷺ هەروەك بە "پێغەمبەرایەتی"یەکەی دەرگای دنیای کردووەتەوە.. بە "بەندایەتی"یەکەیشی بۆ خوای گەورە، دەرگای ئەو دنیای خستووەتە سەرپشت.

علیه صلوات الرحمن ملء الدنیا ودارالجنان.

اللّهم صلّ وسلّم علی عبدك ورسولك، ذلك الحبیب الذي هو سیّدُ الكونَین، وفخرُ العالَمِین، وحیاةُ الدّارین، ووسیلةُ السّعادتَین، وذو الجناحَین، ورسولُ الثقلَین، وعلی آلهِ وصحبهِ أجمعین، وعلی إخوانهِ من النبیین والمرسلین.. آمین.

ڕاستیی شەشەم

دەرگای: "مەزنی" و "هەمیشەیی"

کە درەوشانەوەی ناوی: "الجلیل" و "الباقي"ی خوای گەورەیە

ئایا دەگونجێ پەروەردگارێکی مەزنی ئەوتۆ کە گشت بوونەوەران هەر لە خۆرەکان و ئەستێرە زەبەلاحەکانەوە تا دەگاتە درەختەکان و گەردیلەکان، تەنانەت لەوان بچووکتریش، چەشنی بەڕێوەبردنی سوپا، بەڕێوە ببات و لە

(١) بەڵێ، هەڵگەڕانەوە و سەرەوخوون بوونی ڕاستییەکان کارێکی مەحاڵە، لە هەموویان مەحاڵتریش ئەوەیە کە ئەو ڕاستییە هەڵبگەڕێتەوە و ببێت بە شتێکی پێچەوانەی خۆی! ئنجا لە نێوان ئەم حەقیقەتی: "نەگونجاویی هەڵگەڕانەوەی ڕاستی"یەشدا ڕاستییەك هەیە کە هەرگیز بە دژەکەی خۆی ڕازی نابێت، کە ئەویش بریتییە لەوەی: ئەو شتە - لەگەڵ مانەوەی ماهییەتەکەی خۆیشیدا - هەڵبگەڕێتەوە و ببێت بە شتی پێچەوانە و دژی خۆی! وەك ئەوەی جوانیی ڕەها - هاودەم لەگەڵ مانەوە و پارێزگاری کردنی ئەم جوانییەشیدا - ببێت بە ناشیرینیی ڕاستەقینە! بەم پێیە، جوانیی ڕوون و ئاشکرای پەروەردگارێتیی خوای گەورە، لەگەڵ مانەوەی ئەم ماهییەتەیدا، هەڵبگەڕێتەوە و ببێت بە شتێکی دژی خۆی! ئەم جۆرەیان، بە لای بڕیاری عەقڵەوە، لە هەموو مەحاڵێك مەحاڵتر و بەتاڵترە. (دانەر)

كار و ئه‌رك و فه‌رمانبه‌ریی ئه‌ستۆیاندا بیانخاته گه‌ڕ.. په‌روه‌ردگارێكی ئاوا مه‌زن، ده‌سته‌ڵاتی خۆی ته‌نها به‌سه‌ر ئه‌و هه‌زاره فانی و له‌ناوچووانه‌دا بنوێنێت كه ژیانێكی كه‌م و كاتی له‌م میوانخانه‌یه‌ی دنیادا به‌سه‌ر ده‌به‌ن و، ئیتر مه‌ڵبه‌ندێكی به‌رز و هه‌میشه‌یی و خانه‌یه‌كی هه‌تاهه‌تایی ئه‌وتۆ دروست نه‌كات كه شایان و شایسته و خولگه‌ی په‌روه‌ردگارێتیی مه‌زنی خۆی بێت؟!

خۆ ئه‌و شتانه‌ی ئێمه له گه‌ردووندا ده‌یانبینین، چه‌شنی:

ئه‌و كار ڕایی كردنه هه‌ره مه‌زنانه‌ی كه له گۆڕینی وه‌رزه‌كاندان و..

ده‌ستكاری و هه‌ڵسوكه‌وته گه‌وره‌كانی وێنه‌ی: به‌گه‌ڕخستنی ئه‌ستێره‌كان و..

ژێربارخستن و ڕامكردنی سه‌رسووڕهێنه‌رانه‌ی چه‌شنی: به‌كارهێنانی "زه‌وی" به وێنه‌ی لانك و "خۆر"یش له شێوه‌ی چرادا و..

ئاڵوگۆڕه فراوانه‌كانی وه‌ك: زیندوو كردنه‌وه و ئارایشتدانی زه‌وی، له دوای مردن و وشك بوونی..

هه‌موو ئه‌م كاره مه‌زنانه، به ڕوونی بۆمان ده‌رده‌خه‌ن كه په‌روه‌ردگارێتی‌یه‌كی گه‌لێ مه‌زن له پشت په‌رده‌ی ئه‌و كاروبارانه‌وه هه‌یه و، به‌و ده‌سته‌ڵاته مه‌زنه‌ی خۆی به‌سه‌ر هه‌موو ئه‌وانه‌دا زاڵ و فه‌رمانڕه‌وایه.

جا ده‌سته‌ڵاتداریی په‌روه‌ردگاری‌یانه‌ی ئاوا مه‌زن - بێ هیچ گومانێك - داخوازی بوونی ڕه‌عیه‌تگه‌لێكی وه‌هایه كه شیاوی مه‌زنیی ئه‌و بن و، داواكاری چه‌ند ئاوێنه‌یه‌كی ڕه‌نگده‌ره‌وه‌ی گونجاوی ئه‌وتۆیه كه ئه‌و ده‌سته‌ڵاته گه‌وره‌یه‌یان تێدا ده‌ربكه‌وێت. كه‌چی ده‌بینین: ئه‌و ڕه‌عیه‌ت و به‌ندانه‌ی كه له هه‌موان زیاتر تایبه‌تكاریی ئاوا شیاویان تێدا جه‌م بووه، له‌م میوانخانه‌یه‌ی دنیادا به "ماندوویی" و "به‌جۆرێكی كاتی" كۆ بوونه‌ته‌وه.. خودی میوانخانه‌كه‌ش ڕۆژانه پڕ ده‌كرێت و خالیش ده‌كرێته‌وه و..

ڕەعیەتەکانیش تەنها بە ئەندازەی ماوەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە و ئەرکی سەرشانیان نەبێ، زیاتر لەم گۆڕەپانی تاقیکردنەوەیەدا نامێننەوە.. تەنانەت خودی گۆڕەپانەکەش هەموو سەعاتێك ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت!

کەواتە ئەو بەندە و ڕەعیەتانەی ئێستا لێرەدان، تەنها چەند خولەکێکی دیاری کراو (بۆ مەبەستی بینینی نموونەی نیعمەتە بەنرخەکانی بەدیهێنەری شکۆمەندیان) لەم پیشانگایانەی بازاڕی جیهاندا، ڕادەوەستن و.. بۆ ئامانجی بازرگانیش - لەم پیشانگا مەزنەدا - تەنها سەیرێکی سنعەتە ناوازەکانی خواوەند دەکەن و، پاشان دەڕۆن و لە بەرچاودا ون دەبن. بگرە خودی پیشانگاکەش لە هەموو خولەکێکدا دەگۆڕێت و وەك باری پێشووی نامێنێت، ئەوەتا هەر کەسێك دەڕوات ناگەڕێتەوە و ئەوەش کە تازە دێتە ناوی وەك ئەوەی پێشوو کۆچ دەکات.

ئەم بارە سەرسووڕهێنەرە، بە ئاشکرا و بە چەشنێکی گومانبڕ، دەری‌دەخات کە لە پشتی ئەم میوانخانە فانی‌یە و پاش ئەم گۆڕەپان و پیشانگا هەمیشە ئاڵوگۆڕبووانە، چەندین کۆشك و تەلاری شایانی ئەو دەستەڵاتداری‌یە هەمیشەییە و.. چەندەها خانە و لانەی ناو چەندین باخچەی ڕەنگین و.. چەندان گەنجینەی پڕاوپڕ لە: ئەسڵە ڕاستەقینە و بێگەردەکانی ئەو نموونانەی لەم دنیایەدا دەیانبینین، بۆ ئەو ڕەعیەتانە ئامادە کراون. کەواتە هەوڵ و کۆششی ئێرە بۆ بەدەستهێنانی ئەوانەی ئەوێ‌یە و، کارمەندی و ئیش کردنی ئێرەش بۆ وەرگرتنی پاداشتەکەیەتی لەوێ. واتە: هەموو کەسێك بەپێی لێهاتنی و بە گوێرەی تەقالادانی ئێرەی، بەختەوەری‌یەکی فراوانی لەوێ دەست دەکەوێت.. گەر نەیدۆڕێنێت!

بەڵێ، مەحاڵە ئەم چەشنە پەروەردگاری‌یە مەزن و هەمیشەییە، تەنها بۆ ئەو ڕەعیەتە فانی و زەلیل و هەژارانە هاتبێتە کایەوە.

فەرموو، لە ڕوانگەی ئەم نموونەیەوە، بۆ ئەم ڕاستی‌یە بڕوانە:

وا دابنێ بە ڕێگایەکدا دەڕۆیت و، میوانخانەیەکی گەورە دەبینیت کە پادشایەکی مەزن لەو سەرەڕێیەدا بۆ میوانەکانی بنیاتی نایێت و پارەوپوولێکی گەلێ زۆریشی لە ڕازاندنەوە و ئارایشتدانیدا خەرج کردبێت، تاکو شادمانی و خۆشی بە دڵی میوانەکانی ببەخشێت و ئەوانیش پەند و ئامۆژگاری لەو شتانە وەربگرن کە لە میوانخانەکەدا دەیانبینن..

بەڵام ئەو میوانانەی کە دێنە ناوی هەندێکی یەکجار کەمی ئەو ئارایشتانە نەبێ هیچی تری لێ نابینن و بەشێکی تابڵێی کەمی ئەو نیعمەتانە بەولاوە هیچی تریان لێ ناچێژن، چونکە ماوەیەکی کەم تیایدا دەمێننەوە و پاشان میوانخانەکە بەجێ دەهێڵن، بێ ئەوەی بە کامی دڵ تێر ببن و تاسە و تینوێتی یان لێی بشکێت، جگە لە وێنەگرتنی شتانی ناو میوانخانەکە نەبێ کە بە کامێرایەك وێنەیان دەگرن.

خزمەتکار و کارگوزارانی خاوەنی میوانخانەکەش هەمان کار ئەنجام دەدەن، چونکە بە وردی و ئەمانەت وێنەی هەموو وەستان و جموجووڵێکی میوانەکان دەگرن و تۆماریان دەکەن. پاشان دەبینیت کە هەرچی ڕۆژە پادشا زۆربەی ئارایشت و ڕازاندنەوە بەنرخەکان دەڕووخێنێت و نموونەی نوێ بۆ میوانە تازە هاتووەکانی لە جێیاندا دادەنێت..

ئایا - دوای ئەمە - هیچ گومانێکت لەوەدا دەمێنێت کە ئەو کەسەی ئەم میوانخانەیەی لەم سەرەڕێیەدا بنیات ناوە، خاوەنی چەندین کۆشك و تەلاری بەرز و گەنجینەی پڕاوپڕی بەنرخی نەبڕاوەیە و دارای سەخاوەتێکی هەمیشەیی بێ کۆتاییە و، ئەم بەخشندەیی و سەخاوەتەش کە لەم میوانخانەیەدا پێش‌چاوی دەخات تەنها لەبەر بزواندنی ئیشتیهای میوانەکانیەتی بۆ شتانی لای خۆی و، بۆ مەبەستی بێدار کردنەوە و جووڵاندنی خواست و ئارەزووی ئەوانە بۆ ئەو دیاری‌یانەی کە لای خۆی بۆی ئامادە کردوون؟

جا ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم نموونەیەوە سەرنجی بارودۆخی ئەم میوانخانەیەی دنیا بدەیت و، بە وردی و وریایی تەواو بۆی بڕوانیت، ئەوا بە باشی لەم "نۆ" بناغەیەی خوارەوە تێدەگەیت:

بناغەی یەکەم:

تێدەگەیت کە ئەم دنیایەی وا لە میوانخانە دەچێت، خۆی هی خۆی نییە، چونکە کارێکی مەحاڵە کە هەر خۆی لە خۆیدا ئەم شێوە و شکڵەی گرتبێتە خۆ، بەڵکو لە ڕاستیدا میوانخانەیەکە لەم سەرەڕێیەدا بۆ کاروانی بوونەوەران بە "دانایی" بنیات نراوە و، هەردەم پڕدەکرێت و پاشان چۆڵ دەبێت.. مەنزڵگایەکی سەرەڕێیە بۆ لادان و حەوانەوە.. پاشان کۆچ کردن.

بناغەی دووهەم:

هەروەها تێدەگەیت کە: دانیشتووانی ئەم میوانخانەیە، میوان و کۆچەرین و، پەروەردگارە بەخشندەکەشیان بۆ خانەی حەوانەوە و ئاسوودەیی دەعوەتیان دەکات.

بناغەی سێهەم:

هەروەها تێدەگەیت کە: ڕازاندنەوە و ئارایشتەکانی ئەم دنیایە، تەنها بۆ لەزەت لێبردن نییە، چونکە گەر یەك سەعات لەزەتت لە دنیادا پێ بچێژن دوایی چەندەها سەعات ئازاری لێکبڕان و جوداییت دەرخوارد دەدەن. ئەوەتا چ لەبەر کەم تەمەنیی ئەو یان لەبەر تەمەن کورتیی خۆت، تامی ئەو لەزەتانەت لەو ماوە کەمەدا لەبەر ئەوە پێ دەچێژرێت کە ئیشتیهات بجووڵێنن، نەك تێریان لێ بخۆیت. چونکە بڕ و ئەندازەی ئەو لەزەتانەی ئێرە، توانای تێر کردنی تۆیان نییە.

کەواتە ئەم ئارایشتە بەنرخـە کـەم تەمەنـە، بۆ دەرس و پەند وەرگرتن[1] و شوکرانەبژێری و هـاندانی تـام چەشـتوانیەتی تـاکو ئەسـڵە هەمیشـەییەکەی دەستی خۆیان بخەن و پێی بەهرەمەند ببن.. هەروەها بۆ چەندین مەبەستی تری بەرزە.

بناغەی چوارەم:

هەروەها تێدەگەیت کە: ئەم ئارایشـتەی دنیـا[2] چـەند وێنـە و نموونەیـەکی نیعمەتە پاشەکەوت کراوەکانی میهرەبانیی خوای گـەورەن کـە لـە بەهەشتدا بۆ ئیمانداراني پاشەکەوت کردوون.

---

(١) هەرچـەندە گشـت دروستکراوێکی ورد و خـاوەن نەخشـەی نـاوازە و پێکـهاتنی جـوان و ڕەنگـین، گەلـێ بـەنرخ و گرانـە.. کـەچی لەگـەڵ ئەوەشـدا تەمەنەکـەی یـەکجار کورتـە و بوونەکەیشـی کاتێـکی کـەم دەخـایەنێت. کـەواتە ئـەوانـە لـە ڕاسـتیـدا تـەنهـا نموونـە و وێنـەی چەند شتێکی ترن. جا لـەبەر ئـەوەی لـەمـانـەدا شـتێکی ئەوتـۆ هـەیە کـە لـەوە بـچـێت سەرنج بۆ لای حەقیقەتە ئەسڵی‌یەکان ڕابکێشـێت، ئـەوا بەلاتـەوە کـارێکی سـەیر و نـامۆ نـەبێت گـەر بوترێ: ئارایشتی ژیانی دنیـا تەنـها بـۆ ئەوەیـە کـە چـەند نموونەیـەك بـن بـۆ نیعمەتـەکانی بەهەشـت، لەوانـەی کـە پـەروەردگاری میـهرەبان بـە چاکـە و لوتفـی خـۆی بـۆ بـەندە خۆشەویستەکانی ئامادەی کردوون، بگرە حەقیقەت هەر تەنها ئەمەیە. (دانەر)

(٢) بەڵێ، بۆ "بوون"ی هەر شتێك چەندین مەبەست و، بۆ "ژیان"یشی چەندەها ئامانج هەیە. ئەو ئامانج و مەبەستانەش تەنها ئەوانە نـین – وەك گومڕایـان گومـان دەبـەن – کـە ڕوویـان لـە دنیـا و خودی بوونەوەرەکە خۆیەتی تا بێ مەبەستی و هەڕەمەکێتی جێـی خۆیـان لـە نێوانیـاندا بکەنـەوە، بەڵکو ئامانج و مەبەستەکانی "بوون" و "ژیان"ی هەموو شتێك دەبن بە سێ بەشەوە:

یەکـەمیان: کـە لـە هـەموویان بـەرزترە، ڕووی لـە بەدیهێنـەری مەزنیـەتی. واتـە: پیشـاندانی دروستکردن و وردەکاری و ناوازەیی پێکهاتنی هەموو شتێك لـە بـەرچاوی بینـەری ئەزەلیدا بـە چەشنی نمایشی ڕەسمیی سـەربـازی. جا بۆ ئەم مـەبـەسـتی بینینەی خوای گەورە، ژیانی ئـەو شتە - با چرکەیەکیش بێت - سەروزیادە، تەنانەت هەندێ جار هەر تەنـها ئامـادەبوونی ئـەو شتە بۆ دەرخستنی هێزە پەنامەکی‌یەکانی، کە هێشـتا نەهاتوونەتـە جیـهانی بوون و وەك نییـەتی ئـەو شتە وان، سەروزیادی هاتنەدیی ئەم مەبەسـت و ئامانجەیە. نموونـەی ئەمـە وەك ئەو بوونەوەرانـەی کـە بەخێرایی دێن و دەڕۆن و، چەشنی ئەو "تۆو"انـەی کـە بژیـان نەڕەخسـا گـوڵ و بـەرەکانیان ببەخشن، هەموو ئەمانە، ئەم ئامانج و مەبەستەمان بۆ دەردەخەن. کەواتـە هـەرگیز بێ مەبەستی و

بێ سوودی لە دروستبوونی هیچ کام لەوانەدا نی‌یە. واتە: یەکەم ئامانجی بوونی هەموو شتێك ئەوەیە کە بە "بوون" و "ژیان"ەکەی، موعجیزاتی توانست و ئاسەوار و جێ دەستی بەدیهێنەری خۆی لە بەردەم بینینی چاودێریی خاوەن و پادشای شکۆمەندیدا دەربخات.

بەشی دووهەمی ئامانجی "بوون" و مەبەستی "ژیان": ڕووەو خاوەن هەست و شعوورەکان دەڕوانێت. واتە: هەر شتێك دێتە جیهانی بوون، لە ڕاستیدا نامەیەکی پڕ لە حەقیقەت و پارچە هۆنراوەیەکی ناسك و نیان و وشەیەکی حیکمەت بەخشی پەروەردگارە، کە بەدیهێنەری مەزن لە بەرچاوی مەلائیکەت و جیننی و ئاژەڵ و مرۆڤدا پیشانی دەدات، تاکو ئەوانە سەرنجی تێرامانی ئاراستە بکەن. واتە: هەموو شتێك جێی سەرنجدان و خوێندنەوە و پەند لێ وەرگرتنە بۆ هەر خاوەن هەست و شعوورێك بۆی بڕوانێت.

بەشی سێهەمی ئامانجی "بوون" و مەبەستی "ژیان": ڕووەو خودی ئەو شتە دەڕوانێت. وەك: لەزەت چەشتن و، خۆش ڕابواردن و، ژیان بەسەر بردن بە شادی و کامەرانی و، غەیری ئەمانەش لە ئامانج و مەبەستە هەندەکی‌یەکان. بۆ نموونە: سوودێکی بەرهەمی کاری کەشتیوان لە کەشتیی مەزنی پادشادا بۆ خۆی دەگەڕێتەوە کە بریتی‌یە لە کرێی کارەکەی. کەچی ئەم سوودەی کە بەم دەگات یەك لە سەدی بەرهەمەکانی ئەو کەشتی‌یە مەزنەیە، بەڵام نەوەد و نۆ بەرهەمەکانی تری دەگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکەی کە پادشایە. بەم جۆرە، دەرکەوت کە ئەگەر ئەو ئامانج و سوودەی لە هەر شتێکدا هەیە و بۆ خودی خۆی و دنیاکەی دەگەڕێتەوە بریتی بێت لە یەك ئامانج و سوود، ئەوا نەوەد و نۆ مەبەست و ئامانجی بۆ بەدیهێنەری مەزنی دەگەڕێتەوە. کەواتە لە زۆرو زەبەندەیی ئەم ئامانجانەدا دەتوانرێت "دانایی"و "بەخشندەیی" بە جیا جیا ببینرێن، واتە جیاوازیی نێوان: "دەست پێوەگرتنی ڕەها" و "سەخاوەتی ڕەها" بزانرێت کە بە ڕواڵەت وەك دوو شتی پێچەوانە و دژی یەکتر دێنە بەرچاو. وا ئەم مەبەستە بەمەی خوارەوە ڕوون دەکەینەوە:

گەر لە دروستبوونی بوونەوەراندا تەنها یەك مەبەست و ئامانج ڕەچاو بکرێت، ئەوا ئەو کاتە تەنها "بەخشندەیی" و "سەخاوەت" زاڵ دەبن و، ناوی: "الجواد"ی خوای گەورە دەردەکەوێت و دەدرەوشێتەوە. بۆ نموونە و بەپێی ئەو تەنها ئامانجە ڕەچاو کراوە: بەروبووم و دەغڵ و دانەکان تابڵێی زۆر و لەژمارەبەدەرن. واتە زۆری‌یەکەیان بەخشندەیی و سەخاوەتێکی ڕەها دەگەیەنن. بەڵام ئەگەر هەموو مەبەست و ئامانجەکان پێکەوە ڕەچاو بکرێن، ئەوا "دانایی" دەردەکەوێت و زیاتر زاڵ دەبێت و، ناوی "الحکیم"ی خوای گەورە پتر دەدرەوشێتەوە. ئەو کاتەش ژمارەی حیکمەت و ئامانجە پێویستەکانی تاقە بەرێکی تەنها یەك درەخت بە ئەندازەی ژمارەی بەرەکانی ئەو درەختە دەبن و، ئیتر ئەم ئامانج و مەبەستانە بەسەر هەر سێ بەشە

بناغەی پێنجەم:

هەروەها تێدەگەیت کە: ئەم دروستکراوە فانی‌یانە بۆ فەنا و لەناوچوون دروست نەکراون و، بۆ ئەوەش بەدی نەهێنراون کە تاوێك ببینرێن و پاشان هەروا بە مفتە و خۆڕایی بڕۆن و لەناو بچن، بەڵکو لێرەدا کۆ کراونەتەوە و بۆ ماوەیەکی کەم جێی پێویستی خۆیان گرتووە تاکو وێنەیان بگیرێت و واتاکانیان ڕابگەیەنن و ئەنجامەکانیان بنووسرێن و، چەندین دیمەنی هەمیشەیی ئەمانی فانی بۆ دانیشتووانی هەمیشەیی بەهەشت ئامادە بکرێن و.. بۆ چەندین مەبەست و ئامانجی تری جیهانی مانەوە و هەتاهەتایی.

لەم نموونەیەی خوارەوە تێدەگەین کە چۆن شتان بۆ مانەوە بەدی هێنراون نەك نەمان، بەڵکو نەمانە ڕواڵەتی‌یەکەیان تەنها بریتی‌یە لە کار تەواو کردن و، سەربەست بوون و، حەوانەوە.. هەروەها تێدەگەین لەوەیش کە چۆن ئەو شتە لە ڕوویەکەوە تیادەچێت، بەڵام لە چەندەها ڕووی ترەوە دەمێنێتەوە:

سەرنج لەم گوڵە بدە کە یەکێکە لە وشەکانی توانستی خوای بەدیهێنەر. ئەوەتا ئەم گوڵە جوانە ماوەیەکی گەلێ کەم بە خەندە و شادی‌یەوە بۆمان دەڕوانێت، چونکە پاش ئەو ماوە کەمەی تەمەنی، لە پشت پەردە و ئاسۆی

ناوبراوەکاندا دابەش دەبن. جا ئەم مەبەست و ئامانجە گشتییانە ئاماژە بۆ دانایەکی بێ کۆتایی و دەست پێوەگرتنێکی بێ سنوور دەکەن، ئەو کاتەش "دانایی ڕەها" لەگەڵ "بەخشندەیی و سەخاوەتی ڕەها"دا کۆ دەبنەوە کە بە ڕواڵەت وەك دژی یەکتر دەردەکەون. بۆ نموونە: یەکێك لە ئامانجەکانی بوونی سوپا پارێزگاری کردنی ڕێسا و ئاسایشە. خۆ ئەگەر تەنها لەم گۆشەیەوە سەیری سوپا بکرێت، دەبینرێت ژمارەی سوپا زیاد لە پێویستە. بەڵام گەر لەگەڵ ئەو مەبەستەدا ئامانجەکانی تری بوونی سوپا ڕەچاو بکرێت، وەك: پاراستنی سنوور و، جیهاد کردنی دوژمنان و، جگە لەمانەش لەو ئامانجە گشتیانە، ئەوا دەردەکەوێت کە ژمارەی سوپا لەوانەیە سەروزیاد بێت. کەواتە لە ڕەچاو کردنی گشت ئامانجەکاندا هاوسەنگی‌یەك دەبینرێت کە بە تەرازووی "دانایی" ڕاگیر کراوە. ئەو کاتە "حیکمەت" و "مەزنی"ی حکوومەت پێکەوە کۆ دەبنەوە. بەم جۆرە، لەم حاڵەتەدا دەتوانرێت بوترێت: ژمارەی سوپا زیاد لە پێویست نی‌یە. (دانەر)

نەمانەوە ئاوا دەبێت. ئەم گوڵە - لە ڕاستیدا - وەك ئەو وشەیە وایە کە لە زارمان دەردەچێت و، پاش وتنی، هەزاران دانە وشەی لەبەرگیراوەی خۆی لە گوێی خەڵکیدا دادەنێت و، دوای ئەنجامدانی ئەرکی سەرشانیشی بە ئەندازەی ژمارەی ئەو عەقڵانەی گوێیان لێی بووە، واتا و ناوەڕۆك بەجێ دەهێڵێت.

بەڵێ، هەروەك ئەو وشەیە ئاوەهایە، ئەم گوڵەش بە هەمان جۆرە، دوای ئەوەی کە وێنە ڕواڵەتی‌یەکەی لە "بیر"ی گشت ئەو کەسانەدا بەجێ دەهێڵێت کە دیویانە و پاش دانانی ماهییەتە مەعنەوی‌یەکەی لە تۆوە یەکجار بچووکەکانیدا، کۆچی ماڵئاوایی لەم جیهانە دەکات.

وەك بڵێی هەموو "بیر" و "تۆو"ێك لەوانەی باس کران، لە شێوەی وێنەیەکی فۆتۆگرافیدا بن بۆ مەبەستی پاراستنی جوانی و ڕازاوەیی شێوەی ئەو گوڵە و، جێگایەك بن بۆ بەردەوامبوونی مانەوەی.

جا ئەگەر ئەم دروستکراوەی کە لە نزمترینی پلەکانی ژیاندایە، ئا بەم چەشنە مامەڵەی مانەوەی لەگەڵدا بکرێت، دەبێ مامەڵەی مرۆڤ چۆن بێ کە لە بەرزترینی چینەکانی ژیاندایە و خاوەنی ڕۆحێکی هەمیشەییە؟ ئایا ئەم مرۆڤە وابەستەی مانەوە و هەمیشەیی نابێت؟ خۆ ئەگەر "وێنە"ی ڕووەکی گوڵداری بەردار و، "یاسا"ی پێکهاتنی - کە تا ڕادەیەك وەك ڕۆح وایە - ئاوا بمێنێتەوە و لە نێوان ئەو هەموو ئاڵوگۆڕە زۆرانەدا بەوپەڕی ڕێکوپێکی لە تۆوەکانیدا بپارێزرێت، دەبێ ڕۆحی مرۆڤ چەندە دارای مانەوە و وابەستەی هەمیشەیی و هەتاهەتایی بێت؟ لە کاتێکدا کە - ئەم ڕۆحە - یاسایەکی "ئەمری"ی خاوەن هەست و شعوور و نوورانی‌یە و، خاوەنی ماهییەتێکی پێشکەوتووە و، دارای ژیان و چەندین تایبەتکاری گشتی و هەمەلایەنەیە و، بوونی دەرەکی(وجوودی خاریجی)یشی لەبەر کراوە؟!

بناغەی شەشەم:

هەروەها تێدەگەیت کە مرۆڤ جڵەوی بۆ بەرەڵا نەکراوە تا چۆن و لە کوێدا دەیەوێت بە سەربەستی ڕابوێرێت. بەڵکو کردارەکانی لەسەر تۆمار دەکرێن و وێنەیان دەگیرێن و، هەرچی دەکات دەنووسرێت، تاکو لە ئەنجامدا بەرپرسیاری کردەوەکانی بێت.

بناغەی حەوتەم:

هەروەها تێدەگەیت کە: ئەو مردن و پووکانەوە و پرتووکانەی دووچاری بەدیهێنراوە ناسکۆڵە و جوانەکانی بەهار و هاوین دەبن، لەناوچوونی تەواوەتی و ئیعدامی هەتاهەتایی نین! بەڵکو لەکۆڵ کردنەوەی ئەرکەکانیانە دوای ئەنجامدانیان و، حەوانەوەیانە لە کار و فرمانەکان[1] و، شوێن چۆڵ کردن و بواردانە بۆ بەدیهاتووە نوێکانی بەهاری ئایندە. کەواتە ئەو مردنەی ئەوان خۆ ئامادەکردن و شوێن حازر کردنە بۆ ئەو بوونەوەرە کار پێ سپێرراوە نوێیانە.

هەروەها مردنی ئەوان، بێدارکردنەوەیەکە بۆ ئەو خاوەن هەستانەی کە "بێ ئاگایی" ئەرکی ئەستۆیانی لە بیر بردوونەتەوە و، "مەستی"ش ڕێی "شوکرانەبژێری"ی لێ گرتوون!

---

(١) بەڵێ، گەڵا و بەر و گوڵی سەر لق و پەلی درەختەکان – کە گەنجینەی ڕۆزیدانی میهرەبانیی خواوەندن – لە دوای پێربوونیان و بەجێهێنانی ئەرکی ئەستۆیان، دەبێ کۆچ بکەن، تاکو ڕێ لەوانەی دوای خۆیان نەگیرێت کە وەك لافاو دێن و شوێنی ئەمان دەگرن. دەنا دەبن بە بەربەستێکی سەخت لە بەردەم فراوانیی میهرەبانیی خوادا و پەردەیەکی ئەستوور لە ڕووی خوشك و برایانی خۆیاندا کە ئەوانیش بۆ ئەنجامدانی ئەرکی خۆیان دێنە گۆڕێ. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەر خۆیشیان بە نەمانی سەردەمی لاوییان، دەژاکێن و سیس دەبنەوە. بەم جۆرە، وەرزی بەهار وەك ئەو درەختە بەرداره حەشر پیشاندەرە وایە و.. مرۆڤی هەموو چەرخێکیش درەختێکی بەرداری پڕ لە دانایی و پەند و عیبرەتە و.. گۆی زەوییش – بە گشتی – درەختی توانستێکی ناوازەی داهێنکارە و.. دنیاش درەختێکی قەشەنگ و ڕەنگینی ئەوتۆیە کە بەروبوومەکانی خۆی بۆ بازاڕی قیامەت بەڕێ دەکات. (دانەر)

بناغەی هەشتەم:

هەروەها تێدەگەیت کە: بەدیهێنەرە هەمیشەییەکەی ئەم جیهانە فانی‌یە، جیهانێکی‌تری جگە لەمەی هەیە کە جیهانی نەمری و هەتاهەتاییە و، تاسە و شەوقی بەندەکانی بۆ ئەوێ دەورووژێنێت و، بەرەو ئەوێ دەیانداتە بەر.

بناغەی نۆهەم:

هەروەها تێدەگەیت کە: خواوەندی بەخشندەی میهرەبان، لەو جیهانە فراوانەدا، بە چەندەها نیعمەتی ئەوتۆ کە: نە بە چاو بینراون و نە بە گوێ بیستراون و نە بە دڵی هیچ کەسێکیشدا هاتوون، ڕێز لە بەندە دڵسۆز و بێ گەردەکانی خۆی دەگرێت.. آمنّا.

ڕاستیی حەوتەم

دەرگای: "پاراستن" و "پارێزگاری"

کە درەوشانەوەی ناوی: "الحفیظ" و "الرقیب"ی خوای گەورەیە

ئایا دەگونجێ ئەو "پارێزەر" و "چاودێر"ەی کە هەرچی شت لە ئاسمانەکان و زەوی و دەریا و وشکاییدا هەیە، بە ڕێسا و هاوسەنگیی تەواو بپارێزێت و گەورە و بچووکی هیچ کام لەوانەی لێ ون نەبێت.. "پارێزگاری" و "چاودێری"ی کردار و ڕەفتارەکانی ئەم مرۆڤە نەکات کە خاوەنی سروشتێکی بەرزە و، پلەی جێ‌نشینیی سەر زەویی دراوەتێ و، هەڵگری ئەرکی ئەمانەتی هەرە مەزنە؟..

ئایا دەگونجێ ئەو کردەوانەی کە ئەم مرۆڤە ئەنجامیان دەدات و پەیوەندییان بە پەروەردگاریتیی خواوەندەوە هەیە و بەخەی پەروەردگاریتیی ئەو دەگرنەوە، ئەو پارێزەرە نەیانپارێزێت و لێیان نەپرسێتەوە و بە تەرازووی عەدالەت هەڵیان نەسەنگێنێت و، پاداشت و تۆڵەی شایانیش بۆ بکەرەکانیان نەبڕێتەوە؟ نەخێر.. خوای گەورە گەلێ لەوە بەرز و بڵند و مەزنترە.

بەڵێ، ئەو کەسەی کاروباری ئەم گەردوونە بەڕێوە دەبات، هەر ئەوە کە هەموو شتێکی ناویشی بە ڕێسا و تەرازوو دەپارێزێت.. ڕێسا و تەرازووش دوو ڕووکاری (زانایی و، دانایی و، ویست و، توانستی) ئەون. چونکە ئێمە بە چاوی خۆمان دەبینین کە هەرچی دروستکراوی پێشین و ئێستا و لەمەولایش هەن هەرهەموویان بەوپەڕی ڕێکوپێکی و تەرازووکاری دروست کراون یان دەکرێن، ئەو ڕوخسار و شێوە و وێنانەش کە هەموو بوونەوەرێك لە درێژایی ژیانیدا دەیانگۆڕێت لە ڕێکوپێکییەکی گەلێ ورددان، هەروەك هەموویشیان پێکەوە لە نێوان ڕێسایەکی وردی مەحکەمدا دەردەکەون..

هەروەها دەبینین کە ئەو شتانەی کۆتایی بە تەمەنیان دێت و لەگەڵ ئەم کۆتایی هاتنەشدا ئەرکەکانی ئەستۆیان تەواو دەبن و کۆچی ماڵئاوایی لەم جیهانە بینراوە دەکەن، هەموو ئەو شتانە، پارێزەری شکۆمەند وێنەکانیان هەڵدەگرێت و لەناو زەینەکاندا - کە چەشنی چەند "لوح المحفوظ"ێکن[1] - و لەو شتانەدا کە وەك ئاوێنەی میسالی وان، دەیانپارێزێت. ئەوەتا زۆربەی مێژووی ژیانی ئەو کۆچکردووە لە تۆوەکانیدا دەنووسێت و لەسەر بەرەکانیدا دەیاننەخشێنێت و، بەم کارەش درێژە بە ژیانی دەدات و لە چەندین ئاوێنەی ئاشکرا و پەنهاندا بە پارێزراوی هەڵیاندەگرێت..

کەواتە هەموو یەکێ لە یادخەرەوەی مرۆڤ و.. بەری درەخت و.. ناوکی بەر و.. تۆوی گوڵ، مەزنیی هەمەلایەنگیریی پارێزگاری (الحفيظيـــــــــة) دەردەخەن و ڕوونی دەکەنەوە.

ئایا نابینیت لە وەرزی بەهاری فراوان و مەزندا چۆن پارێزگاریی هەموو شتێکی بەردار و گوڵدار دەکرێت و، چۆن لاپەڕەی تۆمارنامەی ئەو

---

(١) سەیری پەراوێزی وێنەی حەوتەم بکە. (دانەر)

کارانـەی تایبـەتن بـە هـەرکام لـەوان و گشـت یاسـاکانی پێکـهاتنیان و نموونـەکانی وێنـە و شـێوەیان، لـە چـەند تۆوێکـی کـەمدا دەنووسـرێن و هەڵدەگیرێن و دەپارێزرێن؟ پاشان هەر کـە بـەهاری نـوێ دێتـە گۆڕێ هـەموو ئەو لاپەڕانە بەپێی حسابێکی ورد کە لەگەڵیاندا بگونجێ، هەڵدەدرێنـەوە و لـە شێوەی بەهارێکی نوێی مەزنی لەوپەڕی ڕێکوپێکـی و دانـاییدا دێنـەوە نـاو جیهانی "بوون"؟

ئایـا ئـەم کـارە مـەودای دەسـتەڵاتداری و، ڕادەی هـێز و توانـای هەمەلایەنگیریی "پاراستن"و "چاودێری" دەرناخات؟

جا کە لەو کاتەدا ئەم شتە بێ بایەخ و کاتی و ئاساییانە بـەم ئەندازە ورد و هەمـە لایەنەیـە بپـارێزرێن، ئایـا ئیـتر ئـەو ئەنجامـە مایـەی نیگـەرانیی هـەموو کەسێکی ژیر نابێت کە پارێزگاریی کردارەکانی مرۆڤ نەکرێت و لـە لایـەن پەروەردگارێتیی ڕەهای خوای گەورەوە ڕەفتارەکانی نـەپارێزرێن و لەسـەری تۆمار نەکرێن؟

ئـەو مرۆڤـەی کـە خـاوەنی چـەندین بـەروبوومی گرنگـی سـەر بـە جیـهانی پەنهانی غەیب و دوارۆژ و جیهانی ڕۆحە؟

ئایا دەگونجێ ئەمە پشتگوێ بخرێت و تۆمار نەکرێت؟ نەخێر.

بەڵێ، لە درەوشانەوەی ئاوا ڕوون و ئاشکرای "پارێزگـاری"یـەوە مـرۆڤ تێدەگات کە خاوەنی ئەم بوونەوەرانە بایەخێکی گەلـێ گرنـگ بە پاراستن و نووسینەوە و تۆمـار کردنـی هـەموو ئـەو شـت و کاروبارانـە دەدات کـە لـە موڵکـی ئـەودا ڕوودەدەن و، لـە دەسـتەڵاتداریی پـەروەردگارێتیی خۆیشـیدا خـاوەنی ئەوپەڕی چـاودێری و بایـەخ پێدانـە، بـە چەشـنێك کـە بچووکـترین ڕووداو یـان بێ بایـەخترین کـردار دەنووسـێت و، فـەرمان بـە تۆمـار کردنـی دەدات و، لە چـەندین "دۆسیە"ی زۆر و زەبـەندەدا وێنـەی هـەموو ئـەو شتانە دەگرێت کە لە موڵکی ئەودا ڕوو دەدەن.

جا ئەم پاراستنە فراوان و وردانە، بەڵگەی گومان نەهێڵن لەسەر ئەوەی کە: تۆمارێك بۆ لێپرسینەوەی کردارەکان دەکرێتەوە، بە تایبەت بۆ "مرۆڤ" کە بەدیهاتوویەکی ڕێز لێگیراوە و بە "سروشت"یش لەسەر چەندین تایبەتکاریی مەزن خولقێنراوە..

کردار و ڕەفتارەکانی ئەم مرۆڤە - کە گەلێ مەزن و گرنگن - دەبێ ڕووبەڕووی تەرازوویەکی هەستیاری سەرنەکەر و لێپرسینەوەی ورد ببنەوە و، لاپەڕەی تۆماری کردەوەکانیشی هەڵبدرێنەوە و بخرێنە ڕوو.

ئەم مرۆڤەی کە بەهۆی: ئەمانەت هەڵگرتن و، شەرەفمەندبوونی بە پلەی جێنشینی، بوو بە خاوەنی ڕێز و پایەیەکی گەلێ بلند و، ئنجا تا پلەی: پێشەوا و شایەتیدەر بەسەر بەدیهاتووانی تردا بەرز بووەوە، بەوەی کە بواری درا نوێنەری کاروباری بەندایەتی و تەسبیحاتی زۆربەی بەدیهێنراوان بێت و، لە گۆڕەپانی بەدیهاتووە زۆروزەبەندەکاندا - بە ناوی ئەوانەوە - یەکتایی خوای گەورە ڕابگەیەنێت و، کاروبارە هەمەکییەکانی پەروەردگاریتیش بە چاو ببینێت..

ئایا هیچ ژیرییەك بەوە قایل دەبێت کە "ئەم مرۆڤە" پشتگوێ بخرێت و بۆ خۆی بە ئارامی لەناو گۆڕەکەیدا بنوێت و لە خەو بێدار نەکرێتەوە و لەسەر گەورە و بچووکی کردەوەکانی پرسیاری لێ نەکرێت و، بەرەو گۆڕەپانی "حەشر" نەدرێتە بەر تا لە دادگای هەرە مەزنی ئەوێدا دادگایی بکرێت؟

نەخێر.. نەخێر.

پاشان چۆن دەگونجێ ئەم مرۆڤە بەرەو "نەمان" بڕوات و لەناو خاکدا خۆی بشارێتەوە و لە دەستی ئەو خاوەن توانستە شکۆمەندە خۆی قورتار بکات کە خاوەنی توانستێکی وەهایە هەموو ئەو ڕووداوانەی لە کاتەکانی پێشیندا ڕوویان داوە و موعجیزەی توانستی ئەون، تێکڕا دەبن بە شایەت

لەسەر هاتنەدیی ئەو ڕووداوانەش کە لەمەولا و لە کاتەکانی داهاتوودا[(١)] بە

(١) بەڵێ، ئەو "ڕابوردوو"ەی کە دەکەوێتە نێوان کاتی ئێستا و سەرەتای دروستبوونی جیهانەوە – وەك ئاشکرایە – پڕە لە چەندەها ڕووداوی جۆراوجۆر. هەموو ڕۆژێکی ئەو ڕابوردووەش کە هاتووەتە جیهانی "بوون"ەوە، وەك دێڕێك وایە و، هەموو ساڵێکیشی لاپەڕەیەکە و، گشت چەرخێکیشی کتێبێکە قەڵەمی قەدەر نووسیویەتی و نەخشەی کێشاوە و دەستی توانستیش بەوپەڕی دانایی و ڕێکوپێکی ئایەتە موعجیزە کارەکانی خۆی تێدا نووسیوەتەوە.. ئنجا "داهاتوو"یش کە هەر لە ئێستاوە تا قیامەت و بەهەشت و ئەبەدییەت درێژە دەکێشێت، یەکێکە لە شتە گونجاوەکان(الممکنات) واتە هەروەك "ڕابوردوو" بریتییە لە چەند ڕووداوێك کە بە ڕاستی و واقیعی ڕوویان داوە، "داهاتوو"یش مومکیناتن، دەگونجێ بە واقیعی ڕوو بدەن. جا ئەگەر زنجیرەی ئەم دوو کاتە بەرامبەر یەکتر ڕاگیر بکرێن، ئەوا دەردەکەوێت کە ئەو کەسەی "دوێنێ" و بەدیهاتووانی ناو دوێنێی بەدی هێنا، دەشتوانێت "سبەینێ" و بەدیهاتووانی ناو سبەینێش بەدی بهێنێت. هەروەها گومان لەوەشدا نییە کە بوونەوەران و شتانی دەراسا(خارق)ی سەردەمی "ڕابوردوو" – کە پیشانگای هەموو شتێکی سەیر و سەرسوڕهێنەرە – تێکڕا موعجیزاتی خواوەندی بەتوانای شکۆمەندن و شایەتێکی بەهێزی گومانبڕن لەسەر ئەوەی کە خوای گەورەی بە دەسەڵات دەتوانێت هەموو کاتەکانی "ئاییندە" و تێکڕای مومکیناتی ناویشی بەدی بهێنێت و گشت موعجیزات و لایەنە سەرسوڕهێنەکانی بەدیهاتووانی خۆی تێدا پیشان بدات.

بەڵێ، ئەو کەسەی بتوانێت تەنها یەك دانە "سێو" بەدی بهێنێت، دەشتوانێت هەموو سێوەکانی ناو ئەم جیهانە، تەنانەت سەرجەمی بەهاری مەزن بەدی بهێنێت، چونکە ئەو کەسەی نەتوانێت بەهار بەدی بهێنێت توانای بەسەر دروستکردنی یەك تاقە سێویشدا ناشکێت، چونکە ئەو یەك دانە سێوە لە کارگەی ئەو بەهارەدا دەچنرێت و تان و پۆ دەکرێت. کەواتە ئەو یەك دانە سێوە نموونەیەکی پوختی درەخت و باخی سێوەکەیە، بگرە نموونەی هەموو بوونەوەرانە بە گشتی. ئنجا هەر ئەو یەك دانە سێوە لە ڕووی سنعەت و وردەکاریی بەدیهاتنیشیەوە موعجیزەی سنعەتی پەروەردگارە، چونکە هەموو یەکێ لە تۆوەکانی، مێژووی ژیانی درەختەکەی ئەوی تێدا تۆمار کراوە. جا ئەو کەسەی کە بەم شێوە ناوازەیە بەدیی دەهێنێت، هەرگیزاو هەرگیز بەدیهێنانی هیچ شتێکی بەلاوە قورس و گران نییە.

هەروەك ئەمە وایە، هەر بەم جۆرەش: ئەو کەسەی "ئەمڕۆ"ی هێناوەتە بوون، دەتوانێت قیامەتیش بەدی بهێنێت.. ئەو کەسەی بەهاری بەدی هێناوە، دەتوانێت حەشریش بەدی بهێنێت.. ئەو کەسەی جیهانەکانی پێشینی خستە ڕوو وە بەوپەڕی دانایی و ڕێکوپێکی بەسەر

توانستی ئـەو، دێنـەدی و ڕوو دەدەن.. ئـەو توانسـتەی کـە هـەرچی سـاڵە "زستان" و "بەهار"ی هاوچەشنی حەشر و قیامەت دروست دەکات؟

جا مادەم مـرۆڤ لـەم دنیایـەدا بـە ئـەندازەی پێویسـت و بەو ڕادەیـەی کـە شایانیەتی ڕووبەڕووی بەرپرسیاری ناکرێتـەوە، ئـەوا - بـێ هیـچ گومـانێك - ڕۆژێك دێـت کـە تیـایدا بـەرەو دادگایـەکی هـەرە گـەورە و بەختەوەرییـەکی یەکجار مەزن بڕوات و ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی شیاوی خۆی ببێتەوە.

ڕاستیی هەشتەم

دەرگای "بەڵێن" و "هەڕەشە"

کە درەوشانەوەی ناوی: "الجميل" و "الجليل"ی خوای گەورەیە

ئایـا دەگونجـێ داهێنـەری ئـەم بوونەوەرانـە، کـە یـەکێکی خـاوەن زانـین و توانستی ڕەهایە، ئەو "بەڵێن" و "هەڕەشانە"ی خۆی نەباتە سەر کە پەیتا پـەیتا و یەك لە دوای یەك و بە تەواتور گشت پێغەمبەران - درووديـان لـەسەر بێـت - ڕایانگـەیاندووە و، سـەرجەمی صیدديـق و ئـەولیا و پیاوچاکـانیش بـە کـۆی

تەنانی زەماندا هەڵی واسین، بێ گومان هەر ئەو کەسە دەشتوانێت چەندین جیـهانی تر بخاتـە ڕوو وە بەسەر تەنافی "داهاتوو"دا هـەڵیان بواسێت، هـەروەك بـە حـەتمی و بـێ هیـچ گومـانێکیش ئـەو کارە لە واقیعدا ئەنجام دەدات..

ئێمە لە زۆربەی "وتەکان" بە تایبەت لە "وتەی بیست و دووهـەم"دا بـە چەشنێکی گومانبڕ چەسپاندمان کە: ئەو کەسەی نەتوانێت هەموو شتێك بەدی بهێنێت ناشتوانێت هیچ شتێك بەدی بهێنێت. خۆ هەر کەسێکیش بتوانێت تەنها یەك شت بـەدی بـهێنێت، دەتوانێـت هـەموو شتێکی تریش بەدیبهێنێت. بە هەمان جۆر گەر بەدیهێنانی شتان بەدەست یەك زاتـی بەدیهێنـەری تـەنیاوە بێت، ئەوا بـەدیهێنانی هـەموو شـتان بـە ئەنـدازەی بـەدیهێنـانی یـەك دانـە شـت ئاسـان دەبێـت. گەر بیشـدرێتە پـاڵ هۆکارە جۆراوجۆرەکان و بەدیهێنـەرانی زۆروزەبـەنـدە، ئـەوا ئـەو کاتـە بـە ئەنـدازەی پلـەی نەگونجـان(الإمتنـاع) و مـەحالـی، بەدیهێنـان کارێـکی سـەخـت و مـەحاڵ دەبێت. (دانەر)

دەنگ شایەتی‌یان لەسەر داوە؟.. ئایا دەگونجێ ئەو هەواڵە نەباتەسەر و، بەمەش کۆڵەواری و نەزانی دەربرێت؟

نەخێر، خوای گەورە گەلێ لەوە بەرز و پایەبڵند و مەزنترە. خۆ ئەو "بەڵێن" و "هەڕەشانە"ش کە ڕایگەیاندوون هەرگیز بۆ توانستی ئەو کارێکی سەخت و دژوار نین و، گەلێ سووك و ئاسانن و چەشنی ئاسانیی دروست کردنەوەی بوونەوەرە لە ژمارەبەدەرەکانی بەهاری پێشوو وان کە چ خودی خۆیان[1] و چ بە هاووێنەیان[2] لە بەهاری داهاتوودا سەرلەنوێ دروستیان دەکاتەوە.

ئنجا بردنەسەری ئەو بەڵێنانە هەروەك بۆ ئێمە و بۆ هەموو شتێکی تر کارێکی یەکجار پێویستە، بە هەمان جۆر خواستێکی بەتین و داواکاری‌یەکی پێویستی دەستەڵاتی پەروەردگارێتیی خۆشیەتی، بە پێچەوانەی: بێ بەڵێنی کە دژی عیززەتی توانستی ئەوە و ئاوەژووی "هەمەلایەنگیری" و "ڕەهایی"ی زانستیەتی، چونکە "بێ بەڵێنی" ئەنجامی بێ دەستەڵاتی و نەزانی و کۆڵەواری‌یە!

دەسا ئەی مرۆڤی ملنەدەری سەرسەخت!

ئایا دەزانیت بەم کافری و ئینکاری کردنەت ڕادەی نەفامی و مەودای مەزنیی تاوانەکەت دەگاتە چ ئاستێك؟

ئەوەتا تۆ دەچیت باوەڕ بە وەهمە درۆینە و، عەقڵە وڕێنەکار و دەروونە هەڵخەڵەتێنەرەکەی خۆت دەکەیت و بە ڕاستیان دادەنێیت، کەچی - لە هەمان کاتدا - کەسێك بە درۆ دەخەیتەوە کە هەرگیز ناچاری "بەڵێن شکێنی" نی‌یە و ڕەفتاری پێچەوانەی بەڵێنی خۆی ناکات، تەنانەت ئەو کارە

---

(١) وەك: ڕەگ و بنجی گیا و درەختەکان. (دانەر)

(٢) وەك: گەڵا و بەروبوومەکان. (دانەر)

هەر شایانی عیززەت و مەزنیی ئەویش نی‌یە و، هەموو شتێكی ناو بوونەوەر و گشت ئەو شتانەش كە بە چاو دەبینرێن تێكڕا شایەتی لەسەر: ڕاستی و "ئەحەققییەتی" ئەو دەدەن؟!

كەواتە تۆ لەگەڵ ئەم بچووكی‌یەی خۆتدا تاوانێكی یەكجار گەورەی بێ كۆتایی دەخەیتە ئەستۆی خۆتەوە و، بەم ڕەفتارەیشت - بێ گومان - خۆت شایانی تۆڵەیەكی گەلێ مەزن و سزایەكی هەمیشەیی دەكەیت.

بۆ مەبەستی لێكدانەوە و دەركەوتنی گەورەیی تاوانی مرۆڤی كافر، لە فەرموودەی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە كە: "خرێ"ی هەندێ كەسانی ناو دۆزەخ بە ئەندازەی چیایەكی مەزن دەبێت[١].

تۆ، لەم هەڵوێستەتدا، وەك ئەو ڕێبوارە نەفامە وایت كە چاوی خۆی لە ئاستی ڕووناكیی خۆردا دەنووقێنێ و، شوێن ئەندێشەی خۆی دەكەوێت و، دەیەوێت لە بریی ئەو ڕووناكی‌یەی كە چاوی لە ئاستدا نووقاند، ئەو ڕێ ترسناكەی بەردەمی بەو تروسكە كزەی عەقڵی خۆی ڕووناك بكاتەوە، كە چەشنی تروسكایی گوڵەستێرەكان وایە لە شەوی تاریكدا.

كەواتە، مادەم خوای گەورە بەڵێنی داوە و.. ئەم گشت بوونەوەرانەش وشەی ڕاست و حەقیانەتی ئەون و.. ئەم هەموو ڕووداوانەی جیهانیش چەند نیشانە و بەڵگەیەكی ڕاستگۆی ئەون..

ئەوا بە حەتمی بەڵێنەكەی دەباتە سەر و، دەرگای دادگایەكی یەكجار گەورە دەكاتەوە و، بەختەوەری‌یەكی تەواو مەزنیش بە بەندەكانی خۆی دەبەخشێت.

---

(١) عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ: "إنّ ضرس الكافر، أو ناب الكافر مثل أُحُد، وغلظ جلده مسيرة ثلاث".
رواه مسلم (٢١٨٩/٤) والترمذي – صفة جهنم. (وەرگێڕ)

ڕاستیی نۆهەم
دەرگای: "ژیاندن" و "مراندن"
کە درەوشانەوەی ناوی: "الحي القيّوم" و "المحيي" و "المميت"ی خوای گەورەیە

ئایا دەگونجێ ئەو کەسەی کە بە ژیاندنەوەی ئەم زەوی‌یە زەبەلاحە لە پاش مردنی و، بە زینـدوو کردنـەوەی پـتر لـە سێ سـەد هـەزار بەدیـهێنراوانی جۆراوجـۆر "توانسـت"ی خـۆی دەرخسـتووە، لـە کـاتێکدا کـە زینـدوو کردنەوەی هەموو یەکێ لەو جۆرانە بە ئـەندازەی زینـدوو کردنـەوەی گـرۆی مرۆڤ مایەی سەرسووڕمانە..

ئەو کەسەی کە یەك بە یەکی بوونەوەرانی لـەناو ئـەو تێکـەڵی و پێکـەڵی و ئاڵۆزکاوی‌یەدا لێك جیا کردووەتەوە و، بەمەش "هەمەلایەنگیریی زانست"ی خۆی ئاشکرا کردووە..

ئەو کەسەی کە بەهۆی ئـەو بەڵێنانـەی سـەبارەت بـە هێنانـەدیی حەشر لـە فەرمانـە ئاسمانی‌یـەکانیدا ڕایگـەیاندووە، سـەرنجی بـەندەکانی خـۆی بـۆ: "بەختەوەریی هەمیشەیی" ڕاکێشاوە..

ئەو کەسەی کە هەموو بوونـەوەرانی وەك هـاوڕێ و هاوشـانی یـەکتر لـێ کردووە و، لە چوارچێوەی فەرمان و ویستی خۆیدا بـەڕێوەی بردوون و یـەك بـە یـەکی ئـەوانی ژێربـار خسـتووە و گوێڕایـەڵ و ڕامـی کـردوون و لـە یارمـەتیدان و هاوکـاریی یـەکتریدا هـەڵی سـووڕاندوون و، بـەم کـارەش: "مەزنیی پەروەردگاریتی"ی خۆی دەرخستووە..

ئـەو کەسـەی بایـەخێکی تـەواو گرنگی بـە گـرۆی مـرۆڤ داوە و، لـەم پێناوەشدا هەموو بەروبوومەکانی درەختی بوونەوەرانی لە مرۆڤدا بـە خەستی

کـۆ کردووەتـەوە و، بـەم پێیـە مرۆڤـی کـردووە بــە ناسـك و نیانـترین و نـازدارترینی بـەرەکانی ئـەو درەختـە نـاوبراوە و، لـە هـەموو بوونـەوەرانی تـر دوعای پتر گیرا دەکات و، گشت شتێکی بـۆ ژێربـار دەخـات و، دەیکـات بـە گفتوگۆ لەگەڵ کراوی خۆی..

ئایا دەگونجێ کەسێکی بەتوانا و، میهرەبان و، زانـا و، دانـای وا، کـە گرنگی‌یەکی ئاوەهای بەم مرۆڤە داوە، قیامەت نەهێنێتەکایەوە و حەشر بـەدی نەهێنێت و مرۆڤ زیندوو نەکاتەوە؟ یان لە توانایدا نەبێت؟ یاخود بەرامبەر بە کردنــەوەی دەرگاکــانی دادگــای هەرەمــەزن و بەدیــهێنانی بەهەشـــت و دۆزەخەوە دەستەوسان و کۆڵەوار بێت؟.. نەخێر.. هەرگیز وا نی‌یە..

بەڵێ، ئەو پەروەردگارەی کە کاروباری ئەم جیهانەی بە دەستە، هـەر لـەم سەرزەوی‌یە کاتی و تەسکەدا، هەموو چەرخێك و هەموو ساڵێك و تەنانـەت گشت ڕۆژێك، چەندەها نموونە و وێنە و ئاماژەی حەشر دروست دەکات..

بۆ نموونـە: لـە چـەند ڕۆژێکـی حەشـری بەهاردا پـتر لـە سێ سـەد هـەزار جۆری گەورە و درشـتی ڕووەك و زینـدەوەران حەشـر دەکات و زینـدوویان دەکاتەوە و.. ژیـان بە ڕەگ و بنجی درەخـت و گژوگیاکـان دەبەخشێتەوە و.. خـودی هــەندێ زینــدەوەر و هاووێنــەی هــەندێکی تریــان دەژیێنێتــەوە و دەیانهێنێتەوە بۆ بەهاری نوێ..

ئنجا هەرچەندەش جیاوازی‌یە ماددی‌یـەکانی نێـوان تۆوە هـەرە وردیلـە و بچووکەکان تابلێی هەندەکی و لاوەکی و کـەمن، کـەچی بەوپـەڕی وردی و لێك جیا کردنەوە، یەك بە یەکیان زیندوو دەکرێنەوە و، بـەوپەڕی خێـرایی و لـە مـاوەی شــەش ڕۆژ یــان شــەش حـەفتـەدا لــە یـەکتر جـودا دەبنـەوە و بەرجەسـتە دەبن. هـەمـوو ئـەم کارانـەش لەوپـەڕی ئاسـانی و زۆریـدا و، بە ڕێکوپێکیــی تــەواو و، تــەرازووی وردی ســەرنەکەر ئــەنجام دەدرێــن، هەرچەندەش ئەو تۆوانە تێکەڵی یەکتری بوون.

ئایا ئەو کەسەی کە ئەم کارانە ئەنجام دەدات، هیچ شتێکی بەلاوە گران دەبێت؟ یان ئایا لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی لە ماوەی شەش ڕۆژدا دەستەوسان دەمێنێت؟.. ئایا ناتوانێت بە تەنها یەك "بانگ" سەرجەمی گرۆی مرۆڤ حەشر بکات و کۆیان بکاتەوە؟ حاشا.. چۆن ناتوانێت!

ئایا ئەگەر نووسەرێکی دەراسا(خارق)ی بێ وێنە ببێت و، لە ماوەی تەنها یەك سەعاتدا - بێ تێکەڵ کردن و لێ تێکچوون و ناتەواوی - لەسەر یەك لاپەڕەدا و بەوپەڕی جوانی، سێ سەد هەزار کتێب بنووسێتەوە کە هەموو پیتەکانی سڕرابنەوە و کوژێنرابنەوە و، ئنجا پێت بوترێت: "ئەم نووسەرەی کە خاوەنی توانا و لێهاتنێکی ئاوەهایە، دەتوانێت لە ماوەی یەك خولەکدا و بە: "لەبەر بوون" سەرجەمی کتێبەکەی تۆ بنووسێتەوە کە دانراوی خۆیەتی و ئێستا کەوتووەتە ناو ئاوەوە و پیتەکانی کوژاونەتەوە".. ئایا دەتوانیت بڵێیت: "ناتوانێت.. باوەڕ ناکەم"؟!

یان گەر پادشایەکی موعجیزەکاری ئەوتۆ هەبێت کە لە پێناوی دەرخستنی توانای خۆیدا بۆ خەڵکی و بەڵگەهێنانەوە لەسەر ئەو توانایەی لە پێش‌چاوی ئەواندا، بە تەنها یەك ئاماژەی خۆی، چیا لەبن بهێنێت و، چەندەها شار بە تەواوەتی بگۆڕێت و، دەریاکان بکات بە وشکایی.. هەر لە دەماودەمی ئەو کاتانەی کە ئەم کارانەی لێ دەبینرا، تاشە بەردێکی زەبەلاح بەرەو شیوێك تلێر بووەوە و ڕێی لە میوانەکانی ئەو پادشایە گرت و، ئنجا پێت وترا: "بێ هیچ گومانێك، پادشا ئەو بەردە زەبەلاحە لەسەر ئەو ڕێیە لادەبات و، هەرچەندەش گەورە بێت پادشا هیچ باکی نییە وردوخاشی دەکات و نایەڵێت ڕێ لە میوانەکانی بگیرێت"..

ئایا وەڵامەکەت چەندە بە ورێنە و شێتی دادەنرێت گەر بڵێیت: "نەخێر، ناتوانێت کاری وا بکات"؟!

یان ئەگەر سەرکردەیەك ببێت و بتوانێت لە ماوەی یەك ڕۆژدا سەر لەنوێ یەك بەیەکی سوپاکەی کۆبکاتەوە کە هەر خۆی یەکەم جار پێکیهێنابوون و، پێت وترا: "ئەم سەرکردەیە تەنها بە فووپیاکردنێکی شەیپووری سەربازی دەتوانێت یەك بە یەکی سەربازەکانی ئەو هێزانە و سەرجەمی ئەوانەی بڵاو بوونەتەوە و تەسریح کراون، لە ژێر ئاڵاکەی خۆیدا کۆ بکاتەوە" و، تۆیش لە وەڵامدا وتت: "نا.. باوەڕناکەم"؟ ئایا هێشتا تێناگەیت کە وەڵامەکەت ڕەفتارێکی چەندە شێتانە دەردەخات؟!

ئەگەر لەم سێ نموونەیەی پێشوو تێگەیشتوویت، ئەوا فەرموو بیر لە: "بەدیهێنەری نەخشەکێشی مەزن" بکەرەوە کە هەر لە پێش چاوی خۆماندا، بە شێوە و وێنەیەکی تابلۆیی جوان و تەواو، زیاتر لە سێ سەد هەزار جۆری زیندەوەر بە قەڵەمی: "توانست" و "قەدەر"ی خۆی لەسەر لاپەڕەی زەویدا دەنووسێت و، لاپەڕە سپییەکەی زستان دەگۆڕێت بە گەڵا دەم پشکوتووەکانی بەهار و هاوین و، هەموو ئەمانە لەگەڵ یەکتریدا تێهەڵکێش دەکات بێ ئەوەی ئاوێتەی یەکتر ببن و، پێکەوە دەیانووسێت بێ ئەوەی پاڵنان و ئاڵۆزی و لێ تێکچوون و شپرزی لە هیچیاندا ڕوو بدات و، ئنجا هەرچەندەش لە شکڵ و شێوە و پێکهاتندا لە یەکتر جیاوازن، کەچی هیچ کام لەوانە بە هەڵە نانووسێت.. جا ئایا دەگونجێ سەبارەت بەم "پارێزگار" و "دانا"یەی کە پلان و بەرنامەی "گیان"ی درەختێکی زەبەلاحی لە تۆوە هەرە بچکۆلەکەیدا داناوە و لەوێدا دەیپارێزێت، بوترێت: چۆن دەتوانێت پارێزگاریی "گیان"ی مردووان بکات؟..

یان ئایا دەگونجێ سەبارەت بەو خواوەندە بەتوانا و شکۆمەندەی کە بە خێراییەکی یەکجار زۆر گۆی زەوی لە سووڕی ساڵانەیدا دەخاتەگەڕ، بوترێت: چۆن دەتوانێت زەوی لەسەر ڕێی قیامەت لابدات؟ یان چۆن دەیڕووخێنێت؟!

یـان ئایـا سـەبارەت بـەو خـواوەنـدە شـکۆمەند و خـاوەن کـەرەمـەی کـە لـە نەبوونـەوە بـە فـەرمانی: "کـن.. فیکـون" گەردیلـەکانی لـەناو جەسـتەی سەربازانی زیندەوەراندا بەدی هێنـاوە و ڕێکی‌خستوون و، چەندەها سوپای گەورەی لـێ پێکهێناون، بوترێ: چۆن دەتوانێت تەنها بە یەك هـاوار لێکـردن ئەو گەردیلە بناغەییانەی کە زووتر ئاشنایيان لەگەڵ یەکتریدا بووە و، ئەو بەشە سەرەکی‌یانەش کە پێشتر لە ژێر ئـاڵا و ڕێسـای لەشکری جەستەی ئەو زیندەوەرەدا بوون، سەر لەنوێ کۆ بکاتەوە؟!

ئەوەتا هەر بە چاوی خۆت چەندەها نموونەی چەشنی نموونەکانی حەشری بەهار دەبینیت کە لە هەموو وەرزێك و گشت چەرخێکدا بەدیهێنـەری مـەزن بەدی‌یان دەهێنێت. تەنـانـەت لە ئـاڵو گۆڕبـوونی شـەو و ڕۆژ و، پێکـهێنان و نەهێشتنی پەڵە هەورەکانی ڕووی ئاسماندا، چەندین نیشـانە و نموونـەی حەشـر بە چاوی خۆت دەبینیت.

گەر – بۆ نموونە – خۆت وا دابنێیت کە لە هەزار ساڵ پێش ئێسـتادایت و، هـەردوو بـاڵی "ڕابوردوو" و "داهـاتوو" بەرامبـەر یـەك ڕابگریـت، ئـەوا بـە ئەندازەی ژمارەی چـەرخ و ڕۆژەکـانی هـەردوو زەمانەکە نموونـەی حەشـر و قیامەت دەبینیت!

خۆ ئەگەر دوای ئەوەی کە ئەم هەموو نموونە زۆر و زەبەندانـەی حەشـرت بە چاو بینی و، هێشتا حەشری جیسمانی و زیندوو کردنـەوەی جەستەکانت لە عەقڵەوە بە دوور زانی، ئەوا هەر خۆیشت ڕادەی نەفامیی ئـەو کەسـەت بۆ دەردەکەوێت کە ئینکاریی حەشر دەکات!!

سەرنج بدە و بزانە دەستووری هەرە مـەزنی خـوای گـەورە سـەبارەت بـەم ڕاستی‌یە چی دەفەرموێت:

﴿فانظرْ إلى آثارِ رحمتِ الله كيفَ يُحي الأرضَ بعدَ مَوتِها إنّ ذلـك لمُحـي الموتى وهو على كلّ شيءٍ قدير﴾ (الروم: ٥٠).

پوختەی ئەم قسانە:

هیچ شتێك نی‌یە ڕێ لە هاتنەدیی حەشر بگرێت، بەڵكو هەموو شتێك داواكار و داخوازی هاتنەدیی حەشرە.

بەڵێ، ئەو كەسەی كە وا ئەم "زەوی"یە زەبەلاحە - كە پیشانگای شتە سەرسوورِهێنەرەكانە - بە چەشنی زیندوو كردنەوەی هەر گیانداریك زیندوو دەكاتەوە و دەیشی مرێنێت و، وەك لانكێكی حەوێنەر و كەشتی‌یەكی جوانی ڕازاوەی لێ كردووە بۆ مرۆڤ و زیندەوەرانی تر و.. "خۆر"یشی لەم میوانخانەیەدا كردووە بە چرا و ئاگردانی میوانەكانی و.. "هەسارە" گەڕۆكەكان و "ئەستێرە" پرشنگدارەكانیش بە فڕۆكەی مەلائیكەتەكانی..

"پەروەردگاریتیی" مەزنی تا ئەم ڕادەیە و، "فەرمانڕەوایی" هەمەلایەنگیری گەورەی تا ئەم پلەیە، تەنها بەم شتە دنیاییە فانی و لاواز و بەخورەم و بێ نرخ و بگۆڕانەوە گیر نابن و، دەبێ خانەیەكی تری هەتاهەتایی و، مەزن و، گەورە و، نەگۆڕ هەبێت كە شایانی ئەو "پەروەردگاریتی"یە مەزن و "فەرمانڕەوایەتی"یە هەمەلایەنگیرەی ئەو بێت و، بۆ مەبەستی شاد بوون و بەهرەوەر بوونمان بەو خانە و لانانەی ئەوێ، وا هەمیشە بۆ هەوڵدان و تەقالای بەردەوام هانمان دەدات و دەعوەتمان دەكات و بۆ ئەوێمان دەبات.

ئنجا هەموو ئەو كەسانەی كە خاوەنی ڕۆحی ڕوون و، جەمسەری دڵانی ڕووناكن و، دارای ژیریی ڕۆشنایی بەخشن و، ڕووی ڕواڵەتیی ڕاستی‌یان دیواودەر كردووە و بەرەو ناوجەرگەی حەقیقەت ڕۆشتوون و، شەرەفمەندی: "لەخوا نزیكی" بوون..

هەموو ئەوانە، شایەتی لەسەر ئەو ڕاستی‌یەی سەرەوە دەدەن و، بە یەكدەنگ پێمان ڕادەگەیەنن كە خوای گەورە پاداشت و سزای ئامادە كردووە و، بەڵێنی بێگومان و هەڕەشەی ڕاستەقینەی تەواوەتیشی ڕاگەیاندووە..

خۆ "بەڵێن شکاندن" هەرگیز توخنی شکۆمەندیی خاوێنی ئەو ناکەوێت، چونکە کاری وا، سووکایەتی و خۆ زەلیل کردن دەگەیەنێت.

ئنجا "نەبردنە سەری هەڕەشە"یش یان لە چاوپۆشی‌یەوە دەبێت یان لە کۆڵەواری‌یەوە. سەبارەت بە یەکەمیان ئەوا وەك ئاشکرایە "کافرێتی" تاوانێکی ئەوەندە ڕەهایە[1] کە شایانی لێخۆشبوون و چاوپۆشی نی‌یە. سەبارەت بە دووهەمیشیان ئەوا ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو خواوەندەی خاوەنی "توانستی ڕەها"یە، گەلێ خاوێن و دوورە لە کۆڵەواری و بێ دەستەڵاتی.

پاشان هەواڵدەران و شایەتی‌دەرانیش، هەرچەند ڕێباز و مەشرەبیان لە یەکتری جیایە، کەچی بە تەواوەتی لەسەر بناغەکانی ئەم مەسەلەیە یەکیان گرتووە. ئەو هەواڵدەر و شایەتی‌دەرانە:

لە ڕووی چەندایەتی‌یەوە: ئەوەندە زۆر و زەبەندەن کە گەیشتوونەتە پلەی "تەواتور" و..

لە ڕووی چۆنایەتی‌یەوە: دارای پلەی کۆدەنگی(الإجماع)ن و..

---

(١) بەڵێ، "کافرێتی" سووکایەتی پێ کردن و بێ نرخ زانینی بوونەوەرانە بە گشتی، چونکە "کوفر" بوونەوەران بە: "بێ مەبەستی" و "بێ سوودی" تۆمەتبار دەکات و، لە هەمان کاتیشدا ناوە جوانەکانی خوای گەورە بەدرۆ دەخاتەوە، لەبەر ئەوەی کە "کوفر" ئینکاریی درەوشانەوەی ئەو ناوانە دەکات کە لەناو ئاوێنەی بوونەوەراندان و، بەدرۆخستنەوەی هەموو بوونەوەرانیشە، ئەوەتا شایەتیدانی ئەوان لەسەر "وەحدانییەت" وەرناگرێت. لەبەر ئەمانە، "کافرێتی" هەموو هێزە مەعنەویەکانی مرۆڤ و گشت لێهاتنەکانی تێکدەدات، بە ڕادەیەك کە توانای وەرگرتنی خێر و چاکەی لێ دادەماڵێت. کەواتە "کوفر" تاوانێکی گەلێ گەورەیە و، دەستدرێژی کردنە بۆ سەر مافی هەموو بوونەوەران و سەرجەمی ناوە جوانەکانی خوای گەورە. لەبەر ئەوە و، لەبەر پاراستنی ئەو مافانە و، بە بۆنەی وەرنەگرتنی خێر لە لایەن دەروونی مرۆڤی کافرەوە، "کافرێتی" داخوازی بێ‌بەش بوونە لە "چاوپۆشی و لێخۆشبوون" وەك ئایەتی: ﴿إنّ الشركَ لظلمٌ عظيم﴾ (لقمان:١٣) ئەم واتایە ڕادە گەیەنێت. (دانەر)

لـە ڕووی پلـە و پایەشیانەوە: ئەستێرە و ڕێ پیشـاندەر و ڕابـەر و ئـازیز و بینایی چاوی گرۆی مرۆڤایەتین و..

لە ڕووی گرنگیشەوە: ئەوان لەم مەسەلانەدا "پسپۆڕی بابەت" و "بـەرەی چەسپێنەر"ن. خۆ وەك ئاشکرایە بڕیاری دوو کەسی "پسپۆڕ"ی زانستێك یان سنعەت و پیشەیەك، بەسەر بڕیاری هەزارانی غەیری ئەواندا پێش دەخرێـت و.. لە هەواڵ و گێڕانـەوەی ڕیوایەتیشـدا قسـەی دوو کەسـی "چەسـپێنەر" بەسـەر قسەی هەزاران کەسی نەفی کـەردا سـەر دەخرێـت، وەك: چەسپاندنی بینینی مانگی یەك شەوەی ڕەمەزان کە گوێ لـە دوو کەسی چەسپێنەر دەگیرێت و قسەی هەزاران نەفیکەر پشتگوێ دەخرێت.

کەواتـە:

لـە هـەموو جیهـاندا، هـەواڵـی لـەمـە ڕاسـتر و، کێشـەی لەمە حـەقتر و، ڕاستی‌یەکی لەمە ڕوون و ئاشکراتر نی‌یە!

دنیا کێڵگەیە و..

حەشر خەرمانە و..

بەهەشت و دۆزەخیش گەنجینەی داهاتەکانی ئەو کێڵگە و خەرمانەن.

ڕاستیی دەهەم

دەرگای: "دانایی" و "چاودێری" و "میهرەبانی" و "دادگەری"

کە درەوشانەوەی ناوی: "الحکیم" و "الکریم" و "العادل" و "الرحیم"ی خوای گەورەیە

ئایا دەگونجێ ئەو "خاوەن موڵکە شکۆمەندە"ی کە لەم میوانخانە فانی‌یـەی دنیادا و، لەم کۆڕی تاقیکردنەوە هەمیشە بەرەو نەمان چـووە و، لـەم پیشـانگا هەردەم گۆڕاوەی زەویدا، بەم ئەندازەیـەی بـەرچاومان شـوێنەواری "دانـایی"

ڕوون و.. تا ئەم مەودایەش شوێنکاری "چاودێری"ی ئاشکرا و.. تا ئەم پلەیە ئاسەواری "دادگەری"ی زاڵ و.. بەم ڕادەیەش جێ دەستەکانی "میهرەبانی"ی فراوانی خۆی دەرخستبێت.. پاشان لە جیهانی "مولك"و "مەلەکووت"ی خۆیدا چەندین خانە و لانەی بەردەوام و دانیشتووانی نەمر و پلەوپایەی هەمیشەیی و بوونەوەرانی هەتاهەتایی نەبێت و، بەم پێیە سەرجەمی ئەو حەقیقەتە ئاشکرایانەی ئەم: "دانایی" و "چاودێری" و "دادگەری" و "میهرەبانی"یە بە خۆڕایی و هەڕەمەکی بڕۆن و بدرێن بە بادا؟

یان ئایا دەچێتە عەقڵەوە ئەو "دانا شکۆمەندە"ی کە لە نێوان هەموو بەدیهێنراوانیدا مرۆڤی هەڵبژاردووە و، کردوویەتی بە گفتوگۆلەگەڵکراوی هەمەکیی خۆی و ئاوێنەی دەرخەر و پیشاندەری ناوە جوانەکانی و، نرخ شناس و قەدرزان و تام چێژی ئەو سەرچاوانەی کە لە گەنجینەکانی میهرەبانیی ئەودان.. ئەو کەسەی کە لە ڕێی هەموو ناوە جوانەکانیەوە زاتی مەزنی خۆی بە مرۆڤ ناساندووە و خۆشی ویستووە و خۆیشی لای ئەو خۆشەویست کردووە.. ئایا دوای هەموو ئەمانە، دەچێتە عەقڵی هیچ مرۆڤێکی ژیرەوە کە ئەو خواوەندە "دانا"یە ئەم مرۆڤە هەژارە بۆ ئەو وڵاتە هەمیشەییەی خۆی نەنێرێت و، دوای دەعوەت کردنی بۆ خانەی ئەوێی، بەختەوەریی هەتاهەتایی پێ نەبەخشێت؟

یان ئایا دەچێتە عەقڵەوە کە هەموو بوونەوەرێك - با "تۆو"ێکیش بێت - بە ئەندازەی درەختێك "کار و فرمان"ی بخرێتە ئەستۆ و، بە قەدەر ژمارەی گوڵەکانیشی "دانست"ی تێدا ڕەچاو بکرێت و، بە ئەندازەی بەروبوومەکانیشی سوود و "بەرژەوەندی"ی پێدا هەڵبواسرێت، پاشان ئامانج و مەبەستی "بوون"ی ئەو گشت "کار و فرمان و، حیکمەت و، بەرژەوەندی‌یانە" تەنها ئەو بەشە کەمە جوزئی‌یە ڕووەو دنیا ئاراستە کراوە

بێت كه هێشتا به ئه‌ندازه‌ی كێشی گه‌ردیله‌یه‌كیش دارای بایه‌خ و گرنگی نی‌یه؟

واته ئامانجی "بوون"ی ته‌نها ئه‌م دنیایه بێت و، ئه‌و كار و فرمان و، حیكمه‌ت و، به‌رژه‌وه‌ندی‌یانه نه‌كرێن به چه‌ند تۆوێك بۆ جیهانی مه‌عنا و كێڵگه‌ی جیهانی دواڕۆژ تاكو ئامانجه ڕاسته‌قینه‌كانیان له‌وێ به‌رهه‌م بهێنن؟

یان ئایا ده‌چێته عه‌قڵه‌وه كه ئه‌م هه‌موو فیستڤاڵه ڕه‌نگین و ئاهه‌نگه مه‌زنانه‌ی لێره‌دا ساز ده‌كرێن، له ئه‌نجامدا به هه‌ڕه‌مه‌كی و بێ‌ئامانج و بێ ناوه‌رۆك و بێ دانایی بڕۆن و له‌ناو بچن؟! ئایا ده‌چێته عه‌قڵه‌وه كه هه‌موو ئه‌وانه بۆ مه‌به‌ستی ده‌ركه‌وتنی ئامانجه ئه‌سڵی‌یه‌كانیان و به‌روبوومه شایسته‌كانیان به‌ره‌و جیهانی مه‌عنا و دواڕۆژ ئاراسته نه‌كرێن؟!

به‌ڵێ.. ئایا ده‌گونجێ هه‌موو ئه‌وانه به پێچه‌وانه‌ی حه‌قیقه‌ت و دژی وه‌سفه پیرۆز و ناوه جوانه‌كانی: "الحكیم" و "الكریم" و "العادل" و "الرحیم"ی خوای گه‌وره ده‌ربكه‌ون؟.. نه‌خێر.. نه‌خێر..

یان ئایا ده‌گونجێ خواوه‌ندی مه‌زن هه‌موو ئه‌و حه‌قیقه‌تانه‌ی گشت بوونه‌وه‌ران به درۆ بخاته‌وه كه به‌ڵگه‌ی وه‌سفه خاوێنه‌كانی: "دانایی و، دادگه‌ری و، به‌خشنده‌یی و، میهره‌بانی"ی ئه‌ون و، شایه‌تیی گشت بوونه‌وه‌ران وه‌رنه‌گرێت و، به‌ڵگه‌كانی هه‌موو به‌دیهێنراوان و دروستكراوان به‌تاڵ بكاته‌وه؟!.. نه‌خێر.. نه‌خێر..

یان ئایا ده‌چێته عه‌قڵه‌وه ئه‌و خواوه‌نده مه‌زنه، ته‌نها پاداشتێكی كه‌می دنیایی به ئه‌ندازه‌ی تاڵه موویه‌ك به مرۆڤ ببه‌خشێت، له كاتێكدا كه به ئه‌ندازه‌ی هه‌موو تاڵه مووه‌كانی سه‌ری كار و ئه‌ركی پێ سپاردووه؟ ئایا ده‌گونجێ ئه‌و خواوه‌نده كارێكی ئاوا پووچی بێ ناوه‌رۆك و دژی عه‌داله‌ت و حیكمه‌تی ڕاسته‌قینه‌ی خۆی بكات؟.. نه‌خێر.. نه‌خێر..

یان ئایا دەگونجێ ئەو خواوەندە گەورەیە بە ئەندازەی ژمارەی بەری هەموو درەختێك "دانایی" و "بەرژەوەندی" بە هەموو زیندەوەرێك، بەڵكو بە هەموو ئەندامێكی ئەو زیندەوەرە - بۆ نموونە: وەك زمانی- تەنانەت بە گشت بەدیهاتوویەكی خۆی، ببەخشێت و بەمەش "دانایی ڕەها"ی خۆی دەربخات.. پاشان هەر ئەو خواوەندە دانایە، مانەوە و، هەتاهەتایەتی و، بەختەوەریی هەمیشەیی، بە مرۆڤ نەبەخشێت كە مەزنترین "دانایی" و گرنگترین "بەرژەوەندی" و پێویستترین "ئەنجامە" و.. واز لە بەخشینی: "مانەوە" و "بەیەك شادبوون"و "بەختەوەریی هەمیشەیی" بهێنێت كە هەر ئەوانەن - لە ڕاستیدا - داناییان كردووە بە دانایی و نیعمەت بە نیعمەت و میهرەبانیش بە میهرەبانی؟ تەنانەت هەر تەنها ئەوانەن كە سەرچاوەی هەموو دانایی و نیعمەت و میهرەبانی‌یەكن؟

ئایا دەگونجێ دەستیان لێ هەڵبگرێت و وازیان لێ بهێنێت تا بەرەو دۆڵی بێ مەبەستی و بەربادیی ڕەها بڕۆن و، خۆیشی - خوا نەخواستە - بخاتە هەڵوێستی ئەو كەسەوە كە باڵەخانەیەكی مەزن بنیات بنێت و، هەزاران نەخش و نیگاری ڕەنگین لە هەموو بەردێكیدا بنەخشێنێت و، لە یەك بە یەكی گۆشەكانی كۆشكەكەیشیدا هەزاران ئامرازی ئارایشتدان و جوانكاری و، لە گشت ژوورێكیدا هەزاران شتی گرانبەها و پێداویستی دابنێت.. پاشان سەربان و میچێكی بۆ دروست نەكات كە لە هەموو مەترسی‌یەكی چەشنی: ڕووخان و تێكچوون بیپارێزێت؟!..

نەخێر.. نەخێر..

چونكە "خێر" تەنها لە "خێری ڕەها" و "جوانی"ش تەنها لە "خاوەن جوانیی ڕەها"وە پەیدا دەبن و، هەرگیزاو هەرگیز كاری گاڵتەجاڕی و بێ مەبەستی لە خواوەندی خاوەنی "دانایی ڕەها" ناوەشێتەوە.

بەڵێ، هەر کەسێ بە مێژوودا بچێتەوە و بە ئەندێشەی خۆی بۆ سەردەمەکانی ڕابوردوو بڕوات، ئەوا بە ژمارەی هەموو ئەو ساڵانەی بە سەریاندا تێدەپەڕێت، مەنزڵ و، پیشانگا و، گۆڕەپان و، جیهان دەبینێت، کە وەك ئەم دنیایە و چەشنی مەیدانی تاقیکردنەوە و پیشانگای شتانی ئەم سەردەمە وان.. دەبینێت کە مردن هەر هەموویانی بەسەرکردووەتەوە. هەروەها سەرنج دەدات کە هەرچەندەش جۆر و شێوەی یەك بە یەکی ئەوانە لە یەکتر جیاوازە، کەچی لە: ڕێکوپێکی و، داهێنان و، دەرخستنی توانا و دانایی بەدیهێنەریاندا، تێکڕا لە یەك دەچن..

هەروەها ئەو کەسە - گەر بینایی دڵی لەدەست نەدابێت - ئەوەندە ڕێسای ڕوونی "دانایی" و، ئاماژەی ئاشکرای "چاودێری" و، نیشانەی زەق و زاڵی "دادگەری" و، بەرهەمی فراوانی "میهرەبانی" لەو مەنزڵە ئاڵوگۆڕبوانەدا دەبینێت کە وای لێ دەکەن بە دڵنیاییەوە پەی بەوەی بەرێت کە: هەرگیز ناگونجێ داناییەك هەبێت لەو "دانایی"یەی کە لەو مەنزڵگایانەدا دەبینرێت کامڵتر بێت و.. "چاودێری"یەك ببێت لەچاو ئەوەی کە ئاسەواری ئاشکرایە جوانتر بێت و.. "دادگەری"یەکی مەزنتر هەبێت لەوەی کە نیشانەکانی ڕوون و لە بەرچاودان و.. "میهرەبانی"یەکیش ببێت فراوانتر بێت لەمەی کە بەروبوومەکانی بە ئاشکرا دەبینرێن!

خۆ ئەگەر گریمانی مەحاڵ بکرێت و وا دابنرێت ئەو پادشا هەمیشەییەی کە ئەم کاروبارانە بەڕێوە دەبات و بەردەوام ئەو میوان و میوانخانانە دەگۆڕێت، جێ و ڕێ و مەنزڵگای بەرزی مانەوە و هەمیشەیی و.. پلە و پایەی نەگۆڕ و.. خانە و لانەی بەردەوام و.. ڕەعیەتی هەتاهەتایی و.. بەندەی بەختەوەری نیشتەجێی ئەو وڵاتە هەمیشەییەی خۆی نەبێت، ئەوا دەبێ - لەو کاتەدا - ئینکاریی بوونی ئاشکرا و لەبەرچاوی ئەو چوار ڕاستی‌یەی: "دانایی و، دادگەری و، چاودێری و، میهرەبانی" بکرێت کە چەند توخمێکی

بەهێزی هەمەلایەن گرن و، وەك توخمەكانی: ڕووناكی و هەوا و خاك و ئاو، ڕوون و ئاشكران. چونكە - وەك زانراوە - ئەم دنیایە و هەرچییەكی تێدایە هێشتا بەشی ئەوە ناكات كە بە تەواوی ئەو ڕاستییانەی تێدا دەربكەون.

كەواتە، گەر لە شوێنێكی تردا شتانێك نەبن شایستەی دەركەوتنی ئەو ڕاستییانە بن، ئەوا دەبێ بە هەڵوێستێكی شێتانەی چەشنی ئەو كەسەی ئینكاریی "خۆر"ی ناوجەرگەی ئاسمان دەكات، ئێمەش ئینكاریی ئەو "دانایی"یە بكەین كە لە هەموو شتێكی بەردەمماندا هەیە و.. سەرپێچی لەو "چاودێری"یە دەربڕین كە لە خۆمان و زۆربەی شتانی دەوروبەرماندا دەیانبینین و.. دان بەو "دادگەری"یە مەزنەدا نەنێین كە نیشانەكانی گەلێ ئاشكران[1] و.. ئینكاریی ئەو "میهرەبانی"یەش بكەین كە لە گشت جێیەكدا دەیبینین. هەروەها دەبێ ئەو هەموو كار ڕاییكردنە پڕ لە "دانایی" و ئیش و كارە بە "كەرەم" و نیعمەتە "میهرەبانی بەخشانە"ی بەچاو دەیانبینین -

(١) بەڵێ، "دادگەری" دوو كەرتە: ئیجابی و سەلبی. كەرتە ئیجابییەكەیان بریتییە لەوەی: گشت خاوەن مافێك هەموو مافێكی خۆی بدرێتێ. شتێكی بەڵگەنەویستە كە ئەم بەشەی دادگەری شموولی هەموو ئەو شتانە دەكات كە لە دنیادا هەن. چونكە وەك لە "ڕاستیی سێهەم"دا چەسپاندمان: هەموو شتانی ناو ئەم دنیایە داوای هەر شتێك لە بەدیهێنەری شكۆمەندیان بكەن كە بۆ "بوون" و "مانەوەی ژیان"یان پێویستیان بێت، ئیتر ئەم داوا كردنە چ بە زمانی لێهاتنیان بێت و چ بە زمانی پێداویستییە سروشتییەكانیان و چ بە زمانی ناچاری یان، ئەوا بە تەرازوویەكی وردی تایبەتی و چەند پێوەرێكی دیاریكراو ئەو خواستەی بۆ دابین دەكرێت و دەیدرێتێ. واتە بە ئەندازەی ئاشكرایی "بوون" و "ژیان" ئەم بەشەی "دادگەری"ش ڕوون و ئاشكرایە.. بەڵام بەشە سەلبییەكە بریتییە لەوەی كە: ناحەقویستان و ستەمكاران تەمێ بكرێن. واتە: بە سزادانی ناحەقویستان حەق ڕاگیر بكرێت و حەقی خۆی بدرێتێ! ئەم بەشەیان هەرچەند بە ڕوونی لەم دنیادا دەرناكەوێت، بەڵام چەندەها نیشانە و ئاماژەی زۆر هەن كە بەڵگەن لەسەری. وەك: ئەو زللەی تەمێ و قامچیی سزادانەی كە ئاراستەی قەومی عاد و سەموود كران، بگرە قەومە یاخییەكانی ئەم سەردەمەش. هەموو ئەمانە، بە چەشنێكی ئاشكرا و بێ گومان، زاڵبوون و دەستەڵاتداریی "دادگەری"ی بەرز و مەزنی خواوەندمان بۆ دەردەخەن. (دانەر)

خوا نەخواستە - بە گاڵتە و گەپ و ستەم و غەدرێکیان لە قەڵەم بدەین کە لە ڕاستیدا خوای گەورە تابڵێی بەرز و بڵند و دوورە لەو ڕەفتارانە و، گەر وا بێت دەبێ ڕاستیەکان هەڵبگەڕێنەوە، کە ئەوەش ئەوپەڕی بەتاڵ و مەحاڵە، بە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە ئەو سۆفستائیانەش ئینکاریی بوونی خۆیانیان دەکرد، بە ئاسانی توخنی ئەم چەشنە مەحاڵانە نەدەکەوتن!

پوختەی قسە:

ئەو کارانەی لە دنیادا ڕوودەدەن وەك:

کۆبوونەوە فراوانەکان بۆ "ژیان" و، جیابوونەوە خێراکان بۆ "مردن"..

یەکگرتنە مەزنەکان و، هەڵوەشانەوە بە پەلەکان..

ئاهەنگە مەزنەکان و، درەوشانەوە قەشەنگەکان..

هەموو ئەم کارە مەزنانەی لەم جیهانەدا دەبینرێن، لەگەڵ ئەو ئەنجامە جوزئی و ئامانجە بێ نرخە کاتی و ماوە کەمە دنیاییانەی بەرچاوماندا، پەیوەندییەکی ئەوتۆیان نییە کە شایانی ئەوە بن وابەستەی یەکتر بکرێن. کەواتە پەیوەست کردنی ئەوان بەم ئەنجامە جوزئی و کاتییانەی دنیاوە لەگەڵ ژیری و داناییدا یەك ناکەوێت، چونکە ئەم کارە وەکو ئەوە وایە کە چەندەها دانایی مەزن و ئامانجی گەورە گەورەی بە ئەندازەی چیایەك وابەستەی بەردێکی یەکجار بچکۆلە و، ئامانجێکی بێنرخی جوزئی و کاتیی بە قەدەر بەردێکی بچووکیش پەیوەستی چیایەکی سەختی مەزن، بکرێت!!

واتە: نەبوونی پەیوەندیی بوونەوەران و کاروبارەکانی دنیا بەو ئامانجەیانەوە کە سەر بە ژیانی دنیان، شایەتێکی گومانبڕ و بەڵگەیەکی ئاشکرا و ڕوونە لەسەر ئەوەی کە: ئەم بوونەوەرانە ڕوویان لە جیهانێکی تری غەیری ئەم دنیا بینراوەیە. چونکە بەروبوومە ناسك و شایانەکانی خۆیان لەوێ دەبەخشن و، چاویان بڕیوەتە ناوە جوانەکانی خوای گەورە و، ئامانجەکانیشیان بۆ ئەو جیهانە دەڕوانن و، هەرچەندەش تۆوەکانیان لە ژێر

خاکی ئەم دنیایەدا چێنراون و شارراونەتەوە، بەڵام گوڵ و بەرهەمەکانیان لە جیهانی میسالدا دەردەکەون و دەپشکوون.

واتە: مرۆڤ بەپێی ئەو لێهاتن و توانایەی پێی دراوە، لێرەدا کردار دەڕوێنێت و لەو دنیاش دروێنەی بەرهەمەکەی دەکات!

بەڵێ، گەر سەیرێکی ئەو ڕووەی بوونەوەران بکەیت کە بۆ "ناوە جوانەکانی خوای گەورە" و "دوارۆژ" دەڕوانن، ئەوا دەبینیت کە:

هەموو "تۆو"ێك - کە موعجیزەی توانستی خواوەندە - بە ئەندازەی درەختێك ئامانجی زۆر و زەبەندەی هەیە..

هەموو "گوڵ"ێك - کە وشەی دانستە[1] - خاوەنی چەندین واتا و ناوەرۆکی ئەوتۆیە کە بە ئەندازەی ژمارەی گوڵەکانی درەخت دەبن..

هەموو بەرێکیش - کە موعجیزەی سنعەت و پارچە هۆنراوەی میهرەبانی‌یە - بە ئەندازەی درەختەکەی، دانایی تێدایە. ئەو ڕووەی بەری درەخت کە لە ئێمەوە دیارە و بریتی‌یە لەوەی ڕۆزیی ئێمەیە، لە ڕاستیدا تەنها یەکێکە لەناو هەزاران داناییدا کە لە بەری هەموو درەختێکدا هەن، چونکە هەر ئەوەندەی ئەرکی سەرشانی تەواو کرد و ناوەرۆکەکەی خۆی ڕاگەیاند، دەمرێت و لەناو گەدەکانماندا ئەسپەردە دەکرێت.

جا مادەم ئەم شتە فانی‌یانە لە جێیەکی تردا بەری خۆیان پێدەگەیەنن و پێشکەشی دەکەن و، چەندین وێنەی هەمیشەیی لەوێ دادەنێن و، چەندەها

---

(١) گەر دەڵێیت: بۆچی زۆربەی نموونەکانت لە تۆو و، گوڵ و، بەری درەخت دەهێنیتەوە، لە وەڵامدا دەڵێین: چونکە ئەمانە ناوازەترین و سەرسووڕهێنەرترین و ناسکترینی موعجیزاتی توانستی خوای گەورەن. گومڕایان و سروشت پەرستان و شوێنکەوتووانی فەلسەفەی ماددی، لەبەر ئەوەی نەیانتوانی ئەو نووسینە وردانە بخوێننەوە کە قەڵەمی قەدەر و توانستی خوای گەورە لەمانەدا نووسیویانن، گرفتاری سەرگەردانی بوون و، لەناو ئەو تۆو و گوڵ و بەرانەدا نوقم بوون و، کەوتنە لیتاوی چەپەڵی سروشتەوە. (دانەر)

واتـای نـەمر و هەتاهـەتاییش دەبەخشـن و، لـەوێ بـە تـەواوەتی زیکـر و تەسبیحاتی هەمیشەیی خۆیان پێ دەبەخشرێت..

ئەوا مرۆڤ تەنها بەوە دەبێـت بە مرۆڤی ڕاستەقینە کە سەرنج لـەو ڕووە (بەرەو هەمیشـەیی ڕوانە)ی ئەو بەدیهێنراوانـە بـدات. ئەو کاتـە، لـەناو ئـەم "فانی"یانەوە ڕێگایەك دەدۆزێتەوە کە بە "باقی"ی هەمیشەیی بگەیەنێت!

کەواتە، ئەم بوونەوەرانەی کە پەیتا پەیتا کۆ دەبنەوە و پاشان لە یەکتر جیـا دەبنەوە و لافـاو ئاسـا دەڕژێنـە نـاو گۆمـی ژیـان و مردنـەوە، دەبێ مەبەسـت و ئامانجێکی تریان تێدا ڕەچاو کرابێت. چونکە بارودۆخی ئەوان - بۆ نموونە - وەك ئەوە وایە کە بۆ نمایش ئامادە کرابن! ئەوەتا مەسرەفێکی یـەکجار زۆر بـۆ ئامـادەکردنی ئـەم کۆبوونـەوە و لێـك جیابوونـەوە کـەم و کورتانـە خـەرج دەکرێـن، تـاکو وێنـەیان بگـیرێت و ئـەو وێنانـەش ڕێـك بخرێـن و پاشـان بـە هەمیشەیی لەسەر شاشەدا پیشان بدرێن.

بەم پێیە، یەکێ لە ئامانجەکانی بەسـەربردنی ژیـانی کەسـی و کۆمەڵایـەتی لەم ماوە کەم و کورتەی دنیادا، ئەوەیە کە وێنەی ڕووداوەکان بگیرێن و ڕێك بکرێـن و لەگـەڵ یـەکتریدا پێـك بـهێنرێن و ئـەنجامی کردەوەکـانی مـرۆڤ بپـارێزرێن، تـاکو لـەوێ لـە بـەردەم کۆمەڵـە هـەرە مـەزن و نمایشـە یـەکجار گەورەکەدا پیشان بدرێن و، لێپرسینەوەیان لەسەر بکرێـت.. بـۆ ئەوەیشـە کـە هەموو توانا و لێـهاتن و بەهرەیـەکی مـرۆڤ بـۆ شـادبوونی بـەو بەختەوەری‌یـە هەرە مەزنەی ئـەو دنیـا ئامـادە بکرێـن. ئـەوەتا فـەرموودەی پیرۆزی: "الدنيـا مزرعة الآخرة"[1] ئەم ڕاستی‌یە دەردەبڕێت.

---

(١) قال في المقاصد: لم أقف عليه مع إيراد الغزالي له في الإحياء. وقال القاري: قلت: معنـاه صحيح مقتبس من قوله تعالى: ﴿من كان يريـد حـرث الآخـرة نـزد لـه في حرثـه﴾ (الشورى: ٢٠). بڕوانە: (كشف الخفاء) ژمارە ١٣٢٠. (وەرگێڕ).

جا مادەم ئەم دنیایە لە واقیعدا هەیە و.. ئنجا ئاسەوارەکانی: "دانایی و، چاودێری و، میهرەبانی و، دادگەری"یان بە ئاشکرا پێوە دیارە، ئەوا بە حەتمی و بە ئەندازەی چەسپاوی و بێ گومانیی بوونی دنیا، ئەودنیاش هەیە و بێ گومانە.

مادەم هەموو شتێکی ئەم دنیایەش لە ڕوویەکەوە بۆ ئەو دنیا و جیهانی ئەوێ دەڕوانێت و ڕووی لەوێیە، ئەوا بێ گومان کۆچی ئەم گەشتەی ئێرە بەرەو ئەوێیە.

کەواتە ئەو کەسەی ئینکاریی ئەودنیا دەکات، لە ڕاستیدا ئینکاریی هەموو دنیا و شتانی ناو دنیای کردووە!

جا هەروەك گۆڕ و ئەجەل چاوەڕوانیی مرۆڤ دەکەن، بە هەمان جۆر، بەهەشت و دۆزەخیش خۆیان بۆ ئامادە کردووە و چاوەڕوانی گەیشتنی ئەون.

ڕاستیی یازدەهەم

دەرگای: "مرۆڤێتی"

کە درەوشانەوەی ناوی: "الحق"ی خوای گەورەیە

ئایا دەگونجێ خواوەندی "حەق" کە پەرستراوی حەق و ڕاستەقینەیە، ئەم مرۆڤە دروست بکات.. بۆ ئەوەی ببێت بە:

ڕێز لێگیراوترینی بەندەی پەروەردگارێتیی ڕەهای خۆی و..

بۆ پەروەردگارێتییە گشتییەکەشی بەرامبەر هەموو جیهانەکان، لە هەموو بەدیهێنراوێك گرنگتر بێت و..

لە نێوان بوونەوەرانی گفتوگۆ لەگەڵکراوی خۆیدا لە هەموان زیاتر پەی بە فەرمانەکانی ئەو ببات و لێیان تێبگات و..

لە جوانترین و ڕێکترین شێوە و، بەرزترین نرخ و بایەخدا بێت، بە ڕادەیەك کە بوو بێت بە ئاوێنەیەکی ئەوتۆ گشت ناوە جوانەکانی خوای گەورە و.. ناوی هەرە مەزن(الإسم الأعظم) و.. درەوشانەوەی پلەی هەرە گەورەی هەموو ناوە جوانەکانی ئەوی تێدا دەربکەوێت و..

جوانترینی موعجیزاتی توانستی خوا بێت و، ئنجا بۆ مەبەستی زانین و هەڵسەنگاندنی گەنجینەکانی میهرەبانیی خوای گەورە، لە هەموویان کۆئەندام و ئامێر و تەرازووی زیاتری هەبێت و.. لە گشت بەدیهێنراوان هەژارتر و موحتاجتری نیعمەتە لەژمارە بەدەرەکانی خوای گەورە بێت و.. لە هەموویشیان زیاتر ئازاری فەنا و تیاچوون بچێژێت و.. پتر تاسەمەند و موشتاقی مانەوە بێت و.. نەرمونیانی و ناسکی و هەژاری و موحتاجیشی لە هەموویان زیاتر بێت و.. هەرچەندەش لە ڕووی ژیانی دنیاوە لە هەموویان بەدبەختتر بێت، بەڵام لە ڕووی لێهاتنی سروشتییەوە شێوەی لە هەموویان بڵند و بەرزتر بێت..

ئایا دەگونجێ پەرستراوی "حەق" و ڕاستەقینە، "مرۆڤ" بەم چییەتی(ماهیة)یە بەدی بهێنێت، پاشان بۆ ئەو خانەی هەمیشەییەی نەنێرێت کە ئەمی مرۆڤ شایان و تاسەمەندیەتی و، بەم نەناردنەش "حەقیقەتی مرۆڤێتیی مرۆڤ" بسڕێتەوە و، کارێکی پێچەوانەی "ئەحەقییەتی" خۆی بکات؟

نەخێر.. نەخێر..

ئایا دەچێتە عەقڵەوە کە: فەرمانڕەوای "حەق" و میهرەبانی ڕەها، لێهاتنێکی سروشتیی وا بەرزی بەم مرۆڤە بەخشیبێت بتوانێت ئەو ئەمانەتە هەرە مەزنە بخاتە ئەستۆی خۆیەوە کە ئاسمانەکان و زەوی و چیاکان نەیانویست هەڵی بگرن، واتە مرۆڤی بە جۆرێکی وا بەدی هێنابێت کە بە: تەرازووە هەندەکی و کارامەیی و لێهاتنە کەم و بچووکەکانی خۆی، لە:

سیفەتە گشتگیر و هەمەلایەنە و، کاروبارە هەمەکی و، درەوشانەوە ڕەهاکانی ئەو تێبگات..

ئەو خواوەندەی کە مرۆڤی لە شێوەی نەرمونیانترین و کۆڵەوارترین و لاوازترینی بوونەوەرانی خۆیدا بەدی هێنابێت و، هەموو ئەو بوونەوەرانەشی - بە ڕووەك و ئاژەڵەوە - بۆ ژێربار خستبێت و ڕام و گوێڕایەڵی کردبن بۆی، بە ڕادەیەك کە ئەمی مرۆڤی کردبێت بە سەرپەرشتیکار و ڕێکخەری تەسبیحات و پەرستشی ئەوان..

ئەو خوایەی کە مرۆڤی - بە چەند پێوەرێکی بچووك - کردبێت بە نموونەیەکی کاروبارەکانی خوای گەورە لە گەردووندا و، بانگەوازکار و ڕاگەیەنەری پەروەردگاریێتیی خوای گەورە بە هەموو بوونەوەران، کە پەروەردگاریێتی‌یەکی وەهایە بە کردار و گوفتار خاوێنە، بە ڕادەیەك کە پلەیەکی لە مەلائیکەت بالاتری پێ بەخشیبێت و گەیاندبێتیە پایەی "جێنشینی"..

ئایا دەچێتە عەقڵەوە کە خواوەندی گەورە ئەم هەموو کار و ئەرکانەی بە مرۆڤ بەخشیبێت، بەلام ئامانج و ئەنجام و بەروبوومەکانی ئەم کار و ئەرکانەی پێ نەبەخشێت کە: "بەختەوەریی هەمیشەیی"یە؟ ئنجا بە نەبەخشینی ئەو بەختەوەری‌یەش ئەم مرۆڤە بهاوێتە پلەی نزمی: زەلیلی و ڕسوایی و موسیبەت و جۆرەهای نەخۆشی و گیروگرفتەوە و، بیکات بە بەدبەخت‌ترینی بەدیهێنراوانی خۆی و، ئەم "ژیری"یەش کە دیاری‌یەکی پیرۆزی نوورانیی دانستی خوا و هۆیەکی ناسینی بەختەوەری‌یە، بکات بە ئامرازێکی شوومی ئازار بەخش بۆ مرۆڤ؟ کە ئەمەش دژی دانایی ڕەهای ئەو خواوەندەیە و پێچەوانەی میهرەبانیی فراوانی ئەوە؟

نەخێر.. نەخێر..

پوختەی ئەم قسانە:

هەروەك لە چیرۆکەکەدا بینیمان کە: پلە و، فەرمانبەری و، مووچەی مانگانە و، کار و، کەرەسەکانی ئەفسەرەکە لەناو پێناس و تۆمارەکەیدا نووسرابوون و، بۆمان ڕوون بووەوە کە هەوڵ و تەقالا و کارەکانی ئەو ئەفسەرە لە پێناوی ئەم مەیدانە کاتییەدا نین، بەڵکو لە پێناوی ڕێز و نیعمەت بەخشینەکانی وڵاتێکی بەردەوامی هەمیشەییدان..

بە هەمان جۆریش ئەو لایەنە نیان و ناسکانەی کە وان لە "پێناس"ی دڵی مرۆڤدا و.. ئەو هەست و نەستانەی لە "تۆمار"ی عەقڵی ئەودان و.. ئەو گشت ئامێر و کۆئەندام و کەرەسانەش کە لە سروشتی ئەودا دانراون..

هەموو ئەمانە پێکەوە، ڕوویان لە بەختەوەریی هەمیشەیی کردووە، بەڵکو لە ڕاستیشدا تەنها لە پێناوی ئەو بەختەوەرییە هەمیشەییەدا پێی بەخشراون. ئەمەش ئەنجامێکە کە سەرجەمی لێکۆڵەران و تێکڕای ئەهلی کەشف تیایدا یەکیان گرتووە.

بۆ نموونە: گەر "توانای ئەندێشە"ی مرۆڤ - کە یەکێکە لە هۆکارەکان و وێنەگرانی بەردەستی "ژیری"ی مرۆڤ - پێی بوترێت:

"دەستەڵات و ئارایشتی هەموو دنیا و تەمەنێکی پتر لە یەك ملیۆن ساڵت دەدرێتێ.. بەڵام دەبێ بە حەتمی لە ئەنجامدا بەرەو نەمان و نەبوون بڕۆیت"..

دەبینین "ئەندێشە"ی مرۆڤ - ئەگەر هەوا و ئارەزووی نەفس خۆیان هەڵنەقورتێنن - ئەم ئەنجامی نەمانەی پێ ناخۆشە و گرفتاری پەژارە و خەفەتی دەکات..

واتە گەورەترین شتی چەشنی دنیا و هەموو شتانی ناوی، گەر ئەنجامەکەی "نەمان" بێت، ئەوا ناتوانێت بچووکترین ئامێرەکانی مرۆڤ تێر بکات، کە ئەندێشەیەتی!

لەمەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ئەم مرۆڤەی دارای ئـەم هـەموو توانـا و لێهاتنە سروشتییانەیـە و، خاوەنـی چـەندەها ئـاواتی تـا ئەبـەد خایەنـە و، بیر و بۆچوونی هەموو گەردوون دەگرێتەوە و، چەندەها ئارەزووی جۆراوجۆریش لـە نـاخی ئـەودا ڕەگیـان داکوتـاوە بـۆ گشـت چەشـنەکانی بەختـەوەریی هەمیشەیی..

ئەم مرۆڤە، بۆ "هەتاهەتایی" خولقێنراوە و، بە حـەتمییش بـەرەو هەتاهـەتایی و هەمیشەیی کۆچ دەکات و، ئەم دنیایەش سەبارەت بـەو جگـە لـە "میوانخانـەی کاتی" و "هۆڵی چاوەڕوان کردنی دوارۆژ"، هیچی تر نییە.

ڕاستیی دوازدەهەم

دەرگای: "پێغەمبەرایەتی"(الرسالة) و "نازڵکردنی قورئان" کە درەوشانەوەی: "بسم الله الرحمن الرحيم"ە

ئایا دەگونجێ کەسێکی ئـەوتۆ کـە لـە لایـەنی هـەموو پێغەمبەرانـەوە پشـتی گوفتارەکانی گیرابێت بەوەی کە موعجیزاتیان تەسدیقیان دەکەن..

ڕاستیی دەعواکەشـی گشـت ئـەو پیاوچـاك و ئەولیـایانە بیسـەلمێنن کـە ئەوانیش کەشف و کەرامەتەکانیان پشتیان دەگرن..

ئنجا سـەرجەمی ئـەو زانـا و مرۆڤـە دڵ و مێشـك و دەروون خاوێنانـەش شایەتی لەسـەر ڕاستگۆیی بـدەن کـە پاڵیـان بـە لێکۆڵینـەوە وردەکانیانـەوە داوە..

ئەو پێغەمبەرە ئـازیزەی ﷺ کـە تـا ئـەم ڕادەیـە پشـتگیر و پاڵپشـتی هـەبێ و، ئنجا بە هەموو هێز و توانایەکی خۆیشیەوە ڕێی ئاخیرەت و دەرگای بەهەشـتی خسـتبێتە سەرپشـت و، لەمەشـدا هـەزار موعجـیزەی چەسـپاوی خـۆی و هـەزاران ئایـەتی قورئـانی پـیرۆزی خـاوەن ئیعجـازیش - کـە بـە چـل ڕوو ئیعجازی چەسپاوە - تەسدیقی بکەن و پشتی بگرن..

ئایا ئیتر ده‌گونجێ هیچ كام له‌و وه‌همانه‌ی كه‌ گه‌لێ له‌ باڵی مێش لاوازترن، ڕێی قیامه‌ت و ده‌رگای به‌هه‌شتێك دابخه‌ن كه‌ ئه‌و پێغه‌مبه‌ره‌ ئازیزه‌ ﷺ كردوویه‌تیه‌وه‌ و خستوویه‌ته‌ سه‌رپشت؟!

* * *

به‌م جۆره‌ و، له‌و ڕاستی‌یانه‌ی پێشه‌وه‌ ده‌ركه‌وت:

"مه‌سه‌له‌ی حه‌شر" ڕاستی‌یه‌كی ڕه‌گداكوتاوی ئه‌وه‌نده‌ به‌هێزه‌ كه‌ هیچ توانا و هێزێك نه‌توانێت له‌قی بكات و له‌ جێی خۆیدا بیبزوێنێت، با ئه‌و هێزه‌ هێنده‌ به‌تواناش بێت كه‌ بتوانێت گۆی زه‌وی بجوولێنێت و له‌ت و په‌تی بكات!

چونكه‌: خوای گه‌وره‌ له‌سه‌ر داخوازیی گشت "ناوه‌ جوان" و "سیفه‌ته‌ مه‌زنه‌كانی" خۆی بڕیاری هێنانه‌دیی ئه‌و ڕاستی‌یه‌ ده‌دات و..

پێغه‌مبه‌ره‌ خۆشه‌ویسته‌كه‌یشی ﷺ به‌ هه‌موو موعجیزات و به‌ڵگه‌كانی پێغه‌مبه‌ریتی‌یه‌وه‌ ته‌سدیقی ده‌كات و..

قورئانی پیرۆزیش به‌ گشت ئایه‌ت و حه‌قیقه‌ته‌كانی ده‌یچه‌سپێنێت و..

سه‌رجه‌می گه‌ردوونیش به‌ هه‌موو ئایه‌ته‌ ته‌كوینی و كاروباره‌ پڕ له‌ دانسته‌كانی، شایه‌تیی له‌سه‌ر ده‌دات..

جا ئایا ده‌گونجێ هه‌موو بوونه‌وه‌ران - جگه‌ له‌ كافران - له‌گه‌ڵ خواوه‌ندی "واجب الوجود"دا له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی هاتنه‌دیی حه‌شر یه‌ك بگرن، پاشان گومانێكی یه‌كجار لاوازی ده‌ست هه‌ڵبه‌ستی شه‌یتان بێت و بیه‌وێت له‌رزه‌ به‌و ڕاستی‌یه‌ چه‌سپاوه‌ ڕه‌گ داكوتاوه‌ بخات و له‌ جێی خۆیدا بیله‌قێنێت؟!

نه‌خێر.. نه‌خێر..

هەرگیز وا گومان نەبەیت کە بەڵگەکانی "حەشر" تەنها ئەو دوازدە ڕاستی‌یانە بن کە ئێمە لێیان دواین، بەڵکو قورئانی پیرۆز هەروەك بە تەنها خۆی ئەو ڕاستی‌یانەی فێر کردین، بە هەزاران ڕوو و نیشانەی بەهێزیش ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە بەدیهێنەرمان لەم خانەی فانی‌یەوە بۆ خانەی بەقا و هەمیشەیی دەمانگوێزێتەوە.

هەروەها لەو گومانەشدا نەبیت کە بەڵگەکانی "حەشر" خواستی تەنها ناوە جوانەکانی: "الحکیم و الکریم و الرحیم و العادل و الحفیظ"ی خوای گەورە بن کە ئێمە باسمان کردن، بەڵکو هەموو ناوە جوانەکانی تری خوای گەورە کە لە کارسازیی گەردووندا دەدرەوشێنەوە، داخواز و داواکاری هاتنەدیی دواڕۆژن.

هەروەها گومانیش نەبەیت ئەو ئایەتە گەردوونی‌یانەی بەڵگەی "حەشری دواڕۆژ"ن تەنها ئەوانە بن کە ئێمە هێنامانن، بەڵکو زۆربەی بوونەوەران چەندین ئاسۆ و ڕووی ئەوتۆیان هەیە کە بە ڕاست و چەپدا دەکرێنەوە و دەڕوانن، جا هەروەك ڕوویەك لەو ڕوانە دەبێت بە بەڵگە و شایەت لەسەر "بوونی بەدیهێنەری مەزن"، ڕوویەکی تریان ئاماژە بۆ "هاتنەدیی حەشر" دەکات و پەنجەی بۆ ڕادەکێشێت.

بۆ نموونە:

هەروەك جوانیی سنعەتی پڕ لە وردەکاریی: بەدیهاتنی مرۆڤ لە جوانترین شێوە و بەنرخترین ناوەرۆکدا، ئاماژە بۆ: "بەدیهێنەر"ی دەکات.. ئەو هێز و توانا و لێهاتنە گشتی‌یانەش کە لە مرۆڤدا هەن و لە ماوەیەکی کەمدا تەواو دەبن و نامێنن، ئاماژە بۆ "حەشر" دەکەن. تەنانەت گەر تەنها یەك "ڕوو" بە دوو "ڕوانین"ی جیا جیا تەماشا بکرێت، ئەوا بەڵگەی: "بەدیهێنەر" و "حەشر"ی پێکەوە تێدا دەردەکەوێت.

بۆ نموونە:

گەر ماهییەتی کاری: ڕێکخستنی حیکمەت و..

ئارایشتکاریی: چاودێری و..

تەقدیر و هەڵسەنگاندنکاریی: دادگەری و..

نەرمونیانیی: میهرەبانی..

ڕەچاو بکرێن، کە لە زۆربەی شتاندا بە ئاشکرا دەبینرێن، ئەوا دەردەکەوێت کە ئەو شتانە "بەدیهاتووی دەستی دروستکەرێکی: دانا و، کەریم و، دادگەر و، میهرەبانن"..

ئنجا گەر مەزنی و، هێز و، ڕەهایی ئەم سیفەتانەش لەگەڵ: تەمەن کورتی و، کەم نرخیی ئەم بوونەوەرانەی دنیادا پێکەوە ڕەچاو بکرێن، ئەوا "ئاخیرەت" لە نێوانیاندا بە ڕوونی دەردەکەوێت.

واتە هەموو شتێك بە زمانی حاڵی خۆی: "آمنت بالله وباليوم الآخر" دووپات دەکاتەوە و، لە خۆیشیدا هەمان ڕستە بەرجەستە دەکات، تاکو بینەرانی بیخوێننەوە.

* * *

کۆتایی

ئەو "دوازدە ڕاستی"یانەی پێشوو، پشتی یەکتر دەگرن و یەکدی تەواو دەکەن و، ئەنجامەکەشیان لە یەکگرتن و کۆی هەموویاندا دەردەکەوێت. ئایا ئیتر دەبێ چ وەهمێك هەبێت بتوانێت ئەم دوازدە شوورا ئاسنینە بەڵکو ئەم دوازدە دیوارە ئەڵماسە، کونادەر بکات و ڕێیەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە تا "باوەڕ بە حەشر" لە جێی خۆیدا بلەقێنێت کە بە قەڵایەکی ئاوا سەخت و مەحکەم گەمارۆ دراوە و شوورای بۆ کراوە؟

ئایەتی پیرۆزی:

﴿ما خلقُكُمْ ولا بَعثُكُمْ إلاّ كنفسٍ واحدةٍ﴾ (لقمان:٢٨) ..

ئەوە دەگەیەنێت کە: "بەدیهێنان" و "حەشر"ی هەموو گرۆی مرۆڤ بە لای توانستی خواوەندەوە بە ئەندازەی بەدیهێنان و حەشری تەنها یەك کەسی مرۆڤ ئاسانە.

بەڵێ ڕاستە و هەر وەهایشە، چونکە ئەم ڕاستی‌یە لە باسی "حەشر"ی پەیامی: "خاڵێك لە نووری ناسینی خوای گەورە"دا درێژەی پێ دراوە. بەڵام وا لێرەدا ئاماژە بۆ پوختەیەکی ئەو باسە دەکەین و نموونەکانی دەهێنین. هەرکەسێکیش درێژەی باسەکەی دەوێت با سەر لەو پەیامە ناوبراوە بدات.

وا نموونەیەك بۆ ئەمە دەهێنینەوە و، وەك وتراویشە: نموونە هێنانەوە قرەوبڕەی لەسەر ناکرێت و قسووری نابینرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێین: "وللهِ المَثلُ الأعلى".

بۆ نموونە: گەر وا دابنرێت "خۆر" بە ویستی خۆی کار بکات، ئەوا بەوپەڕی ئاسانی ڕووناکیی خۆی بۆ تەنها یەك دانە گەردیلە دەنێرێت و، بە هەمان ئاسانییش ئەو ڕووناکی‌یەی خۆی بە هەموو مادده ڕوون(شفّاف)ە لە ژمارە بەدەرەکان دەبەخشێت، ئەمەش بەهۆی نهێنیی "نوورانێتی"یەوە کە لە هەردوو کیاندا هەیە.

بەهۆی نهێنیی: "ڕوونی"(شفافیة)یشەوە، ئەو وێنەیەی خۆر کە بیلبیلەی چاوی یەك دانە گەردیلە وەری دەگرێت، یەکسانە بە وەرگرتنی هەمان وێنە لە لایەن تەختایی فراوانی دەریایەکی مەزنیشەوە.

بەهۆی نهێنیی: "ڕێکوپێکی"یشەوە، منالێکی بچووك هەروەك دەتوانێت کەشتی‌یە منالانە بچووکەکەی، کە یاریی پێ دەکات، بخاتە گەڕ.. بە هەمان جۆر دەشتوانێت کەشتیی مەزنی ڕاستەقینەش بجوولێنێت و کاری پێ بکات و بیخاتە گەڕ.

هەروەها بەهۆی نهێنیی: "فەرمانبەرداری و گوێڕایەڵی"یەوە، پێشەوای سوپا دەتوانێت بە فەرمانی: "بڕۆ" یەك سەرباز بخاتە ڕۆیشتن و، هەر بە هەمان وشە و فەرمان سەرجەمی سوپایش بداتەبەر.

ئنجا گەر وا دابنێین تەرازوویەکی یەکجار هەستیار و سەرنەکەری مەزن لە بۆشایی ئاسماندا هەڵواسرابێت و کێشی یەك دانە گوێزیش دەربخات و بیخوێنێتەوە، ئەوا بەهۆی نهێنیی: "هاوسەنگی"یەوە، هەروەك دەتوانرێت دوو خۆر لە "تا"کانیدا دابنرێت و، لە ڕاستیشدا دوو خۆر یان دوو گوێز لە هەردوو "تا"کەیدا دانران، ئەوا ئەو هەوڵەی بۆ بەرز کردنەوەی یەکێك لەو دوو تایە دەدرێت، هەمان هەوڵە بۆ دابەزاندنی ئەوی تریان.

جا مادەم لەناو ئەم بوونەوەر و شتە مومکینە ئاساییانەدا، کە فانی و ناتەواون، بەهۆی: "نوورانێتی و، ڕوونی و، ڕێکوپێکی و، گوێڕایەڵی و،

هاوسەنگی"یەوە، گەورەترین شت یەکسان بێت بە بچووکترین و بە چەندەها شتی لە ژمارە بەدەریش، بە ڕادەیەك کە وەك یەك دانە شت وا بن..

ئەوا لە بەردەم توانستی ڕەهای خواوەندی بەتواناداکەم و زۆر، بچووك و گەورە، حەشری یەك دانە کەس و سەرجەمی گرۆی مرۆڤ بە یەك هاوار، دەبێ یەکسان بن. ئەوەش بەهۆی درەوشانەوە نوورانی و ڕەهاکانی "توانستی خۆیی(ذاتي)ی خوای گەورە"وە کە لەوپەڕی کەماڵدایە و.. بە بۆنەی "ڕوونی" و "نوورانێتیی" دیوی مەلەکووتی شتان و.. بەهۆی "ڕێکوپێکی"ی دانایی و توانست و.. "گوێڕایەڵی"ی تەواوەتیی هەموو شتێکەوە بۆ فەرمانە تەکوینییەکانی و.. بەهۆی نهێنیی "هاوسەنگی"ی هەردوو لای ئیمکانەوە کە بریتییە لە یەکسانیی بوونەوەران لە بوون و نەبوونیاندا.

بەڵێ، پلەکانی "هێز" و "لاوازی"ی هەر شتێك بریتییە لە ئاوێتە بوونی دژەکەی لەگەڵیدا..

بۆ نموونە: پلەکانی گەرما بەرهەمی تێکەڵبوونی سەرمایە و، پلەکانی "جوانی"ش ئەنجامی ئاوێتەبوونی ناشیرینییە و، چینەکانی ڕووناکییش هی تێکەڵبوونی ڕێژەیەکی تاریکییە..

بەڵام هەر شتێك گەر خۆیی بێت - نەك ڕووکەشی و لاوەکی - ئەوا دژەکەی هەرگیز ناتوانێت بڕواتە ناویەوە و ئاوێتەی ببێت، دەنا ئەو کاتە دەبێ دوو شتی دژ بە یەکتر لە یەك شتدا کۆ ببنەوە! کە ئەمەش کارێکی مەحاڵە.

واتە ئەو شتانەی خۆیی و ئەسڵی و ڕەسەنن، هەرگیز پلە پلە نین.

جا مادەم توانستی خوای گەورە توانستێکی ڕەها و خۆییە و، چەشنی مومکینات لاوەکی نییە و، دارای کەماڵی ڕەهایە، ئەوا مەحاڵە گرفتاری "کۆڵەواری" ببێت کە دژی "توانست"ە. واتە بەدیهێنانی "بەهار" سەبارەت بە خواوەندی شکۆمەند بە ئەندازەی بەدیهێنانی "یەك دانە گوڵ" ئاسانە و..

زیندوو کردنەوەی سەرجەمی گرۆی مرۆڤیش سەبارەت بە توانستی ئەو، چەشنی ئاسانیی زیندوو کردنەوەی یەك کەس وایە. بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئەگەر ئەم کارە بە هۆکارە ماددییەکان بسپێررێت، چونکە ئەو کاتە بەدیهێنانی "یەك دانە گوڵ" بە قەدەر "بەهار" سەخت و پڕ لە گیروگرفت دەبێت.

هەموو ئەو نموونە و ڕوونکردنەوانەی کە هەر لە سەرەتای ئەم پەیامەوە تا ئێرە بۆ "وێنە" و "ڕاستییەکانی حەشر" باس کران، تەنها لە ڕێژنەی قورئانی پیرۆزەوە وەرگیراون. لەبەر ئەوەش هێنران کە: "دەروون" ملکەچی تەسلیم بوون و.. "دڵ"یش ئامادەی وەرگرتن و گوێ ڕاگرتن بن بۆ "قورئانی پیرۆز". چونکە قسەی تەواوەتی کە هیچ قسەیەکی تری بە دوادا نەیەت، تەنها هی قورئانی پیرۆزە.

کەواتە لە ڕاستیدا قسە هەر هی ئەوە و، لێدوان و گوفتاریش هەر بۆ ئەوە و، مافی ئەوە..

دەبا گوێی لێ ڕابگرین..

"فللّهِ الحجّةُ البالِغة":

﴿فانظُرْ إلى آثار رَحمتِ اللهِ كيفَ يُحيِ الأرضَ بعدَ مَوتِها إنّ ذلك لمُحيي الموتى وهو على كلّ شيءٍ قدير﴾ (الروم: ٥٠).

﴿قالَ مَنْ يُحيِ العِظامَ وَهِيَ رَميم ۞ قُلْ يُحْيِيها الذي أنشأها أوّل مرّةٍ وهو بكلّ خَلْقٍ عليم﴾ (يس:٧٨-٧٩).

﴿يا أيها الناسُ اتّقوا ربّكُم إنّ زلزلةَ السّاعَةِ شَيْءٌ عظيم۞ يومَ ترونَها تَذْهَلُ كُلُّ مُرضِعةٍ عمّا أرضَعَتْ وتضَعُ كُلُّ ذاتِ حملٍ حملها وترى النّاسَ سُكارى وماهُم بِسكارى ولكنّ عذابَ اللهِ شديد﴾ (الحج:١-٢).

﴿اللهُ لا إِلهَ إلاّ هوَ لَيَجمعَنَّكُمْ إِلى يَومِ القيامَةِ لا ريْبَ فيهِ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللهِ حديثاً﴾ (النساء:٨٧).

﴿إِنَّ الأَبْرارَ لفي نعيمٍ ۞ وإِنَّ الفُجّارَ لفي جَحيم﴾ (الإنفطار:١٣-١٤).

﴿إِذا زُلْزِلَتِ الأَرضُ زِلْزالَها ۞ وأَخرجَتِ الأَرض أثقالها ۞ وقال الإِنسانُ ماَلها ۞ يومئذٍ تُحدِّثُ أَخبارها ۞ بأَن ربّك أَوحى لها ۞ يومئذٍ يصدرُ النّاسُ أَشتاتاً لِيُروا أَعمالهم ۞ فمن يعملْ مثقالَ ذرّةٍ خيراً يره ۞ ومن يعملْ مثقال ذرّةٍ شرّاً يره﴾ (سورة الزلزلة).

﴿القارِعَةُ ۞ ما القارعةُ ۞ وما أَدراكَ ما القارعةُ ۞ يومَ يكونُ النّاسُ كالفَراشِ المبثوثِ ۞ وتكونُ الجبالُ كالعِهنِ المنفوشِ ۞ فأمّا مَنْ ثَقُلتْ موازينهُ ۞ فهو في عِيشةٍ راضيةٍ ۞ وأمّا مَنْ خفّتْ موازينه ۞ فأمّهُ هاوية ۞ وما أَدراكَ ماهيه ۞ نارٌ حامية﴾ (سورة القارعة).

﴿ولله غَيبُ السَّموات والأَرضِ وما أَمْرُ السّاعَةِ إلاّ كَلَمْحِ البَصَرِ أَوْ هُوَ أَقْرَبُ إِنَّ اللهَ على كُلِّ شيءٍ قديرٌ﴾ (النحل:٧٧).

* * *

بەڵێ، با گوێ لەم جۆرە ئایەتە ڕوونانەی قورئانی پیرۆز ڕابگرین و پڕ بەدڵ بڵێین:

"آمنّا وصدّقنا"..

آمنت بالله، وملائكته، وكتبه، ورسله، واليوم الآخر، وبالقدر خيره وشرّه من الله تعالى. والبعث بعد الموت حقٌّ، وأَنَّ الجنة حقّ، والنار حقّ، وأَنَّ الشفاعة حقّ، وأَنَّ منكراً ونكيراً حقّ، وأَنَّ الله يبعث من في القبور.

أشهد أن لا إله إلاّ الله وأشهد أنّ محمداً رسول الله ﷺ.

اللّهم صلّ على ألطف وأشرف وأكمل وأجمل ثمراتِ طوبى رحمتك الذي أرسلتَه رحمةً للعالمين ووسيلةً لوصولنا إلى أزين وأحسن وأجلى وأعلى ثمرات تلك الطوبى المتدلية على دار الآخرة، أي: الجنّة.

اللّهم أجرنا وأجر والدينا من النار وأدخلنا وأدخل والدينا الجنّـــة مــع الأبرار بجاه نبّيك المختار.. آمين.

* * *

● ئەی ئەو برایەی کە بە ویژدانەوە ئەم پەیامە دەخوێنیتەوە!

هەرگیز مەڵێ: "لەم وتەی دەهەمە تێناگەم".. برام! خەم مەخۆ و دڵتەنگی تێنەگەیشتنی تەواوەتیی خوێندنەوەی ئەم پەیامە مەبە، چونکە چەندین فەیلەسووفی بلیمەتی وەك "ئیبن سینا" وتوویانە: "الحشرُ ليس على مقـــاييس عقليـة"(١) واتە: "مومکین نییە بە عەقڵ ڕێی حەشر بگیرێتە بەر هەرچەند ئیمانیشمان پێیەتی". هەروەها زانایانی ئیسلام لەوەدا یەکیان گرتووە کە: کێشەی حەشر بابەتێکی نەقلییە، واتە بەڵگەکانی تەنها بە نەقڵ چەسپاون و ناکرێ بە عەقڵ بچەسپێت! کەواتە گرتنەبەری ڕێگایەك کە تابلێی قووڵ بێت و لە هەمان کاتدا یەکجار بەرز و بڵندیش بێت، هەرگیز وەك گرتنەبەری

---

(١) (ئیبن سینا) ناوی: ئەبوو عەلی حسەینی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی سینایە، لە نێوان ساڵەکانی: (٣٧٠-٤٢٨ك/ ٨٠٤-١٠٣٧ز)دا ژیاوە. خەڵکی گوندێکی سەر بە "بوخارایە و، ماوەیەك لە "هەمەدان" وەزیر بووە. فەیلەسووفێکی ناودارە و، خاوەنی گەلێ کتێبە لە پزیشکی و مەنتیق و فەلسەفەی سروشتیدا. بەناوبانگترینی کتێبەکانی ناوی "قانوون"ە کە بۆ ماوەی شەش سەدەی ڕەبەق لە زانستی پزیشکیدا کاری پێ کراوە و ئەورووپاییەکانیش وەریانگێڕاوەتە سەر زمانەکانی خۆیان و لە زانکۆکانیاندا خوێندوویانە. ئەو وتەیەش کە دانەر ئاماژەی پێ دا، پوختەی وتەیەکی ئیبن سینایە لەم سەرچاوەیەدا. بڕوانە: (ابن سینا - كتـاب الإشارات والتنبيهات، فصل المعاد من قسم الإلهيات، المقالة التاسعة). (وەرگێڕ)

ڕاستە شەقامێكی گشتیی وا نابێت كە بكرێ هەموو ڕێبوارێك پیایدا گوزەر بكات و بیگرێتە بەر.

بەڵام بەهۆی بەرەكەت و ڕێژنەی قورئانی پیرۆز و، بەزەیی بەدیهێنەری میهرەبانەوە ، ئا لەم چەرخەدا كە "تەقلید"ی تیدا وردوخاش بووە و ملكەچی و تەسلیم بوونیشی تێدا تێكچووە و لە جێی خۆیدا نەماوە، ئێمە - ئا لەم چەرخەدا كە حاڵی وایە - منەتباری گرتنەبەری ئەم ڕێگا قووڵ و بەرزە كراین..

كەواتە دەبێ هەزاران سوپاسگوزاری و شوكرانە پێشكەشی بەدیهێنەری مەزن بكەین، لەسەر ئەو چاكە فراوان و فەزڵە گەورەیەی كە بەرامبەرمان نواندی. چونكە ئەم ئەندازەیە سەروزیادی ڕزگاركردن و ساغ بوونی ئیمانەكەمانە. لەبەر ئەوە، دەبێ بە ئەندازە و بڕی تێگەیشتنەكەمان ڕازی بین و، پاشان بە دووپات كردنەوەی خوێندنەوەشی ئەو ڕادەیە پتر بەرز بكەینەوە.

ئنجا یەكێك لە هۆكارەكانی نەگەیشتنی مرۆڤ بە مەسەلەی حەشر لە ڕێی عەقڵەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە: حەشری هەرە مەزن یەكێكە لە درەوشانەوەكانی "ناوی هەرە مەزنی خوای گەورە".. لەبەر ئەم هۆیە، ئەوا تەنها "بینین" و "پیشاندان"ی كارە مەزنەكانی درەوشانەوەی: "ناوی هەرە مەزن" و "پلەی هەرە گەورەی یەك بە یەكی ناوە جوانەكانی خوای گەورە"یە كە چەسپاندنی "حەشری هەرە مەزن" بە چەشنی چەسپاندن و بێ گومانیی "حەشری بەهار" ئاسان دەكات و، مرۆڤ دەگەیەنێتە تەسلیم بوونی یەكجارەكی و تەواوەتی و ئیمانی تەحقیقی.

جا بە بەرەكەتی قورئانی پیرۆز، لەم وتەی دەهەمەدا مەسەلەی حەشر لەم ڕێ یەوە ڕوون كرایەوە. دەنا گەر "عەقڵ" پشتی بە پێوەر و تەرازووە كول و كاسەكانی خۆی ببەستایە، ئەوا بە كۆڵەواری و دەستەوسانی دەمایەوە و، ناچاری "تەقلید" و چاولێكەری دەبووا

پاشکۆکان:

پارچەی یەکەم و گرنگی پاشکۆی پەیامی حەشر

پێویستیی "ئیمان بە ڕۆژی دوایی"

بسم الله الرحـــمن الرحيم

﴿فَسُبحانَ اللهِ حينَ تُمْسونَ وَحينَ تُصْبِحون ۞ ولَهُ الْحَمْدُ في السَّـــموات والأَرْضِ وَعَشِيّاً وَحينَ تُظْهِرُونَ ۞ يُخرِجُ الحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخرِجُ الْمَيِّتَ مِـنَ الْحَيِّ وَيُحْيِ الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِها وكَذلِكَ تُخرَجونَ ۞ وَمِنْ آياتِهِ أَنْ خَلَقَكُمْ مِـنْ تُراب ثُمَّ إذا أَنْتُمْ بَشَرٌ تَنْتَشِرونَ ۞ وَمِنْ آياتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْواجاً لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ في ذلِكَ لآيات لِقَوْمٍ يَتَفَكَّـــرُونَ۞ وَمِنْ آياتِهِ خَلْقُ السَّمـــواتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوانِكُمْ إنَّ في ذلِكَ لآياتٍ لِلعَالِمين ۞ وَمِنْ آياتِهِ مَنامُكُمْ بِاللَّيْلِ وَالنَّهارِ وَابْتِغاؤُكُمْ مِنْ فَضْلِـهِ إنَّ في ذلِكَ لآياتٍ لِقَوْمٍ يَسْمَعُون ۞ وَمِنْ آياتِهِ يُريكُمُ البَرْقَ خَوْفاً وَطَمَعاً وَيُنَزِّلُ مِـــنَ السَمـــاءِ مـــاءً فَيُحْيِ بِهِ الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهـــا إنَّ في ذلِكَ لآياتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلُون ۞ وَمِنْ آياتِهِ أَنْ تَقُومَ السَمـــاءُ وَالأَرْضُ بِأَمْرِهِ ثُمَّ إذا دَعـــاكُمْ دَعْـــوَةً مِـــنَ الأَرْضِ إذا أَنْتُمْ تَخْرُجُون ۞ وَلَهُ مَنْ في السَّمـــواتِ وَالأَرْضِ كُلٌّ لَهُ قَانِتُونَ ۞ وَهُوَ الَّذي يَبْدَؤُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعيدُهُ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْـــهِ وَلَـــهُ الْمَثَـــلُ الأَعْلـــى في السَّمـــواتِ وَالأَرْضِ وَهُوَ الْعَزيزُ الْحَكيمُ﴾ (الروم:١٧-٢٧).

ئەم ئایەتە پیرۆزانە مەسـەلەی "حـەشـر" ڕوون دەکەنەوە، کـە جەمسـەر و تەوەرەی ئیمانە.

ئێمەش لەم "تیشکی نۆهەم"ەدا بەڵگەیەکی بەهێز و مەزنی ڕوونکردنەوەی ئەم ئایەتانە و یەکێك لە بەڵگە بەرز و پیرۆزەکانی ئەم مەسەلەیە باس دەکەین.

ئەمەش - لە ڕاستیدا - چاودێری و ئاوڕ لێدانەوەیەکی نەخشین و جوانی پەروەردگارە، چونکە "سەعیدی کۆن" سی ساڵ پێش ئێستا لە کۆتایی ئەو کتێبەی کە ناوی: "محاکمات"ە و پێشەکیی تەفسیری: "إشارات الإعجاز في مظان الإیجاز"ە، ئەمەی خوارەوەی نووسی:

"مەبەستی دووهەم: ئەم مەبەستە تەفسیری دوو ئایەت دەکات کە "حەشر" ڕوون دەکەنەوە و ئاماژەی بۆ دەکەن".

بەڵام ئەم باسە ناوبراوە بەوە دەستی پێ کرد کە نووسیی:

"نەخو[١] : بسم الله الرحـــمن الرحیم".

ئیتر لە نووسین ڕاوەستا و بۆی نەکرا تەواوی بکات.

وا ئێستا هەزار و یەك جار و بە ئەندازەی ژمارەی بەڵگە و نیشانەکانی حەشر، شوکر و سوپاس و ستایش بۆ بەدیهێنەری بەخشندەم کە دوای تێپەڕبوونی ماوەی "سی" ساڵ بەسەر ئەو نووسینەدا، یارمەتیی دام ئەو تەفسیرە ڕوون بکەمەوە، ئەوەبوو دوای "دە" ساڵ خواوەند نیعمەتی تەفسیرکردنی ئایەتی یەکەمی پێ بەخشیم، کە بریتییە لە تەفسیری ئایەتی: ﴿فانظر إلى آثارِ رَحْمَتِ الله كَيْفَ يُحيِ الأرضَ بَعْدَ موْتِها إنَّ ذلِكَ لَمُحْيِ الموتى وَهُوَ على كُلِّ شَيْءٍ قدير﴾ (الروم: ٥٠) و، بوو بە "وتەی دەهەم" و "وتەی بیست و نۆهەم" کە دوو بەڵگەی ڕوون و بەهێزی ئەوتۆن ئینکاری وملنەدانی سەرسەختەکانیان لاڵ و بێ دەنگ کرد..

---

(١) نەخو: وشەیەکە بە شێوە زمانی کرمانجیی ژووروو، بە واتای: "کەواتە" دێت لە شێوە زمانی کرمانجیی خواروودا. (وەرگێڕ)

ئنجا "دە" ساڵ دوای ڕوونکردنەوەی ئەو قەڵا پۆڵایینەش، خواوەندی مەزن نیعمەتی تەفسیرکردنی ئەو ئایەتانەی پێ بەخشیم کە لە سەرەتای ئەم تیشکەدان و، ئەم پەیامەی لێ پێکهاتووە. جا ئەم "تیشکی نۆهەم"ە بریتی‌یە لە "نۆ" مەقامی بەرز کە ئەم ئایەتانە ئاماژەیان بۆ کردوون، لەگەڵ "پێشەکی"یەکدا.

* * *

پێشەکی

(ئەم پێشەکی‌یە دوو خاڵە: لە سەرەتادا بە پوختی لە نێوان ئەنجام و سوودەکانی "باوەڕ بە حەشر" بۆ ژیان و گیانی مرۆڤ، ئەنجامێکی گەورە و گرنگ باس دەکەین و، مەودای پێویستیی ئەم باوەڕەش بۆ ژیانی مرۆڤایەتی – بە تایبەت لە بوارە کۆمەڵایەتی‌یەکەیدا – ڕوون دەکەینەوە.

هەروەها لە نێوان بەڵگە زۆر و زەبەندەکانی"باوەڕ بە حەشر"دا تەنها یەك بەڵگە دەهێنین و، ڕوونی و ئاشکرایی ئەم باوەڕە دەخەینە پێش چاو کە هیچ گومانێکی ئاوێتە نابێت).

خاڵی یەکەم

وا بۆ نموونە لە نێوان سەدان بەڵگەدا، ئاماژە بۆ تەنها چوار دانە لەو بەڵگانە دەکەین کە دەیچەسپێنن: "باوەڕ بە ڕۆژی دوایی" گرنگترین بەردی بناغەی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤە و، بنچینەی هەموو کەماڵات و ڕەوشتبەرزی و بەختەوەری‌یەکانیەتی:

بەڵگەی یەکەم:

"منالاّن" کـە نیـوەی گـرۆی مـرۆڤ پێکدەهێنـن، ئەگـەر هـێزی مەعنـەویی "ئیمان بە بەهەشت" نەبێت کە لە دەروون و بوونی ناسـك و لاوازی خۆیـاندا هەستی پێ دەکەن، ناتوانن ئەو بارە ناخۆشانەی چەشنی "مردن" هەڵبگرن کـە لە پێش چاویاندا ڕوو دەدەن و بە ڕواڵەت خەمناك و بە ئازار دیارن.

ئـەم ئیمانـەیان بـە بەهەشـت دەرگـای ڕوونـی هیـوا و ئـاوات لـە بـەردەم سروشـتە ناسـکەکانی ئـەواندا دەکاتـەوە کـە هێنـدە ناسـك و نیانـە توانـای بەرگریـیان نییـە و، بـە بچووکـترین گـیروگرفت دڵیـان گـەرد دەگرێـت و دەدەنـە پرمـەی گـریان. بـەڵام بەهـۆی ئـەم ئیمـانەوە، کـە لـە دڵیانـدا چەکەرەی کردووە، دەتـوانن بە خۆشی و شـادی ژیان و گوزەرانیان بەسەر بەرن..

چونکە هەر منالێك کە باوەڕی بە بەهەشت بێت، لەبەر خۆیەوە بە خـۆی دەڵـێت:

(برا بچووکەکەم، یان هاوڕێ خۆشەویستەکەم کـە کۆچـی دوایـی کـرد، ئێستا یەکێکە لە باڵندەکانی بەهەشـت. کەواتە ئەو بە سەربەستی لە بەهەشتدا گەشتی خـۆی دەکـات و دەحەوێتـەوە و، ژیـانی ئێسـتای ئـەو لـەوێ لـەچاو گوزەرانی ئێمە لێرەدا، گەلـێ باشترە).

دەنـا گـەر ئـەوان ئـەم ئیمانـەیان بـە بەهەشـت لەدەسـت دابێـت، ئـەوا ئـەو مردنەی کـە دووچـاری منـاڵانی وەك خۆیـان و گـەورەکانیش دەبێـت، ورەی ئەو منالە بێ توانا و دەسـتەڵاتانەی بـەردەدا و بـە فەلاکـەتی دەبـردن و، گشـت لایەنە دەروونییەکانیان و تێکڕای ژیـانی ئـەوانی تێکدەشـکاند و، ڕوونـاکیی ژیانیشیان بە تەواوی لێڵ و تاریك دادەهات..

ئەو کاتەش، هـاودەم لەگەڵ فرمێسکی چاوەکانیـاندا، بـە خوڕ ئەسرینی بەسۆیان لە سەرچاوەی "گیان" و "دڵ" و "ژیری"یشیانەوە هەڵدەڕشت و، لە ئەنجامی ئـەم ئاکامـە ناکامەشـەوە یـان سـەرجەمی هەستەکانیان دەمـرد و پـتر ئەستوور دەبـوون و سۆزەکانی ناخیـان بـەجارێ لـەکار دەکـەوتن.. یـاخود چەشنی ئاژەڵی بەدبەخت وێڵ و سەر لـێ شـێواو دەبـوون و سـەرگەردان دەردەچوون.

بەڵگەی دووهەم:

"پیران"یش کـە نیـوەی گـرۆی مرۆڤـن و لەسـەر لێـواری گۆڕەکانیـان ڕاوەستاون، تەنها "ئیمان بە دواڕۆژ"ە کە ئارامی‌یان پێ دەبەخشێت..

ئەو مرۆڤە پیرانە ئارامی و دڵدانەوەی خۆیان بەرامبەر بـە نزیـك بوونـەوەی وادەی کوژانـەوەی ژیانـە ئازیزەکـەیان و داخستنی دەرگـای دنیـا شـیرین و جوانەکەیان لە ڕوویاندا، تەنها لەو ئیمانەدا دەبیننەوە..

جـا ئـەو پیرانـەی کـە وەکـو منالّیـان لـێ هاتووەتـەوە و، هەسـتی گیـان و سروشتیان بە جارێ ناسك بووەتەوە، تەنها بە هیوامەندیی ژیانی دواڕۆژەوەیـە کە ئارام دەگرن و بەرگریی ئەو نائومێدی‌یـە جەرگبڕانـەی پـێ دەکـەن کـە لـە مردن و نەمانەوە پەیدا دەبن.

دەنا گەر ئەم "ئیمان بە دواڕۆژە" نەبێت، ئـەوا ئـەو بـاوك و دایکـە پیرانـەی کە لە هەموو کەسێك زیـاتر شـایانی شـەفقەت و بـەزەیی و میـهرەبانین و، لـە هەموو کەسیش زیاتر پێویستیان بە ئاسایش و ژیانێکی پڕ لـە هێمنـی هەیـە، لـە ناخی "دڵ" و "دەروون" و "گیان"ی خۆیاندا هەستیان بە دڵەتـەپێ و کسـپەی گیـان و شـڵەژاویی دەروون دەکـرد و، ئـەم دنیـا فراوانـەیان بەجـارێ لـێ دەهاتەوە یەك و لێیان دەبوو بـە بەندیخانەیـەکی ترسناك و، تێکڕای ژیانیشـیان دەبوو بە ئازارێکی سەخت و بەسۆ.

بەڵگەی سێهەم:

"لاوان" و **"هـەرزەکاران"** کـە جەمسـەری ژیـانی کۆمەڵایـەتین، جگـە لــە "مەترسیی ئـاگری دۆزەخ" هیـچ شـتێکی تـر نیـیە قوڵپـەقوڵپی هەسـتەکانیان هێمن بکاتەوە و، دەستیان لە ستەم و دەستدرێژی و کاولکـاری بگێڕێتـەوە و، بــەرەنگاری هەڵەشــەیی هــەوا و ئارەزوویــان ببێتــەوە و، لــە پــەیوەندیی کۆمەڵایەتییاندا ڕەوتی هەرەباشیان بۆ دابین بکات.

خۆ ئەگەر ئەم ترسەی ئـاگری دۆزەخ نەبوایـە، ئـەوا ئـەو هـەرزەکارە هەڵەشانەی کە مەستی هەوا و ئارەزووەکانیانن، دنیایان لە پیر و پەککەوتە و لاوازان دەکرد بە دۆزەخ. چونکە ئەو کاتـە دەستەڵاتی نـاو کۆمـەڵ دەکەوتـە دەستی زاڵ بووانـی وەك ئـەوان و، ئنجـا ژیـانی بـەرز و بڵنـدی مرۆڤایـەتییان دادەبەزاندە ئاستێکی نزمی ئاژەڵانە.

بەڵگەی چوارەم:

ژیانی ناو **"خــێزان"**یـش مـایەی کۆبوونـەوە و، بەهەشـتی بەختـەوەری و، قەڵای مەحکـەم و، داڵدەی بێ وەیی ژیانی دنیایە.. ماڵی هەموو کەسێك، کە جیهان و دنیای تایبەتیی ئەو کەسەیە، ئەگەر ڕێز لە یەك گرتنی ڕاست و چـون یەك و، وەفای بێگەردی نێوان هەموان و، بەزەیی و میهرەبانیی ڕاستەقینەی تـا ڕادەی خۆبەختکردن و خۆنەویستیی تێدا نـەبێت، ئـەوا هـەرگیز ئـەو ماڵـە بەختەوەری لە گیانی خۆیدا نابینێت.

خۆ ئەگەر کەسانی ئەو خێزانە ئیمانیـان بـە بوونـی چـەندین پـەیوەندیی هــاوەڵانەی هەمیشــەیی و بـەردەوامی کـاتێکی بـێ کۆتــایی و ژیــانێکی هەتاهـەتایی بێ سنوور نـەبێت، کـە پـەیوەندیی بەرز و بـەڕێزی باوکایـەتی و برایەتیی بێگەرد و هاوەڵێتیی خاوێنی بەوەفایانـە بیانبەستێت بە یەکەوە، ئەوا

ئەم ڕێز گرتنە بێگەرد و وەفا و میهرەبانی‌یە چون یەکەش لەم دنیایاندا دروست نابێت.

ئەگەر ئەم چەشنە پەیوەندی‌یە لە نێوان کەسانی خێزاندا هەبوو، ئەوا "مێرد" لە بەرخۆیەوە بە خۆی دەڵێت:

(ئەم ژنەم هاوسەری ژیانمە و هاوڕێی جیهانی هەمیشەیی و ژیانی نەمرمە. کەواتە گوێ نادەم بەوەی کە ئێستا پیر و چرچ و ناشیرین بووە، چونکە جوانی‌یەکی هەمیشەیی لەمەولا لە ڕێدایە. لەبەر ئەوە، ئامادەم ئەوپەڕی داخوازی‌یەکانی وەفا و میهرەبانیی لە ڕوودا بنوێنم و هەر چەشنە خۆبەخت کردنێك لە پێناوی ئەم هاوەڵێتی‌یە هەمیشەییەدا پێویست بێت، بێ سێ و دوو کردن و دوودڵی، بەختی بکەم).

بەم جۆرە، ئەم پیاوە دەتوانێت وەك چۆن حەزی لە حۆریی بەهەشتە و خۆشی دەوێت، ئاوا بەزەیی بە ژنە پەككەوتە و بەساڵاچووەکەی خۆیشیدا بێتەوە و خۆشەویستیی لە ڕوودا بنوێنێت..

دەنا هاوەڵێتی‌یەکەی لەگەڵ خێزان و هاوسەرەکەیدا هاودەمی‌یەکی کاتی و ڕواڵەتیی سەعات و دوو سەعات دەبێت کە جودایی هەمیشەیی بە دوادا دێت، هاوەڵێتی‌یەکی سەرزارەکی دەبێت و هیچ پشتگیر و بناغەیەکی نابێت و، ئنجا بەزەییەکی مەجازی و، ڕێزێکی درۆینە و، سۆزێکی هەڵقوڵاوی هەستی ئاژەڵانە نەبێ هیچی تر نابەخشێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەرژەوەندی و هەستە شەهوانی‌یە دەروونی‌یەکان خۆیان لەو بەزەیی و ڕێزەدا هەڵدەقورتێنن و، ئەو بەهەشتە دنیاییە دەکەن بە دۆزەخێکی ئەوتۆ کە لە توانادا نەبێ ئارامی لەسەر بگیرێت.

بەم جۆرە، گەر تەنها یەك ئەنجام لە نێوان سەدان ئەنجامی "باوەڕ بە حەشر"دا کە پەیوەندیی بە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەوە هەیە و سەدان ڕوو و

سوودی هەمە جۆرەی لێ دەبێتەوە، لەسەر ئەو چوار بەڵگانەی ئێستا باس کران قیاس بکرێت، ئەوا دەزانرێت کە هاتنەدیی ڕاستیی "حەشر" بە ئەندازەی چەسپاویی ڕاستیی بەرزی مرۆڤ و پێداویستییە هەمەکییەکانی، چەسپاوە.

تەنانەت پێویستیی "گەدە" بۆ خۆراك و شایەتیدانی لەم ڕێیەوە لەسەر ئەو خواردەمەنییانە چەندەیە و تا چ ڕادەیەکە، ئەو پێداویستییە هەمەکییانەی مرۆڤیش بەڵگەیەکی ڕوونتر و شایەتییەکی گەلێ ئاشکراترن لەسەر هاتنەدیی "حەشر".

دەتوانرێت بە چەشنێکی قووڵتر مەودای هاتنەدیی "حەشر" دەستنیشان بکرێت گەر ئەم ڕاستییە (واتە حەشر) لە مرۆڤایەتی بسێنرێتەوە و لێی بێ بەش بکرێت. چونکە ئەو کاتە چییەتیی بەرز و گرنگ و زیندووی مرۆڤ دەگۆڕێت و دەبێت بە کەلاکێکی بۆگەنی مەڵبەندی میکرۆبەکان!

دەبا زانایانی کۆمەڵناسی و ڕامیاری و ڕەوشتناسی، لەوانەی کە بایەخ بە کاروباری کۆمەڵ و ڕەوشتی مرۆڤ دەدەن، گوێ لەمە ڕابگرن، با بێن و پێمان بڵێن بە چی ئەم بۆشاییە پڕ دەکەنەوە، بە چ چارەسەرییەك تیماری ئەم زامە قووڵ و بەسۆیانەی مرۆڤ دەکەن؟!

خاڵی دووهەم

ئەم خاڵە، زۆر بە کورتی، لە نێوان چەندین بەڵگەی لەژمارەبەدەری "ڕاستیی حەشر"دا تەنها یەك بەڵگە ڕوون دەکاتەوە، کە پوختەی شایەتیدانی پایەکانی تری ئیمانە. ئەویش بەم جۆرەی خوارەوە:

سەرجەمی هەموو ئەو موعجیزانەی کە بەڵگەن لەسەر پێغەمبەرێتیی حەزرەتی محەممەد ﷺ هەروەها گشت بەڵگەکانی تری پێغەمبەرێتی و

ڕاستگۆیی ئەو، هەموویان پێکەوە شایەتی لەسەر ڕاستیی حەشر دەدەن و بەڵگەن لەسەری و دەیچەسپێنن، چونکە بانگەوازەکەی ئەو پێغەمبەرە ئازیزە ﷺ لە درێژایی ژیانیدا، پاش مەسەلەی "تەوحید" ئاراستەی مەسەلەی "حەشر" کراوە..

هەروەها هەموو ئەو بەڵگە و موعجیزانەی ئەم پێغەمبەرە ﷺ کە دەبن بە بەڵگەی ڕاستیی پێغەمبەران و، ئەوەندە بەهێزن کە خەڵکی بۆ تەسدیقیان هان دەدەن، هەموویان شایەتی لەسەر هەمان ڕاستی دەدەن کە بریتییە لە "حەشر"..

هەروەها شایەتیدانی ئەو کتێبانەی کە لەلایەن خوای گەورەوە بۆ مرۆڤ ڕەوانەکراون و، شایەتیدانی پێغەمبەرە بەڕێزەکانیان ڕوون کردووەتەوە و، گەیاندوویانەتە پلەی "بەداهەت" هەردووکیان پێکەوە[1] شایەتی لەسەر هەمان ڕاستی دەدەن، بەم چەشنەی خوارەوە:

لە پێش هەموویانەوە قورئانی پیرۆزی خاوەن ڕوونکردنەوەی پڕ لە ئیعجازە، ئەم قورئانە پیرۆزە بە هەموو موعجیزە و بەڵگە و ڕاستییەکانیەوە، کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی لە هەموو کتێبێك شایانتری شوێنکەوتنە، شایەتی لەسەر ڕوودانی حەشر دەدات و دەیچەسپێنێت. چونکە سێیەکی هەموو قورئان و سەرەتای زۆربەی کورتە سوورەتەکانی بریتین لە چەندین ئایەتی ڕوون و ئاشکرای ئەوتۆ کە بەڵگەن لەسەر هاتنەدیی "حەشر". واتە قورئانی پیرۆز بە هەزاران ئایەتی پیرۆزی خۆی، چ بە ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوی و چ بە ئاماژە بۆ کردن، هەواڵی هەمان ڕاستی ڕادەگەیەنێت و بە ڕوونی دەیچەسپێنێت و ئاشکرای دەکات.

---

(١) واتە پێغەمبەران و ئەو کتێبانەی خوای گەورە بۆی ناردوون. (وەرگێڕ)

بۆ نموونە:

﴿إذا الشمسُ كُوِّرَتْ﴾ (التكوير: ١).

﴿ياأيها الناسُ اتَّقوا ربَّكُمْ إنَّ زَلزلةَ السَّاعةِ شَيْءٍ عظيم﴾ (الحج: ١).

﴿إذا زُلْزِلَتِ الأَرْضُ زِلْزالَها﴾ (الزلزلة: ١).

﴿إذا السماءُ انْفَطَرَتْ﴾ (الإنفطار: ١).

﴿إذا السماءُ انشقَّتْ ﴾ (الإنشقاق: ١).

﴿عَمَّ يتساءَلون﴾ (النبأ: ١).

﴿هل أَتاكَ حديثُ الغاشيةِ﴾ (الغاشية: ١).

قورئانی پیرۆز بەم ئایەتانە و هاوچەشنیان لە سەرەتای نزیکەی چل سوورەتیدا، دەیچەسپێنێت کە حەشر ڕاستی‌یەکی بێ گومانە و، ڕووداوێکی گەردوونی‌یە لەوپەڕی گرنگیدا و، دەبێ ببێت و، ڕوودانیشی گەلێ پێویستە..

بە ئایەتەکانی تریشی چەندین بەڵگەی جۆراوجۆری قەناعەت بەخش لەسەر ئەم ڕاستی‌یە ڕوون دەکاتەوە.

ئایا کتێبێك کە تەنها یەك ئاماژەی تەنها یەك ئایەت لە ئایەتەکانی، هەموو ئەو ڕاستی‌یە زانستی و گەردوونی‌یانە بەرهەم بهێنێت کە پێیان دەوترێت: "زانستە ئیسلامی‌یەکان"[(١)]، دەبێ شایەتیدانی هەزاران ئایەتی ئەو کتێبە کە "ئیمان بە حەشر" وەك خۆری درەخشان ڕوون دەکەنەوە، چۆن بێت؟! ئایا ئینکاری کردنی ئەم ئیمانە وەك ئینکاریی بوونی خۆر، یان ئینکاری کردنی

---

(١) لام وایە مەبەستی دانەر ئاماژەی ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿وعلّمَ آدَمَ الأسماءَ كُلَّها﴾ (البقرة: ٣١). (وەرگێڕ)

تێکڕای بوونەوەران نییە؟ ئایا ئەم کارە کارێکی سەد دەر سەد مەحاڵ و نەگونجاو نییە؟

ئایا دەگونجێ هەزاران بەڵێن و هەڕەشە و گوفتاری پادشایەکی مەزنی بەدەستەڵات بە درۆ دابنرێت و، بە شتێکی بێ بناغە و دوور لە ڕاستی لە قەڵەم بدرێت، لە کاتێکدا کە سوپای ئەو پادشایە جاری وا هەیە تەنها لەبەر ئەوەی ئاماژەیەکی پادشا بە درۆ نەخرێتەوە، دەچێتە ناو جەنگی بێ ئامانەوە؟

خۆ پادشای مەعنەویی مەزن، کە وا سیازدە سەدەی ڕەبەقە دەستەڵاتداری و فەرمانڕەواییەکەی بەردەوامە و، چەندەها گیان و ژیری و دڵ و دەروونی لەژمارەبەدەری پێگەیاند و، پەروەردە و پاکژی کردن و، بە حەق و ڕاستی بەڕێوەی بردن.. ئایا تەنها ئاماژەیەکی ئەو پادشا مەعنەوییە مەزنە سەروزیاد نییە بۆ چەسپاندنی "حەشر"؟ چ جای ئەوەی کە هەزاران وتەی ڕاستەوخۆی ڕوون و چەسپێنەری حەشری بە ڕاشکاوی تێدایە؟!

ئایا ئەو کەسەی کە لەم ڕاستییە ڕوونە تێناگات، مرۆڤێکی نەفام و نەزان نییە؟ ئایا ئەوپەڕی دادگەری نییە کە جێی ئەو کەسە ناخی دۆزەخ بێت و لەوێدا بگیرسێتەوە؟

پاشان هەموو کتێب و صوحوفە ئاسمانییەکانی تر کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەرانی پێشووی ناردوون و، هەر یەکەیان ماوەیەك فەرمانڕەوای کاتی خۆی بووە، بە هەزاران بەڵگە، ئەو دەعوایەی قورئانی پیرۆزیان سەبارەت بە "حەشر" سەلماندووە، هەرچەندەش بەپێی داخوازیی چەرخ و سەردەمەکانیان و گەلێ بە کورتی باسی ڕاستی و بێ گومانیی حەشریان کردووە، کە قورئانی پیرۆز بەوپەڕی ڕوونی لێی دواوە، ئەو قورئانەی کە فەرمانڕەوای هەموو سەردەمێکە و، بەسەر تێکڕای ئایندەشدا زاڵ و دەستەڵاتدارە.

وا لێرەدا و لەبەر شیاویی ئەم باسە، دەقی کۆتایی پەیامی "موناجات" دەهێنین، کە بەڵگەیەکی گومان بڕی پوختە لەسەر حەشر و، لە شایەتیدان و بەڵگەبوونی پایەکانی تری ئیمانەوە لەسەر "حەشر" پەیدا بووە، بە تایبەت لە "ئیمان بە پێغەمبەران و کتێبەکان" کە هەرچی گومان و دوودڵی هەیە تەفروتوونایان دەکات. بۆیە دەیشی هێنین چونکە بە شێوازێکی کورت و لە شێوەی نزا و لاڵانەوەدا باس کراوە:

(ئەی پەروەردگاری میهرەبانم! بەهۆی فێرکاریی پێغەمبەر ﷺ و وانەکانی قورئانی پیرۆزی داناوە، تێگەیشتم کە هەموو کتێبە پیرۆزەکان، لە پێشەکیی هەموویانەوە قورئانی پیرۆز.. هەروەها گشت پێغەمبەران، لە پێش هەموویانەوە پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ، هەر هەموویان بەڵگەن و، بە یەکدەنگی و یەکێتی ئاماژە دەکەن و شایەتی دەدەن لەسەر ئەوەی کە:

درەوشانەوەی ناوە جوان و شکۆمەندەکانی خوای گەورە کە لە دنیا و هەموو جیهانەکاندا شوێنەواریان دیار و ئاشکرایە، لە جیهانی هەمیشەیی و هەتاهەتاییشدا بە جۆرێکی گەلێ ڕوونتر بەردەوام دەبێت، هەروەها درەوشانەوە میهرەبانەکانی ئەو ناوانە کە نموونەکانیان لەم جیهانە فانییەدا دەبینرێن، لەو دنیای خانەی بەختەوەریدا جوانترین و درەوشاوەترین ڕووناکی بەرهەم دەهێنن و بە هەمیشەیی دەمێننەوە. هەروەها ئەو تاسەمەندانەش کە لەم ژیانە کورتەی دنیادا بەوپەڕی شەوقەوە سەرنج لەو درەوشانەوانە دەدەن و بۆیان دەڕوانن، لەودنیادا تا ئەبەد بە خۆشەویستییەوە هاوڕێیان دەبن و بە نەمری لەگەڵیاندا دەمێننەوە.

هەروەها گشت پێغەمبەران - درووودیان لەسەر بێت - کە دارای گیانی ڕووناکن، لە پێش هەموشیانەوە پێغەمبەری ئازیز ﷺ و، هەموو ئەولیاکان کە جەمسەری خاوەن دڵە ڕۆشنەکانن و، گشت صیددیقانیش کە

سەرچاوەی ژیری‌یە بینەر و ڕوونەکانن.. هەموو ئەوانە ئیمانێکی قووڵی دامەزراویان بە "حەشر" هەیە و، شایەتیی لەسەر دەدەن و، مژدەی بەختەوەریی هەمیشەیی بە مرۆڤایەتی ڕادەگەیەنن و، گومڕایان بە مەترسیی ئاگری دۆزەخ بێدار دەکەنەوە و، مزگێنی بە ڕێڕەوانی ڕێی هیدایەت دەدەن کە بەهەشت چارەنووس و پاشەڕۆژ و ئەنجامیانە..

لەمەشدا پشت بە سەدان موعجیزەی ڕوون و نیشانەی بێ گومان و ئەو بەڵێن و هەڕەشانەش دەبەستن کە چەندەها جار لە کتێب و صوحوفە ئاسمانی‌یەکانتدا - ئەی پەروەردگارم! - باست کردوون. هەروەها پشت بە: بەزەیی شکۆمەندی و، دەستەڵاتداریی پەروەردگاری و، کاروبارە بەرز و، سیفەتە پاك و پیرۆزەکانی تۆ دەبەستن، وەك: توانست و میهرەبانی و عینایەت و دانایی و شکۆمەندی و جوانی و، بە پێی ئەو کەشف و بینینە لەژمارەبەدەرانەی خۆیان کە هەواڵی نیشانەکانی دواڕۆژن و، بە گوێرەی ئەو ئیمان و باوەڕەشیان کە تا پلەی "علم الیقین" و "عین الیقین" چەسپاو و دامەزراوە.

دەسا ئەی خواوەندی بەتوانای دانا و، بەخشندەی میهرەبان و، دارای بەڵێنی ڕاست و، خاوەنی سەربەرزی و مەزنی و شکۆمەندی و، لەناوبەری خوانەناسان!

تۆ زۆر خاوێن و پاك و پیرۆز و بەرزتریت لەوەی کە هەموو شوێنکەوتووان و، گشت بەڵێن و، سەرجەم سیفەتە مەزن و، کاروبارە خاوێن و پیرۆزەکانی خۆت بەدرۆ بخەیتەوە و، پەردە بەسەر داخوازیی دەستەڵاتداریی خۆتدا بگێڕیت و، ئەو هەموو دوعا و نزایانە گیرا نەکەیت کە ئەو بەندە باشانەت دەیانکەن کە خۆشت دەوێن و، خۆشیان دەوێیت و، لە ڕێی ئیمان و تەسدیق و گوێڕایەڵی‌یەوە خۆیان لەلا خۆشەویست کردوویت..

تۆ خاوێن و پیرۆز و بەرزی لەوەی کە کافر و گومڕایان لە ئینکاری کردنی حەشردا تەسدیق بکەیت، ئەوانەی کە بە بۆنەی کوفر و سەرپێچی کردنیان و بە درۆخستنەوەی تۆ و بەڵێنەکانتەوە دەستدرێژی بۆ سەر مەزنیی تۆ دەکەن و، گاڵتەیان بە بەرزیی شکۆمەندی و، مەزنیی خوایەتی و، میهرەبانیی پەروەردگاریی تۆ دێت.

ئەوەتا ئێمە تەقدیسێکی بێ سنوور و نەبڕاوەی دادگەری و جوانیی ڕەها و میهرەبانیی فراوانی تۆ دەکەین و، لەم ستەمە ناڕەوایەی بە دوور دەزانین و پاکی ڕادەگرین..

بە هەموو هێز و توانایەکمانەوە باوەڕمان وایە کە هەزاران پێغەمبەری ئازیز و، چەندین پیاوچاك و ئەولیای لەژمارەبەدەر کە بانگی مرۆڤایەتی بۆ لای تۆ دەکەن، هەموو ئەوانە، بە "حق اليقين" و "عين اليقين" و "علم اليقين" گەنجینەکانی میهرەبانیی دواڕۆژ و چاکەکاریەکانی تۆ لە جیهانی هەمیشەییدا و، درەوشانەوەی ناوە جوانەکانت کە بە تەواوی لە خانەی بەختەوەریدا دەردەکەون، دەبینن و چاویان لێیەتی.

هەروەها باوەڕمان هەیە کە ئەم شایەتیدانەی ئەوان حەق و ڕاستە و، ئاماژە کردن و مژدەدانەکانیشیان هەموو ڕاستن و دێنەدی، چونکە ئەوان هەموویان باوەڕیان وایە ئەم ڕاستیە مەزنەی "حەشر" تیشکێکی مەزنی ناوی پیرۆزی "الحق"ی تۆیە، کە سەرچاوە و خۆری ڕووناکی هەموو ڕاستیەکانە. کەواتە ئەوان بە ئیزنی خۆت و لە بازنەی حەق و ڕاستیدا ڕێنمایی بەندەکانت دەکەن و هەمان حەقیقەت و ڕاستیان تێدەگەیەنن.

دەسا ئەی پەروەردگارم! بە خاتری دەرس دادانی ئەوان و لەبەر ڕێزی ڕێنماییەکانیان، ئیمانی تەواوەتی و ئەنجامی خێر و باش بە ئێمە و قوتابیانی نوور ببەخشە و، وامان لێ بکە شایانی شەفاعەتی ئەوان بین، ئامین).

بەم جۆرە بۆمان دەرکەوت کە هەموو ئەو بەڵگانەی ڕاستیی قورئان تەنانەت ڕاستیی هەموو کتێبە ئاسمانییەکان دەسەلمێنن..

هەموو ئەو موعجیزە و بەڵگانەش کە پێغەمبەرێتیی خۆشەویستی خوا ﷺ بگرە هی گشت پێغەمبەرانی تریش دەچەسپێنن..

هەموو ئەو بەڵگانە، لە هەمان کاتدا گرنگترین شتێکیش دەچەسپێنن کە ئەو کتێب و پێغەمبەرانە خەڵکیان بۆ لا بانگ دەکەن و گرنگترین لایەنی بانگەوازەکەیانە کە (هاتنەدیی قیامەت)ە.

هەروەك ئەوانە ئەمەیان چەسپاند..

بە هەمان جۆر، زۆربەی ئەو بەڵگانەش کە شایەتی "بوون" و "یەکتایی" خواوەندی "واجب الوجود"ن، شایەتیشن لەسەر خانەی بەختەوەری و جیهانی مانەوە و هەمیشەیی، کە جەمسەر و دەرخەری پەروەردگاری و خوایەتیی خوای گەورەن..

ئەو بەڵگانە - وەك لەو مەقامانەی کە لەمەولا دێن، ڕوون دەکرێنەوە - شایەتن لەسەر هاتنەدیی ئەودنیا و کردنەوەی دەرگاکانی. چونکە "بوون"ی خوای گەورە و سیفەتە مەزن و زۆربەی ناوە جوانەکانی و کاروبارە پڕ لە دانایی و وەسفە خاوێن و پیرۆزەکانی وەك: پەروەردگاری و، خوایەتی و، میهرەبانی و، چاودێری و، دانایی و، دادگەری، هەموویان بە ئەندازەی پلەی پێویستی و بۆ مەبەستی پاداشت و تۆڵەسەندنەوە، داخوازی بوونی "قیامەت" دەبن.

بەڵێ، مادەم خوای گەورە هەیە و تاك و تەنیایە و ئەزەلی و ئەبەدییە، ئەوا دەبێ ئەو شتەش کە خولگەی دەستەڵاتداریی خوایەتییەکەیەتی، کە دوارۆژە، ئەویش ببێت..

هەروەها مادەم پەروەردگاریتیی ڕەهای خوای گەورە لەم بوونەوەرەدا، بە تایبەت لە زیندەوەراندا، دەردەکەویت و پەروەردگاری‌یەکی شکۆمەند و مەزن و دانا و میهرەبانی ڕوون و ئاشکرایە، ئەوا دەبێ خانە و لانەیەك بۆ بەختەوەریی هەمیشەیی بێتە پێشەوە کە دەست بە ڕووی ئەو گومانانەوە بنێت کە پەروەردگاریتیی ڕەهای خواوەند بەوە لەکەدار دەکەن گوایا بەدیهێنراوانی خۆی بێ هیچ پاداشتێك بەرەڵا دەکات و لێیان ناپرسێتەوە. هەروەها دانایی خواوەند لە "بێ مەبەستی" و، میهرەبانی‌یەکەشی لە تۆمەتی "غەدرکاری" بپارێزێت.

واتە ئەو خانەی بەختەوەری‌یە، بێ هیچ گومانێك هەیە و، دەبێ مرۆڤی تێبچێت.

هەروەها مادەم ئەم هەموو جۆرە نیعمەت و بەخشش و چاکە و ڕێز و چاودێری و میهرەبانی‌یانە، لە بەرچاوی عەقڵاندا - گەر ترووسکاییان لێ نەبڕابێت - ئاشکران و، لە بەردەم دڵانیشدا - گەر نەمردبێتن - بە چاو دەبینرێن و، دەبن بە بەڵگە بە دەستمانەوە لەسەر بوونی پەروەردگارێکی میهرەبان لە پشت پەردەی ڕواڵەتی گەردوونەوە..

ئەوا دەبێ ژیانێکی نەمری بەردەوام بێتەکایەوە، تاکو ئەو نیعمەت بەخشینەی باسمان کرد لە گاڵتەجاڕی ڕزگار بکات و، مەودای ڕاستەقینەی خۆی وەربگرێت و.. چاکەکاری‌یەکانیش لە تۆمەتی هەڵخەڵەتاندن بپارێزرێن، تاکو حەقیقەتەکەیان دەربکەوێت و.. چاودێری‌یەکانیش لە چنگی بێ مەبەستی دەرباز بکات، تاکو بە تەواوی بێنەدی و.. میهرەبانیش لە دەستی ڕق و قین ڕزگار بکات، تا هەموو ڕووەکانی دەربکەون و.. لوتف و کەرەمی خواوەندیش لەوە دەرباز بکات کە بە ئیهانەکردن دابنرێن، تاکو ڕووەو بەندەکانی خوا بکەونەکار و بەسەریاندا بڕێژرێن.

بەڵێ، ئەو شتەی کە نیعمەت و چاکەی کردووە بە نیعمەت و چاکەی ڕاستەقینە، بریتی‌یە لە بوونی "ژیانێکی بەردەوامی هەمیشەیی" لە جیهانی مانەوە و نەمریدا.. بەڵێ، دەبێ ئەمە بێتەدی.

هەروەها مادەم قەڵەمی توانستی خوای گەورە لە وەرزی بەهار و لەسەر تەنها یەك لاپەڕەی تەسکی بچووکدا سەد هەزار کتێب بە چەشنێکی تێهەڵکێش دەنووسێت، بێ هیچ چەشنە هەڵە و ناتەواوی و ماندووبوونێك، وەك لە بەرچاودا ڕوون و ئاشکرایە..

هەر خاوەنی ئەو قەڵەمە، سەد هەزار جار بەڵێنی داوە کە:

(کتێبێکی ئاسانتر لەو کتێبە نووسراوەی بەهاری بەرچاوتان بە چەشنێکی هەمیشەیی و بەردەوام دەنووسم، لە شوێنێکی گەلێ فراوانتر و جوانتریش لە چاو ئەم شوێنە تەسك و تێکەڵ و پێکەڵەی بەهار.. ئەو کتێبەی کە دەینووسم هەرگیز لەناوناچێت و بە جۆرێك دەبێت کە بتوانن بە سەرسووڕمان و سەرسامی‌یەوە بیخوێننەوە)!

مادەم خواوەند لە هەموو فەرمانەکانیدا باسی ئەو کتێبە دەکات، ئەوا دەبێ - بێ هیچ گومانێك - سەرەتا و بناغەکانی ئەو کتێبە هەر ئێستا نووسرابن و، پەراوێزەکانیشی لەمەولا بە حەشر و نشوور و زیندووبوونەوە پڕ بکرێنەوە و، لاپەڕەی کردەوەکانی هەموانیشی تێدا بنووسرێنەوە..

هەروەها مادەم ئەم زەوی‌یە، لەو ڕووەوە کە زۆربەی بەدیهێنراوان و سەدان هەزار جۆری زیندەوەر و گیانلەبەرانی جۆراوجۆر و گۆڕاوی تێدایە، بووە بە ناوجەرگە و مەڵبەند و کورتە و پوختە و هۆی بەدیهێنانی گەردوون و، هەمیشە هاودەمە لەگەڵ ناوهێنانی ئاسمانەکاندا وەك ئەوەی کە لە فەرمانە ئاسمانی‌یەکانی هاوچەشنی: "ربُّ السَّموات والأرضِ"دا ناوی هێنراوە..

هەروەها مادەم ئادەمیزاد لە هەموو لایەن و ڕووەکانی ئەم سەرزەویەی کە ئەم هەموو چییەتی و تایبەتکاریyanەی هەیە، فەرمانڕەوایە و، خاوەنی هەڵسوکەوتی سەربەخۆیە لە زۆربەی بەدیهێنراوانی ناو زەویدا و، زۆربەی زیندەوەرانیش بۆ خۆی ڕام و ژێربار دەکات و، زۆربەی بەدیهێنراوانی ناویشی وا لێ دەکات کە بەپێی پێوەر و ئارەزووەکانی و بە گوێرەی پێداویستییە سروشتییەکانی مرۆڤ هەڵسوکەوت بکەن و بە دەوریدا هەڵبسووڕێن و مرۆڤ ڕێکیان بخات و ئارایشتیان بدات و بیانخاتە پێش چاوان و، جۆرە سەرسووڕهێنەرەکانی بەدیهاتووانی سەر ڕووی زەویش وەها ڕێك بخات کە نەك تەنها سەرنجی جینني و مرۆڤ بەڵکو سەرنجی هەموو دانیشتووانی ئاسمانەکان و تێکڕای گەردوون و تەنانەت خاوەنی گەردوونیش ڕابکێشێت و، لەم ڕێیەوە - ئەم ئادەمیزادە - ڕێز و تەقدیری شایانی خۆی لەوانەوە دەست کەوت و، لەم ڕووەشەوە گرنگییەکی مەزن و نرخێکی باڵای پەیدا کرد و، مرۆڤ لە ئەنجامی ئەمەوە و بەو زانست و کارامەییەی کە هەیەتی، دەری خست مەبەست لە بەدیهێنانی بوونەوەراندا تەنها ئەوە و، هەر ئەویش ئەنجامی مەزن و بەری بەنرخی درەختی بوونەوەرانە..

ئەمەشت بەلاوە سەیر نەبێت! چونکە تەنها مرۆڤە کە بەرپرسی ئاوەدانکردنەوەی زەوییە.

جا لەبەر ئەوەی مرۆڤ سنعەتە بێ وێنەکانی بەدیهێنەر بە چەشنێکی جوانی سەرنج ڕاکێش لەم دنیایەدا ڕێك دەخات و دەیانخاتە ڕوو، ئەوا سزای سەرپێچی و کافرییەکەی خراوەتە ئەودنیا و، مۆڵەت دراوە لەم دنیادا بژی، تاکو ئەم ئەرکەی سەرشانی بە چەشنێکی سەرکەوتووانە ڕاپەڕێنێت.

هەروەها مادەم ئەم ئادەمیزادەی کە ئەم چییەتی و تایبەتکارییانەی لە سروشتدا دروست کراوە و، لەگەڵ لاوازییە هەرە بەتین و توندەکەشیدا چەندین پێداویستیی بێ سنوور و، لەگەڵ کۆڵەواریی هەرە تەواویشیدا چەندین ئازاری لەژمارەبەدەری هەیە..

مادەم ئەم مرۆڤە پەروەردگارێکی ئەوەندە بەتوانای هەیە کە خاوەنی توانست و میهرەبانییەکی ڕەهای وایە ئەم زەوییە زەبەلاح و یەکجار مەزنە بکات بە گەنجینەیەکی گەورەی جۆرەهای ئەو کانزایانەی کە مرۆڤ پێویستی پێیان دەبێت و، کۆگای ئازووقەی هەموو جۆرە خواردەمەنییە پێویستەکان و، بازاڕ و دوکانی ئەو سەروەت و سامانە جۆراوجۆرانەی کە حەزی لێیانە ..

مادەم ئەم خواوەندە بە چاوی عینایەت و میهرەبانییەوە بۆ مرۆڤ دەڕوانێت و، پەروەردەی دەکات و، داخوازییەکانی بۆ دەهێنێتەدی..

هەروەها مادەم پەروەردگاری مەزن - وەك لەم ڕاستییەوە دەردەکەوێت - مرۆڤی خۆشدەوێت و، خۆی لە لا خۆشەویست دەکات و، خۆیشی هەمیشەییە و چەندین جیهانی بەردەوام و هەتاهەتاییشی هەیە و، کاروبارەکانی بەپێی دادگەری و بە گوێرەی دانایی خۆی ئەنجام دەدات و، مەزنیی دەستەڵاتداری و هەمیشەیی فەرمانڕەوایی ئەم بەدیهێنەرە ئەزەلییە لەم دنیا تەسکەدا و لە تەمەنی هەرە کورتی مرۆڤ و تەمەنی ئەم زەوییە فانی و کاتییەدا جێی نابێتەوە، چونکە ئەو ستەم و تاوانانەی مرۆڤ دەیانکات و ئەو ئینکاری و سەرپێچی و کوفرانەی بەرامبەر بە خواوەندی خۆی دەیاننوێنێت (ئەو خواوەندەی کە نیعمەتی بەسەردا باراندووە و بە میهرەبانی و شەفەقەتێکی تەواو پێیگەیاندووە) هەموو تاوانەکانی ئەم مرۆڤە، لەم دنیایەدا بێ تۆڵە دەمێننەوە، دیارە ئەمەش دژ و پێچەوانەی ئەو ڕێسا ڕێکەی ناو

گەردوونە و، پێچەوانەی دادگەری و هاوسەنگیی بێگەرد و تەواوی ناویەتی. چونکە ستەمکاری بێ ویژدان و بێ بەزەیی، ژیانی بەخۆشی دەباتەسەر، بەڵام بابای ستەم لێکراوی بەدبەخت، ژیانی بە کولەمەرگی لێ دەگوزەرێت..

بێ هیچ گومانێك ڕاستی و ماهییەتی ئەو دادگەرییە ڕەهایەی ئەو، کە شوێنەواری لە بوونەوەراندا دەبینرێت، هەرگیزاوهەرگیز ڕازی نابێت بەوەی ستەمکار و ستەم لێکراو، کە لە مردندا یەکسانن، زیندوو نەکرێنەوە و لێپرسینەوەیان نەیەتە ڕێ..

هەروەها مادەم خوای گەورەی خاوەنی موڵکی دنیا و قیامەت، لەناو گەردووندا زەوی و، لەناو زەویشدا مرۆڤی هەڵبژاردووە و، پایە و ڕێزێکی بەرز و بایەخ و گرنگییەکی باڵای داوەتێ.. لە نێوان مرۆڤیشدا پێغەمبەران و ئەولیا و پیاوچاکانی هەڵبژاردووە، ئەوانەی کە لەگەڵ مەبەستەکانی پەروەردگاردا گونجاون و، بە ئیمان و گوێڕایەڵی خۆیان لە لا خۆشەویست کردووە و، خوای گەورەش ئەوانی هەڵبژاردووە بە ئەولیا و خۆشەویست و قسە لەگەڵ کراوانی خۆی و، بە موعجیزات و یارمەتی لە کاروبارياندا ڕێزی لێ ناون و بە زللە ئاسمانییەکانیش دوژمنانی ئەوانی تەمێ کردووە و، لە نێوان ئەو خۆشەویستانەشدا ئەو کەسەی هەڵبژاردووە کە پێشەوا و مایەی شانازی و سەربەرزییانە، کە حەزرەتی محەممەدە ﷺ و، نیوەی بە کەڵکی گۆی زەوی و، پێنج یەکی بە بایەخی گرۆی مرۆڤی لە ماوەی چەندین سەدەی دوور و درێژدا بە نووری ئەو ڕووناك کردووەتەوە، بە چەشنێ کە دەڵێی بوونەوەران لەبەر ڕێزنان لەو بەدی هێنراون، چونکە بەهۆی ئەو خۆشەویستەوە و بە بۆنەی ئەو ئایینەی کە هێنای و ئەو قورئانەی بۆی نازڵ کرا، ئامانج و مەبەستی بەدیهێنان دەرکەوت و ئاشکرا بوو.

جـا هەرچـەندە ئـەم پێغەمبـەرە ﷺ شـایانی ئەوەیـە كـە بەرامبـەر خزمەتگوزاریـیە مـەزن و لـە ژمـارە و سـنووربەدەرەكانی بـە تەمـەنێكی درێژخایـەن و شایانی خۆی پاداشـت بدرێتـەوە، كـەچی تەمـەنێكی كـەمی شەست و سێ سالّیی پڕ ئەشكەنجە و ئازاری پێ بڕا!!

جا ئایا هەرگیز دەگونجێ و دەچێتـە عەقڵـەوە، یـان هیـچ گریمـانێك لـەوەدا هەیە كە ئەو پێغەمبەرە و هاووێنـە و خۆشەویستانی ئـەو، زینـدوو نەكرێنـەوە و ئەو پێغەمبەرە هەر ئێستا بە ڕۆح زیندوو نەبێت و، هەر بـە تـەواوی تیـابچێت و بە نەمان كۆتایی پێ بێت؟

نەخێر.. هەزار هەزار جار نەخێر..

بەڵێ، گەردوون و هەموو ڕاستییەكانی جیـهان، زیندووبوونـەوە و ژیـانی ئەو پێغەمبەرە ئازیزە ﷺ لە خاوەنی گەردوون داوا دەكەن..

پەیامی "الآیة الكبری" كـە تیشـكی حەوتەمـە، بە سی و سێ یـەكدەنگیی مەزن، كە هەریەكەیان بە چەشنی سەختیی چیـای بـەرز و مـەزن بەڵگـەكانیان بەهێز و چەسپاوە، چەسـپاندوویەتی كە ئەم گـەردوونە تەنـها لـە دەسـتی یـەك كەسـەوە دەرچـووە و دروسـت كـراوە و، تەنـها موڵكـی خوایـەكی تـاك و تەنیایە.

ئەو پەیامە بەو بەڵگانەی خۆی "تەوحید"ی دەرخست و بە ئاشكرا ئـەوەی گەیاند كە "تەوحید" جەمسـەری كـەماڵی خواوەنـدە و، ڕوونـی كـردەوە كـە بەهۆی "تاك و تەنیایی"یەوە هەموو گەردوون وەك چەند سەربازێكی ئامـادە و لەسـەرپێ و فەرمانبـەرداری گوێڕایـەڵیان لـێ دێت بۆ ئـەو خواوەنـدە تـاك و تەنیایە.

ئـەو پەیامـە ئەوەشـی ڕوون كردووەتـەوە كـە بـە هـاتنی قیامـەت كـەماڵاتی خواوەند دێنەدی و، دادگەریی ڕاستەقینەی ئەو زاڵ دەبێت و لە تۆمـەتی ستەم

ڕزگاری دەبێت و، دانستە گشتی‌یەکەشی لە گاڵتەجاڕی و بێ مەبەستی و هەرزەیی دەپارێزێت و، میهرەبانی‌یە فراوانەکەشی مەودای خۆی وەردەگرێت و لە ناو و ناتۆرەی "ئازاردان" دەرباز دەبێت و، بەرزی و توانستە ڕەهاکانیشی دەردەکەون و لە چنگی کۆڵەواری قوتار دەکرێن و، هەموو یەکێ لە سیفەتە بێگەردەکانی بە خاوێنی و مەزنی دەردەکەون و ئاشکرا دەبن.

کەواتە.. هەرگیزاوهەرگیز هیچ گومانێك لەوەدا نی‌یە کە قیامەت بەرپا دەبێت و، حەشر و نشوور دێتەکایەوە و، دەرگاکانی خانەی تۆڵە و پاداشت دەکرێنەوە. ئەمەش بەپێی داخوازیی ئەم هەشت بڕگانەی پێشوو کە بە "مادەم" دەستیان پێ کرد و، کە هەریەکەیان مەسەلەیەکی ناسك و سەرنجێکی پڕ لە واتای وردن و لە نێوان سەدان سەرنجی وردی "ئیمان بە خوا"دا هێنراون.

بۆ ئەوەش قیامەت بەرپا دەبێت، تاکو:

گرنگی و جەمسەربوونی زەوی و، پایە و ڕێزی مرۆڤ بێنەدی و، دادگەری و میهرەبانی و دەستەڵاتی بەدیهێنەر و پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی دەربکەون و، ئەولیا و خۆشەویستە ڕاستەقینە و تاسەمەندەکانی خواوەندی پەروەردگاری هەمیشەیی لە نەمان و تیاچوونی هەمیشەیی ڕزگاریان بێت و، مرۆڤە مەزن و خۆشەویست و هەرە بەڕێزەکەیشیان پاداشتی کردەوەکانی و ئەنجامی ئەو خزمەتگوزاری‌یە مەزنانەی خۆی ببینێت کە بوونەوەرانی منەتبار و ڕەزامەند کردووە..

هەروەها بۆ ئەوەش کە کەماڵ و تەواویی پادشای هەمیشەیی لە قسوور و ناتەواوی و، توانستەکەی لە کۆڵەواری و، داناییەکەیشی لە نەفامی و،

دادگەرییەکەشی لە ستەم بپارێزن و بە پاکی و بێگەردی و خاوێنی ڕاگیر بکرێن.

بە پوختی:

مادەم خوا هەیە، ئەوا دوارۆژ و قیامەت هیچ جۆرە گومانێکی تێدا نییە!

* * *

ئنجا هەروەك ئەم سێ پایە ئیمانییانەی پێشوو، بە هەموو بەڵگەکانیانەوە "حەشر" دەچەسپێنن و شایەتیی لەسەر دەدەن.. بە هەمان جۆر دوو پایەکانی تری ئیمانیش کە "ئیمان بە مەلائیکەت و قەدەر"ن، حەشر دەچەسپێنن و دەبن بە بەڵگە و شایەتییەکی بەهێز لەسەر هاتنی جیهانی هەمیشەیی. ئەویش بەم جۆرەی خوارەوە:

هەموو ئەو بەڵگە و بینین و گفتوگۆیانەی کە بەڵگەن لەسەر بوون و کار و فرمانی مەلائیکەتەکان، بەڵگەیشن لەسەر جیهانەکانی ڕۆح و غەیب و جیهانی هەمیشەیی و قیامەت و خانەی بەختەوەری و بەهەشت و دۆزەخ کە بە جینني و ئادەمیزاد ئاوەدان دەکرێنەوە..

چونکە "مەلائیکەت" بە ئیزن و فەرمانی خوای گەورە دەتوانن بڕۆنە ناو ئەو جیهانانە و بیانبینن. خۆ مەلائیکەتە نزیکەکانی دیوانی خواوەند – وەك حەزرەتی جیبریل، درووودی لەسەر بێت، کە لەگەڵ مرۆڤدا موقابەلە و گفتوگۆی کردووە – بە یەکدەنگ هەواڵی بوونی ئەو جیهانە ناوبراوانە و هاتوچۆیان تیایاندا، ڕادەگەیەنن.

هەروەك لە قسەی ئەوانەی کە لە ئەمریکاوە هاتوونەتەوە، دەزانین کیشوەری ئەمریکا هەیە، هەرچەندەش خۆمان نەماندیوە.. بە هەمان جۆر، ئەو شتانەش بێ گومان و جێی باوەڕن و لە هێزی تەواتوردان، کە

مەلائیکەتان ڕایاندەگەیەنن، کە چەند هەواڵێکی سەبارەت بە جیهانی هەمیشەیی و دواڕۆژ و بەهەشت و دۆزەخن، ئێمە بەو جۆرە، باوەڕ بەو هەواڵانە دەکەین و دەیانسەلمێنین.

* * *

هەروەها ئەو بەڵگانەش کە "ئیمان بە قەدەر" دەچەسپێنن، وەك لە پەیامی قەدەر (وتەی بیست و شەشەم)دا باس کراون، لە هەمان کاتدا بەڵگەشن لەسەر حەشر و خستنە ڕووی لاپەڕەی کردەوەکان و کێشانەیان لە بەردەم تەرازووی هەرە مەزندا..

چونکە تۆمار کردنی چارەنووسی هەموو شتێك لەسەر لەوحەکانی ڕێسا و تەرازوو، هەروەها نووسینی ڕووداوەکانی ژیانی هەموو زیندەوەرێك لە هێزە پارێزەرەکانی و، لەناوك و تووەکانی و، گشت لەوحە میسالیەکانیدا و، تەرخان کردنی دەفتەری تۆماری کردەوە بۆ هەموو گیانلەبەرێك، بە تایبەت مرۆڤ و، هەڵگرتن و تۆمار کردنی ئەو کردەوانە لە چەندین لەوحی پارێزراودا..

هەموو ئەم ئەندازەیەی "قەدەر" کە بە چاو دەیانبینین و هەموو شتێك دەگرنەوە و تەقدیرێکی پڕ لە دانایی و تۆمار کردنێکی یەکجار ورد و نووسینێکی پارێزکاری بە ئەمانەتن..

هەموو ئەمانە، تەنها لەبەر دادگایەکی مەزن و بۆ تۆڵە و پاداشتی هەمیشەیی ڕوو دەدەن. دەنا هیچ کەڵك و سوودێك لەو تۆمارکردنە گشتی و نووسینەی کە وردترین شت دەنووسێت و دەیپارێزێت، وەرناگیرێت.

چونکە ئەگەر وا نەبێت ئەوا کارێکی دژی حەق و ڕاستی ڕوو دەدات. واتە ئەگەر حەشر نەیەتەدی، ئەوا هەرچی واتای ڕاستیی کتێبی گەردوون

هەن، کە بە قەڵەمی قەدەر نووسراون، هەموویان دەکوژێنەوە و نامێنن! ئەوەش هەرگیز ناگونجێ و هیچ گریمانێك بۆ ڕوودانی نی‌یە و تابلێی کارێکی مەحاڵە و، وەك ئینکاری کردنی ئەم بوونەوەرانە وایە، تەنانەت لە وڕێنەیەك زیاتر نی‌یە.

لەمانەی پێشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە:

هەموو بەڵگەکانی پێنج پایەکانی تری ئیمان، لە هەمان کاتدا بەڵگەشن لەسەر هاتنەدیی حەشر و نشوور و، بوونی دوارِۆژ و کردنەوەی دەرگاکانی، تەنانەت داخوازی دەبن و شایەتیی لەسەر دەدەن.

لەبەر ئەوە، کارێکی تابلێی گونجاوە و گەلێ جێی خۆیەتی کە سێ‌یەکی قورئانی پیرۆزی خاوەن ئیعجازی ڕەوان، لە بارەی حەشرەوە دەدوێت، چونکە حەشر دارای چەندین بەڵگە و بناغەی وەهایە کە هەرگیز جێیان لەق نابێت و، قورئان ئەم پایە ئیمانی‌یە دەکات بە پشتگیر و بناغەی هەموو ڕاستی‌یەکانی تری و، ئەو ڕاستی‌یانە لەسەر ئەو بەردە بناغەییانە ڕاگیر دەکات.

(پێشەکی‌یەکە تەواو بوو)

* * *

تێبینی:

ئەم پاشکۆیە بریتی‌یە لە "تیشکی نۆهەم"ی کتێبی (تیشکەکان) کە دانەر بۆ خۆی جارێکی تر لە (ڕابەری لاوان) و پاشکۆی (پەیامی حەشر)یشدا دایناوەتەوە.

پارچەی دووهەمی

پاشکۆی وتەی دەهەم

ئەم پارچەیە مەقامی یەکەمە لە نۆ مەقامی چینەکانی ئەو نـۆ دانـە بەڵگانـەی کـە لـە بـارەی حەشـرەوە دەدوێـن و، بــە چەشــنێکی ئیعجازبەخش ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوارەوە ئاماژەی بۆ کردوون:

﴿فسُبحانَ الله حين تُمْسُونَ وحينَ تُصْبِحُون ۞ وله الْحَمْدُ في السَّموات والأَرضِ وعشيّاً وحينَ تُظْهِرُون ۞ يُخْرِجُ الحيَّ مِن الميّتِ ويُخرجُ الميّتَ من الحيّ ويُحي الأَرض بعدَ مَوْتِها وكذلك تُخْرَجون﴾ (الروم:١٧-١٩).

پشت بەخوا لێرەدا ئەو بەڵگە ڕۆشن و بەهێزەی حەشر ڕوون دەکرێتەوە کە ئەم ئایەتە پیرۆزانە دەریان خستووە[١].

لە بیست و هەشتەمین تایبەتکاریی "ژیان"دا وتراوە کە: "ژیان" هەر شەش پایەکانی ئیمان دەچەسپێنێت و ڕووی لێیانە و ئاماژە بۆ هاتنەدییان دەکات.

بـەڵێ، مـادەم حیکمـەت و کاکڵـە و نـاوەڕۆك و گرنگـترین ئـەنجامی بەدیـهێنانی بوونـەوەران بریتـی بێـت لـە "ژیـان" (واتـە: "ژیـان" خـاوەنی ڕاستیەکی ئاوا بەرز و بڵند بێت) ئەوا هەرگیز جێی ئەو ڕاستیە بـەرزە لـەم ژیانە فانی و کورت و ئازاربەخش و ناتەواوەی دنیادا نابێتەوە. بەڵکو مـەزنیی

---

(١) هێشتا ئەم مەقامە نەنووسراوە. بەڵام لەبەر ئەوەی مەسەلەی "ژیان" پەیوەندیی بە حەشرەوە هەیە، ئەوا لێرەشدا باس کـرا. لـە کۆتاییەکەیشیدا ئاماژە بۆ پایەی ئیمـانیی: "باوەڕ بە قەدەر" کراوە کە مەسەلەیەکی یەکجار ورد و قووڵە. (دانەر)

ماهییەتی "ژیان" و.. هەر بیست و نۆ تایبەتكاری‌یەكەی و.. ئەو ئەندازەیەش كە مرۆڤ لە ئامانج و ئەنجامی درەختی "ژیان" پەیی پێ دەبات و.. بەروبوومە مەزن و شایانەكەی ئەو درەختە، تەنها "ژیانی هەمیشەیی دواڕۆژە" كە ژیانێكە یەكپارچە بە دار و بەرد و خاك و خۆڵیەوە - لە خانەی بەختەوەریی هەمیشەییدا - زیندووە و دارای ژیانە. دەنا گەر وا نەبێت، دەبێ درەختی "ژیان"، كە لە خاوەن هەست و نەستەكان بە تایبەتی لە مرۆڤدا ئەم هەموو ئامێرە زۆر و جۆراوجۆرانەی پێ بەخشراوە و تیایدا دانراوە، زڕ و بێ بەر و بێ سوود بێت و دارای هیچ ڕاستی‌یەك نەبێت.. مرۆڤیش - لە چاو بەختەوەریی ژیاندا - بە ڕسوایی و بەدبەختی بژی و، لە تام و چێژی ژیاندا بیست پلە لە خوارووی پلەی چۆلەكەكانەوە بێت، لە كاتێكدا كە مرۆڤ بالآترین بەدیهێنراوە و، بەڕێزترینی زیندەوەرانە و، لە سەرووی چۆلەكەشەوە بە بیست پلە پایەی بۆ دیاری كراوە.

تەنانەت ئەو "ژیری"یەش كە بەنرخترین نیعمەتە بۆ ئەم مرۆڤە، هەر كە بیر لە "پەژارەكانی دێرین" و "مەترسی‌یەكانی دواڕۆژی ژیان"ی دەكاتەوە، لە نیعمەت دەردەچێت و دەبێت بە مایەی بەلآ و پەرۆشی و گیروگرفت و، هەردەم ئازاری بەسۆ دەرخواردی ناخی دڵی دەدات و، تامی ساف و بێگەردی "یەك دانە" لەزەتی ئەم دنیایەی بە "نۆ دانە" ئازار بۆ لێڵ و تەماوی دەكات!

ئەمەیە بەروبوومی "ژیان" گەر تەنها پابەندی ئەم دنیایە بێت! خۆ دیارە ئەنجامی ئاوا لە سەدا سەد مەحاڵە بۆ ئەو "ژیان"ەی كە دارای ئەو تایبەتكاری‌یە ناوبراوانە بێت!

كەواتە هەر ئەم "ژیان"ەی دنیا، بەوەی كە هەرچی بەهارە سێ سەد هەزار نموونەی حەشرمان بۆ دەردەخات، بە چەشنێكی گومانبڕ پایەی ئیمانیی: "باوەڕ بە دواڕۆژ"مان بۆ دەچەسپێنێت.

ئایا دەگونجێ پەروەردگارێکی بەتوانای وا کە: هەرچی پێداویستی و داخوازیی ژیانت هەن و، سەرجەمی ئەو ئامێرانەی چ لە جەستەی خۆت و چ لە باخچەکەت و چ لە شارەکەتدا بۆ ژیانت پێویست دەبن، ئەو سەرجەمی ئەمانەت بۆ ئامادە و دابین بکات و، بە "دانایی" و "چاودێری" و "میهرەبانی" لە کاتی پێویست و شیاودا بیاننێرێت، بە ڕادەیەك کە ئاگای لە ئارەزووی گەدەی تۆیە لەوەدا کە ژیان و مانەوەت بۆ مسۆگەر بکات و، گوێشی لەو نزا تایبەت و هەندەکی‌یەی گەدەیە کە بۆ ڕزق و ڕۆزیی پێویستی دەری دەبڕێت و، بەو خواردەمەنی‌یە بەتام و لەزەتە خۆش و لەژمارەبەدەرانە - کە لەسەر زەویدا بڵاوی کردوونەتەوە - گیرابوونی ئەو دوعایەی گەدەی ئاشکرا کردووە و دڵنیایی پێ بەخشیوە!..

ئایا دەگونجێ ئەم کارسازە بەتوانایە تۆ نەناسێت و، نەتبینێت و، هۆکارە پێویستەکانی مەزنترین ئامانجی مرۆڤ - کە ژیانی هەمیشەییە - ئامادە نەکات و، گەورەترین و گرنگترین و گشتی‌ترین دوعا و نزای مرۆڤ کە نزای مانەوە و هەتاهەتاییە، بە دروست نەکردنی ژیانی ئەودنیا و بەدی‌نەهێنانی بەهەشت گیرا نەکات و، ئەم نزا و لالانەوەیەی مرۆڤ - کە بەرزترینی بوونەوەرانی گەردوونە، تەنانەت پادشا و ئەنجام و پوختەی گۆی ئەم زەوی‌یەیە - نەبیستێت، کە نزایەکە لە قووڵایی ناخیەوە دەرچووە و عەرش و فەرشی هەژاندووە؟! ئایا دەگونجێ بە ئەندازەی ئەو بایەخەی کە بە دوعای گەدەی مرۆڤی دا، بایەخ بەم دوعا مەزنە نەدات و مرۆڤ ڕازی نەکات و، "دانایی" کامڵ و "میهرەبانی"ی ڕەهای خۆیشی ڕووبەڕووی ئینکاری لێکردن بکاتەوە؟ نەخێر.. هەزار هەزار جار نەخێر.

ئایا دەچێتە عەقڵەوە ئەو خواوەندە بەتوانایەی کە کزترین دەنگی نزمترین بەش لە ژیاندا ببیستێت و، گوێ لە سکاڵای ڕابگرێت و، پاشان بە هانایەوە

بڕوات و، بە نەرمونيانی ڕەفتاری لەگەڵ بنوێنێت و، بە گرنگی‌یەكی لەڕادەبەدەر و چاودێری‌یەكی تەواوەتی، پەروەردە و سەرپەرشتیی بكات و، گەورەترین بەدیهێنراوانی گەردوونیشی بۆ ژێربار بخات.. كەچی هەر ئەو خواوەندە بەتوانایە گوێی لە دەنگێك نەبێت كە وەك نەعرەتەی هەوری ئاسمان وایە و، داوای گەورەترین و بەرز و بالاترین و نەرمونیانترین و بەردەوامترین ژیان دەكات؟.. ئایا دەچێتە عەقڵەوە بایەخ بە دوعا گرنگەكەی نەدات كە دوعای مانەوەیە و، ئاوڕی میهرەبانی لە تكا و نزا و لالانەوەكەی نەداتەوە و، وەك ئەو كەسەی لێ بێت كە بەوپەڕی بایەخ پێدان و چاودێری‌یەوە تەنها یەك سەرباز پڕچەك بكات و كەرەسە و تفاقی پێویستی بۆ فەراهەم بهێنێت.. بەڵام چاودێریی سوپایەكی گەورە و زۆری خۆی نەكات؟ یان وەك ئەو كەسەی كە گەردیلەیەك ببینێت، بەڵام خۆر نەبینێت؟ یان وەك ئەوەی دەنگی ویزەی مێش ببیستێت، بەڵام نەعرەتەی هەوری ئاسمان نەبیستێت؟!

نەخێر.. سەد هەزار جار نەخێر..

ئایا بە هیچ جۆرێك دەچێتە عەقڵەوە كە خواوەندی بەتوانای، دانای، خاوەنی میهرەبانیی فراوان و خۆشەویستیی لەسنووربەدەر و بەزەیی گشتی.. ئەم خوایەی كە سنعەتی خۆی گەلێ خۆش دەوێت و، بەم سنعەتەشی خۆی لە لای بەدیهێنراوانی خۆشەویست دەكات.. ئەم خوایەی كە سەبارەت بەوانەی خۆشیان دەوێت ئەم ئەوانی زیاتر خۆش دەوێتەوە..

ئایا دەچێتە عەقڵەوە ئەم خواوەندە لەناو هەموو بەدیهێنراوانیدا "ژیان"ی كەسێك بە تەواوەتی لەناو ببات كە هەر ئەوە لەچاو ئەوانی تردا پتر خوای خۆش دەوێت و، خۆش ویستراوی خوای گەورە خۆیەتی و، شایستەی خۆشویستنە و، هەر بە سروشت بەدیهێنەری خۆی دەپەرستێت؟.. هەروەها كاكڵەی "ژیان"یش كە "ڕۆح"ە، بە مردنی هەمیشەیی و ئیعدامی هەتاهەتایی

لەناو بیات و، وەڕسی و بێزاری بخاتە نێوان خۆی و خۆشەویستانیەوە و، ئازارێکی سەختیان دەرخوارد بدات و، بەم کارەش نهێنیی "میهرەبانی" و نووری "خۆشەویستی"ی خۆی گرفتاری ئینکاری کردن بکات؟! نەخێر.. سەد هەزار جار نەخێر.. چونکە بێ هیچ گومانێك: ئەو "جوانی‌یە ڕەها"یەی کە بە درەوشانەوەی خۆی ئەم گەردوونەی ڕازاندووەتەوە و.. ئەو "میهرەبانی"یەش کە سەرجەمی بوونەوەرانی دڵخۆش کردووە و ئارایشی داون.. ئەم دوانە، تابڵێی لەم توندوتیژی و، سەختی و، ئەنجامە ناشیرین و ستەمە ڕەهایە دوور و خاوێنن.

ئەنجام:

مادەم لە دنیادا "ژیان" هەیە، ئەوا بێ هیچ گومانێك، ئەو مرۆڤانەی پەی بە نهێنیی "ژیان" دەبەن و بە هەڵە نایخەنەکار، شایستەی "ژیانێکی" هەمیشەیی ناو خانە و بەهەشتێکی هەتاهەتایین.. آمنا.

* * *

پاشان هەروەك پرشنگدانەوەی ماددە بریسکەدارەکانی سەر ڕووی زەوی و کەف و بلقەکانی سەر ڕووی دەریاکان و، ئنجا کوژانەوەی پرشنگ و بریسکانەوەکانیان بە نەمانی ئەو بلق و کەفانە و، پاشان بریسکانەوەی ئەوانەی کە دوای خۆیان دێن، بە چەشنێك کە وەك بڵێی هەموویان ئاوێنەی چەند خۆرێکی میسالی بن. هەروەك ئەمانە، بە ڕوونی و بەڵگەنەویستی، دەریدەخەن کە سەرجەمی ئەو بریسکانەوە یەك لە دوای یەکانە درەوشانەوەی تیشکی تەنها یەك "خۆر"ی بەرز و مەزنن و، بە چەندین زمانی جیاجیا یادی خۆر دەکەنەوە و، بە پەنجە نوورانی‌یەکانیان ئاماژە بۆ ئەو خۆرە دەکەن..

هەروەك ئەم مـاددە بریسـکەدارانەی سـەر ڕووی وشـکایی و دەریاکـانی زەوی ئەم ڕاستی‌یەیان بەدەستەوە دا..

بە هەمان جۆر، بریسکانەوەی "ژیان" - بەهۆی توانستی خوای گـەورە و درەوشـانەوەی نـاوی: "المحیي"ی ئـەو - لـە هـەموو گیـانداراني سـەر ڕووی زەوی و دەریاکانیدا و، پاشان ون بوونی ئەو خاوەن ژیانانـە و ئاوابوونیـان لـە پشـتی پـەردەی غەیبـەوە، تـاکو دوای ئـەنجامداني زیکـری: "یـا حيّ" بـڕۆن و بواری هاتن بەوانەی دوای خۆیان بـدەن.. هـەموو یـەکێك لەمانـە، شـایەت و ئاماژەیەکی بێ گومانن لەسەر "بووني ژیاني هەمیشەیی" و "پێویسـتیی بوونـی خواوەندی زیندووی ڕاگیرکەری گەردوون".

هەروەها هەموو ئەو بەڵگانەی شایەتی "زانسـت"ی خـوای گـەورەن، ئـەو زانستەی کە لە ڕێکخستنی کاروباری بوونەوەراندا ئاسەوارەکاني بە ئاشکرا دەبینرێن..

سەرجەمی ئەو بەڵگانـەی کـە "توانسـت"ی کـارگێڕ و کارسـازی خـوای گەورە لە گەردووندا دەچەسپێنن..

گشت ئەو بەڵگانەی "ویست"ی خواوەند دەچەسپێنن، ئـەو ویستەی کـە بەسەر ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری گەردووندا زاڵ و فەرمانڕەوایە..

هـەموو ئـەو نیشـانە و موعجیزاتانـەی "نـاردني پێغەمبـەران" - دروودی خوایان لەسەر بێت - دەچەسپێنن، کە ناردنی ئەوانیش - خـۆی لـە خۆیـدا - خولگە و بەڵگەی سیفەتی: "گوفتـار"ی پەروەردگاری و "وەحی"ی خـوای گەورەیە..

سـەرجەمی ئـەو بەڵگانـەی کـە شـایەتن لەسـەر هـەر حـەوت سـیفەتە مەزنەکانی خوای گەورە..

هـەموو ئەو بەڵگـە ناوبراوانـە، هـەروەك شایەتن لەسـەر هـەموو یـەکێك لەوانەی باس کـران، بـە هـەمان جـۆر و بـە یـەکدەنگی، شایەت و بەڵگەیشـن

لەسەر: "ژیان"ی خواوەندی "حيّ" و "قيّـــوم" واتە: زیندووی ڕاگیرکەری گەردوون.

چونکە هەر شتێك دارای "بینین" بێت، دەبێ دارای "ژیـان"یـش بێـت.. گەر "بیستن"یشی هـەبێت، ئەوە دیـارە نیشـانەی "ژیـان"ە.. خۆ گـەر "قسـە" بکـات، قسـەکەی ئامـاژەی بوونـی "ژیـان"یـەتی.. گـەر خـاوەنی "ویسـت و ئیختیار"یش بێت، ئەوە دیاردەی "ژیان"ە..

بەم جۆرە، هەموو بەڵگـەکانی ئـەو سیفەتە مەزنانـەی خـوای گـەورە، کـە ئاسـەواریان بـە ئاشـکرا دەبیـنرێت و بـە بـێ گومـانی بوونـی ڕاسـتەقینەیان دەزانرێت، چەشنی: توانستی ڕەهـا و، ویسـتی شـامیل و، زانسـتی گشـتگیر، هـەموویان بەڵگـەن لەسـەر "ژیـان"ی خواوەنـدی زینـدووی ڕاگیرکـەری گەردوون و، لەسەر "پێویستیی بوون"ی و، شایەتن لەسـەر بوونـی ئـەو "ژیانـە هەمیشەیی"یەی پەروەردگار کە تەنها بـە یـەك دانـە تیشـکی خـۆی سـەرجەمی گـەردوونی ڕوونـاك کردووەتـەوە و بە یـەك دانـە درەوشانەوەشـی، ژیـانی بـە سەرتاپای ئەودنیا بەخشیوە، بە هەموو گەردیلەکانیەوە!

* * *

"ژیـان" - بـە هـەمان جـۆر - دەڕوانێتـە پایـەی ئیمـانیی: "بـاوەڕ بـە مەلائیکەت" و، دەبێت بە بەڵگە بۆی و، بە هێما دەیچەسپێنێت، چونکە:

مادەم "ژیان" گرنگترین ئەنجامی گەردوون بێت و.. "ژیانداران"یش لەبەر نرخ و بەهای بەرزیان لە هەموو بەدیهاتووان پتر بڵاو بن و زیاتر پـەرە بسێنن و زۆر بن و، هەر ئەوانیش بن کە یەك لە دوای یەك و کاروان لە دوای کـاروان بۆ نـاو ئـەم میوانخانەیـەی دنیـا بێـن و دنیـا بـەوان ئاوەدان ببێتـەوە و شـادی و دڵخۆشی ببەخشێت و..

مادەم گۆی زەویش شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەم لافاوی زیندەوەرانەیە و..

هەمیشە بەپێی حیکمەتی: نوێ کردنەوە و وەچەخستنەوە و زیادبوونی بەردەوامیان، ئەم زەوی‌یە لەوان پڕ دەکرێت و خاڵییش دەکرێتەوە و..

هەردەم لە شتانی بێ نرخ و گەنیویش گیانداری زۆر و زەبەندە بەدی دەهێنرێت، بە ڕادەیەك کە گۆی زەوی بووە بە پیشانگایەکی گشتی بۆ سەرجەمی زیندەوەران و..

مادەم کاکڵە و پوختەی "ژیان" کە بریتی‌یە لە: "هەست و نەست" و "ژیری" و "ڕۆح" - ئەو ڕۆحەی کە شتێکی نیانە و دارای جەوهەرێکی دامەزراوە - بە زۆری‌یەکی لەڕادەبەدەر لەسەر ئەم زەوی‌یەدا بەدی دەهێنرێن، بە چەشنێك کە دەڵێی خودی گۆی زەوییش دارای ژیانە و بە "ژیان" و "هەست" و "گیان" ڕازاوەتەوە..

مادەم هەموو ئەمانە وان، ئەوا هەرگیز ناگونجێ قەبارەکانی ئاسمان کە لەچاو زەویدا پتر نیان و زیاتر ڕووناکن و دارای گرنگی‌یەکی گەلێ مەزنترن، بێ "گیان" و "ژیان" و "هەست و شعوور" بن! کەواتە، ئەوانەی وان لە ئاسمانەکاندا و، ئەوێ ئاوەدان دەکەنەوە و، شادی و زیندەیی بە خۆر و ئەستێرەکان دەبەخشن و، ئەنجام و بەری بەدیهاتنی ئەو ئاسمانانەن و، لەوێدا شەرەفمەندی گوفتاری خواوەند دەبن..

هەموو ئەوانە، چەند خاوەن "هەست و شعوور" و "ژیان"ێکن و، نیشتەجێی لەبار و شیاوی ئاسمانەکانن و بەهۆی نهێنیی "ژیان"ەوە لەوێ ئامادەن.. ئەمانەش بریتین لە: "مەلائیکەت".

* * *

هەروەها نهێنی و ماهییەتی "ژیان" دەڕوانێتە پایەی ئیمانیی: "باوەڕ بە پێغەمبەران، دروودیان لەسەر بێت" و، بە هێما دەیچەسپێنێت.

بەڵێ، مادەم گەردوون لە پێناوی "ژیان"دا بەدی هێنراوەو، "ژیان"یش گەورەترین درەوشانەوەو، تەواوترین نەخش و نیگار و، جوانترین سنعەتی خواوەندی "حيّ" و "قيّوم"ەو..

مادەم "ژیانی هەمیشەیی" ئەو خواوەندەش بە ناردنی پێغەمبەران - درووديان لەسەر بێت - و نازڵ كردنی كتێبەكان، خۆی ئاشكرا دەكات، چونكە گەر "پێغەمبەران" و "كتێبەكانیان" نەبوونایە، هەرگیز "ژیانی ئەزەلی"ی خواوەندیش نەدەزانرا..

ئەوەتا هەروەك قسە و ئاخاوتنی هەر كەسێك، زیندوویی و ژیانی ئەو كەسە دەردەخات، پێغەمبەران - درووديان لەسەر بێت - و كتێبەكانیشیان بە هەمان جۆرن، ڕوونكەرەوە و بەڵگەن لەسەر ئەو خاوەن گوفتار و قسەكەرە زیندووەی كە بە وشە و گوفتارەكانی خۆی لە پشت پەردەی غەیبی داپۆشراوی پشت پەردەی گەردوونەوە، ئەمر و نەهی‌یەكانی ڕادەگەیەنێت.

كەواتە ئەو "ژیان"ەی وا لە گەردووندا، بەڵگەیەكی گومانبڕە لەسەر: "زیندوویی" و "پێویستیی بوون"ی زیندووی ئەزەلی، كە خوای گەورەیە. هەروەك تیشكەكانی "ژیانی ئەزەلی"ی خوای گەورە و درەوشانەوەكانیشی، بۆ هەموو ئەو شتانە دەڕوانن كە وابەستەی ئەو ژیانە ئەزەلی‌یەن وەك پایەكانی ئیمان، چەشنی: "ناردنی پێغەمبەران" و "نازڵ كردنی كتێبەكان" و، ئەم دوانە بە هێما دەچەسپێنن، بە تایبەت پێغەمبەرێتیی "حەزرەتی محەممەد ﷺ" و "وەحی"ی قورئانی پیرۆز. چونكە دەتوانرێت بوترێت: ئەم دوانە بە ئەندازەی ژیان چەسپاون. لەبەر ئەوەی هەردووكیان - كتومت - وەك "ڕۆح" و "عەقڵ"ی "ژیان" وان.

بەڵێ، هەروەك "ژیان" پوختەیەكی داچۆڕاوی ئەم گەردوونەیە و..

"هەست و شعوور"یش چەند نمێكن لە ژیانەوە داچۆڕاون و، پوختەی ژیانن و..

"ژیری"یش لە هەست و شعوورەوە داچۆڕاوە و پوختەی هەست و شعوورە و..

"گیان"یش پوختە و کاکڵەی بێگەرد و خاوێن و، زاتی سەربەخۆی ژیانە..

هەروەك ئەمانە وان، بە هەمان جۆر "ژیان"ی - ماددی و مەعنەویی- حەزرەتی محەممەدیش ﷺ ئەم لە "ژیان" و لە "گیان"ی گەردوون و پێغەمبەرایەتی‌یەکەیشی لە "هەست و شعوور" و "ژیری"ی گەردوونەوە داچۆڕاون و پوختەی خاوێن و بێگەردی ئەو گەردوونەن. تەنانەت ژیانی ماددی و مەعنەویی حەزرەتی محەممەد ﷺ - بە شایەتیی ئاسەوارەکانی ژیانی - "ژیانی گەردوون"ە و.. پێغەمبەرایەتی‌یەکەشی نوور و شعووری "شعووری گەردوون"ە و.. وەحیی قورئانی پیرۆزیش - بە شایەتیی ڕاستی‌یە زیندووەکانی - "گیان"ی ژیانی گەردوونە و، "ژیری"ی هەست و شعووریەتی!.. بەڵێ.. بەڵێ.. بەڵێ..

خۆ ئەگەر "نووری پێغەمبەرێتیی حەزرەتی محەممەد ﷺ" گەردوون بەجێ بهێڵێت، ئەوا سەرتاپای گەردوون و بوونەوەران دەمرن و گیان لەدەست دەدەن و.. گەر "قورئانی پیرۆز"یش ماڵئاوایی لێ بکات و دوور بکەوێتەوە، ئەوا گەردوون بە جارێ شێت دەبێت و، گۆی زەوییش عەقڵ و ژیریی لەدەست دەدات و، بە بێ هەست دەمێنێتەوە و، لە تاوا خۆی بە هەسارەیەکی گەڕۆکی ئاسماندا دەکێشێت و، قیامەت بەرپا دەبێت!

* * *

هەروەها "ژیان" دەڕوانێتە پایەی ئیمانیی: "باوەڕ بە قەدەر" و، دەبێ بە بەڵگە لەسەری و، بە هێما دەیچەسپێنێت..

چونکە مادەم "ژیان" ڕووناکیی جیهانی بینراو(عالم الشـــهادة) بێـت و.. هەموو لایەکی ئـەم جیهانـەی گرتبێتـەوە و بەسـەریا زاڵ بوو بێـت و.. ئەنجام و ئامـانجی "بـوون" و.. فراوانـترین ئاوێنـــەی درەوشـــانەوەکانی بەدیهێنـــەری گـەردوون و.. تـەواوترین پێڕسـت و نموونـەی کـارایی(فعالیــــــة) خـوای پەروەردگار بێت، بە ڕادەیەك كە دەڵێی "ژیان" چەشنە پلان و پرۆگرامێکە بۆ ئەو "کارایی"یەی پەروەردگار، گەر ئەم تەشبیهە دروست بێت..

مـادەم وایـە، ئـەوا نـهێنیی "ژیـان" داخـوازی ئەوەیـە کـە بـە هـەمان جـۆر "جیـهانی پەنـهانی غـەیب"یـش واتـە: ڕابـوردوو و ئـاینده، بـە واتایـەکی تـر: بوونـەوەرانی پێشـین و پـاش ئێسـتـاش، دارای ڕێسـا و ڕێکوپـێکی بـن و، زانراو و، بینراو و، دەستنیشـان کـراو و، ئامـادەی جێبـەجێ کردنـی فەرمانـە تەکوینییەکانی خواوەند بن. واتە: لـە حوکمی ئەوەدا بن کە دارای "ژیانێکی مەعنەوی" بن، چەشنی "تۆو"ی ئەسڵی درەخت و "ناوك" و "بەرەکان"ی کـە لـە کۆتـایی پەلـەکانیدان و دارای چـەند تایبەتکارییەکی "جـۆرە ژیـانێکی" تایبـەتیی کتومـت وەك "ژیـان"ی درەختەکـەیانن، تەنانـەت هـەندێ جـار ئـەو تۆوانە چەند یاسـایەکی گەلـێ وردتـر لـە هـی "ژیـانی خـودی درەختەکـە" لـە خۆیاندا هەڵدەگرن.

جـا هـەروەك ئـەو تۆوانـەی کـە ئەسڵی درەختن و پایزی پێشــوو بـەجێی هێشتن و، ئەو تۆوانەش كە ئەم بەهارە نوێیە پاش خـۆی بـەجێیان دەهێڵێـت، بـەپێی چـەند یاسـایەکی لـەمەڕ "ژیـان" دەڕۆن و ڕوونـاکیی "ژیـان" لەگـەڵ خۆیان هەڵدەگرن، چەشنی ئەو "ژیان"ەی کە ئەم بەهارە هەڵی گرتووە..

درەختـی بوونـەوەرانیش بـە هـەمان جـۆرە، هـەموو پــەل و لقێکـی دارای ڕابوردوو و داهاتووی خۆیەتی و خاوەنی زنجیرەیەکی وەهایـە کـە لـە چـەندین بارودۆخی ڕابوردوو و داهاتوو پێکـهاتووە و، هـەموو جۆر و بەشێکیشـی لـە

زانیاریی خوای گەورەدا خاوەنی چەند "بوون"ێکە بە چەند تەرزێکی جیاجیا. بەمەش زنجیرەی بوونی زانستی (الوجود العلمي) پێکدەهێنن. ئەم بوونە زانستی‌یەش کە لە بوونی دەرەکی دەچێت، جێی لێ درەوشانەوە و، لێ دەرکەوتنی مەعنەویی ژیانە گشتی‌یەکەیە، چونکە ئەو چارەنووسانەی کە بۆ "ژیان" تەقدیر کراون لەو لەوحە قەدەری‌یە مەزنە پڕ واتایانەوە وەردەگیرێن.

بەڵێ، پڕبوونی "جیهانی ڕۆح" - کە جۆرێکی جیهانی غەیبە - لەو ڕۆحانەی کە لە ڕاستیدا خود و ماددە و کاکڵە و زاتی "ژیان"ن، داخوازی ئەوەیە ڕابوردوو و داهاتوویش - کە جۆرێك و بەشێکی تری جیهانی غەیبن - "ژیان"یان تێدا بدرەوشێتەوە..

هەروەها ڕێکوپێکیی کامڵ و تەواوەتیی بار و شێوە پڕ واتا نیان و ناسکەکانی "بوونی زانستی"ی خوایی بۆ هەر شتێك و، ئەنجام و قۆناغە زیندەکارەکانی، دەریدەخەن کە ئەو شتە شایانی جۆرە ژیانێکی مەعنەوی‌یە.

بەڵێ، ئەم چەشنە درەوشانەوەیە، واتە درەوشانەوەی "ژیان" کە لە ڕاستیدا ڕووناکیی خۆری: "ژیانی ئەزەلی"یە، تەنها بەم جیهانە بینراوە و بەم کاتەی ئێستا و لەم بوونە دەرەکی‌یەدا بەند نی‌یە، بەڵکو هەموو یەکێك لە جیهانەکان - هەریەکەیان بەپێی لێهاتنی خۆی - ئەو ڕووناکی‌یەی ژیانی تێدا دەردەکەوێت.

کەواتە سەرجەمی گەردوون بە هەموو جیهانەکانیەوە، بە لێ دەرکەوتنی خۆری "ژیانی ئەزەلی" بووە بە گەردوونێکی زیندوو و تیشك بەخش و ڕووناك. دەنا هەموو یەکێ لەو جیهانانە، لە ژێر پەردەی ئەم دنیا کاتی و ڕواڵەتی‌یەدا، دەبن بە تەرمێکی زەبەلاحی سامناك و جیهانێکی کاولی تاریك، وەك ئەوەی کە گومڕایانی بێ بەش لە نووری ئیمان دەیبینن.

بەم جۆرە، مرۆڤ لە ڕێی نهێنیی "ژیان"ەوە، لە ڕوویەکی "ئیمان بە قەدەر" تێدەگات و، بەو نهێنیی‌یەی "ژیان" ئیمان بە "قەدەر"ی لە لا دەچەسپێت و بۆی ڕوون دەبێتەوە. واتە هەروەك زیندەیی "جیهانی بینراو" و بوونەوەرەکانی کاتی "ئێستا" بە: ڕێکوپێکی‌یان و ئەنجامەکانیان، دەردەکەوێت..

بە هەمان جۆر بوونەوەرەکانی "پێشین" و ئەوانەش کە "لەمەولا" دێن و بە "جیهانی پەنهانی غەیب" دادەنرێن، دارای بوونێکی زیندووی مەعنەوی و، خاوەنی "چەسپاوی‌یەکی زانستی"ی گیاندارن، بە چەشنێ کە بە ناوی "موقەددەرات"ەوە، ئاسەوارەکانی ئەو ژیانە مەعنەوی‌یە، لە ڕێی لەوحی قەزا و قەدەرەوە دەردەکەون و ئاشکرا دەبن.

* * *

پارچەی سێهەمی

پاشكۆی وتەی دەهەم

پرسیارێك بە بۆنەی باسی حەشرەوە:

ئەو باسەی كە چەندین جار لە قورئانی پیرۆزدا كراوە، وەك:

﴿إِنْ كانتْ إِلاّ صيحةً واحدةً﴾ (يس:٢٩)، **﴿وما أَمرُ السَّاعةِ إِلاّ كلمحِ البصرِ﴾** (النحل:٧٧).

ئەوەمان بۆ دەردەخات كە حەشری مەزن ئەوەندە بە كتوپڕی پەیدا دەبێت كە "كات" لە كایەدا نامێنێت. بەڵام ژیریی‌یە تەسكەكانی ئێمە داوای چەند نموونەیەكی هاووێنە و بینراو دەكەن، تاكو بە دڵنیایی مل بۆ ئەو ڕووداوە نائاسایی و ناوازەیە كەچ بكەن.

وەڵام:

"حەشر" سێ مەسەلەی تێدایە كە ئەمانەن:

گەڕانەوەی گیانەكان بۆ ناو جەستەكانیان.. زیندوو كردنەوەی جەستەكان.. دروست كردنەوە و بنیاتنانەوەی سەرلەنوێی ئەو جەستانە.

مەسەلەی یەكەم: هاتن و گەڕانەوەی گیانەكان بۆ ناو جەستەكان.

نموونەی ئەمە، وەك: كۆ كردنەوەی ئەو سەربازانەی كە لە ماوەی پشوودانیاندا بە هەموو لایەكدا بڵاو بوونەتەوە تەنها بە دەنگی لێدانی "شەیپووری سەربازی".

بەڵێ، هەروەك "صور" كە شەیپووری حەزرەتی ئیسرافیلە – دروودی لەسەر بێت – هیچی لە شەیپووری سەربازی كەمتر نی‌یە..

گوێڕایەڵیی گیانەکانیش کەوان لە لای ئەبەدەوە و لە جیهانی گەردیلەکاندان و، کاتێ کە بانگی ﴿أَلَسْتُ بِرَبِّكُم﴾یان لە قووڵایی ناخی ئەزەلەوە بیست، بە ﴿قالوا بلى﴾ (الأعراف:١٧٢) وەڵامیان دایەوە.. بێ هیچ گومانێك، گوێڕایەڵی و ڕێسای ئەم گیانانە گەلێ زیاترە لەچاو گوێڕایەڵی و ڕێسای سەربازەکانی هەر سوپایەکی ڕێکوپێك.

"وتەی سیهەم" بە چەندین بەڵگەی بەهێزی گومانبڕ چەسپاندی کە نەك تەنها "گیانەکان" سوپایەکی ڕێکی خوای گەورەن، بەڵکو هەموو گەردیلەکانیش سەربازی گوێڕایەڵی ئەو سوپایەی ئەون و، ئامادە و چاوەڕوانی فەرمانن بۆ هەر هێرشێکی گشتی کە پێیان بسپێررێت ئەنجامی بدەن.

مەسەلەی دووهەم: زیندووکردنەوەی جەستەکان.

نموونەی ئەمە وەك ئەوەی کە: دەکرێت لە شەوی میهرەجانی شارێکی مەزندا، تەنها لە یەك مەڵبەندەوە و بە یەك چاوترووکاندن، وەك بڵێی کات هەر لە گۆڕێدا نەبێت، سەدان هەزار گڵۆپی کارەبایی دابگرسێنرێن..

هەروەك ئەمە دەکرێت، دەشتوانرێت - بە هەمان جۆر - لە تەنها یەك مەڵبەندەوە، سەدان ملیۆن چرای زیندەوەران دابگرسێنرێن و زیندوو بکرێنەوە. چونکە مادەم کارەبا، کە یەکێکە لە بەدیهێنراوانی خوای گەورە و خزمەتکارێکی ڕووناکیبەخشە لەم میوانخانەیەی ئەودا، دارای تایبەتکاریی ئاوا بێت و بتوانێت بەپێی ئەو نەخشە و ڕێسایەی لە لایەن بەدیهێنەریەوە بۆی دیاری کراوە، کارەکانی ڕاپەڕێنێت، ئەوا دەبێ حەشری مەزن، لە نێوان ئەو یاسا خواییانەدا کە هەزاران خزمەتگوزاری ڕووناکی بەخشی وەك کارەبا دەریاندەخەن و ئاشکرایان دەکەن، لە خێراییەکی چەشنی چاوتروکاندندا ڕووبدات.

مەسەلەی سێهەم: بنیاتنانەوەی کتوپڕیی جەستەکان.

نموونەی ئەمە وەك: دروست کردن و بنیاتنانی گشت درەخت و گەڵاکان کە ژمارەیان هەزار جار لە ژمارەی کۆی ئادەمیزاد زیاترە، بنیاتنانی هەموو ئەمانە بە یەك جار و بە شێوەیەکی تەواو و بە هەمان شێوەی بەهاری پێشوو تەنها لە ماوەی چەند ڕۆژێکی بەهاردا.. هەروەها وەك بەدیهێنانی هەموو گوڵ و بەر و گەڵاکانی گشت درەختێك بەوپەڕی خێرایی، بە چەشنی بەهاری پێشوو.. هەروەها وەك بێداربوونەوە و دەرکەوتن و زیندووبوونەوەی هەموو تۆو و ناوکە لەژمارەبەدەرەکان لە یەك کاتدا، کە هەر ئەمەیشە بەهاری لێ پێکدێت.. هەروەها وەك زیندووبوونەوەی جەستەی مەزن و لەسەر پێ ڕاوەستاوی درەختەکان و گوێڕایەڵیی کتوپڕی و خێرایان بۆ فەرمانی "البعث بعد الموت".. هەروەها وەك زیندووکردنەوەی یەك بە یەکی تاکەکانی هەموو جۆرەکانی زیندەوەرە وردە لەژمارەبەدەرەکان بەوپەڕی وردەکاری و ڕێکوپێکی.. هەروەها وەك زیندوو کردنەوەی گشت جۆرەکانی "مێروو" بە تایبەت مێش (کە وا لە بەرچاوماندا و، هەمیشە بە پاککردنەوەی دەست و چاو و باڵەکانی دەستنوێژمان دەخاتەوە یاد و یاری لەگەڵ دەم و چاوانماندا دەکات) کە تەنها ژمارەی ئەوانەیان کە لە یەك ساڵدا زیندوو دەکرێنەوە لە چاو ژمارەی مرۆڤ هەر لە حەزرەتی ئادەمەوە - دروودی لەسەر بێت - تا ئێستا، گەلێ زیاترە. زیندووکردنەوەی ئەم مێرووە و مێرووەکانی تر، هەموو ساڵێك تەنها لە چەند ڕۆژێکی بەهاردا، نەك تەنها یەك نموونە، بەڵکو هەزاران نموونەمان بەدەستەوە دەدەن بۆ زیندوو بوونەوەی جەستەی مرۆڤ بە کتوپڕی و خێرایی لە ڕۆژی قیامەتدا.

بەڵێ، مادەم دنیا خانەی دانست(حیکمەت) و ئەودنیاش خانەی توانست(قودرەت)ە، ئەوا بەدیهێنانی هەر شتێك لەم دنیادا بە هەندێ کات و

لەسەرخۆیی و هەنگاو لە دوای هەنگاو ئەنجام دەدرێت. ئەمەش بەپێی خواستی "دانست"ی پەروەردگار و بە گوێرەی داخوازیی زۆربەی ناوە جوانەکانی چەشنی: "الحکیم، المرتب، المدبر، المربي"..

بەڵام لەودنیادا "توانست" و "میهرەبانی" زیاتر دەردەکەون تا "دانست". کەواتە پێویست بە ماددە و ماوە و کات و چاوەڕوانی ناکات، چونکە لەوێ هەموو شتێك کتوپڕی دروست دەبن.

ئەو خێراییەش کە ئایەتی: ﴿وما أمرُ السَّاعةِ إلاّ كلمحِ البصرِ أو هو أقرب﴾ ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوە دەگەیەنێت کە هەر شتێك لێرەدا بە ماوەی ڕۆژێك یان ساڵێك دروست دەکرێت، لەودنیا لە ماوەی چرکەیەکی چەشنی چاو تروو کاندنێکدا بەدی دەهێنرێت.

گەر حەز دەکەیت تێبگەیت لەوەی کە هاتنی حەشر وەك هاتنی بەهاری داهاتوو کارێکی حەتمی و بێ گومانە، ئەوا بە وردی سەیری "وتەی دەهەم" و "وتەی بیست و نۆهەم" بکە. ئنجا گەر دوای خوێندنەوەی ئەو دوو وتەیە، بە ئەندازەی باوەڕبوونت بە هاتنی بەهاری ئایندە لە هاتنی حەشریش دڵنیا نەبوویت، دەتوانیت یەخەم بگریت و لێپرسینەوەی سەختم لەگەڵ بکەیت!

مەسەلەی چوارەم: مردنی دنیا و بەرپابوونی قیامەت.

نموونەی ئەمە وەك ئەوەی کە: ئەگەر هەسارەیەکی گەڕۆك یان ئەستێرەیەکی کلکدار، بە فەرمانی خوای گەورە، بەر گۆی زەویمان بکەوێت، کە میوانخانەکەی ئێمەیە.. ئەوا ئەم خانە و لانەیەی - زەویمان - دەڕمێنێت، بە چەشنی ئەوەی کە لە ماوەی یەك خولەکدا کۆشکێك دەڕووخێنرێت کە بە دە ساڵ بنیات نرابێت.

* * *

پارچەی چوارەمی
پاشکۆی وتەی دەهەم

﴿قالَ مَنْ يُحْيِ العِظامَ وهيَ رَميم ۞ قُلْ يُحييها الّذي أنْشأها أوّلَ مَرَّةٍ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عليم﴾ (يس:٧٨-٧٩)

واتە:

مرۆڤ دەڵێت: کێ ئەو ئێسکە ڕزیوانە زیندوو دەکاتەوە؟ تۆ بڵێ: ئەو کەسەی کە یەکەم جار بەدیی هێنا و ژیانی بە بەردا کرد، هەر ئەویش زیندووی دەکاتەوە.

لە نموونەی سێهەمی ڕاستیی نۆهەمی وتەی دەهەمدا وتراوە کە:

ئەگەر یەکێك پێی وتیت: (کەسێکی مەزن هەیە لەو کاتەدا کە هەر لە بەرچاوی خۆماندا سوپایەکی مەزن لە یەك ڕۆژدا پێکدەهێنێت، هەر ئەو کەسە تەنها بە فووپیاکردنێکی شەیپووری سەربازی دەتوانێت یەك لەشکری تەواوی ئەو سەربازانەش کۆ بکاتەوە کە بۆ حەوانەوە لەم لا و لەو لادا بڵاو بوونەتەوە و، لە ژێر ئاڵا و ڕێسای لەشکرەکەیدا ئامادە و جەمیان بکات)..

تۆیش لە وەڵامی ئەودا پێت وت:

(نەخێر.. باوەڕ ناکەم بتوانێت کاری وا ئەنجام بدات).

ئایا ئەم وەڵام و ئینکارییەت بە شێتی و گێژی و گەلحۆیی لە قەڵەم نادرێت؟

هەر بەو جۆرە، ئەو کەسەش کە لە نەبوونەوە جەستەی گشت گیانداران و سەرجەمی زیندەوەرانی بەدی هێناوە، ئەو جەستانەی کە وەکو

لەشكری سەربازیی ئەو بوونەوەرانەن كە ئەوانیش لە سوپای مەزن دەچن و..
پاشان هەموو گەردیلەكان و لایەنە نەرمونیانەكانی ئەوانی بە ڕێسایەكی كامڵ و تەرازوویەكی دانا و بە فەرمانی: ﴿كُن فيكــون﴾ لە شوێنی شیاوی خۆیاندا داناوە..

ئەو كەسەی كە لە هەموو سەدەیەك بەڵكو لە هەموو بەهارێكدا سەدان هەزار جۆر تیرە و تاقمی زیندەوەران بەدی دەهێنێت كە وەك سوپا وان..
ئایا دەگونجێ پرسیار لە بارەی ئەم كەسە بەتوانا و زانایەوە بكرێت و بوترێت: چۆن تەنها بە هاوار و فوویەكی ئیسرافیل بە شەیپوورەكەیدا، سەرجەمی گەردیلە سەرەكییەكان و بەشە بنەڕەتییەكانی ئەو سەربازە یەكترناسانە لە ژێر ئاڵا و سایەی ڕێسای لەشكری لەشدا كۆ دەكاتەوە؟!

ئایا دەگونجێ ئەم كارە لەو كەسە بەتوانا و زانایەوە بە دوور بزانرێت؟

ئایا بەدوور زانینی ئەم كارە لەو خواوەندە بەتوانا و زانایە، نیشانەی گەلحۆیی و بەڵگەی شێتی نییە؟

هەروەها قورئانی پیرۆز هەندێ لە كارە دەراسا و ناوازەكانی خوای گەورە لە دنیادا، باس دەكات، تاكو زەینەكان بۆ تەسدیق و دڵانیش بۆ باوەڕ كردن ئامادە بین سەبارەت بە كارە دەراساكانی خۆی كە سەر بە دوارۆژن..
یاخود ئەو كار و فرمانە خواییە سەرسووڕهێنانەی كە لە دوارۆژ و قیامەتدا ڕوو دەدەن بە جۆرێك باس دەكات كە قەناعەت و دڵنیاییمان بداتێ، بەهۆی ئەو هاووێنە زۆرانەی كە لە دنیادا دەیانبینین.

بۆ نموونە:

﴿أَوَلَمْ يَرَ الإِنسانُ أَنّا خلقناهُ مِنْ نُطفَةٍ فإذا هوَ خصيمٌ مبــين﴾ تا كۆتایی (سوورەتی یاسین).

لێرەدا قورئانی پیرۆز كێشەی حەشر بە حەوت هەشت شێوەی جیاجیا و جۆراوجۆر دەچەسپێنێت و بەڵگەی لەسەر دەهێنێتەوە..

لـە سـەرەتادا "دروسـتبوونی یەکـەم جـار" دەخاتـە پێش چاوی مـرۆڤ و، دەفەرموێت:

ئەوەتا بە چاوی خۆتـان دەبینـن کە لـە ئاوی مـەنی دروسـت دەبـن و پاشـان دەبن بە زەروو، پاشـان بـە پارچەیـەك گۆشـت و ئنجـا بـە مـرۆڤ.. ئیتر چۆن "دروســت بوونـەوەی دووهــەم جــار" بــە دوور دەزانــن کــە کتومــت وەك دروستبوونی یەکەم وایە، تەنانەت لەچاو یەکەمدا ئاسانتریشە؟..

پاشان بە: ﴿الذي جعلَ لكُمْ منَ الشّجَرِ الأخضَرِ ناراً﴾ (یس:٨٠) ئامـاژە بـۆ ئەو چاکە و نیعمەت و بەخششانە دەکات کە خواوەنـدی حـەق بـەم مرۆڤەی بەخشیون. کەواتە ئەو کەسەی ئەم چەشنە نیعمەتانەی پێ بەخشیون، هەرگیز دەستبەردارتان نابێت تا هەر وا بێ لێپرسینەوە بڕۆنە نـاو گۆڕەکانتـان و تیـایدا بخەون و هەڵنەسنەوە..

پاشان بە هێما دەفەرموێ: ئێوە زیندوو کردنەوە و سەوزبوونەوەی درەختە مردووەکان بە چاوی خۆتان دەبینـن، ئـەدی بۆچـی بەلاتانـەوە دوورە کـە ئـەو ئێسـکانەی وەك تەختـە و داری بـێ گیانیـان لـێ هـاتووە ژیانیـان تێـدا پـەیدا ببێتەوە، بۆچی قیاسی ئەو ئێسکانە ناکەنە سەر درەختە مردووەکان؟..

پاشان ئایا دەگونجێ ئـەو کەسـەی ئاسمانـەکان و زەویـی بـەدی هێنـاوە، لـە زینــدوو کـردنــەوە و مـرانـدنــی مـرۆڤـدا - کـــە بـــەری درەختـــی زەوی و ئاسمانەکانە - کۆڵەوار و دەستەوسان بێت؟.. یان ئایا دەگونجێ ئـەو کەسـەی کە هەموو کارێکی درەخت بەڕێوە بیات و چاودێریی بکات، بەڵام بەری ئـەو درەختـە پشـتگوێ بخـات و فەرامۆشـی بکـات بـۆ کەسـانی تـر؟ ئایـا لـەو گومانەدان: "درەختی بەدیهاتووان" کە هەموو بەشێکی بـە هـەویری "دانـایی" شێلراوە، بۆ بـێ مەبەستی و بێ هوودەیی وازی لـێ بـهێنرێت و دەستی لـێ هەڵبگیرێت و بەر و ئەنجامەکانی پشتگوێ بخرێت؟!

کەواتە ئەو کەسەی دوایی لە حەشردا زیندووتان دەکاتەوە، هەر ئەو کەسەیە کە کاروباری ئاسمانەکان و زەویی بە دەستەو، سەرجەمی بوونەوەرانیش چەشنی سەربازی گوێڕایەڵ ملکەچی فەرمانی ئەون و، هەموو ئەوانەی بە تەواوەتی و لە ڕێی فەرمانی: ﴿كُنْ فيكون﴾ەوە بۆ کار و فرمانەکانی خۆی ژێربار خستووە.. ئەو کەسەی کە بەدیهێنانی بەهاری بەلاوە بە ئەندازەی بەدیهێنانی یەك تاقە گوڵ و، دروستکردنی سەرجەمی زیندەوەرانیش بەلای توانستیەوە بە قەدەر دروستکردنی یەك دانە مێش ئاسانە.. جا کەسێك کە خاوەنی توانستێکی وەهابێت هەرگیز پێی ناوترێت: ﴿مَنْ يُحي العظامَ﴾؟

پاشان بە دەستەواژەی: ﴿فَسُبحانَ الّذي بيدهِ مَلَكوتُ كلّ شيء﴾ (یس:٨٣) دەریدەخات کە هەر تەنها خوای گەورەیە کاروبار و کلیلی هەموو شتێکی بەدەستە و بەوپەڕی ئاسانیی چەشنی هەڵگێڕانەوەی لاپەڕەی کتێب، شەو و ڕۆژ و زستان و هاوین ئاڵوگۆڕ دەکات و، دنیا و قیامەتیش لای ئەو وەك دوو مەنزڵ وان کە دەرگای یەکێکیان دابخات و ئەوی تریشیان بکاتەوە. جا مادەم وایە، ئەوا ئەنجامی گشت ئەو بەڵگانەی پێشوو بریتییە لە: ﴿وإليهِ تُرجَعون﴾ واتە هەر ئەویشە کە لە گۆڕەکانتاندا زیندووتان دەکاتەوە و بەرەو حەشر دەتانبات و لە دیوانی خاوێنی خۆیشیدا حسابی خۆتان دەداتێ.

بەم جۆرە، دەبینیت ئەم ئایەتانە (بەوەی کە هاووێنەی حەشریان لە دنیادا، خستە ڕوو) زەین و دڵەکانیان بۆ وەرگرتنی کێشەی حەشر ئامادە کرد.

هەندێ جاری تریش قورئانی پیرۆز کارە قیامەتییەکان بە شێوەیەك باس دەکات کە چاوی هەستی مرۆڤ بکاتەوە و، ئاماژەی بۆ

هاوچەشنەكانی ئەو كارە سەر بە قیامەتی‌یانە بۆ بكات كە لە دنیادا هــەن، تاكو ڕێی ئینكاری كـردن لـە مـرۆڤ بگرێـت و بـەدوورزانین لـە زەینیـدا لابدات. بۆ نموونە:

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿إذا الشّمسُ كُوِّرَتْ ۞ وإذا النجومُ انكدرَتْ ۞ وإذا الجبالُ سُيِّرَتْ ۞ وإذا العِشارُ عُطّلتْ ۞ وإذا الوحوشُ حُشرَتْ ۞ وإذا البحارُ سُجّرتْ ۞ وإذا النفوسُ زُوّجتْ ۞ وإذا المَوؤدةُ سُئلتْ ۞ بأيِّ ذنبٍ قُتِلتْ ۞ وإذا الصُحُفُ نُشِرَتْ ۞ وإذا السَّماءُ كُشِطتْ ۞ وإذا الجحيمُ سُعِّرَتْ ۞ وإذا الجَنّةُ أُزلِفتْ ۞ عَلِمَتْ نَفْسٌ ما أَحضرَتْ﴾ تا كۆتایی سوورەتەكە.

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿إذا السّماءُ انفطرتْ ۞ وإذا الكواكبُ انتثرتْ ۞ وإذا البحارُ فُجِّرَتْ ۞ وَإذا القبورُ بُعثرتْ ۞ علمتْ نفسٌ ما قَدّمتْ وأخرّتْ﴾ تا كۆتایی سوورەتەكە.

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿إذا السّماءُ انشقّتْ ۞ وأَذِنَتْ لربّها وحُقّتْ ۞ وإذا الأَرضُ مُدَّتْ ۞ وأَلقَتْ ما فيها وتخلّتْ ۞ وأَذِنَتْ لربّها وحُقّتْ﴾ تا كۆتایی سوورەتەكە.

دەبینیت ئەم سوورەتانە بە تەرز و شێوازێك لە ئاڵوگۆڕە مەزن و كاروبارە گەورە پەروەردگاری‌یەكانی سەر بە حەشر دەدوێن كـە دڵـی مرۆڤ پابەندی سەرسـووڕمانێكی گـەورە و عەقڵیشـی گرفتـاری سەرسـامی‌یەكی مــەزن دەكەن.. بەڵام هەر ئەوەندەی مـرۆڤ لـە پـایز و بـەهاردا هاووێنـەی ئـەو ڕووداوانـە بـە چـاوی خـۆی دەبینێـت، ئـەوا بەوپـەڕی ئاسـانی وەری دەگرێت و باوەڕی پێ دەكات.

جا لەبەر ئەوەی تەفسیر کردنی ئەم سێ سوورەتە درێژە دەکێشێت، ئەوا بۆ نموونە تەنها وشەی: ﴿وإِذا الصُحفُ نُشِـــرت﴾ وەردەگرین و لـە بارەیـەوە دەدوێین:

ئەم ئایەتـە ئەوە دەگەیـەنێت کـە لـە ڕۆژی حەشـردا هـەموو کـردەوەکـانی مرۆڤ لەسەر لاپەڕەیەکدا تۆمار کراون و دەخرێنە ڕوو. جا لەبەر ئەوەی ئـەم مەسـەلەیە شـتێکی سـەیر و سەرسووڕهێنەرە، عەقڵ پەیی پـێ نابـات. بـەڵام سوورەتەکە هەروەك ئاماژە بۆ حەشری بەهارانـە دەکـات و، هـەروەك خـاڵ و لایەنەکانی تریش لـە دنیـادا هاووێنـەیان هەیە، بە هـەمان جۆر "خستنەڕووی لاپـەڕەی کردەوەکـانی مرۆڤیـش" هاووێنـەیان لـەم دنیایـەدا ئاشـکرایە، ئـەوەتا هـەموو "بـەر" و "گیـا" و "درەخـت"ێـك خـاوەنی کـردەوە و، فەرمانبـەری و، بەندایەتی و، تەسبیحاتی تایبـەتیی خۆیـانن، بـە شـێوەیەك کـە نـاوە جوانـەکانی خـوای گـەورەیان پێ دەربکـەوێت. ئنجـا سـەرجەمی ئەم هـــەموو کارانـەش لەگـەڵ مێـژووی ژیـانی ئـەم بـەر و گیـا و درەختـەدا لـە یـەك بە یـەکی نـاوك و تۆوەکانیدا تۆمار کراون و هەر هەموویشیان جـارێکی تـر لـە بەهارێکی تـر و جێیەکی تـردا دەردەکەونـەوە. واتـە هـەروەك یـەك بە یـەکی ئەوانـە بەوپەڕی ڕوونـی و ڕەوانـی و بـە شێوە و شـــکڵە ڕواڵەتیـیەکـەی، کارەکـانی بـاب و باپیرانی پێشـووی دەردەخـات، بـە هـــەمان جـۆر و لــە ڕێـی بڵاوکردنـەوەی پەلەکان و دەمکردنەوەی گـەڵا و بـەرەکانی، لاپـەڕەی کردارەکـانی خۆیشـی بڵاو دەکاتەوە و دەیانخاتە ڕوو.

بـەڵێ، ئـەو کەسـەی کـە هـەر لـە بـەرچاوی خۆمـاندا بەوپـەڕی دانـایی و، پارێزگاری و، پەروەردەکاری و، نـەرمونیانی، ئـەم کـارە ئەنجام دەدات، هـەر ئەویشە کە دەفەرموێ:

﴿وَإِذَا الصُّحُفُ نُشِرَت﴾.

ئیتر بەم چەشنە و بۆ خۆت خاڵەکانی تریش قیاس بکە بۆ سەر ئەمە و، گەر توانا و هێزی هەڵێنجان(استنباط)یشت هەیە، ئەوا فەرموو بۆ خۆت هەڵبگۆزە.

وا بۆ یارمەتی دانت ﴿إذا الشَّمْسُ كُوِّرَت﴾یش باس دەکەین:

وشەی: "كُوِّرَتْ " کە لەم ڕستەیەدا هەیە، واتای "پێچانەوە" و "کۆکردنەوە" دەگەیەنێت و، نموونەیەکی گەلێ ڕوون و ئاشکرایە. سەرەڕای ئەوەی کە ئاماژە بۆ هاووێنەشی لە دنیادا، دەکات:

یەکەم:

خوای گەورە پەردەکانی "نەبوون" و "ئەثیر" و "ئاسمان"ی لەسەر گەوهەری ئەو "خۆر"ە لاداوە کە چەشنی چرا دنیای ڕووناك کردووەتەوە و لە گەنجینەی میهرەبانیی خۆیەوە هێناویەتە ئەم دنیایە. جا هەرکات ئەم دنیایە کۆتایی پێ هات و دەرگاکانی داخران، ئەوا خواوەند ئەو گەوهەرە بە بەرگەکانی خۆی دەپێچێتەوە و کۆی دەکاتەوە.

دووهەم:

"خۆر" کاری ئەوەی پێ سپێرراوە کە بەیانیان تیشکی ڕووناکی بڵاو بکاتەوە و، ئێوارانیش بیانپێچێتەوە و سەر لە نوێ کۆیان بکاتەوە. بەم چەشنە، شەو و ڕۆژ کارەکانیان بە نۆرە لەسەر زەوی ڕادەپەڕێنن، ئنجا خۆر شمەك و کەرەسەکانی دەپێچێتەوە و سەودا و مامەڵەکانی کەم دەکاتەوە.

یان لەوانەیە "مانگ" تا ڕادەیەك پەردەیەك بێت بۆ (وەرگرتن و بەخشینەکانی ئەو خۆرە). واتە هەروەك ئەم کارمەندە ئەرك پێ سپێرراوە لە ڕێی ئەم هۆیانەوە شمەکەکانی خۆی کۆ دەکاتەوە و دەفتەری تۆماری کارەکانی دەپێچێتەوە، دەبێ بە هەمان جۆریش ڕۆژێك بێتە پێشەوە کە لەکار

بخرێت و بە تەواوەتی ئەرك و كارمەندیيەكانی ئەستۆی تەواو ببن، با هیچ هۆكارێكیش بۆ لەكارخستنی لە ئارادا نەبێت..

لەوانەیە ئەو دوو پەڵە بچووكەی كە گەردوونناسان بە ڕووی خۆرەوە دەیبینن و بەرەبەرە لە فراوانبووندان، ئەوە دەربخەن كە خۆر بە فەرمانی خوای گەورە و لە ڕێی فراوانبوونی ئەو دوو پەڵەیەوە ورده ورده ئەو ڕووناكییەی خۆی كۆ بكاتەوە و بیپێچێتەوە كە بە فەرمانی خوای گەورە بەسەر زەویدا بڵاوی كردبووەوە، ئنجا پەروەردگاری خاوەن عیززەتیش پێی بفەرموێ: "ئا لێرەدا كاری تۆ لەگەڵ زەویدا كۆتایی پێ هات.. هەر ئێستا ئامادە بە و بڕۆ بۆ دۆزەخ ئەوانە بسووتێنە كە تۆیان دەپەرست و، كارمەندێكی گوێڕایەڵ و ملكەچی وەك تۆیان بە سووكی سەیر دەكرد و، تۆمەتی خیانەت و بێ وەفاییان دەدایە پاڵ"!

بەم جۆرە "خۆر" فەرمانی پەروەردگاریی: ﴿إِذَا الشَّمسُ كُوِّرَت﴾ لەسەر ڕووە پەڵاوییەكەی خۆی دەخوێنێتەوە!

* * *

پارچەی پێنجەمی
پاشكۆی پەیامی حەشر
یەكدەنگیی هەمەلایەنە لەسەر "ڕاستیی حەشر"

سەد و بیست و چوار هەزار لە مرۆڤە هەڵبژاردەكانی گرۆی ئادەمیزاد كە پێغەمبەرانن - دروودی خوایان لەسەر بێت - (بەپێی دەقی فەرموودەی پێغەمبەرﷺ)[1] كە هەندێكیان پشت بە "شهوود" دەبەستن و هەندێكی تریشیان لە ڕوانگەی "حق الیقین"ەوە دەدوێن.. هەموو ئەوانە، بە گشتی و یەكدەنگ هەواڵی بوونی ڕۆژی قیامەتمان دەدەنێ و ڕایدەگەیەنن كە:

سەرجەمی خەڵكی دەدرێنەبەر بۆ ئەو ڕۆژە و، خوای باڵادەست هەروەك بەڵێنی داوە بە بێ گومانیش ڕۆژی دوایی دەهێنێتە كایەوە..

ئنجا ئەم مژدە و هەواڵەی كە ئەو پێغەمبەرە سەروەرانە - درووديان لەسەر بێت - ڕایانگەیاند، سەد و بیست و چوار ملیۆن ئەولیاش بە "كەشف" و "شهوود" و "علم الیقین" بینیویانە و، ڕاستی‌یەكەیان دەرخستووە و، شایەتی‌یان لەسەر داوە. ئەم شایەتیدانەشیان بەڵگەیەكی گومانبڕی بەهێزە لەسەر بوونی "ڕۆژی دوایی"..

هەروەها درەوشانەوەی ناوە جوانەكانی بەدیهێنەری گەردوون، كە بە سەرانسەری جیهانەوە دیار و درەخشانن، داخوازی بوونی جیهانێكی هەمیشەیین و بەڵگەیەكی ئاشكرای ڕۆژی دواین..

---

(١) عن أبي أمامة، قال أبو ذر: "قلت: يا رسول الله كم وفاء عدة الأنبياء؟ قال: مائة ألف وأربعة وعشرون ألفاً، الرسل من ذلك ثلاثمائة وخمسة عشر جماً غفيراً". رواه الإمام أحمد (مشكاة المصابيح ١٢٢/٣ ت ٥٧٣٧ قال المحقق: حديث صحيح) وانظر زاد المعاد المحقق ٤٣/١. (وەرگێڕ)

بەڵگەیەکی تری ڕۆژی دوایی، ئەو "توانا ئەزەلی" و "دانستە ڕەها ئەبەدی"یەی خوای گەورەیە کە هەموو ساڵێك لە وەرزی بەهاردا بە فەرمانی "کن، فیکون" تەرمی ئەو درەختە لە ژمارە بەدەرە وشك و مردووانەی سەر ڕووی زەوی زیندوو دەکاتەوە، دەیانکات بە نیشانە و بەڵگەی: "زیندووبوونەوەی پاش مردن".. هەروەها سێ سەد هەزار جۆر لە زیندەوەر و ڕووەك زیندوو دەکاتەوە، بەمەش سەدان هەزار نموونەی حەشر و نەشر و بەڵگەی ئاخیرەتمان بۆ دەردەخات..

هەروەها ئەو "میهرەبانی"یە فراوانەی خوای گەورە کە درێژە بە ژیانی ئەو گیاندارانە دەدات پێویستیان بە ڕۆزییە و، بە کەماڵی میهرەبانی و بە شێوەیەکی تابلێی دەراسا دەیانژیێنێت.. هەروەها ئەو "چاودێری"یە بەردەوامەی خواوەندیش کە لە ماوەیەکی کەم و وەختێکی کورتی وەك وەرزی بەهاردا چەندەها جۆر جوانی و ئارایشتکاریی لەژمارەبەدەر و هەمەڕەنگمان پیشان دەدات. بێ گومان ئەم "میهرەبانی" و "چاودێری"یە، بە چەشنێکی بەڵگەنەویست، داخوازی "بوونی ڕۆژی دوایی"ن..

هەروەها "ئەوینی مانەوە" و، "تاسەی هەتاهەتایی" و، "ئاواتە هەمیشەییەکان" کە لە مرۆڤدا ڕەگیان داکوتاوە و بە تەواوی جێی خۆیان لە ناخی ئەم مرۆڤەدا کردووەتەوە، کە ڕێکوپێکترین بەروبوومی ئەم بوونەوەر و گەردوونەیە و، خۆشەویسترین بەدیهاتووی بەدیهێنەریەتی و، پەیوەندییەکی فراوانی لەگەڵ سەرجەمی بوونەوەرانی گەردووندا هەیە.

بێ گومان ئەم تاسە و ئەوین و ئاواتانە، ئاماژە بۆ بوونی جیهانێکی هەمیشەیی پاش ئەم جیهانە براوەیە دەکەن و، بەڵگەی بوونی ڕۆژی دوایی و خانەی بەختەوەریی هەمیشەیین.

هەموو ئەو بەڵگانەی کە باس کران، تا ڕادەی باوەڕ پێ کردن و بە ئەندازەی ئاشکرایی و بەڵگەنەویستیی بوونی ئەم جیهانە بینراوە، بوونی "ڕۆژی دوایی" دەچەسپێنن و ئاشکرای دەکەن(٢).

جا مادەم وانەی "ئیمان بە ڕۆژی دوایی" گرنگترین وانەیە کە قورئانی پیرۆز بە ئێمەی دەڵێتەوە و، ئەم ئیمانەش بەم چەشنە و تا ئەم ڕادەیە جێگیر و دامەزراوە و، خاوەنی بەڵگەی ئاوا بەرز و توندوتۆڵە.. ئنجا ئەو نوور و ئومێد و دڵدانەوانەش کە لە ئیماندان هێندە بەهێزن کە ئەگەر سەد هەزار "پیری" لە یەك کەسدا کۆببنەوە، هەر سەروزیادی پێ بەخشینی دڵنەوایی و ڕووناك کردنەوەی هەموویان دەبێت..

ئەوا دەبێ ئێمەی پیری بەساڵاچوو بە پیرییەکەمان دڵخۆش و شادمان بین و، هەمیشە بڵێین:

"الحـــمد لله على كمال الإيمان".

---

(٢) ئاسانیی چەسپاندنی هەواڵێکی "ئیجابی" و دژواریی "نەفی" کردنیشی لەم نموونەیەوە دەردەکەوێت:

ئەگەر یەکێك وتی: (لە سەر زەویدا باخچەیەك هەیە بەروبوومەکانی وەك قوتووی شیر وایە)! یەکێکی تریش لە بەرپەرچیدا وتی: (شتی وا نییە)! ئەوا یەکەمیان دەتوانێت تەنها بە پیشاندانی جێی ئەو باخچەیە، یان بە پیشاندانی هەندێ لە بەروبوومەکەی، قسەکەی بە ئاسانی بچەسپێنێت. بەڵام دووهەمیان دەبێ هەموو سەرزەوی بگەڕێت و بپشکنێت و، بەمەش بیچەسپێنێت کە باخچەی وا نییە! (دیارە ئەمەش کارێکی ئاسان نییە)..

هەروەها سەبارەت بەوانەش کە هەواڵی بوونی ڕۆژی دوایی و بەهەشتمان دەدەنێ، هەزاران بەڵگە و بەروبووم و ئەنجامی ئەو بەهەشتەمان پیشان دەدەن، لە کاتێکدا کە دوو شایەتی ڕاستگۆ سەروزیادە بۆ سەلماندنی قسەکەیان. بەڵام ئەوانەی کە ئەمە ناسەلمێنن، دەبێ ئەم بوونەوەر و زەمانە یەکجار فراوانە بپشکنن و هەموویان بگەڕێن، ئەوجا گەر بەهەشتیان نەدۆزییەوە، دەتوانن قسەکەیان بە بەڵگەوە بچەسپێنن!

جا برایانی پیرم! فەرموون سەیری گەورەیی هێزی "ئیمان بە ڕۆژی دوایی" بکەن و، بزانن چەندە پاڵپشتێکی پتەوی دامەزراوی چەسپاوە! (دانەر)

دوو نامەی دانەر لەسەر
(پەیامی حەشر)

◆ (ڕاستییەکانی پەیامی حەشر):

هەموو یەکێك لەو ڕاستییانەی (وتەی دەهەم) لە یەك کاتدا سێ شت دەچەسپێنێت:

بوونی خواوەندی "واجب الوجود" و.. ناوەکانی و.. سیفەتەکانی. ئنجا مەسەلەی حەشر لەسەر ئەو شتە بنەڕەتییانە بنیات دەنێت و دەیچەسپێنێت..

ئیتر هەموو کەسێك، هەر لە سەرسەختترین مونکیرەوە تا دەگاتە دامەزراوترین ئیماندار، دەتوانێت بەشی خۆی لە هەموو یەکێکی ئەو ڕاستییانە وەربگرێت..

چونکە ئەو ڕاستییانە سەرنجەکان بۆ لای بوونەوەران و ئاسەوارەکان ڕادەکێشن و دەڵێن:

چەند کارێکی ڕێکوپێك لەم بوونەوەرانەدا بەدی دەکرێت.. کاری ڕێکوپێکیش هەرگیز بێ بکەر نابێت، کەواتە بکەرێکیان هەیە. مادەم ئەم بکەرەش کارەکانی بە ڕێکوپێکی و ڕێسا ئەنجام دەدات، ئەوا دەبێ "دانا" و "دادگەر" بێت. خۆ مادەم دانایە ئەوا کاری بێهوودە و هەڕەمەکی ناکات. ئنجا مادەم کارەکانی بە دادگەری جێبەجێ دەکات ئەوا مافەکان بە زایە نادات.. کەواتە دەبێ مەحشەر و دادگایەکی یەکجار گەورە بەرپا ببێت.

ڕاستییەکانی وتەی دەهەم بەم چەشنە دەڕۆن و، پۆشاکی ئەم شێوە زنجیرەییە دەپۆشن و، هەرسێ دەعواکە بە یەکەوە دەچەسپێنن.

(پاشبەندەکان)

پاشبەندی بارلا، ل:٩٧-٩٨

◆ (کام پەیام باشترە)؟:

برایانی ئازیز و بەوەفا و خۆبەختکارم!

ئەی هاوڕێیانی چوست و چالاك و، دامەزراو و، خۆڕاگرم لە خزمەتی قورئان و ئیماندا! لەم دنیایەدا هەر ئێوە مایەی دڵنەوایی و خەمڕەوێنی منن.

بە ڕاستی هەرچی هیوا و ئاواتی گەورەم پێتان هەبوو هەموویانتان هێنایەدی.

دەسا خوای گەورە هەتاهەتایە لێتان ڕازی بێت. ئامین.

ئەو پەیامانەی کە بۆتان ناردین - بە تایبەت وتەی دەهەم - گەلێ سوودی زۆریان بۆ ئێرە تێدا بوو. خۆ ئەگەر لە توانامدا بوایە لە بەرامبەر هەموو پەڕەیەکی ئەو پەیامەوە دیاری‌یەکی بەنرخم پێ دەبەخشین!

جا لەبەر ئەوەی لە مێژە ئەم پەیامانەم نەدیوە، ئەوا هەرکامیان دەخوێنمەوە لەبەر خۆمەوە دەڵێم:

ئەمەیان باشترە.

پاشان کە یەکێکی تریان دەخوێنمەوە دەڵێم:

ئەمەیان جوانترە!

بەم جۆرە پەیام لە دوای پەیام هەر یەکەیانم لەوانی تر پێ باشترە! تا لە ناوەندی ئەم سەرسامی‌یەمدا قەناعەتی تەواوم بۆ پەیدا بوو کە بەشەکانی پەیامەکانی نوور فەزڵیان بەسەر یەکتردا نادرێت، چونکە هەریەکەیان لە شوێن و ڕێی خۆیدا ڕۆڵی سەرۆکایەتی دەبینێت.

ئەمەشتان بەلاوە سەیر نەبێت، چونکە ئەم پەیامانە موعجیزەیەکی قورئانیی ئەوتۆن کە ئەم چەرخە ڕووناك دەکەنەوە.

(پاشبەندەکان)

پاشبەندی قەستەمۆنی، ل:١٣٦-١٣٧

پوختەیەك

لە ژیانی دانەر

* ناوی: "بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی"یە.

* لە نێوان چیا بڵندەکان و لە گوندی "نوورس"ی سەر بە پارێزگای "بەدلیس"ی کوردستانی ژێر دەستەڵاتی عوسمانی لە بنەماڵەیەکی کوردی دیندار لەدایك بووە.

* لە نێوان ساڵەکانی (١٨٧٦-١٩٦٠ز)دا ژیاوە.

* "صۆفی میرزا"ی باوکی بە خواپەرستی و پیاوچاکی بەناوبانگ بووە و، هەر خۆراکێك حەڵاڵ نەبووبێت دەرخواردی منداڵەکانی نەداوە.. خاتوو "نووریە"ی دایکیشی بە پاك و خاوێنی و دەستنوێژەوە نەبووبێت شیری بە منداڵەکانی نەداوە!

* لە تەمەنی چواردە ساڵیدا بڕوانامەی زانایی بەدەست هێناوە.

* لەبەر زیرەکیی ناوازە و لە ڕادەبەدەری، نازناوی (سەعیدی مەشهوور) پاشان (بەدیعوززەمان)ی لە لایەن زانایانەوە پێ دراوە.

* گەورەترین کەسایەتیی کوردی ئەم سەردەمە و مەزنترین زانایە کە لە دوای مەولانا خالیدی نەقشبەندی لەناو نەتەوەی کورددا هاتووەتە دنیاوە.

* تاکە کەسایەتی بووە کە هەموو زەبر و زەنگێکی مستەفا کەمال و دام و دەزگا چەوسێنەرەکانی و سی و پێنج ساڵی بەندی و زیندانی تاکە کەسی و

ڕەهەندەیی و دەست بەسەری و دەیان دادگای تۆقێنەر نەیانتوانیوە چۆکی پێ دابدەن و لە خەباتی ڕەوای خۆی کۆڵی پێ بدەن. تەنانەت ئەو توانیویەتی سەرکەوتنیشیان بە سەردا بە دەست بهێنێت.

* زیاتر لە سەد و سی کتێب و نامیلکەی لە ژێر ناونیشانی (سەرجەمی پەیامەکانی نوور)دا نووسیوە و بڵاوکردووەتەوە.

* وەرگێڕانی سەرجەمی پەیامەکان بۆ (زمانی عەرەبی) لە لایەن مامۆستا (ئیحسان قاسم صاڵحی)یەوە تەواو بووە و، لە دە دانە بەرگی قەشەنگ و ڕەنگیندا و لە هەردوو شاری ئەستەمبووڵ و قاهیرە بڵاوکراونەتەوە.

* بەشێکی زۆریشیان لە لایەن خوشکی نۆموسڵمان: ماری وێڵد (شوکران واحیدە)ەوە کراون بە (زمانی ئینگلیزی) و، تا ئێستا پێنج بەرگی گەورەیان بە چاپی جوان و مۆدێرن بەو زمانە لێ بڵاو کراوەتەوە.

*بە (زمانی کوردی)ش تا ئێستا پێنج بەرگی گەورەی بە شێوەیەکی نایاب لێ چاپکراوە، جگە لە بیست و نۆ کتێب و نامیلکەی سەربەخۆ.

* بەشێکی ئەم پەیامانە بۆ ئەم زمانانەی خوارەوەش وەرگێڕاون، کە تا ئێستا کاری وەرگێڕان تیایاندا بەردەوامە:

ئەڵمانی، فەرەنسی، ڕووسی، ئۆردی، فارسی، ئیتالی، کۆجاراتی، مەلایا، ڕۆمانی، چینی، بولگاری، پورتوگالی، ئەلبانی، بۆسنی، ئیسپانی، مەقەدۆنی.. هەروەها گەلێ زمانی تریش..

* تا ئێستا زیاتر لە پازدە کۆنگرەی جیهانی و دەیان کۆڕی زانستی و پێشبڕکێی ڕۆشنبیریی لە ئاستی جیهاندا لەسەر کراوە و، دەیان کتێب و، سەدان لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسراوە و، چەندین بەڵگەنامەی زانکۆییشی لە خوێندنی باڵادا لەسەر وەرگیراوە

پێرستی بابەتەکان

بابەت | **لاپەڕە**

پێشەکیی وەرگێڕ ٥-١٨

پەیامی حەشر (ڕوونکردنەوەیەك) هێنانەوەی چیرۆکێك

بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەرۆکی "حەشر" ١٩-٢٣

دوازدە وێنە کە بەڵگەن لەسەر حەشر ٢٣-٤٥

پێشەکی ٤٦

ئاماژەی یەکەم: گەردوون دەبێ داهێنەرێکی بێت ٤٦-٥٠

ئاماژەی دووهەم: کار و ئەرکەکانی پێغەمبەرێتی ٥١-٥٤

ئاماژەی سێهەم: پووچکردنەوەی دوو گومان ٥٤-٥٥

ئاماژەی چوارەم: جیهانی فانی بەڵگەیە لەسەر جیهانی باقی ٥٥-٥٦

درێژەی باسی حەشر لە دوازدە "ڕاستی"ی ئەوتۆدا کە ڕێژنەی

درەوشانەوەکانیناوە جوانەکانی خوای گەورەن ٥٧

ڕاستیی یەکەم: درەوشانەوەی ناوی: "الرب"ی خوای گەورە ٥٧

ڕاستیی دووهەم: درەوشانەوەی ناوی: "الکریم والرحیم" ٥٧-٦٣

ڕاستیی سێهەم: درەوشانەوەی ناوی: "الحکیم والعادل" ٦٣-٦٧

ڕاستیی چوارەم: درەوشانەوەی ناوی: "الجواد والجمیل" ٦٧-٧٣

ڕاستیی پێنجەم: درەوشانەوەی ناوی: "المجیب والرحیم" ٧٤-٨٢

ڕاستیی شەشەم: درەوشانەوەی ناوی: "الجلیل والباقی" ٨٢-٩٢

"نۆ" بناغە کە ڕوونی دەکەنەوە دنیا میوانخانەیەکی
سەرەڕێیە و، مرۆڤیش میوانێکی کاتییە تیایدا ٨٦-٩٢
ڕاستیی حەوتەم: درەوشانەوەی ناوی: "الحفيظ والرقيب" ٩٢-٩٧
ڕاستیی هەشتەم: درەوشانەوەی ناوی: "الجميل والجليل" ٩٧-٩٩
ڕاستیی نۆهەم: درەوشانەوەی ناوی: "الحي القيوم والمحيي والمميت" .. ١٠٠-١٠٧
ڕاستیی دەهەم: درەوشانەوەی ناوی: "الحكيم والكريم والعادل
والرحيم" ١٠٧-١١٦
ڕاستیی یازدەهەم: درەوشانەوەی ناوی: "الحق"ی خوای گەورە ١١٦-١٢٠
ڕاستیی دوازدەهەم: درەوشانەوەی: "بسم الله الرحمن الرحيم" ١٢٠-١٢١
لێدوانێك لەسەر ئەو دوازدە ڕاستییە ١٢١-١٢٣
کۆتایی ١٢٤-١٣٠
پاشکۆی پەیامی حەشر ١٣١-١٨٣
پارچەی یەکەم: "پێویستیی ئیمان بە دوارۆژ" ١٣١
* خاڵی یەکەم: پێویستیی "باوەڕ بە ڕۆژی دوایی" بۆ
ژیانی تاکی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤ ١٣٣-١٣٨
* خاڵی دووهەم: شایەتیدانی هەموو پایەکانی تری
ئیمان لەسەر ئیمان بە دوارۆژ ١٣٨-١٥٥
پارچەی دووهەم: "ژیان" هەر شەش پایەکانی ئیمان دەچەسپێنێت ١٥٦-١٦٨
پارچەی سێهەم: چەند نموونەیەکی بەرچاو کە حەشر دەچەسپێنن ١٦٩-١٧٢
پارچەی چوارەم: "قورئان" زەینەکان بۆ باوەڕهێنان بە
دوارۆژ، ئامادە دەکات ١٧٣-١٨٠
پارچەی پێنجەم: یەکدەنگیی هەمەلایەنە لەسەر ڕاستیی حەشر .. ١٨١-١٨٣
دوو نامەی دانەر لەسەر (پەیامی حەشر) ١٨٤-١٨٥
پوختەیەك لە ژیانی دانەر ١٨٦-١٨٧

* * *

(پەیامەکانی نوور) بە زمانی کوردی

بە پشتیوانیی خوای گەورە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی
بیستەمەوە هەتا ئێستا ئەم کتێبانەی
خوارەوەمان بە کوردی بڵاو کردووەتەوە

یەکەم: لە شێوەی کتێب و نامیلکەی سەربەخۆدا

١ - پەیامی بیماران (چاپی سێهەم)
٢ - پەیامی پیران (چاپی دووهەم)
٣ - وتە بچووکەکان (چاپی سێهەم)
٤ - سروشت هونەرە یان هونەرمەند؟! (چاپی دووهەم)
٥ - مەلائیکەت و ژیانی دوارۆژ (چاپی دووهەم)
٦ - پەیامی ڕەمەزان (چاپی هەشتەم)
٧ - حیکمەتی خۆپەنادان لە شەیتان (لە کتێبی ژمارە ٢١یشدا چاپکراوەتەوە)
٨ - پەیامی ئیخلاس و برایەتی (چاپی دووهەم)
٩ - زلّەی میهرەبانی (چاپی سێهەم)
١٠ - چارەسەری وەسوەسە (چاپی شەشەم)
١١ - مرۆڤ و ئیمان (چاپی سێهەم)
١٢ - بەری درەختی ئیمان (چاپی دووهەم)
١٣ - موعجیزاتی ئەحمەدی (چاپی چوارەم)
١٤ - ئیجتیهاد لەم سەردەمەدا (چاپی دووهەم)
١٥ - پەنجەرەکان

١٦ - پەیامی حەشر (چاپی دووهەم)
١٧ - (من) خودیی مرۆڤ و بزووتنی گەردیلەکان لە نێوان فەلسەفە و ئاییندا
١٨ - ڕابەری لاوان (چاپی دووهەم)
١٩ - ڕابەری خوشکان (چاپی دووهەم)
٢٠ - ڕابەری خزمەتگوزارانی قورئان
٢١ - ڕاستییەکانی ئیمان
٢٢ - ڕاستیی تەوحید
٢٣ - شوکرانەبژێری (چاپی دووهەم)
٢٤ - بینینەکانی گەشتیارێك
٢٥ - میعراجی پێغەمبەر ﷺ (چاپی دووهەم)
٢٦ - موعجیزاتی قورئانی
٢٧ - لاوێتیی قورئان
٢٨ - سوننەتی پێغەمبەر ﷺ پلیکانە و ڕێبازە (چاپی دووهەم)
٢٩ - نوورەکانی حەقیقەت

ئەو کتێبانەی لە بازاڕدا نەماون، بە پشتیوانیی خوای گەورە، چاپ دەکرێنەوە.

دووهەم: لە شێوەی کۆمەڵە پەیام و بەرگی گەورەدا:

١ - (وتەکان)
٢ - (مەکتووبات)
٣ - (بریسکەکان)
٤ - (تیشکەکان)
٥ - (پاشبەندەکان)

خوا یار بێ بەرگەکانی تریش یەك لە دوای یەك چاپ دەکرێن

رسالة الحشر

من كليات رسائل النور التي ألفها:

الأستاذ بديع الزمان سعيد النورسي

ترجمها من التركية إلى العربية: **الأستاذ إحسان قاسم الصالحي**

نقلها من العربية إلى الكردية: **فاروق رسول يحيــى**

الطبعة الثانية المنقحة - بيروت

١٤٣٢هـ/٢٠١١م

* * *

RESURRECTION AND HEREAFTER LETTER

From the Risale-i Nur Collection

By:

Bediuzzaman Said Nursi

Translated from Arabic into Kurdish by:

Farooq Rasool Yahya

2011



ئەگەر دەتەوێت بزانیت:

- "ئیمانی تەحقیقی" چییە و، بە چ شێوەیەك بەدەست دێت؟
- چۆن بە وێنەی دڵنیابوونت لەم دنیایە، بەڵکو زیاتریش، لە زیندووبوونەوەی ئەودنیا دڵنیا ببیت؟
- "ئیمان بە دوارۆژ" چەندە پێویستە بۆ ژیانی هەموو تاك و کۆمەڵێك؟
- "پایەکانی ئیمان" و "ناوە جوانەکان" چۆن دەبنە شایەت لەسەر حەشر؟
- چۆن هەر لەم دنیادا چەند نموونەیەکی هاووێنەی حەشر ببینیت؟

ئەگەر تامەزرۆی زانینی ئەمانە و بابەتەکانی هاوشێوەیانیت، فەرموو بە شێنەیی ئەم کتێبە بخوێنەرەوە.

نرخی (٣٢٥٠) دینارە